# به ناوی نەریت

## توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران

،

# گریمانەی ڕوو لە گۆڕان

**ڕاپۆرتێکی ناوخۆیی لەسەر خەتەنەی ژنان / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان – کچان لە ئێران لەگەڵ پێشەکییەک سەبارەت بە خەتەنەی منداڵان / شێواندنی زاوزێی کوڕان – پیاوان لە ئێران**

**کامیل ئەحمەدی**

چاپخانەی ئاڤای بووف 2021 زایینی / 2721 کوردی
© AVAYE BUF

AVAYeBUF .com avaye.buf@gmail.com

# In the name of tradition & The Changing Paradigms of FGM/C

A Comprehensive Research Study On Female genital mutilation/Cutting (FGM/C) In Iran & Male genital mutilation or cutting (MGM/C)

**By:** kameel Ahmady

**Publication Technician:** Ghasem Gharehdaghi
Publisher: Avaye Buf

# به ناوی نەریت و گریمانەی ڕوو لە گۆڕان

**سەرپەرشت و ڕێکخەر :**
کامیل ئەحمەدی

**کاروبـــاری تەکنیکـــی و بڵاوکردنەوە:** قاسم قەرەداغی
**چاپخانەی :** ئاڤای بووف

ISBN: 978-87-94295-23-9
©2021 Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| سەرپەرشت و ڕێکخەر | : کامیل ئەحمەدی |
| ناو و ناوی نووسەر | : بە ناوی نەریت و گریمانەی ڕوو لە گۆڕان [کتێب] / توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران و لەگەڵ پێشەکییەک سەبارەت بە خەتەنەی منداڵان / شێواندنی زاوزێی کوڕان - پیاوان لە ئێران / سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی |
| زانیارییەکانی چاپخانە | : دانیمارک: : ئاڤای بووف 2021 زایینی / 2721 کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیارییە ڕووالەتییەکان | : ٢٧۶ ل.؛ ٢١×۵/١۴ سم. |
| ژمارەی ئەسپاردن | : چاپخانەی ئەنتەرنێتی: |
| پێرستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 978-87-94295-23-9 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 978-87-94295-23-9 |

- ناوی کتێب: بە ناوی نەریت و گریمانەی ڕوو لە گۆڕان
- سەرپەرشت و ڕێکخەر: کامیل ئەحمەدی
- چاپی یەکەم: 2021 زایینی / 2721 کوردی
- چاپی دووهە م: 2023
- تیراژ: ۵٠٠ دانە
- شوێنی چاپ: چاپخانەی دانیشفەڕ

هەموو مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە. بڵاوکردنەوە بە هەر شێوەیەک بە مەرجێک کە ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.
بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێڕان و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:
لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: WWW.AVAYEBUF.COM

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی
**هاوکاران و یاریدەدەرانی کاری مەیدانی:** فاتمە کەریمی، بەهارە عەلەوی، نەسرین فەسیحی، موراد ڕەمەزانی، مەهسا تولابی، ڕووناک ئازەربەگ، نەسرین ئەحمەدپوور، عەلی ڕەحمانپوور، شیرین ئەکبەری، شیوا ڕەستگاری، نەسرین قارەمانی، شەفەق ڕەحمانی، زارا دەریانەوەرد، ڕایەحە موزەفەرییان، فەهیمە مینایی و محەممەد عەزیزی
**یاریدەدەر و ڕێکخەری نووسینگەیی:** بەهارە عەلەوی و مەنسوور حاجی خزری
**هەڵەچنانی ئینگلیزی:** حومەیرا ناز و دکتۆر toobی لۆڤێن ڤۆن گوڵجن
**دووبارەخوێندنەوەی دەق:** موراد ئەسلانی، مورتەزا ڕازپیشە
**شیکاریی داتاکان، داڕێژەری خشتە و چارتەکان:** سەعید ئیسماعیلی
**وەرگێڕ:** نەسیم غولامی
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چنوور مورادی، نووشین مەحموودی، دکتۆر فەرشاد سەلیمی
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سەرسپی
**لاپەڕەبەندی:** ئومید موقەددەس

## پێڕستی بابەتەکان


سوپاسگوزاری.......................................................... 09
پوختە ............................................................. 16
پێشەکی.............................................................. 17
بەشی یەکەم: خەتەنەی ژنان لە جیهاندا........................ 27
خەتەنەی کچان، چەمک و پێناسەکان ........................ 28
هۆکار و زیانەکانی خەتەنەی کچان ............................ 33
مێژووی خەتەنەی کچان ............................................ 35
باوبوونی خەتەنەی کچان لە جیهان ............................ 37
سیاسەتی خەتەنەی کچان: ئەنگێزە و پاساوەکان....... 40
ڕەوتی دابەزینی خەتەنەی کچان................................ 43
بەشی دووهەم: باوبوونی خەتەنەی کچان لە ئێران ....... 49
پرسی خەتەنەی کچان لە ئێران.................................. 49
هەندێ توێژینەوە سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران.............................................................. 53
پێشینە و بواری لێکۆڵینەوە........................................... 69
پانتای جوگرافیایی لێکۆڵینەوە....................................... 72
ئاراستەی لێکۆڵینەوە.................................................... 75

شێوازی لێکۆڵینەوە ........................................................ 76
ئاماری چەندایەتی خەتەنەی کچان ............................ 79
ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی ..................................... 83
باوبوونی خەتەنەی کچان بە پێی تەمەن .................. 90
ڕەوتی خەتەنەی کچان لە ناو نەوە جیاوازەکاندا ........ 93
کاریگەری هۆکاری خوێندن ...................................... 96
کاریگەری ئایین............................................................ 99
کاریگەری دۆخی ئابووری بنەماڵە ............................ 100
ڕۆڵی ڕوانگەی پیاوان و ئافرەتان بۆ خەتەنەی کچان
102 ..............................................................................
کاریگەری جۆری خەتەنەچی ...................................... 104
ئافرەتانی خوێندەواری لایەنگری خەتەنەی کچان .. 107
کورتەی دەرەنجامەکان............................................... 108
دەستێوەردانە تاقیکارییەکان...................................... 112
بەشی سێیەم................................................................. 117
چاوخشاندنێک بە مێژووی خەباتی دژ بە خەتەنەی
کچان ......................................................................... 118
یاسا نێودەوڵەتییەکان .................................................. 124
لاوازیی یاساکانی ڕێگری لە خەتەنەی کچان لە سەر
ئاستی خۆرهەڵاتی ناڤین و ئێران.................................. 126
هۆکارە سەرەکییەکانی خەتەنەی کچان.................. 133
کۆمەڵێ خاڵی دیکە لە ڕوانگەی پیاوانەوە سەبارەت بە
خەتەنەی کچان .............................................................. 136

ئایین: دژبەر یان ڕازی بە خەتەنەکردنی کچان..... 139
فتـوای دەروەسـت بـە خەتەنـەی کچـان لـە هـەرێمی کوردستان ........................................................... 146
ئایینزاکـان و خەتەنـەی کچـان: ئاڵۆزییـە ئایینییـەکان لـە وڵاتی ئێران........................................................... 146
ڕوانگەی زانایانی ناسراوی ئایینی............................. 150
قەرەبووکردنەوەی یاسایی خەتەنەی کچان............. 158
بەشـی چـوارەم: ئەنجامـەکان، ڕاهێنانـەکان و پێشـنیارەکان ............................................................................... 161
دەستکەوت................................................................ 161
کۆمەڵێ فێرکاری لـە لێکۆڵینـەوە و گەڵاڵـەی تـاقیکراوەی تاقیگەیی.............................................................. 167
ڕێگەی داهاتوو: پێشنیارەکان ................................... 170
سەرچاوە:................................................................. 264

یادداشتی بڵاڤکەر

**سوپاسگوزاری**

ئەم کتێبە ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەیەکی بەربڵاوە سەبارەت بە خەتەنەی مێینە لە سەر ئاستی ئێران؛ ئەم توێژینەوە لە ساڵی 1384 دەستی پێکرد و لە ساڵی 1394 کۆتایی پێهات. لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا زۆربەی کەسایەتییە پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدارەکان لە بەرەو پێشچوونی ئەم پرۆژە هاوکاریان کردووم کە لێرەدا پێم خۆشە سپاس و دەستخۆشی خۆمیان ئاراستە بکەم.

بەشی هەرەزۆری ئەم توێژینەوە بریتییە لە کاری مەیدانی واتە کۆکردنەوەی زانیاری و ڕاهێنانی مەیدانی و ئەمە بە بێ پشتیوانی و هاوکاری نەدەڕەخسا. بۆ ئەم مەبەستە پێم خۆشە دەستخۆشی بکەم لە بەهارە عەلەوی، فاتمە کەریمی و هاوکارەکانی دیکە: نەسرین فەسیحی، موراد ڕەمەزانی، مەهسا تولابی، ڕووناک ئازەربەگ، نەسرین ئەحمەدپوور، عەلی ڕەحمانپوور، شیرین ئەکبەری، شیوا ڕەستگاری، نەسرین قارەمانی، شەفەق ڕەحمانی، زەهرا دەریانەوەرد، فەهیمە مینابی و محەممەد عەزیزی کە لە بەرەو پێشبردنی ئەم لێکۆڵینەوە و پیشاندانی ئەم نەریتە زیانبەخشە لە هیچ یارمەتییەک کۆتاییان نەکرد.

دەستخۆشی تایبەتیم بۆ ئەو کەسانەیە وا ئەو گێڕانەوەیان شی کردەوە و ئامادەیان کرد و وەک لە زانستە مرۆییەکاندا پێی دەوترێ سییانەسازییان کرد و و هەتا ئەم ئاستە گەیاندیان کە توانرا لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیردا

بخرێتە ڕوو. لە ناویاندا زۆرترین سپاسم بۆ حومەیرا نازە کە ساڵانێکە دوورادوور لە پەیوەندیدایین، پێشتر لە پاکستان و لەم ماوەی دواییشدا لە ئوستڕالیا. ناوبراو لە هەموو قۆناغەکانی ئەم توێژینەوە لەگەڵم مایەوە و وەک ڕاوێژکارێکی وردبین بووە هۆی ئەوەی ئاستی کوالێتی ئەم لێکۆڵینەوە باشتر بێت.

هەروەها جێی خۆیەتی لەبەر خەمخۆرییە باوکانەکەی دەستخۆشی بکەم لە باوکی خوالێخۆشبووم و ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێ نزیکەکانم کە سەرەڕای ئەو کۆسپ و کێشانەی کە لە ماوەی ئەم پرۆژو توێژینەوەییەدا تووشی دەبووم پاڵپشتییان وای کرد ئەم کارە بگەیێنمە کۆتایی. هەروەها شەفەق ڕەحمانی کە لە کاتە سەختەکاندا لەگەڵم بوو سپاسی دەکەم و هەروەها ئەو کەسانەی دیکە کە سەرباری هاوکاری و بوونیان لە ڕاپەڕاندنی ئەم کارەدا پێیان باش بووە ناویان نەهێنرێت.

سپاسی ڕووناک ڕەزایی دەکەم کە هەر کات پێویست بووە هەندێ بابەتی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. سوپاسی موسلیم نازمی دەکەم بۆ یارمەتی دان لە شیکاری داتاکان و هێڵکارییەکان، سەعید ئیسماعیلی بۆ دیزاینی خەریتە و هێڵکارییەکان و بۆ ڕاوێژکاری یاسایی سپاسی شیرین تەلندە، مەنسوور ئیسکەندەری و دکتۆر شامعی. هەروەها سپاس و دەستخۆشی لەو کەسانە دەکەم کە بە جۆرێک کە ئەگەریش کەم بێ گیرۆدەی ئەم توێژینەوە

بــوون و لــە قۆناغــە جۆراوجۆرەکانــدا بــە شــێوەی بڕگــەیی هاوکاریان کردم و پتر لە هەموویان پەخشان عـەزیزی، هێـرۆ زوبێری، ئیلهام ماندگاری، ئینا گالۆڤیان، مێهرنـووش پـاکزادە، شــیلا عــەزیزی، ژینــا مــودەڕیس گــورجی، ســەحەر تــەباک، ڕایەحە موزەفەرییان، مـورای ڕەمـەزان، فاتمـە دەریایی، کەژاڵ پاداش و ئاوات.

مارک کلارکسۆن، دکتـۆر یاسـر ئـەلحیمادی، دکتـۆر ماریـا مـوولینرۆ فرێنانـدێز، توومـاس دانیشـتووی پارێزگـای ئۆسـتان، تینی، نادیا، جێسی، حـەکاتی پاپاداکی، ئارۆیـد وێرمـان، فەلاح موراد، واریس دەیری و ئەندامانی نووسینگەکەی و هـەروەها کاربەدەسـتانی یوونیسـێف و سـندووقی جـەماوەری ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA) لە نیۆیۆرک و تاران، دکتـۆر سـارا کیلێـر، کیـز وان لـە زانـدن، پـائۆلین ڤـێن نـۆرڵ، لـووک کووپمــانس، ئیبــراهیم ســەمین عــەلی، ئەنــدامانی گرووپــی مرۆڤناســی دیپارتمانــەکانی زانکــۆی کۆنــت لــە کــانتربێری بەریتانیــا و زانکــۆی تــاران، ئەنــدامانی گرووپــی توێژینــەوەی ڕەگــــەزی زانکــــۆی توێژینــــەوەی ڕۆژهــــەڵات و ئــــەفریقا (SOAS)ی لەنـدەن و بەرپرسـانی بەشـی ڕاگرتنـی کتێبخـانەی بریتیش لایبراری و کتێبخانەی نیشتمانی ئێران. ئـەم کەسـانە بە ڕێنوێنی و یارمەتی لێهاتووانـە و پسـپۆڕی خۆیـان هاوکـار و سەرچاوەی ئیلهامی ئەم توێژینەوە بوون.

هـەروەها دەستخۆشـی لـە هـەموو زانایـانی ئـایینی، ناوەنـدە ئایینییـەکان و دیکـەی ئـەو کەسایەتییە ناسـراوانە دەکـەم کـە

لەم توێژینەوەدا هاوکارم بوون لەوانە: حاجی مەلا محەمەد حەسەن واژی، مەولانا عەلیڕەزا ئیلخانی فەرەح ئابادی، مەلا عومەر بەستەکی، نووسینگەکەی مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی، مەولانا قاسم نوری، مەولانا محەمەد قێشمی، مەولانا زاهید لەنگەیی فەراهانی، مەلا عوسمان موکریانی، حەوزەی عیلمییەی قوم و مەشهەد، نووسینگەی زانایانی ئایینی ناسراوی پارێزگاکانی کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و هورموزگان.

بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە دەستخۆشییەکی زۆر لە دکتۆر هێلێن کار لە زانکۆی ئاکسفۆرد بکەم بۆ ئەو دۆستایەتییە و هەروەها ئەو هاندان و ڕێنوێنییە لێهاتوویانەی و هەروەها دکتۆر هیلاری براژ و کەتایون ئێحسانی بە پێدانی زانیاری، خوێندنەوەی دەق و دەربڕینی ڕای خۆیان دەورێکی کارامەیان لە پێگەیاندنی ئەم توێژینەوەدا هەبوو. هەروەها سپاسی پێداچوونەوەی ڕیچارد لیم دەکەم.

هەروەها لە پشتیوانی، میوانگری، ڕێنوێنی و زانیاریبەخشی دۆستان و ئاشنایان و هەروەها خەڵکی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان، ئیلام و سیستان و بەلووچستان کە هاوکاری ئەندامانی گرووپیان کرد و میوانداریان کردن، بەتایبەت مەنسوور ڕەحمانی، کاوە کرماشانی، بەلال مورادوەیسی، گوڵاڵە بەهرامی، سەعدی و ئەسمەر، سامان ڕەحمانی، نەسرین حوسەینی، دیاکۆ عەلەوی، ئەسمەر و ئیبراهیم، نەسرین نوسرەتی، مریەم مەولایی، لەیلا

عینایــەت زادە، ئەحمــەد حوســەینی، پــەروین فەرهــەنگ، سیمەک فەرهەنگ، حەسەن فشارەکی، ئەحمەد بەخت ئاوەر، جەمیلـە هاشـمیان، خەدیجـە قەمـەر، شـیرین گـەنجێر، لالـە یـۆرت سـوارە، کـاوە ڕەحمـانی، شـەهلا نەجـەفی سـوپاس و دەستخۆشی دەکەم.

***کامیل ئەحمەدی***
*2015*

**پوختە**

ئــەم تــویێژینەوە گشــتگیرە دەڕوانێتــە لێکدانــەوە، شــرۆڤە و تــاوتوێکردنی خەتەنــەی کچــان لــە ســەر ئاســتی ئێــران و دەریدەخات کە جۆری یەکەمی ئەم کارە (بە پێی ستانداردی ڕێکخـراوی تەندروستی جیهـانی) لـە سـەر ئاستی هـەر چـوار پارێزگـای هورموزگـان، کرماشـان، کوردسـتان و ئازەربایجـانی ڕۆژئــاوا بــاوە. خەتەنــەی کچــان نــەریتێکی زۆر کــۆنە کــە سەرەڕای پێشـێلکردنی دیـوە جیاوازەکانی مافـە ڕەگەزییـەکانی منداڵان و ژنان ئێستاش هەر باوە. هەندێ باوەڕ، بەها، ڕوانگـە و سیسـتەمی سیاسـی و ئـابووری لـە مـانەوەی ئـەم نەریتـە دەوریـان هەیـە. پێشـتر سـەبارەت بـە پەرەسـەندنی خەتەنـەی کچـان لـە ئێـران کۆمـەڵێ زانیـاری کـۆ کرابوونـەوە، بـەڵام لـە ئاستێکی سنوورداردا بوو. ئامانج لـەم توێژینـەوە دابین کردنـی داتاگەلێکی ورد و گشتگیر لە مەڕ خەتەنـەی کچان لـە ئێـران و بەم شێوە دابین کردنی کەرەستەی پلانێکی هەمەلایەنـە بـۆ بنەبڕکردنی خەتەنـەی کچـان لـە ئێـران بـوو، بڕیـار وابـوو ئـەم بزووتنـەوە لـە پلانـی کـاری جیهانیشـدا بگونجێنرێـت. کۆمـەڵگا خۆجێییــەکانیش دەتــوانن لــە پێشــنیارەکانی ئــەم توێژینــەوە ســوودمەند بــن و لــە هــەمان کاتــدا دەوڵــەت، ڕێکخــراوە نادەوڵەتییـەکان و کەسانی دیکـەش بـۆ یەکـەم جـار دەتـوانن

سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران داتای متمانەپێکراو و بەڕۆژیان لە بەر دەست بێت. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لە دوو ڕووی دیکەشەوە گرینگن: یەکەم ئەوەی کە بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو لە ئێران، کە زۆریش گرینگە، بنەمایەک دابین دەکات و ئەوەی کە ئاستی ئاگاداری سەبارەت بە بوونی خەتەنەی کچان لە ئێران بەرز دەکاتەوە. هەروەها لە پێوەرێکی بەربلاوتردا، ئەم توێژینەوە ئەم باوەڕە کۆنە ڕەت دەکاتەوە کە ئەم دیاردە تەنیا لە ولاتی ئەفریقا باوە و بەڵگەی تەواو ئامادە دەکات کە ناتوانرێ چیتر نکۆڵی لە بوونی خەتەنە لە ئێران بکرێت. ئاشکراکردنی ئەم ڕاستییە، یارمەتی کۆمەڵگای ئێران، کۆمیتەکانی پارێزەری مافی منداڵان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەدا کە ڕووبەڕووی هۆکارەکانی خەتەنەی کچان ببنەوە و وێڕای بە فەرمی ناسینی ئەم کردەوە لە دژی بووەستنەوە.

**پێشەکی**

خەتەنە[1]ی کچان بابەتێکی باسبزوێنە لە سەر ئاستی هەموو جیهان و زۆرێک لە گرووپەکان بنەبڕکردنی، بە ئامانجی خۆیان دەزانن، لە پارێزەرانی مافەکانی ئافرەت، چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک یوونیسێف و هەڵبەت هەندێ لەو حکوومەتانەی وا لە سەر جێبەجێکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکان سوورن.

هەر بەم پێیە، ئەم لێکۆڵینەوە پتر لە دە ساڵ بەر لە ئێستا بە مەبەستی ناسینی چەندی و چۆنی خەتەنەی کچان لە ئێران و هەروەها هاویشتنی هەنگاوێک لە دژی ئەم کارە ئەنجام درا. لەو کاتەوە هەتا هەنووکە وزەیەکی زۆر تەرخان کراوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران زیاتر بزانین و بە شێوەی تاقیکاری بۆ بەرهەڵستکردنی هەندێ دەستێوەردانم هەبێ. تێگەیشتن لە بەسەرهاتی خەتەنەی کچان لە ئێران، وڵاتێک کە تێیدا ئەم کارە بە شاراوە ئەنجام دەدرێت، پرسێکی زۆر ئاڵۆز و دژوارە و بنەبڕکردنیشی لە خۆی ئاڵۆزتر.

وەک ئاماژەمان پێدا دەستپێکی ئەم توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1384ی هەتاوی کە پاش چەند ساڵ لە ئەورووپا گەڕامەوە بۆ زێدەکەم واتە کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی زیاتر

---

1. Cirumcision : (بڕینی ئەندام) شێواندنی ئەندامی زا و زێ

سەبارەت بە خەتەنەی کچان بزانم. بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئێران ماوەی چەند ساڵ لە هەندێ لە ڕێکخراوە نادەوڵەتییە مرۆڤدۆستەکان لە ئەفریقا چالاکیم کردووە و ئەم هەلەم بۆ ڕەخسا کە لە مەڕ هەندێ لە پرۆژەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لە وڵاتانێکی وەک سومالی، کنیا و سوودان ئاشنا بم. من کە بیرەوەرییەکانی منداڵیم ناڕوون و لیڵن گوزارشتن لەوەی کە لە بەشگەلێک لە کوردستانی ئێران کچان خەتەنە یان «سونەت» دەکرێن، بڕیارم دا لەم بارەوە توێژینەوەیەکی سەرەتایی ئەنجام بدەم. بەم پێیە، ئیشەکە لە بنەماڵە و خزم و کەسی خۆمەوە دەست پێ بکەم و بەو پەڕی سەرسامییەوە بۆم دەرکەوت کە خەتەنەی کچان لە ناوچەکانی موکریان[1] نەریتێکی دێرینە و نەنک، دایک و خوشکی خۆشم ئەم دیاردەیان بە سەردا سەپاوە. بە ڕاستی لە ئێران لە ناو خەڵکی ئەو ناوچانەی وا خەتەنەی کچانی تێدا باو نییە، بە دەگمەن کەس دەزانێ کە لە هەندێ لە ناوچەکانی وڵاتەکەیان کچان خەتەنە دەکرێن. پیاوبوون و هەروەها نانەریتخواز بوونم، بە هۆی ئەوەی لە ئەورووپا ژیاوم لە لایەک و هەستیاری لە

1. موکریان میرنشینی هۆزەکانی کوردی موکری بووە لە سەدەی 9 هەتا 13ـی کۆچی کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە باشووری زەریاچەی ورمێ. سنووری ئەم ناوچە لە درێژەی مێژوودا گۆڕانی بە سەرداهاتووە و لە بەرفرەوانترین حاڵەتدا لە بەشگەلێک لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای کوردستان و باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ڕۆژئاوای هەنووکەی لە خۆ گرتووە. موکریان ئێستا بریتییە لە بۆکان، پیرانشار، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سایینقەڵا، تکاو، میاندواو و بەشێکی بچووک لە شاری سەقز.

ڕادەبەدەری بابەتەکە لە لایەکی دیکەوە وای دەکرد گەڵاڵە کردنی هەندێ پرسیاری ورد سەبارەت بە بڕینی تایبەتیترین بەشی لەش ئەویش مێیینەکان بەرهەڵستی هەندێ کەس ببزوێنێت. بۆم دەرکەوت هەندێ لە دانیشتووانی ناوچەکە، بەتایبەت پیاوان ئیشەکەم بە هەند وەرناگرن و گرینگی پێ نادەن. هەندێک کەس، لەوانە هەندێ لە خزم و کەسەکانی خۆم، لەو باوەڕەدا بوون کە ئیشکردن لە سەر وەها بابەتێک لە ئاستی پیاوێکی خوێندەواردا نییە و هەر چۆنێک بێ تاوتوێکردنی ئەم بابەتەیان بە کارێکی «پیاوانە» نەدەزانی. لێرەدا دەبێ یادێک لە خوالێخۆشبووی باوکم بکەم کە سەرەڕای زەخت و گوشاری بیری گشتی ناوچەکە و تەنانەت زەختە دەوڵەتییەکان لە درێژەی ئەم ماوەدا پشتیوانی لێ کردم.

تا دەهات پانتای توێژینەوەکە بەرفراوانتر دەبوو و من ناچار دەبووم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا بگەڕێم؛ لەم ڕێگەدا وەک لە بەشی سوپاسگوزاریشدا وتم، هەم لە کاری مەیدانی و هەمیش لە شیکاری و تاوتوێکردنی داتاکاندا زۆر کەس کۆمەک و هاوکاریان کردم. بەرهەمی ئیشەکە ئەم کتێبەیە کە بۆ یەکەم جار وێنەیەکی گشتگیر لە پەرەسەندنی خەتەنەی کچان لە سەرتاسەری ئێران دەخاتە ڕوو، سەرەڕای پەرەسەندنی ئەم کارە لە هەندێ بەشی ڕۆژئاوایی و باشووری وڵات تیشکی سەرنجی ئەم کتێبە لە سەر هەر چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و

پارێزگای هورموزگان و دوورگەکانیەتی.

ویڕای بەرەوپێشبردنی کاری توێژینەوەکە فیلمم لە هەندێ لــە چالاکییــەکە وەک لێــدوان و یــان وتاربێژییــەکان هەڵدەگرتــەوە و بــەم شـێوە سـەبارەت بـە خەتەنــەی کچـان پێکهاتەی سەرەکی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە ئێران دابین بوو. یەکـەمین و هەڵبـەت تـەنیا فیلمێکـی دیکۆمێنتـاری کـە هـەتا ئێستا سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران چێکراوە فیلمێکە لـە ژێـر نـاوی «بـە نـاوی نـەریت» کـە هـەڵگری ڕوانگـەی دانیشـتووانی خـەڵکی گونـد و ناوچـە کوردنشـینەکانی سـەر بـە شاری مەهاباد و هەنـدێ گونـد و دێـی دەوروبـەری پارێزگـای کوردسـتان و هەورامانــە (ناوچەیــەک کــە دەکەوێتــە نێــوان کرماشان و کوردستان) کە خۆم فیلمم لێ هەڵگرتن. نموونـەی ئەم دواییەی دیکۆمێنتاری خەڵکناسی بریتییە لەو لێدوانانەی وا لـە هەنـدێ لـە ناوچـە و گونـدەکانی پارێزگـای کرماشـان و هورموزگان لەوانە لە دووڕگەگەلی دوورگەگەلـی وەک قیشـم، هــورمز و کــیش ئــەنجام داوە. ئــەم دیکۆمێنتارییــە جیــا لــە دواندنی ژنان و خەتەنەچیـە خۆجێییـەکان (بیبییـەکان)، بیـر و باوەڕی پیاوان، کاربەدەستانی بەشی تەندروستی و پزیشکی و هەروەها زانایانی ئایینی ئـەو ناوچانـەش کۆ کراوەتـەوە و بـەم شێوە بەڵگەیەکی وێنەیی بگۆ لە خەتەنـەی کچـان، لـە هەنـدێ لــە ناوچــەکانی ئێــران بەتایبــەت ئــەو گوندانــەی وا کــەس نەچووەتە ئەوێ، دەخاتە ڕوو.

بە ڕای من خەتەنە کردنی کچان و باوەڕە شاراوەکانیان لـە

کۆنــەوە مافــەکانی مــرۆڤ بــە گشــتی و مافــەکانی ژنــان و منداڵانیان بەتایبەتی پێشێل کردووە. و لەم باوەڕەدام کە دەبێ هەمووان هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی ئـەم دیاردە بـدەن. لـە هـەمان کاتدا جێی هیـواداری و دڵخۆشییە کـە ڕێـژەی خەتەنـەکردنی کچان لە سەر ئاستی هەموو جیهان ڕووی لە دابەزینـە و ئـەم ڕەوتـە ئـەو ناوچانـەی ئێـرانیش دەگرێتـەوە وا بـە شاراوە ئـەم کــارەی تێــدا دەکرێــت. بــەو حاڵەشــەوە، بــۆ بەتــەواوەتی بنــەبڕکردنی خەتەنــەی کچــان هێشــتا ڕێگەیــەکی دوور و درێژمان لە بەرە و بۆ ئاگادارکردنی تاکەکان دەبێ هـەنگاوی زیـاتر بهاوێژرێـت. پـاش چەنـد سـاڵ توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوە سەبارەت بە خەتەنەی کچان و هـەروەها بەرهەڵستی کردنـی ئەم کارە گەیشتمە ئەم ئەنجامەی کە کۆکردنەوەی ئەم کارە شتێکی هەر وا ئاسان نییە مەگـەر بـە هاوکاری هەمەلایەنـەی کەسـانی دەسـتێوەردەر و کاریگـەر. هـەر بۆیـە دەبـێ داوا لـە خـاوەن ڕاکـانی دەوڵـەت و بڕیـاردەرانی ئـەم بـوارە بکـرێ کـە وێڕای ددان نان بە گرینگی خەبات لە دژی خەتەنەی کچـان شـان بـە شـانی چالاکڤانـان و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و بـە هاوکاری ئەنجامدەرە ناوچەییەکان هـەوڵ بـۆ سڕینەوەی ئـەم کارە بدەن. لە ماوەی ساڵانی ڕابـردوو مـن و کۆمـەڵێکی دیکـە ئەو پەڕی هەوڵی خۆمان خستە گـەڕ بـۆ ئـەوەی بـە مەبەسـتی نەهێشــتنی ئــەم کــارە پشــتیوانی وەزارەتخانــە بــەرپرس و بەڕێوەبـەرە کاتییـەکانی ناوچـە گیرۆدەکـان بـۆ هاوکـاری لـە پلانێکـی هاوبـەش وەدەست بێنـین. بـەڵام ئـەم ئەنجامانـە بـە

گشتی ئەنجامێکی ئەوتۆی دەست نەخست و دەوڵەت گرینگی پێنەدا. بەو حاڵەشەوە من و کۆمەڵێ لە توێژەرە هاوبیرەکانی دیکەم هاتینە سەر ئەم ڕایەی کە لەم پێناوەدا سەرنجی هەموو ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و دیکەی کەسانی خاوەن ڕا بۆ هەستیاری و گرینگی ئەم بابەتە ڕابکێشین بۆ ئەوەی بە هاوکاری ئەوان بزاڤێکی یەکپارچە درووست ببێت. بزاڤێک کە ئامانجەکەی ئاگادارکردنەوەی خەڵکە سەبارەت بە خەتەنەی کچان، چوونە ناو ئەو کۆمەڵگا و گرووپانەی وا ئەنجامدەری خەتەنەی کچانن، و وتوویژ لەگەڵ ئەنجامدەرانی دەستێوەردەر و کاریگەرەکانی ئەم کارە و هەروەها هاوئاهەنگ کردنی هەر چەشنە پلانێکی چالاکی بەئەزموون و لە چوارچێوەی پابەندییە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ بێت. بۆ هەڵسووکەوت لەگەڵ وەزارەتخانە و ڕێکخراوە بەرپرسەکان لە ئێران لەوانە ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبەری تەندروستی و لەشساغی، پەروەردە و ڕاهێنان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان[1] و هەروەها زانکۆ پزیشکییەکانی ئەم بابەتە گرینگە لە سەر بنەمای ئەزموون، زانست و زانیارییەکانی

1 - هەتا بەر لە ساڵی 1383 زۆر ناوەند و ڕێکخراو لە ئێراندا بەرپرسی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بوون. پاش ئەوە یاسای سیستەمی گشتگیری دابینکردنی کۆمەڵایەتی لە لە ساڵی 1382 لە پەرلەمانی خولی شەشەم پەسند کرا. وەزارەتی خۆشگوزەرانی و دابینکردنی کۆمەڵایەتی ئێران بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەم ناوەند و ڕێکخراوانە لە پەرلەمانی حەوتەمدا دامەزرا. ئەم وەزارەتخانە لە پووشپەڕی 1390 لەگەڵ دوو وەزارەتخانەی دیکە بە ناوەکانی تەعاون (هەرەوەرزی) و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تێکەڵ بوو و بەم شێوە وەزارەتی هەرەوەرزی، کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دروست بووە.

پەیوەست بەو پارێزگایانەی وا خەتەنەی کچانی تێدا ئەنجام دەدرێ کە بەرهەمی ئەم چەشنە توێژینەوانەیە.
لەوانە پابەندێتی واژۆکەران کە دەرەنجامی ئەم چەشنە توێژینەوانەیە، پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی منداڵ ڕاپەڕاندنی ئەم پلانانەیە وەک:

1ـ هاوکاری و بەشداری دەسترۆیشتووان و کەسانی کاریگەری ناوچەکە (بە هۆی شوناسی هەستیاری ئەم بابەتە لە سۆنگەی کەلتورییەوە).

2ـ لە پاڵ پرسی دیکەی هەڵکشاندنی ئاستی زانیاری سەبارەت بە مەترسییەکانی خەتەنەی کچان بەرنامەی ڕاهێنانی نیشتمانی و پارێزگاییش لە خۆ بگرێ و هەروەها. 3ـ جێبەجێ کردنی یاسای نوێ بۆ بە تاوان ناساندنی خەتەنەی کچان.

دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لە ئێران دەتوانێ ئەزموون و سەرکەوتنی هەمەجۆری نێودەوڵەتی بقۆزێتەوە، بۆ وێنە سوودمەندبوون لە پلانەکانی یوونیسێف و هەروەها توانا شاراوەکانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان (NGO) و ڕێکخراوە سەر بە کۆمەڵگا خۆجێییەکان (CBO) لە ئێران پاڵپشتێکن بۆ ئەوەی لە دژی خەتەنەکردنی کچان خەباتەکەی بە ئەنجام بگەیێنێ. بە باوەڕی من تەنیا هیوامان بە هاوکاری هەمەلایەنەی دەوڵەت، چالاکڤانان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خەڵکی ناوچەکەیە بۆ ئەوەی خەتەنەی کچان لە ئێران بنەبڕ بکرێت.

ئەم کتێبەم لە چوارچێوەی چوار بەشی سەرەکی ئامادە کردووە. لە بەشی یەکەم، پاش کورتە پێشەکییەک پێناسەیەکم لە خەتەنەی کچان و شرۆڤەی چەمکەکانی ئەم بابەتە دەبێ و ئاماژە بە جۆرەکانی خەتەنەی کچان دەکەم. ئینجا تیشک دەخەمە سەر بنچینە مێژووییەکانی و هەروەها ئاماژەیەکم بۆ هەندێ هۆکاری دەستێوەردەر لە دروستبوون و پەرەسەندنی ئەم کارە دەبێت. لە هەنگاوی دواییدا وێنەیەک لە پەرەسەندنی لە سەرتاسەری جیهان پیشان دەدەم و لە کۆتاییدا هەندێ بەڵگە لە سەر ڕەوتی دابەزینی ئەنجامدانی ئەم کارە دەخەمە ڕوو. لە بەشی دووهەم لە پێشدا پەرەسەندنی خەتەنەی کچان لە ئێران و پێشینەی توێژینەوە ئەنجامدراوەکان تاوتوێ دەکەم. ئینجا توێژینەوەکەم دەناسێنم و دەستکەوتەکانم دەخەمە ڕوو و ئەوەی کە خەتەنەی کچان لە کام ناوچەی ئێراندا باوە. ناوی هەندێ لەو گوندانەی وا ئەنجامدانی ئەم کارەی تێدا باوە دێنین و لە بارەیانەوە کۆمەڵێ زانیاری بڵاو دەکەینەوە. لە هەنگاوی دواتر بۆ پاساوی ئەم کارە فاکتەرە کاریگەرەکانی خەتەنەکردنی کچان و هۆکار و باوەڕە جیاوازەکان دێنمە بەر باس و لە کۆتاییدا باس لەو هەڵمەتانە دەکەم کە هەتا ئێستا لە هەر ناوچەیەکدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەریتە ئەنجام دەدرێ و هەروەها تیشک دەخەمە سەر دەستێوەردانە تاقیکارییەکانی خۆم. بەشی سێیەم سەرەتا چاوخشاندنێکە بە مێژووی خەبات لە دژی خەتەنەی کچان و ئەو هەنگاوە یاسایانەی کە بۆ ئەم

مەبەستە لە سەر ئاستی جیهان ئەنجام دەدرێت. هەنگاوی دوایی سەبارەت بە بارودۆخ و بواری یاسایی لە ئێرانە، سەبارەت بە مەسەلەی خەتەنەی کچان و هەندێ ڕوانگەی فێقهی پەیوەندیدار بە خەتەنەی کچان دەخەمە ڕوو. لە بەشی کۆتاییدا بە پشبەستن بە هەندێ ئەنجام و ڕاهێنانەکانی ئەم توێژینەوە و هەروەها بە پشتیوانی ئەزموونەکانی دیکە، کۆمەڵێ پێشنیار بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەم کارەیان تێدا باوە و هەروەها بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی و وەزارەتخانە بەرپرسەکانی تەندروستی، پەروەردە و ڕاهێنان و خزمەتگوزارە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناو بنەبڕکردنی خەتەنەی کچان لە ئێران دەخەمە ڕوو.

بەشی هەرەسەرەکی ئەو داتایانەی کە لەم توێژینەوە کۆ کراوەتەوە، هێشتا پێویستی بە شرۆڤەی زیاترە. بەڵام بڕیارم دا هەر بەم شێوەی کە هەیە بە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و کوردی لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاو بکەمەوە. پاش ئەم کارانە بە نیازم لە مەڕ هاوسەرگیری منداڵان لە ئێرانیش کە چەند ساڵ بەر لە ئێستا توێژینەوەیەکم هاوکات لەگەڵ ئەم توێژینەوە دەست پێکرد بڵاو بکەمەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ڕوونی بکەمەوە باشتر وایە بۆ خوێندنەوەی زانستی ئەم توێژینەوە وکەڵکوەرگرتن لێی، لە هەر چەشنە داوەرییەک بە پێی پێش زەینییەتی کەلتووری و بە زەینێکی کراوەوە ئەنجام بدرێت. هەروەها پێشوازی دەکەم لە پێشنیار و ڕەخنەیەک بۆ تەواوکردنی زانیارییەکان.

## بەشی یەکەم: خەتەنەی ژنان لە جیهاندا

«هیوادارم ژنان نە بەسەر پیاوان بەڵکوو بە سەر خۆیاندا زاڵ بن.»
مێری وۆڵستن کرافت، بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەت، 1772

خەتەنەی کچان نەریتێکی کۆنە کە هەندێ لایەنی بنەڕەتی مافە ڕەگەزییەکانی ژنان و منداڵان پێشێل دەکات. ڕاپۆرتی ئەم دواییەی یوونیسێف دەرخەری ئەوەیە کە لە ئێستادا نزیکەی 130 ملیۆن ژن و کچ لە سەر ئاستی جیهاندا دەژین کە قوربانی یەکێک لە شێوازەکانی خەتەنەن و ساڵانە نزیکەی 2 ملیۆن کەس بەم ئامارە زیاد دەبێت.[1] لێکۆڵینەوەکانی دیکە دەریدەخەن کە 92 ملیۆن کەس لە کچانی خەتەنەکراو ژوور تەمەنی دە ساڵانن و زۆربەیان لە وڵاتی ئەفریقا دەژین. بە پێی ڕاپۆرتی فەرمی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە ئێستادا لە سەر ئاستی 29 وڵات کە زۆربەیان کەوتوونەتە بەشی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقا و هەروەها لە هەندێ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین و ئاسیا ئەم دیاردە باوە. هەروەها خەتەنەی کچان لە ناو

1

هەنـدێ لــە گرووپــە پەنابــەرەکانی دانیشــتووی ئــەورووپا، ئەمریکای باکوور و ئوسترالیاش ئەنجام دەدرێت.

بە گوێرەی هەواڵەکان لە هەندێ لەم وڵاتانە پتر لە 80 لـە سـەدی کچـان خەتەنـە دەکـرێن. بـە هـۆی هەمـەجۆری کەلتووری خەتەنەکردنی کچان، نازانین ئەم کارە ڕاست لە چ تەمەنێکدا ئـەنجام دەدرێـت، بـەڵام زۆربـەی ئـەو کچانـەی وا خەتەنە کراون تەمەنیان لە نێوان 4 بۆ 12 ساڵانە، ئەگەرچی لە هەندێ لە کەلتوورەکاندا کچان هەر لـە ساواییەوە خەتەنـە دەکــرێن و لــە هەنــدێ کەلتــووری دیکەشــدا بــەر لــە هاوسەرگیری.

**خەتەنەی کچان، چەمک و پێناسەکان**

خەتەنـەی کچـان بریتییـە لـە نەهێشـتنی بەشـێک یـان کـۆی بەشــە دەرەکییــەکانی ئەنــدامی زاوزێــی کچــان. لــە زمــانی ئینگلیـزی لـە سـەرەتادا بـە بـەراوردکردنی شـیکاری مانـای خەتەنەی پیاوان، شیکاری بۆ مانای خەتەنـەی کچـان بـە کار دەبـرا. بـەڵام بـە هـۆی خـەباتی چالاکڤانـانی مافـەکانی ژن لـە دژی ئەم ڕەوتە، ئێستا بـە نـاوی ئێـف. جـی. سـی (FGC) یـان ئێـف، جـی. ئـێم (FGM) نـاوبردەی دەکـەن کـە کـورتکراوەی Female Genital Cutting و Famle Genial Mutilation ـن.

لــە زمــانی فارســیدا تێگەیشــتن لــە خەتەنــە، تێگەیشــتنێکی جێکــەوتووە بــەڵام وێــڕای ئــەم بزاڤــە جیهانییــە لــە دژی

توندوتیژی چەمکی نووسراو لەم تێگەیشتنانە ئێستا بڕینی ئەندامی زا و زێی ژنان (هاوواتای FGC) و قرتاندنی ئەندامی زا و زێی ژنان، نوقسانکردنی ڕەگەزی ژن یان خراپکردنی ڕەگەزی ژن (هاواتای FGM)یش بە کار دەبرێت.[1]

باوترین و پەسندکراوترین پۆلێنبەندی خەتەنەی کچان پۆلێنبەندی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە کە چوار جۆری لێک جیا دەکاتەوە. ئەم چوار جۆرە بریتین لە:

جۆری یەکەم کە سووکترین جۆری خەتەنەی کچانە

1ـ نووسەر تێگەیشتنی خەتەنەی کچانی لە خەتەنەی ژنان پێ باشترە. خەتەنەی ژنان لە بنەڕەتدا لە بەرامبەر خەتەنەی پیاواندا بەکار دەهێنرێت؛ لەم شێوازەدا گرینگ جیاوازی چەمکی نێوان ژن و پیاوە. خەتەنەی کچان لەو ڕووەوە بۆ من سەرچاوەیە کە وەبیرهێنەرەوەی تافی کچۆڵەییە کە تێیدا خەتەنە ئەنجام دراوە. کەواتە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی نووسەر لە بنەڕەتدا دەڕوانێتە ئەو نەریتە بێپاساو و ناڕەوایەی کە بە سەر کچۆڵەکاندا دەسەپێندرێت، ئەویش لە دۆخێکی زۆر ناتەندروست، ئازاربەخش و بە بێ چاودێری دواتر. نووسەر تیشکی ڕەخنەکانی ناگوازێتەوە بۆ ئەو نەشتەرگەرییە پزیشکییەی کە لە سەر ئەندامی زا و زێی کچان و ژناندا ئەنجام دەدرێ و ڕەخنەش لەو ژنانە ناگرێ کە خۆویستانە بە ئاگاداری و هەڵبژاردنەوە (بۆ نموونە نەشتەرگەری جوانکاری) ئامادەن ئەندامی زا و زێیان دەخەنە بەر نەشتەرگەری.

باسەکەی سەرەوە دەڕوانێتە کارکردی وشەی ژن یان کچ لەم تێگەیشتنەدا. لە لایەکی تریشەوە هەندێ لە ڕەخنەگران ڕەخنەیان لە بەکارهێنانی وشەی خەتەنە بۆ ژنان گرتووە. ئەم دوابەڵگەیە پەرەسەندنی تێگەیتشنی خەتەنە بۆ ئەو کارەی کە لە سەر ئەندامی زا و زێی کچان و زنان ئەنجام دەدرێ دەخاتە بەر بۆردوومانی ڕەخنە. ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەهێنانەوە ئەوەیە کە بە خەتەنە ناوزەدەکردنی ئەم دیاردە، ئەمە گرێ دەداتەوە بەو تێگەیشتنەی وا لە خەتەنەی پیاوانمان هەیە و بە بۆچوونی ئەوان جیاوازی گرینگی ئەم دووانە دەشارێتەوە. وەک دەزانین بڕینی ئەندامی زا و زێی کچان لە ڕووی ئامانج، شێوازی ئەنجامدان، ڕەهەند و لێکەوتەکانی بە تەواوەتی لەگەڵ خەتەنەی پیاوان جیاوازە. هەر بۆیە ڕەخنەگران ڕۆحی بەکارهێنانی وشەی خەتەنە بۆ بڕینی ئەندامی زا و زێی ژنان بە توند و تیژییەکی زمانی و چەمکی لە قەڵەم دەدەن کە بە جێکردنەوەی ئەم دیاردە قێزەونە توند و تیژبوونەکەی دەشاردرێتەوە. ئەم ڕەخنەگرانە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە هەر چەشنە هەنگاوێک لە دژی ئەم دیاردە دەبێ سڕینەوەی وشەی خەتەنە لە دێڕی خەتەنەی ژنان یان کچان بخاتە بەرنامەی سیاسەتی زمانییەوە.

بریتییە لە لابردنی پێستی دەوروبەری بەلۆکە / یان بە بێ لابردنی بەشێک لە بەلۆکە یان هەر هەمووی. کەواتە جۆری یەکەم دوو حاڵەت لە خۆ دەگرێت. حاڵەتی یەکەم کە سووکترین حاڵەتە و بە دەگمەن ڕوو دەدات بریتییە لە لابردنی تەنیا کلیتۆڕال هوود (پێست داماڵین) کە هەمان پێستی جیرٍ و داپۆشەری بەلۆکەیە. حاڵەتی دووهەم بریتییە لە لابردنی بەشێک یان کۆی بەلۆکە و کلیتۆڕال هوود بەم کارە دەڵێن کلیتۆریدکتۆمی یان کلیتۆرکێتۆمی (WHO, 2008)

جۆری سێیەم کە توندترین جۆری خەتەنەی کچانە بریتییە لە هەڵگرتنی بەشەکانی دەرەوەی ئەندامی زا و زێی مێینە و داخستنی شەرمگەی ژنان، لەمەدا تەنیا کونێکی بچووک بۆ میزکردن و خوێنی سووڕی مانگانە بە کراوەیی دەهێڵنەوە.[1] جۆری سێیەم دوو حاڵەت لە خۆ دەگرێت. بە دەر لە هەڵگرتنی بەلۆکە، لە حاڵەتی یەکەمدا لچی چکۆلە هەڵدەگرن و دایدەخەن و لە حاڵەتی دووهەمدا لچی گەورە لادەبەن و دایدەخەن. هەلومەرج و کەرەستەی ئەم کارە ئێشێکی لە وەسف نەهاتووە کە بە سەر قوربانیانیدا دەسەپێندرێت. پاش ئەنجامدانی ئەم کارە، بە مەبەستی چارەسەر هەر دوو قاچی قوربانییەکان بۆ ماوەی 2 بۆ 6 هەفتە پێکەوە دەلکێنن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی

---

[1] – ئەم کارە پێی دەڵێن Infibulation، چەمکێک کە بنچینەکەی دەچێتەوە بۆ ڕۆمای کۆن. لە ڕۆمای کۆن بە مەبەستی ڕێگری لە دووگیانبوونی ژنە کۆیلەکان بە تەلێکی لوولدراو (Fibula) شەرمگەیان دەدوورییەوە.

تەندروستی جیهانی «سەرباری ئەو ئافرەتانەی وا خەتەنە دەکرێن 15 لە سەد بۆ 20 لە سەدیان جۆری سێیەمی خەتەنەیان بە سەردا دەسەپێت، لە هەندێ وڵاتی وەک جیبۆتی، سومالی و سوودان 80 لە سەد بۆ 90 لە سەدی ژنان بە شێوەی جۆری سێیەم خەتەنە دەکرێن» ( WHO, 2008).

جۆری سێیەمی خەتەنەی کچان، بە ڕەهەندێکی سنوردارترەوە لە بەشگەلێک لە میسر، ئێریترە، ئیتیۆپی، گامبیا، کنیا و مالی باوە و ڕەنگە لە ناوچەکانی دیکەشدا باو بێت؛ ئەو ناوچانەی وا ئێمە زانیاریمان لێیان نییە یان زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بارەیانەوە نییە. (WHO, 2008 ).

جۆری چوارەم بریتییە لە هەر چەشنە کارێکی مەترسیداری دیکە لە سەر ئەندامی زا و زێی مێینە بە مەبەستێکی ناپزیشکی، لەوانە: ڕووشاندن، کونکردن، دەرزی لێدان، قڵیشاندن و هتد. خەتەنە کردنی کچان هەندێ دەرهاویشتەی نەخوازراوی بۆ تەندروستی جەستە و دەروونی کچان هەیە؛ ئەم کارە هەندێ جار لە ژیان بێبەشیان دەکات و هەندێ جاریش لێکەوتەکانی بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. بەو پێیەی خەتەنەی کچان بە بێهۆشکردن و ڕەزامەندی ئەوان ئەنجام دەدرێت تووشی ئێش و ئازارێکی زۆر دەبنەوە. زۆر جار ئەم کارە لە شوێنێکی ناتەندروست لە سەر ئەو کچۆڵانە ئەنجام دەدرێت کە تەمەنیان 4 بۆ 12 ساڵانە و لە لایەن خەتەنەچیە نەریتخوازەکانەوە ئەنجام دەدرێت. زۆریان

ئافرەتانێکن کە لەم بارەوە هیچ ڕاهێنانێکی پزیشکیان نەبینیوە و تەنیا پاڵپشتیان بۆ ئەم ئیشە ئەو ئەزموونەیە وا لە ماوەی چەند ساڵ وەدەستیان هێناوە. ئەوان بۆ بڕین کەڵک لە کەرەستەی وەک تیغی ڕیش‌تاشین، مقەست یان چەقۆ وەردەگرن و پاش برینکاریش شوێنی برینەکە بە پەت و هەندێ جار بە سیم دەدوورنەوە. خاڵی گرنگ لێرەدایە کە بە هۆی ئەوەی خەتەنەی کچان وەک نەشتەرگەری پزیشکی نایەتە هەژمار نەک لە نۆرینگە یان نەخۆشخانە بەڵکوو لە شوێنێکی بە بێ‌کەرەستە و ئامراز و ناتەندروست لە گوندەکاندا ئەنجام دەدرێت. ئەم کارە نە تەنیا هیچ پاساوێکی پزیشکی نییە، بەڵکوو بە پێی جۆر و توندییەکەی، زیان بە هەندێ لە کارکردە سەرەکییەکانی لەشی ژنان دەگەیێنێ و وەک وترا لە درێژەی ژیاندا لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر تەندروستی جەستە و دەروونیان هەیە، لەوانە ئازارێکی کوشندە، هەوکردن، ئاسەواری خراپ لە سەر زک و زا، دژوار میزکردن، دژواری لە سێکس، دابەزینی زۆری ئارەزووی سێکسی و خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی زۆر، کە ئەمەش خۆی لە ژیانی ئافرەتێکدا زیانی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. (Toubia, 1995)

پۆلێنبەندییەکی دیکەش هەیە کە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ پۆلێنبەندییەکەی سەرەوە هەیە. بە پێی ئەم پۆلێنبەندییەی دوایی خەتەنەی کچان و ژنان سێ جۆرە: خەتەنەی نەریت، بڕینی ئەندامی زا و زێی مێینەکان و

خەتەنەی فیرعەونی کە دەتوانین بە هاوچەشنی جۆری یەکەم هەتا سێیەمی پۆلێنبەندی پێشوو بزانین[1].

**هۆکار و زیانەکانی خەتەنەی کچان**

خەتەنەکردنی کچان لێکەوتەی مەترسیداری بۆ تەندروستی جەستە و دەروونیان هەیە؛ ئەم کارە هەندێ جار لە ژیان بێبەشیان دەکات و هەندێ جار زیانەکانی هەتا کۆتایی تەمەن دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەی ئەو باوەڕانەی کە لە سەر بنەمای سوودمەندبوونی ئەم کارە بۆ تەندروستی کچان و ژنانە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، یوونیسێف، یوونسکۆ، مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دیکەی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەش کە لە دژی نوقسانکردنی ئافرەتان بڵاو بووەتەوە، ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندووە کە نەک هیچ سوودێکی پزیشکی لە خەتەنەی کچاندا نەدۆزراوەتەوە، بە پێچەوانەوە دەرکەوتووە کە ئەم کارە لە زۆر ڕووەوە بۆ ژنان و کچان زیانبەخش و

1. بۆ ڕوونکردنەوە، لە خەتەنەی نەریت کچان بە شێوەیەک خەتەنە دەکرێن کە لە ڕووکێشی بەلۆکە ڕێژەیەکی کەمی خوێنڕێژیمان هەبێت یان تەنیا چەند بەش لە ڕووکێشی بەلۆکە هەڵدەگرنەوە. ئەم شێوەی خەتەنەی کچان هاوشێوەی خەتەنەی پیاوانە، بە هۆی ئەوەی ئەنجامدانی ئەم کارە وردەکاری زیاتری دەوێ و ئەگەری دەرکەوتنی هەڵەشی لە هی خەتەنەی پیاوان زیاترە. بەشی دووهەمیش واتە قرتاندنی بەشێک لە ئەندامی زا و زێی ژنان دەتوانێ بریتی بێ لە قرتاندنی بەلۆکە هەتا قرتاندنی بەلۆکە و لەگەڵ لچە بچووکەکانی شەرمگە و لچە گەورەکانی شەرمگە. لە دوایین بەش یان هەمان خەتەنەی فیرعەونی بەلۆکە لەگەڵ لچە بچووکەکانی شەرمگە و لچە گەورەکانی شەرمگە دەقرتێنرێ و ئینجا شەرمگە دەدوورێتەوە، بە جۆرێک کە تەنیا کونێکی بچووک بۆ دەرچوونی میز و خوێنی سووڕی مانگانە دەهێڵنەوە.

مەترسیدارە. خەتەنەی جۆری سووک و ڕەواڵەتی واتە زیاتر جۆری یەکەم کە تێیدا بەلۆکە هەڵناگیرێتەوە، ئەمە کەمتر زیانی لاوەکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام جۆری زۆری خەتەنەکردنی کچان زیانی زۆری بۆ تەندروستی جەستە و دەروونی ژنان هەیە، لەوانە ئازارێکی کوشندە، هەوکردن، ئاسەواری خراپ لە سەر زک و زا، دژوار میزکردن، دژواری لە سێکس کردن، دابەزینی بەرچاوی ئارەزووی سێکسی و خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی زۆر[1] هەروەها بڕینی کۆئەندامی زا و زێی ژنان ئەگەری تووشبوون بە جۆرەکانی هەوکردن بەرز دەکاتەوە و دەبێتە هۆی هێپاتیتی جۆری ب، ئێچ ئای ڤی و گواستنەوەی هەوکردن لەوانە گواستنەوەی ڤایرۆس. ئەو ژنانەی وا خەتەنە کراون زۆر تووشی هەوکردنی کوڵۆک دەبنەوە و ئەمەش لەوانەیە کاریگەری لە سەر زک و زایان دابنێت. لە ڕووی ئامارییەوە، ڕێژەی ژنانی نەزۆک لە ناو ئەو کەسانەی کە بە شێوەی جۆری سێیەم کۆئەندامی زا و زێیان قرتێنراوە زیاترە.

سەرباری ئەوەی بۆ تەواو قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوویی قوربانییەکانی ئەم کارە چارەسەرێک بوونی نییە، لەم ماوەی دواییدا بۆ سارێژکردنەوەی زیانمەندبوون و گەڕاندنەوەی بەشێک لە هەستیاری سێکسی شێوازی نەشتەرگەری پلاستیک بە کار دەبەن. بەو پێیەی تەنیا چەند سەنتیمەتر لە بەلۆکە لە دەرەوەی لەش و لە بەردەم بڕینە،

- Toubia, 1995[1]

دەتوانرێ بەشی ناوەوەی بەلۆکە بە کار بهێنرێ و تا ڕادەیەک ژنانی خەتەنەکراو چارەسەر بکرێن، هەڵبەت دەبێ ئەوەش زیاد بکرێ کە هەستیاری سێکسی ئەم بەشەی ناوەوەی بەلۆکە بە قەت بەشی دەرەوە نییە. لە هەمان کاتدا ئەم چارەسەرکردنە ئەگەر لە لایەن کەسانی ناشارەزاوە ئەنجام بدرێ بێگومان مەترسیدار دەبێت.

**مێژووی خەتەنەی کچان**

سەرچاوەی مێژوویی ورد بۆ خەتەنەی کچان ناڕوونە؛ سەرباری هەموو ئەمانە، مێژووزانان و خەڵکناسان توێژینەوەی زۆریان ئەنجام داوە بۆ ئەوەی لەم بارەوە کۆمەڵێک ڕاستی لە ناو دڵی مێژوو دەربکێشن. ئەم توێژەرانە ئاخێزگەی جوگرافیایی ئەم کارە دەگەڕێننەوە بۆ دەورووبەری ڕووباری نیل لە میسری کۆن و مێژووەکەشی دەبەنەوە بۆ 2 هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. وادیارە ئەم نەریتە لەم ناوەندەوە بۆ ناوچەکانی دەورووبەر پەلی هاویشتبێت. مێژووناسان ئیدیعا دەکەن کە لە سەردەمی فیرعەونەکانەوە خەتەنەی کچان ئەنجام دەدرا و بەم پێیە دەبێ ڕیشەی ئەم کارە لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین لە میسر بێت. بەم شێوە هەندێ جار باوبوونی تێگەیشتنی «خەتەنەی فیرعەونی»[1] لە گوتاری خەڵکدا پشت ڕاستکەرەوەی ئەم ئیدیعایەیە. تاقمێک لە توێژەران هۆی ئەنگێزەی ئەم کارەی میسرییەکان بە ڕێگری لە دووگیانبوونی ژنان و بەتایبەت دووگیانبوونی ژنانی کۆیلە

1. Pharaonic circumcision

دەزانــن و هەندێکیشــیان ئەمــە دەگەڕێننــەوە بــۆ تــەگبیری ئەفریقییەکانی چاخی بەردین بۆ ئەوەی کچە عازەبەکان لە هەمبەر دەستدرێژی بپارێزرێن.[1] شارستانییەتە سەرەتاییەکانی ڕۆما و عـەرەب خەتەنـەی کچانیـان گـرێ دەداوە بـە پـەردەی کچێتی و پاکداوێنییەوە؛ لە ڕۆمای کۆنـدا ئافرەتـە کۆیلـەکانیان خەتەنـە دەکـرد بـۆ ئـەوەی بـەم شـێوە کـردەوەی سێکسـیان سەرکوت بکەن و نرخیان گران بکەن.

جیـا لـە بابـەتی سـەرچاوەی خەتەنـەکردنی کچـان، بـاش دەزانین کە لە درێژایی مێژوودا لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا ئـەم کـارە بـاو بـووە و تـەنیا لـە ئـەفریقا و خۆرهـەڵاتی ناڤینـدا سنووردار نەکراوەتەوە. ئەم کارە لـە نـاو دانیشـتووانی خـۆجێیی ئوسترالیا، خەڵکی فینیقییە، هاییتی، ئێتیۆپی، هەندێ لە گـەلانی ئامـازۆن و هەنـدێ ناوچـەی هیندوسـتان، پاکسـتان، مالیزیـا، ئەندۆنیسیا و هەروەها فیلیپین بـاو بـووە. تەنانـەت لـە سـەدەی نۆزدەهەم، لە ئەورووپا و ئەمریکاش ئـەم کـارە ئـەنجام دەدرا؛ بـە پێـی ئـەم توێژینەوانـە، هەنـدێ لـە پزیشـکان بـە مەبەسـتی چارەسەر یان بۆ ڕێگری لە خۆڕەحەتکردن و هاوڕەگـەزخوازی ژنـان و تەنانـەت بـۆ ڕێگـری لـە نەخۆشـی دەرونـی دەروونـی وەک هیستری دەست دەدەنە کلیتۆدێرمی.[2] لە ڕاستیدا هـەتا دەیەی 1970 لە ئەمریکا کچان خەتەنە دەکران.

خەتەنەکردنی کچان نـەریتێکی دێرینـە کـە بـەر لـە ئایینی

1. Lightfoot-Klein, 1983
2. Brown, 1866

ئیسلام، مەسیحییەت یان جوولەکە بوونی هەبووە، سەرباری ئەمانە زۆرێک لەم گوتارانە خەتەنەی ژنان گرێ دەدەنەوە بە ئایین و بە یەکێک لە پێویستییەکانی ئایین و بەتایبەت ئایینی ئیسلامی دەزانن.[1]

**باوبوونی خەتەنەی کچان لە جیهان**

وەک وترا خەتەنەی کچان لە کەلتووره زۆر جیاوازەکاندا بەدی کراوە، لە هۆزە خۆجێییەکانی ئوستراڵیاوەبگرە هەتا دەگاتە کۆمەڵگە هەمەجۆرەکانی ئەفریقا. بە پێی ڕاپۆرتی یوونیسێف، لە ئێستادا خەتەنەی کچان لە 29 وڵات کە زۆربەیان کەوتوونەتە بەشی ئەفریقا، هەندێ لە وڵاتانی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناڤین و هەروەها لە ناو هەندێ لە گرووپە پەنابەرەکانی دانیشتووی ئەمریکای باکوور، ئوستراڵیا، خۆرهەڵاتی ناڤین و ئەورووپا باوە.[2] هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە کە پشت ڕاستکەرەوەی باوبوونی ئەم کارە لە هەندێ بەشی باشووری ئەفریقا یان لە وڵاتانی عەرەب زمانی باکووری ئەفریقا جگە لە میسر بێت.[3] کۆچکردنی ڕوو لە زیادبوونی ئەو جەماوەرەی وا کچان خەتەنە دەکەن ئەم کارەیان بۆ هەندێ لە وڵاتانی جیهانیش گواستووەتەوە؛ چوونکە ئێستا ئەم کارە لە ناو گرووپە پەنابەرەکانی وڵاتە

1. بەدەر لە موسڵمان و مەسیحی و جوولەکەکان ئەم کارە لە ناو گیانباوەڕەکان یان ئانێمیستەکان و هەندێ ئایینی خۆجێیی دیکەش باوە.

2. UNICEF, 2013
3. Toubia, 1995


وەرگەرکانیش ئەنجام دەدرێ، لەوانە لە ئوسترالیا، کەنەدا، نیووزیلەند، ئەمریکا و هەندێ وڵاتی ئەورووپی.[1] دەتوانین بە ڕێژەیەکی سنووردارتر خەتەنەی کچان لە ئاسیا لە وڵاتانێکی وەک ئەندۆنیسیا، مالیزیا، پاکستان، هیندوستان، عێراق و وەک ئەم توێژینەوە پیشانی دەدات لە ئێرانیش هەیە.[2]

لە وڵاتی عێراق خەتەنەی کچان لە ناو کوردانی ئەهلی سوننە، هەندێ کۆمەڵگەی عەرەب و تورکەمەن باوە. توێژینەوەیەک کە هەندێ گرووپی نادەوڵەتی لەوانە گرووپێکی نادەوڵەتی ئەڵمانی (WADI) ئەنجامیان داوە دەرخەری ئەوەن کە برەوی خەتەنەی کچان لە ناو کوردەکانی عێراقدا پتر لە 60 لە سەدە.[3] لێکۆڵینەوەکانی دواتر کە بە هۆی دامەزراندنی کەمپەینی خۆجێی و ناوچەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لەم ناوچەدا ئەنجام درا، ڕێژەی باوبوونی ئەم کارە لەوە کەمتر دەزانێ. بە پێی ڕاپۆرتێک کە حکومەتی فیدڕالی کوردستان، یوونیسف و گرووپە ناودەوڵەتییە خۆجێییەکان دەریانخستووە ڕێژەی خەتەنەی کچان لەم ناوچەدا بەوپەڕی خێراییەوە لە دابەزیندایە.

دەستڕاگەیشتن بە زانیاری متمانەپێکراو سەبارەت بە باوبوونی خەتەنەی کچان تا دێت زیاتر دەبێت. بەرنامەی دی. ئێچ، ئێس زانیاری نیشتمانی 6 وڵات لە مەڕ خەتەنەی

1. Boyle and Preves, 2000
2. Isiaka and Yusuff, 2013
3. Ghareeb and Dougherty, 2004, 226

کچانی کۆ کردووەتەوە: کۆماری ئەفریقای ناوەندی، ڕۆخی عاج، میسر، ئێریترە، مالی و سوودان. لەم وڵاتانەدا ڕێژەی خەتەنەی ئەو کچانەی وا دەگەنە تەمەنی باڵق بوون 43 لە سەد بۆ 97 لە سەد ڕاگەیێندراوە. زانیارییە کۆکراوەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی خەتەنە لە ناو ئەو گرووپە ئێتنیکیانەدا جیاوازی هەیە. ئەم خەریتەی ژێرەوە بابوونی ئێستای خەتەنەی کچان لە سەر ئاستی جیهان پیشان دەدات.




2013، یوونیسێف

خەریتەی سەرەوە پیشاندەری خەتەنەی کچان لە وڵاتە ئاماژە پێکراوەکانە. بە گوێرەی ئەم خەریتە ڕێژەی باوبوونی ئەم کارە لە عێراق 8 لە سەدە[1] و وەک دیارە لەم خەریتەدا هیچ ئاسەوارێک لە بابوونی خەتەنەی کچان لە ئێران بەدی ناکرێت.

1. UNICEF, 2013

**سیاسەتی خەتەنەی کچان: ئەنگێزە و پاساوەکان**

خەتەنەی کچان تێهەڵکێشی ئەو کۆمەڵگایانە بووە کە ئەم کارەی تێدا باوە. لەم کۆمەڵگایانەدا بۆ پاکانەی هەڵگرتنی بەشێک لە لەشی کچان هەموو جۆرە هۆکارێک هەیە. ئەم پاساوانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئەو کۆمەڵگایانە هەیە کە لە سەر بنەمای نایەکسانی ڕەگەزی پێک هاتوون. خاوەن تیۆرییەکان کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی سێکسی لە کۆمەڵگا پیاوسالارەکان بە ئەنگێزەی سەرەکی خەتەنەکردنی کچان دەزانن. لە هەندێ حاڵەتیشدا وەک جۆرێ ڕێوڕەسمی چوونە ناو هەرەتی گەورەیی و لکان بە ژنە پێگەیشتووەکان لێی دەڕوانن. بەو حاڵەشەوە، ئەنجامدانی ئەم کارە بە هاوکاری باوەڕە کەلتووری و ئایینییەکان ئەنجام دەدرێ کە خەڵک بۆ ئەم کارە هان دەدات؛ باوەڕگەلێک سەبارەت بە ڕەفتاری ڕەگەزی، جوانی، تەندروستی، پاکداوێنی و هتد. لە درێژەدا چاوێک دەخشێنین بە هەندێ پاساو کە ڕێخۆشکەری بەردەوامی و پەرەسەندنی خەتەنەی کچانن.

بە پێی هەندێ لەم باوەڕانە خەتەنەکردنی کچان زک و زایان باشتر دەکات، ئارەزووی سێکسی – وەک ئارەزووی مێوبازانەیان لاواز دەکات و ئاستی پابەندێتیان بۆ هاوسەرەکەیان بەرز دەکاتەوە. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بە مەبەستی پاراستنی پەردەی کچێتی و وەفاداری بۆ هاوسەر جۆری سێیەمی خەتەنە لە سەر کچان ئەنجام دەدرێ، بە واتایەک کونی شەرمگەیان دەدوورنەوە بۆ ئەوەی دەستەبەری

ئەوە بکەن کە شەوی بووکێنی یان هەمان شەوی پەردە تەنیا مێردەکەی خۆی ئەم مۆر و مۆمە بکاتەوە. ئەمە دەستەبەری وەفاداری و بە ئەمەگبوونی ژنانە بۆ پیاوان و هەمیش دەستەبەری ڕاسپاردنی ئارەزووی سێکسی لە ڕادەبەدەرە بۆ پیاوان و بەم شێوە کارێکە لە پێناو ئارەزوو و خواستی پیاو.[1]

بەرگریکاران و پاڵنەرەکانی خەتەنەی کچان بۆ ئەم کارە ئاماژە بە ئەنگێزەی جۆراوجۆر دەکەن: لەوانە بەهێزتربوونی کچان، دەستەبەرکردنی هاوسەرگیریان و بەرگری لە ئابڕوو و ڕەنج و ئەرزشتی بنەماڵە. هەندێ باوەڕی کەلتووری باو سەبارەت بە ڕەگەزێتی و ئارەزووی سێکسی ئەم نەریتە تۆکمە دەکات. ئەم باوەڕانە خەتەنەکردنی کچان گرێ دەدەنەوە بە جوانی، پاکداوێنی و ئابڕووی ژنان. بەڵام وەک ئاماژەمان پێدا زۆرێک لەو بڕوایەدان کە ئەنگێزەی شاراوەی ئەم کارە کۆنترۆڵی ڕەفتاری سێکسی ئافرەتانە بە مەبەستی پاراستنی پەردەی کچێتییان بەر لە هاوسەرگیری؛ پەردەی کچێتی مەرجی پێویستی هاوسەرگیرییە و لە هەندێ حاڵەتدا بنەماڵەکان (و زانایانی ئایینی) باوەڕیان وایە کە خەتەنەکردنی کچان دەبێتە هۆی هەرچی کەمتربوونەوەی دابەزینی ئاستی ئارەزووی سێکسیان لە دەرەوەی بازنەی ژن و مێردی. سەیر لەوەدایە بەم پێیە لە هەندێ لەم کۆمەڵگایانەدا کچە خەتەنەکراوەکان ڕێژەی خوازبێنییان زیاترە.

لیندۆرفێر لە کتێبەکەیدا دەڵێ هەندێ بیر و باوەڕی

1. Lindorfer, 2007

پاڵنەری خەتەنەکردنی کچان، ئەم کارە پەیوەند دەدەنەوە بە خاوێنی و جوانییەوە. هەندێ جار لەو کۆمەڵگایانەی وا ئەم کارەی تێدا باوە کچ و ژنە خەتەنە نەکراوەکان بە پیس و گڵاو لە قەڵەم دەدەن یان پێیان وایە ئەگەر کلاوە یان بەلۆکە[1]ی ژنان نەبڕن گەورەتر و ڕەواڵەتی ئەندامی سێکسییان ناشیرینتر دەردەخات.[2] بە گوێرەی ئەم باوەڕە کە ئەندامی زا و زێی ئافرەتان ناشیرین و پیسە، خەتەنەکردنی کچان بە کردەوەیەک دەزانن کە ئەندامی زا و زێیان جوان و خاوێن دەکات. لە هەندێ کۆمەڵگادا خواردنی دەستی ژنی خەتەنە نەکراو بە حەڵاڵ نازانن.

ڕاستە خەتەنەی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵی موسڵمان، مەسیحی و هەندێ گرووپی جوولەکەی وەک بەتا ئیسرائیل و فلاشاش باوە. بەڵام دەبێ جەخت بکەمەوە کە نە لە کتێبی پیرۆز (بەڵێنی کۆن و بەڵێنی نوێ) و قورئان باسی خەتەنەی مێینە هاتووە و نە لە هیچ یەک لە دەقە پڕبایەخەکانی جوولەکە، مەسیحی و ئیسلامی.[3] کەواتە، خەتەنەکردنی کچان لە ئایینەکانەوە نەهاتووە؛ بەڵام لە هەندێ کۆمەڵگادا ئایین بوو بە بنەمایەکی پاساودەر بۆ پەرەپێدانی خەتەنەی مێینە، چوونکە پەیوەندیان داوە بە پاکداوێنی ئافرەت، و خەتەنە بوو بە بەڵگەیەک بۆ پاکداوێنی ژنە بڕوادارەکان لە لای خودا.

جیا لەمانە، ناتوانین چاوپۆشی لە ئەنگێزە ئابوورییەکان

---

[1] – وشەی بەلۆکەش بە کار دەهێنرێت.

[2] - Lindorfer, 2007

3. Rouzi, 2013


بکەین، ئەم هۆکارانە لە هۆکارەکانی دیکە گرینگترن. لە هەندێ کۆمەڵگادا کچێک کە خەتەنە نەکراوە بارگرانی بنەماڵەیە و خەڵک کچانی خەتەنە نەکراو بە شیاوی هاوسەرگیری نازانن. لە ئەنجامدا، وەها کچێک دایک و باوکی خۆی لە وەرگرتنی «شیربایی» بێبەش دەکەن. بە دەر لەمە، هەندێ لە زانایانی ئایینی سەرکردەی کۆمەڵگاکان، کوێخای گوندەکان، ماماکان، قەرەج و خەتەنەچیانی نەریتخواز دەورێکی گرینگیان لە پەرەپێدانی خەتەنەی مێینە لە ناوچە گوندییەکان هەیە. لەم نێوەندەدا خەتەنەچیان دەورێکی پڕڕەنگتریان هەیە، چوونکە بۆ دەستەبەری داهاتی بەردەوامیان دەبێ درێژە و برەو بەم نەریتە بدەن. بێگومان ئەوان هەرچی زیاتر خەتەنە بکەن، داهاتێکی زیاتریان دەبێت.[1]

**ڕەوتی دابەزینی خەتەنەی کچان**

هەڵکشانی ئاستی وشیاری و ئاشنابوون لەگەڵ دنیای مۆدێڕن ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە شێوە ڕوانینی خەڵک بۆ خەتەنەی کچان

1. هەڵبەت وەک لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا تیشک دەخەمە سەری هەر ئەم گرووپە دەتوانن لە ڕەوتی نەهێشتنی خەتەنەی ئافرەتانیش ڕۆڵێکی دیاریکەریان هەبێت. ڕێگری کردن لەم کارە بەندە بە گۆڕینی ڕوانگەی ئەم پیشەدارانەوە و ئەمەش بەستراوەتەوە بەوەی بەدیلێک بۆ دەستخستنی داهاتیان دابین ببێت. هەر بۆیە، ئەو کەسانەی چاویان لە وەرچەرخان و گەشەیە دەبێ لە ڕێگەی دوواندنی ئەم ماما و خەتەنەکەرانەوە ڕازییان بکەن بۆ ئەوەی لە دژی ئەم نەریتە هێز و توانای خۆیان بخەنە گەڕ.

بەدی هێنا و هەڵسوکەوتیان گۆڕانێکی زۆری بە خۆوە بینیوە. ڕێکخراوە چالاکەکان لە بوارە مرۆڤدۆستییەکان و گەشەی جیهانی، خەتەنەی کچان بە توند و تیژی دەزانن، بەتایبەت توند و تیژی لە دژی ئافرەتان و منداڵان. بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەم کارە کە وەک «نموونەیەک لە نایەکسانی بنچینەداری ڕەگەزیتی کە ژنان لە ئاستێکی زۆر نزمدا ڕادەگرێت.» لێی دەڕوانێ، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا هەم لە سەر ئاستی جیهان و هەمیش لە سەر ئاستی ناوچەیی لەم بوارەدا هەنگاوی گرینگ نراون.



لــە ســاڵی 2014 بریتانیــا بــوو بــە میوانــداری یەکــەم کــۆنگرەی جیهــانیی کچــان کــە بــۆ تــەیارکردنی هەڵمــەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە پێناو کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان و هەروەها خەبات لە دژی هاوسەرگیری پێشوەختە و زۆرەملــێ بــەڕێوە چــوو.[1] میوانــدارێکی دیکــەی ئــەم بەرنامــە یوونیسێف بوو. زۆر وڵات بەشداری ئەم کۆنگرە بوون و بڕە پارەیەکی زۆر بۆ خەبات لە دژی خەتەنەی کچان کۆ کراوە. وردە وردە زۆرێــک لــەو کەســانەی وا خۆیــان ئەنجامــدەری خەتەنەی کچان بوون، لە دژی وەستان. لە زۆر وڵاتدا ڕەوتی نەهێشــتنی خەتەنــەی مێینــە دەســتی پێکــردووە. یــەکێک لــە هۆکــارە کاریگــەرەکانی ئــەم وەرچەرخانــە ئەوەیــە کــە بــە پێچەوانــەی ڕابــردوو، لــە ئێســتادا لــە بڵاڤــۆک و ڕاگەیاندنــە ئــەلیکترۆنی و تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان تەنانــەت لــە کــۆڵان و بازاڕەکاندا لە مەڕ خەتەنەی مێینە قسە دەکرێت.

بــە ئاگاداربوونی خــەڵک، کەمپەینــەکانی خــەبات لــە دژی خەتەنــەی کچــان توانیــان ئــەم تابۆیــە بشــکێنن و خەتەنــەی کچــان بکــەن بــە بابــەتی لێــدوانی گشــتی. لــە هەنــدێ لــەو ناوچانــەی وا ئــەم کــارەی تێدا بــاوە، ڕێــژەی خەتەنــەی کچــان ڕەوتی دابەزینی بە خــۆوە بینیوە و لە شــێوەی ڕوانین بــۆ ئــەم بابەتــە گۆڕانکارییــەکی بــاش بــەدی هــاتووە. توێژینــەوەی ئــەم دواییەی ناوەندی لێکدانــەوەی تەندروستی بنەماڵە لە یەمــەن گوزارشــی داوە کــە بــە هــەوڵی دەوڵــەت و دیکــەی گرووپــە

---

1. Girl summit, 2014

چالاکـەکان، خەتەنـە کردنــی کچـان ئێسـتا ڕەوتـی ڕوو لــە دابەزینی گرتووەتە بەر.[1]

بـەم چەشـنە، ڕێبـەرانی بۆرکینافاسـۆ ڕاشکاوانە خەتەنـەی کچان بە پرسێکی پەیوەندیدار بـە مافەکانی ئافرەت و منداڵ دەزانـن و بـە نیـازن بـە گرتنـە بـەری ڕێکارێکی یاسایی و بـە هاوکـاری شـێوازگەلی وەک ڕاهێنـان، هەڵمــەتی پشـتیوانی و بەدواداچوونی یاسایی دژی ئەم کارە بووەستنەوە. لـەم بارەوە، هــەر دوو دەوڵــەتی عێـراق و میسـر کۆمــەڵێکیان گرتــووە و هەنــــدێکیان خســـتوونەتە گرتووخانـــە. دواڕاپۆرتێـــک کـــە یوونیسێف بڵاوی کردووەتەوە و بەرهـەمی توێژینـەوە لـە سـەر سـەدان بنەماڵـە لـە هـەرێمی کوردسـتانە، دەریخسـتووە کـە ئەنجامـدانی ئـەم کـارە لـەم ناوچـەدا لەوپـەڕی دابەزیندایـە. ڕێژەی خەتەنەی کچان لە بەنین، کۆماری ئەفریقای ناوەندی، عێراق، لیبیا، نەیجەرییەش گەیشتووەتە نیوەی ڕێـژەی جارانی خۆی. بە پێی ڕاپۆرتەکان، گرینگترین هۆکاری ئـەم دابەزینـە، گـۆڕانی ڕوانگـەی ئـەو ژنانەیـە وا خۆیـان سـەردەمانێک ئـەم کارەیان بە سەردا سەپاوە. بـە باوەڕی هـەر هـەموو قوربانیـان ئەمە کارێکی بێسوودە و دەرد و ئازار نەبێ هیچی دیکەی بـۆ کچـان تێـدا نییـە، هەربۆیـە بـە تونـدی ئـەم کـارە ئیدانـە و پرۆتستۆی دەکەن. بەم چەشنە، ڕاپۆرتێکی دیکەی یوونیسێف دەرخـەری ئەوەیـە کـە خەتەنـەی کچـان لـە نـاو 2 هـەزار

1. Al-Khulaidi et al., 2013

کۆمەڵگـەی سەرتاسـەری ئـەفریقا زۆر کـەم بووەتـەوە.[1] ئـەم ڕەوتـی دابـەزینی ڕێـژەی خەتەنـەکردنی کچـان پیشـاندەری دروسـتبوونی سـەردەمێکی نوێیـە لـە گۆڕانکـاری گـەلان و کۆمـەڵگاکانی .... ئـەفریقا. دەتـوانین بـەم هێڵکارییـەی ژێـرەوە ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی خەتەنەی کچان پیشان بدەین.

ئاستی دابەزینی خەتەنەی کچان لە هەندێ لە وڵاتەکان
بە پێی لێکدانەوەی ژنانی 15 بۆ 49 ساڵ




1. Pandit, 2012

# بەشی دووهەم: باوبوونی خەتەنەی کچان لە ئێران

### پرسی خەتەنەی کچان لە ئێران

خەتەنەی کچان تەنیا لە ناو موسڵماناندا ڕوو نادا و تەنیا لە خۆرهەڵاتی ناڤینیش باوە نییە و وەک وتمان بۆ ڕیشەکەی دەبێ بەر لە ئیسلام و لە ناو ئەفریقاییە ناموسڵمانەکاندا لێی بکۆڵرێتەوە. بەو حاڵەشەوە ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە ئەم کارە لە هەندێ کۆمەڵگا و وڵاتانی موسڵمانی خۆرهەڵاتی ناڤینیشدا باوە.

خەتەنەکردنی کچان لە ئێران و عێراق لە ناو ئەهلی سوننە مەزهەبی شافێعی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. لە ئێران جۆری یەکەمی ئەم کارە (بە پێی پۆلێنبەندی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای وڵات، زیاتر لە ناوچە گوندنشینەکان و لە پەراوێزی شارەکانی پارێزگاکانی هورموزگان، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا باوە.[1] لەم ناوچانەدا هێشتا کەسانێک

1. ئەم چوار پارێزگایەی کە ئاماژەی پێکرا بەدەر لە خەتەنەی کچان لە مێژوودا هەموو جۆرەکانی توند و تیژی دژ بە ژنانیان بە خۆوە بینیوە، لەوانە هاوسەرگیری منداڵان، هاوسەرگیری زۆرەملی، فرەژنی و هەندێ جار قەتڵی ناموسی. جیا لەمانە، بەربەستە

هەن کە بە گوێرەی باوەڕی کەلتووری و ئایینی خۆیان خوازیاری ئەنجامدانی ئەم کارەن. خەتەنەی کچان لە ئێران و هەروەها لە هەرێمی کوردستان لە ناو ئەو کوردە سوننە مەزهەبی سەر بە شافێعیانە باوە کە بە شێوەزاری سۆرانی و یان هەورامانی ئاخافتن دەکەن و نە لە ناوچەکانی کرمانج زمانی ئێران، عێراق، تورکیا و یان سووریا ئەگەرچی ئەوانیش شافێعی مەزهەبن (Meho, 1997).[1]

مەزهەبی فەرمی لە ئێرانی ئەوڕۆ شیعەی دوازدە ئیمامیە کە 90 لە سەد بۆ 95 لە سەدی پێکهاتەی جەماوەری خەڵکی ئێران پێک دێنێت. نزیکەی 4 بۆ 8 لە سەدی خەڵکی ئێران ئەهلی سوننەن و زۆرینەیان نەتەوەی کورد و بەلووچ و فارسەکانی ناوچەکانی باشوور و کەمینەی تورکەمەن لە باکووری ئێرانن.[2] نزیکەی 2 لە سەدی پاشماوەش کەمینە ئاینییە ناموسڵمانەکانن.[3] لە کوردستانی ئێران، خەتەنەی کچان لە هەندێ ناوچەی سوننەنشین وەک گوندەکانی سەر سنووری نزیک لە هەرێمی کوردستان باوە.

---

نەریتیی و کەلتوورییەکانیش خۆسووتاندن یان جۆرەکانی دیکەی خۆکوژی ژنان و کچانی لەم ناوچەدا لێ دەکەوێتەوە (Keddie, 2000)

1. زمانی کوردی شێوە زار و زاراوەی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، بەڵام بە شێوەی گشتی دوو پۆلن: کوردی کرمانجی و کوردی سۆرانی. کرمانجی زمانی زۆرینەی کوردەکانی سووریا و تورکیا و ڕێژەیەک لە خەڵکی هەرێمی کوردستان و کوردەکانی باکوور و ڕۆژئاوای ئێرانیشە. زمانی سۆرانیش لە ناوچەکانی نزیک سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و هەروەها کرماشان و ئیلام و خانەقینی عێراقیش باوە. بۆ شێوەزاری دیکەی کوردیش دەتوانین ئاماژە بکەین بە کرماشانی، ئیلامی، لەکی و کەلهوڕی.

2. Cheng and Beigi, 2012

3. Ameli and Molaei, 2012

سەرباری ئەمەش، برەوبوونی ئەم کارە لەم دەڤەرانەدا بە شێوەی لێکبڵاوە و ڕێژەکەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، تەنانەت لە ناو گوندە هاوکەوشەنەکانیشدا.

لە ئێراندا هەمیشە جۆرێک نکۆڵی لە پرسی خەتەنەی کچان لە ئارادا بووە، چ لە لایەن دەوڵەت و ڕێکخراوە فەرمییەکانەوە و چ لە لایەن هەندێ کەس یان گرووپی پانئێرانیستەوە. هەر لەبەر ئەمەش هەتا هەنووکە هیچ هەوڵێکی قورس و قایم لە لایەن دەوڵەت یان دیکەی گرووپەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کارە نەدراوە: نە توێژینەوەیەک و نە خوێندنەوەیەکی جیدی و گشتگیر لەم بارەوە، نە جێبەجێکردنی یاسایەک لە پێناو نەهێشتنی، نە ڕێگەدان بە چالاکڤانان لەم بوارەدا یان پاڵپشتی کردنیان و نە وشیار کردنەوەی گشتی. ئەوەی هەتا ئێستا بینیمان ڕواڵەتێکی بە پێچەوانەی ئەمە بووە. وەک لە بەشی داهاتوودا دەبینین لە زۆرێک لە وڵاتان ئێستا لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یان دەوڵەتەکان و هەمیش لە لایەن چالاکڤانان و گرووپە ناودەوڵەتییەکان هەوڵ بۆ نەهێشتنی ئەم نەریتە دەدرێت. لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا کە حکومەتی فیدراڵی کوردستانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان جیا لە پەسندکردنی یاسایەک کە بە شێوەی تایبەت هی باشووری هەرێمی کوردستان بە یارمەتی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییە خۆجێییەکان و گرووپە نێودەوڵەتییەکان قۆڵی بنەبڕکردنی خەتەنەی کچانیان هەڵماڵیوە و لەم کارەشدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون

(HRW, 2010). بەڵام لە ئێراندا خەتەنەی کچان هێشتا نەبۆتە بابەتێک بۆ وتوویژی گشتی و بە دەگمەن قسەی لە سەر دەکرێت. وێدەچێ ئاگادارکردنەوە لەم بوارەدا کەمە و ڕێکخراوە فەرمییەکانیش زۆر حەزیان لە ئیش کردن لە سەر بابەتە ئتنیکی و خۆجێییەکان نییە.

بەم شێوە، لە زانکۆ و توێژینگەکانی ئێرانیش خەتەنەی کچان بابەتێکی ناسراو و جێی باس نییە. سەرەڕای ئەوەی چەندین تێزی ماستەر لەم بارەوە نووسراوە، توێژینەوەی سەربەخۆ و جیدی سەبارەت بەم بابەتە دەگمەنە. بە هۆی نەبوونی پشتیوانی دەوڵەت و نیگەرانییە ئاسایشییەکان، ڕێژەی لێکۆڵینەوەی جیدی و هەمەلایەنە سەبارەت بە خەتەنەی کچان ناگا بە پەنجەکانی دەست. نە تەنیا بۆ پرۆژەی گشتی لەو ناوچانەی وا خەتەنەی تێدا باوە، پارەیەک تەرخان نەکراوە، بەڵکوو مۆڵەتیش بەم چەشنە توێژینەوانە نادەن. هەر بۆیە هەلی بەرەو پێشبردنی پرۆژەی تاقیگەیی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی وردی بەرەوی خەتەنەی کچان و بەراوردکردنی ڕاهێنانی گشتی لە خەباتی دژ بەم کارەش بوونی نییە. زۆربەی ئەو توێژینەوانەش کە لەم بارەوە ئەنجام دراون، لە سەر دەستی کچانی خوێندکاری ناخۆجێیی بووە کە زۆریان گشتگیرییەکی ئەوتۆیان نییە و بە گوێرەی 40، 200 یان 400 حاڵەتی لێدوان لە ناوچەیەک یان شوێنێکی جوگرافیایی ئەم پرسەیان شی کردووەتەوە. زۆربەی ئەم توێژینەوانە لە ڕووی ڕەهەند، شێواز و ئاراستە هاوشێوەن و زیاتر هەوڵی

خۆیان لە سەر زانیارییە گشتییەکان دادەنا نەک شیکاری و خستنە ڕووی ڕێگە چارە. لە بەشی دواتردا بۆ ئاشناکردنتان لەگەڵ توێژینەوە ئەنجام دراوەکان لەم بوارەدا، گرینگترینەکانی دەناسێنم و پێیدا دێمەوە.

## هەندێ توێژینەوە سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران[1]

یەکێک لە یەکەمین توێژینەوە ئەنجام دراوەکان سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران هی هوما ئەحەدییە کە ئەو کات خوێندکاری مامایی بوو. خاتوو ئەحەدی لە ساڵی 1381 لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە ژێر ناوی «خەتەنەی ژنان و ڕوانگەی ژنان بۆ ئەم پرسە لە میناب» ئەنجام دا. ئەم توێژینەوە لە نۆرینگەی شەهید قادری شاری میناب کە دەکەوێتە پارێزگای هورموزگان و بە پێی پشکنین و دواندنی 400 ژن و کچی تەمەن 15 بۆ 49 ساڵ ئەنجام دراوە کە بۆ ئامانجی چارەسەری نەخۆشی سەردانی ئەم نۆرینگەیانە کردبوو. خاتوو ئەحەدی ئیدیعای ئەوە دەکات کە جۆری یەکەم و لە هەندێ حاڵەتدا جۆری دووی خەتەنە لە ناو ژنانی مینابدا بەدی دەکرێت. ئاکامی کۆتایی ئیشی ئەحەدی

1ـ وەک دەبینین بەشێک لەم توێژینەوە ئەنجام دراوانە لە چوارچێوەی تێزی ماستەر لە بوارە جیاجیاکاندا بووە. بۆ ناساندنی ئەم توێژینەوانە وێڕای پێداچوونەوەی گشتی سوود لە پوختە و ئاکامی کۆتاییان بینراوە. ئەم تێزانە بە گشتی پوختەی فارسییان نییە و لە ڕووی ناچارییەوە بابەتی پوختەی ئینگلیزییەکیان وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمان فارسی.

بـــەم شـــێوەیە کـــە ئاگـــاداربوونی کەســـانی خـــۆجێی لـــە مەترســـییەکانی خەتەنـــەکردنی کچـــان، چـــاودێری پزیشـــکی، ڕاهێنـان و گـۆڕینی ڕوانینـی خـەڵک بـۆ ئـەم پرسـە دەتـوانێ ڕۆڵێکی گرینگی لە بنەبڕکردنی ئـەم نەریتـە هـەبێت. بەشێک لـەم توێژینـەوە دواتـر لـە گۆڤـاری زانکـۆی پزیشـکی قـەزوێن چاپ کرا و پاشان لە گۆڤاری نێودەوڵـەتی ژنـان و منداڵبوون بڵاو بووەوە (Ahadi, 2009).

توێژینەوەیـەکی دیکـە سـەبارەت بـە خەتەنـەی کچـان هـی پەریســا ڕەزازادە جــەلالی خوێنــدکاری ماســتەری زانســتە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی ڕوودیهێنـی تارانـە. خـاتوو جـەلالی تێزەکـەی لـە سـاڵی 1386 لـە ژێـر نـاوی «تـاوتوێکردنی بـوارە کەلتوورییـەکانی تونـد و تیـژی لـە دژی ژنان بە داکۆکی کردن لە سەر خەتەنەی کچان لـە بەنـدەری کەنگ» نووسی. ناوبراو بە شێوەی بەهەڵکەوت لە یەکێک لە نۆرینگەکانی بەندەری کەنگ لـە پارێزگـای هورموزگـان 200 کەسـی هـەڵبژارد و وتـووێژی لەگـەڵ کـردن. لـە شـرۆڤەی هۆکـارە کەلتوورییـە کاریگـەرەکانی خەتەنـەی کچـان، نـاوبراو تیشـکی سـەرنجی خسـتە سـەر هـەر دوو هۆکـاری ئـایین و خوێنـدکاری. ئـەنجامی توێژینـەوەکانی ئـەوە پیشـان دەدا کـە خەتەنەی کچـان لـە نـاو ئـەهلی سوننەدا پشتیوانییەکی زۆری لێ دەکرێ تا لە ناو ئەهلی شیعەدا، ئەگەرچی کەمینەیەک لە ژنانی شیعەش کچەکانیان خەتەنە دەکەن و باوەڕیـان پێیـەتی. بە پێـی ڕاپـۆرتی بـەڕێزیان، خوێنـدن ڕۆڵێکـی زۆر گرینگـی لـە

سـەر ئـەم بابەتـە هەیـە؛ ژنـە خوێنـدکارەکان ئامـادە نـین کچەکانیان خەتەنە بکرێن و بەرهەڵستی دەنوێنن. ناوبراو کە لـە تێزەکەیـدا هۆکـارە کەلتـووری و ئایینییـەکانی خەتەنـەی کچان لە بەندەری کەنگ تاوتوێ دەکات لەم بۆچوونەدایە کە خەتەنەی کچان نموونەیەکە لە توند و تیژی سێکسی لـە دژە مێینـەکان کـە بـە نـاوی بـاوەڕ و نـۆرمی ئـایینی و نەریتییـەکان ئەنجام دەدرێت. ناوبراو دەنووسێت: هەنـدێ پێیـان وایـە کـە بـە گـوێرەی ژیـانی پێغەمبـەر خەتەنـەی کچـان ڕێگەپێـدراوە و تەنانــەت پاداشــتی خــودای لــێ دەکەوێتــەوە. بــە ڕای ئــەو، ناوشـیاری کارناسـانەی دەوڵـەتی ئێـران لـە مافـەکانی ئـافرەت هۆکارێکی دیکەی ئەم چەشنە توند و تیژییانەیە. جەلالی بـەم ئاکامگرتنـە کۆتـایی بـە تێزەکـەی دێنێـت کـە زۆربـەی کچـانی ئەم ناوچە گەیشتوونەتە ئەم باوەڕەی کە خەتەنەی کچـان نـە تەنیا هیچ سوودێکی بۆیان نییە بگرە زیانبەخشیشە.

یەکێک لەو دەگمەن توێژینەوانەی سەبارەت بە خەتەنـەی کچان لـە نـاو کوردەکانی ئێرانـدا کـراوە هـی فاتمـە کەریمییـە. بڕیار وا بوو ئەم لێکۆڵینەوە ببێتە تێزی ماستەری بەڕێزیان لـە بواری توێژینەوەی ژنان لە زانکۆی عەلامەی تەباتەبایی تـاران لـە سـاڵی 1388، بـەڵام بەرپرسـانی زانکـۆ لـە دواقۆناغـەکانی پێشکەشکردنی ئەم تێزەدا بە هۆی ئەوەی بابەتەکـەی نەشـیاو و زۆر هەستیارە ڕێگرییان لێ کرد. ساڵی دوایی، واتـە لـە سـاڵ 1389، بەرهەمەکەی خـاتوو کـەریمی مۆڵـەتی چـاپی پێـدرا و لە سایەی ڕۆشـنبیران و توێژینـەوەی ژنـان کتێبـی «تراژدیـای

لەش، توند و تیژی لە دژی ژنان» چاپ کرا.[1] ئەمە یەکەم جار بوو کە کتێبێک لە مەڕ بابەتی خەتەنەی ژنان لە لایەن وەزارەتخانەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامییەوە مۆڵەتی چاپی وەرگرت، ئەویش لە بارودۆخێکدا کە لەوە دەچوو دەوڵەتی ئێران حەزی لە بڵاوکردنەوەی وەها تویژینەوەگەلێک نییە، ئەوە لە حاڵێکدایە وتاری پزیشکی کەم و دەگمەن لە سەر بابەتی خەتەنەی ژنان لە هەندێ گۆڤاردا چاپ کرا بوون.

تێزەکەی خاتوو کەریمی دەروانێتە شرۆڤەی لێدوانی ڕووبەڕووانە کە خۆی لەگەڵ 40 ژن لە شاری پاوە و دەورووبەری لە پارێزگای کرماشان ئەنجامی دابوو. شێوازە بە کارهێنراوەکانی لەم لێکۆڵینەوەدا بریتیین لە نموونەگیری ئامانجدار و زنجیرەیی. ئەم بەرهەمە وێڕای پێداچوونەوەیەکی گشتی بە خەتەنەی ژنان لە سەر ئاستی هەموو جیهان و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕێگری لەم کارە، لایەنێک لە ڕوانگە و بەڵگەی فێمێنیستی و کۆمەڵناسان دەخاتە ڕوو و بۆ ئەم بابەتە بەرهەمی کەسانی دیکەش دەقۆزێتەوە، لەوانە هەندێ ڕاپۆرتی سەرەتایی سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان کە نووسەری ئەم کتێبە پێیدا.[2]

کەریمی وێڕای ددان پێدانان بە دەرهاویشتەکانی

1. کەریمی، 1389

2. Ahmady, 2006

خەتەنەی کچان لە سەر جەستە و دەروونی ئافرەتان ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەوتی ئەم کارە لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەرەو دابەزین دەچێت، بەڵام هێشتا دەبێ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بارەوە بکرێ و داتا و زانیارییەکی زیاتر کۆ بکرێتەوە و بدرێ بە نۆرینگە و ناوەندەکانی ڕاهێنانی خۆجێیی، بە جۆرێک کە ورده ورده ڕای گشتی بۆ لێکەوتەکانی ئەم کارە ئاگادار بکرێنەوە. بە بۆچوونی ئەو، زانایانی ئایینی بۆ ئەم مەبەستە دەتوانن دەورێکی گرینگیان هەبێ و مزگەوتەکان بکەن بە شوێنی وتاردانی ئایینی بۆ خەبات لە دژی خەتەنەی کچان و بەم شێوە ڕێگری بکەن لە پشتبەستنی بێبنەما و بێبەڵگە بۆ ئایین.

ئیلهام مەندگاری خوێندکاری بواری ماف لە کۆلێژی مافی زانکۆی شەهید بێهێشتی تاران یەکەم خوێندکارێکە کە بناغەی ئیشەکەی لە سەر پرسە یاساییە دیاریکراوەکان، بەتایبەت مافەکانی بنەماڵە، مافە ئیسلامییەکان و مافەکانی سزا دارڕشت. تێزی ماستەری خاتوو مەندگاری لە ژێر ناوی «پێشێلکردنی چرۆپڕی جەستەی ژنان لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە» بە پێی توێژینەوەیەکی مەیدانی لە ڕۆژئاوا و باشووری ئێران نووسراوە. خاتوو مەندگاری بۆ ئەنجامدانی ئەم تێزە بۆ ماوەیەکی کورت پەیوەندی لەگەڵ ژنان و پیاوانی ئەو ناوچە ساز کرد و لە هەموو گرینگتر ئەوەی کە ڕوانگەی هەندێ لە زانایانی ئایینی ناوچەکەی کۆ کردەوە. کارەکەی زۆرتر ئاوڕدانەوەیە لە بۆچوونی کەڵەپیاوانی ئایین و زانایانی

ئـایینی ناسـراو و هـەروەها فـەرموودەی ئیمامـان و قورئـانی پیرۆز. بە پشتبەستن بە هەندێ لەم وتانە، چیتر پێویست ناکا کچان خەتەنە بکرێن. مەندگاری بە پێداگری نواندن لـە سـەر دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی خەتەنەی کچان لە سەر جەستە و دەروونیـان، بەڵگـەی ئـەوە دێنێتـەوە کـە نـابێ بـە بیـانووی ڕێژەییبـوون و هەمـەجۆری کەلتوورەکـان مافـەکانی مـرۆڤ پێشێل بکرێت. ناوبراو سوورە لە سەر ئـەوەی خەتەنـە کردنـی کچـان نموونەیـەکی بـەرچاوە لـە پێشـێل کردنـی مافـەکانی ئافرەتان و منداڵان و هەندێ لە مافە بنەڕەتییـەکانیان پێشـێل دەکـا، لەوانـە مـافی یەکپارچـەیی لـەش، مـافی تەندروسـتی جەسـتەیی، مـافی ئەشـکەنجە نـەکران و نەکەوتنـە بـەر هەڵسوکەوتی دڕندانە و نامرۆڤانە و سەرشۆڕانە. ناوبراو پاشان ئاماژە بـە ئـەرکی دەوڵـەت دەکات بـۆ دەستەبەرکردنی مـافی هاووڵاتیـان و پابەنـدی نێودەوڵـەتی بـۆ گرتنـە بـەری سیاسـەتی گونجاو لە ئاست گرووپە خەسار هەڵگرەکان و هـەروەها ڕۆڵـی کاریگــەری ڕێکخــراوی نێودەوڵــەتی و دیکــەی گــرووپ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە پێنـاو هـەموو ئامانجـەکانی مـافی مرۆڤ لە سـەر ئاستی جیهان. بە پێـی ئـەم ڕوونکردنەوانـەی سەرەوە مەندگاری لە هەڵسەنگاندنی کارکردی دەوڵەتـەکان و ڕێکخـــراوە نیشـــتمانی و نێودەوڵەتییـــەکان ڕوانگەیـــەکی بەراوردکارانـە دەگرێتـە بـەر. بـە پێـی دەستکەوتەکانی ئـەو، دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە نەهێشتنی نەریتی خەتەنەی کچان دەورێکی گرینگیان هەیە و هەڵمەتەکانیان لە

نەهێشتنی ئەم کارە پڕبەرهەم بووە. مەندگاری نەبوونی بەڕێوەبەری لەم چەشنە سیاسەتدانانە لە ئێران بە گرینگترین هۆکاری بەردەوامبوونی خەتەنەی کچان لەم وڵاتەدا دەزانێ.[1]

لە چوارەمین کۆنگرەی نیشتمانی و یەکەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە تەندروستی، ڕاهێنان و پەرەپێدان کە لە لایەن کۆلێژی تەندروستی و خۆراک و ناوەندی توێژینەوەکانی خۆراکی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی پزیشکی تەورێز لە ساڵی 1390 بەڕێوە چوو، وتارێک ئاراستە کرا لە ژێر ناوی «باوبوونی خەتەنەی کچان و کاریگەری ڕاهێنانی تەندروستی لە سەر بنەمای مۆدێلی نیازی ڕەفتاری لە سەر ڕوانگە و ڕەفتاری ئەو ژنانەی کە سەردانی بنکە تەندروستییەکانی ڕوانسەر دەکەن.» نووسینی تاهیرە پاشایی و کەسانی دیکە.

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوانە بە پێی نموونەگیری گشتگیر لە 348 ژن بووە کە سەردانی 5نۆرینگەی پارێزگای کرماشانیان لە دەورووبەری شاری ڕوانسەر کردبوو. لەم توێژینەوەدا پرسیارنامەگەلێک بە کار هێنرا کە پێکهاتەیەکی وردیان بوو بۆ ئەوەی ڕێژەی پەرەسەندنی خەتەنەی کچان و هۆکارە کاریگەرەکانی بە وردی دەربکەوێت. لە شرۆڤەی داتاکان ئاماری پێناسەیی و بەرەنجامی هاوپەیوەندی پیێرسۆن بە کار هێنراوە.

بەشی دووهەمی ئەم توێژینەوە خوێندنەوەیەکی تاقیگەیی و

---

1. مەندگاری، 1390

ئەزموونییە کە بریتییە لە دەستێوەردان لە ئاراستەی ڕاهێنانی 50 ژن کە کاری خەتەنەی کچانیان بە سەردا سەپابوو. توێژەران بەم ئاکامگرتنە کۆتاییان بە ئیشەکەیان هێنا کە بنەبڕکردنی خەتەنەی کچان پێویستی بە بەشداری ڕێبەرانی ئایینی و کاربەدەستانی تەندروستی و هەڵبەت بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری خەڵک سەبارەت بەم کارە و لێکەوتەکانی هەیە. نووسەران ئاماژە بەوە دەکەن توێژینەوە بیانییەکان پیشانیان داوە هەر کات کۆمەڵگاکان بڕیارێک دەدەن خەتەنەی کچان قەدەغە بکەن، ئەم دیاردە دەستبەجێ لە ناو دەچێت.[1]

لە ساڵی 1390، ڕایەحە مزەفەریان خوێندکاری حەشیمەتناسی (دێمۆگرافیک) کۆلێژی ئابووری زانکۆی شیراز، تێزی ماستەرەکەی لە ژێر ناوی «لێکدانەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتی – کەلتوورییەکانی پەیوەندیدار بە خەتەنەی مێینە لە دوورگەی قیشم» خستە ڕوو کە توێژینەوەکە بە شێوەی تایبەتی سەبارەت بە ژنانی 15 بۆ 49 ساڵ لە دوورگەی قیشم بوو. لەم تێزەدا 400 پرسیارنامە لە هەندێ نۆرینگە بڵاو کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچە بە هاوکاری کاربەدەستانی ئەو ناوەندە پڕی بکەنەوە. بە پێی پوختەی تێزەکە، شێواز و تەکنیکی چەندایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان بە کار هێنراوە. ئەم لێکۆڵینەوە زیاتر حەشیمەتناسی و ئامارییە و پرسیارەکانی زیاتر لە سەر پێوەری کۆمەڵایەتی و

1. Pashaei, 2011

حەشیمەتییە. مزەفەریان خۆی لە پوختەی تێزەکەیدا دەڵێ:

تاقیکردنەوەی گریمانەکان دەرخەری ئەوەیە کە پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان خەتەنەی کچان و بگۆڕی سەربەخۆدا هەیە وەکوو پیشە، خوێندن، ئەزموونی خەتەنەی کچان لە بنەماڵەی ئەو کەسەدا، ڕاگەیاندنەکان، کونترۆڵی سێکسی ژنان، ڕوانگەی ژنان، تەمەنی ژنان و تەمەنی هاوسەرگیری. هەروەها ئەنجامەکان پیشاندەری ئەوەن کە هیچ پەیوەندییەکی مانادار لە نێوان بگۆڕە لکاوەکان و بگۆڕە سەربەخۆکان وەکوو جۆرەکانی دیکەی توند و تیژی لە بنەماڵە، ئاستی گرینگی بنەماڵە، ڕێژەی منداڵەکان و ڕەگەزیان بەدی ناکرێ.[1] ئەم تێزە لە دوو توێی کتێبێکی ئەلیکترۆنی لە لایەن ماڵپەڕی «ناکجا» لە ساڵی 1392 بڵاو بووەوە.

تێزێکی دیکە لە مەڕ خەتەنەی کچان لە ئێران هی فەهیمە حەسەنیان خوێندکاری ماستەری زانکۆی ئەهلی ئیسلامی لە بواری مافی نێودەوڵەتییە بە ناوی «قەدەغەبوونی خەتەنەی کچان لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکان بە پێداگری لە سەر کارکردی وڵاتە گیرۆدەکان»ـە. توێژینەوەکەی هاوشێوەی ئیشەکەی مەندگاری لە سەر خەتەنەی کچان لە بەستێنی مافە نێودەوڵەتییەکان چڕ بووەتەوە، هەڵبەت بە زانیاری و شیکاری کەمترەوە. ناوبراو بە پێی خەباتی یاسایی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو لە دژی خەتەنەکردنی کچان ڕاپۆرتێک لە یاسا جیاوازەکان کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بۆ

1. Mozafarian, 2011

دژایەتی کردنی ئەم کارە پەسند کراوە دەخاتە ڕوو و لە کۆتاییدا لەم بارەوە کۆمەڵێ پێشنیار ئاراستە دەکات. هەندێ لە داتاکانی ئەم تێزە سەبارەت بە خەتەنەی کچان بەتایبەت ناوچەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستانە کە گەڕاوەتەوە سەر هەمان ئەو داتا سەرەتاییانەی وا نووسەری ئەم کتێبە دابووی بە خاتوو فاتمە کەریمی.[1]

حەسەنیان لە پوختەی تێزەکەی خۆیدا دەڵێ کە لە هەندێ لە ناوچەکانی وڵات چەند جۆر خەتەنەی کچان هەیە و بە داخەوە هەتا هەنووکە دەوڵەت ئاوڕێکی قورس و قایم لەم پرسە کە پرسێکی گرینگی مافەکانی مرۆڤە، نەداوەتەوە. ناوبراو لەم ڕێگەوە داوا لە دەوڵەت دەکات کە لە هەمبەر کردەوەی نامرۆڤانە هەر هەموو پێوەرە پێویستەکانی پشتیوانی لە ئافرەتان لەبەر چاو بگرێت. هەروەها حەسەنیان خوازیاری ئەوەیە کە دەوڵەت بۆ خەتەنەکردنی کچان هەنگاو بنێ، سزا دیاری بکات و قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیەکانیش بکاتەوە. حەسەنیان دەڵێ لە هەندێ بەڵگەی نێودەوڵەتی خەتەنە وەک تاوان دەناسرێت یان لانیکەم پێشنیارێک بۆ نەکردنی هەیە، بەڵام پرسەکە ئەمەیە کە ئایا دەستەبەرێکی کردەیی بۆ ئەم فەرمانە هەیە یان نا؟ وا دیارە لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکان وەها دەستەبەرییەکی کردەیی لە گۆڕا نییە. بە بۆچوونی ناوبراو وڵات و دەوڵەتەکان دەبێ بەرپرسایەتی پێشێلکردنی ئەم مافانە بگرنە ئەستۆ و ئێستاش لە زۆرێک لە

---

1. Ahmady, 2006

وڵاتــان بــە گــوێرەی بەڵگــە نێودەوڵەتییــەکان پشــتیوانی کۆمەڵایەتی و یاسایی لە ژنانی قوربانی خەتەنە دەکرێت.[1]

جیا لەو تێزانەی وا هەتا ئێستا ئاماژەیان پێ کرا، کۆمـەڵێ وتـاریش سـەبارەت بـە خەتەنـەی کچـان لـە چـاپ دراون. ڕاگەیاندنەکان زیاتر ساڵێ جارێک واتـە شەشـەمی فێبریـوەری ڕۆژی جیهانی نەسازان لەگەڵ خەتەنەی کچان سەبارەت بەم بابەتــە وتــووێژ دەکــەن. ســەرەڕای ئــەوەی زۆرینــەی ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆی ئێران بە هۆی کۆمـەڵێ تێبینـی ئامـاژە بـە بابـەتی خەتەنـەی کچـان ناکـەن، هەنـدێ لـە بیرمەنـدان و چالاکڤانـانی سیاسـی و بـەرگریکارانی مافـەکانی ئـافرەت بـۆ ڕاگەیاندنـە فارسـی زمانـەکانی دەرەوەی وڵات و ماڵپـەڕەکانی دەنگوباسـی فێمێنیسـتی بابـەت دەنووسـن یـان لێـدوان دەدەن. لەوانــە پــەروین زەبێحــی، چــالاکی مافــەکانی ژن خــەڵکی پارێزگــای کوردســتان، لــە گونــدەکانی دەوروبــەری شــاری مەریوان ڕێژەیەکی کـەمی لێکۆڵینـەوەی مەیـدانی ئـەنجام داوە بـۆ ئـەوەی ڕێـژەی بـاوبوونی خەتەنـەی کچـان لـە هەنـدێ لـە گونــدەکانی ناوچــەی هەورامــان دەربخــات. نــاوبراو لــەم باوەڕەدایـە کـە خەتەنـەی کچـان پێویسـتییەکە لـە لایـەن پیاوانەوە بۆ ملکەچکردنی ژنان. ناوبراو ئەم کارە بە هێمایـەکی دیکـەی نادادپەروەرانـە بـوونی بۆنـەی دەسـەڵاتی هـەر دوو ڕەگەز دزانێ و وەک نموونەیەک لە سەپاندنی دەسەڵاتی پیاو بە سەر لەشی ژنان سەیری دەکات. زەبێحی کۆمـەڵێ لێدوانی

1. حسێنیان، 1391

ڕادیۆیی و ئۆنلاینی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام داوە.

هەر بەم شێوە، پرۆفیسۆر مێهرئەنگیز کار، مافناس و نووسەری بواری مافی مرۆڤ لە ئێران لە هەندێ لە وتوویژەکانی خۆیدا خەتەنەی کچان بە یەکێک لە بێژمارترین شێوەکانی پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت لە قەڵەم دەدات.

بەدەر لەمانە هەندێ لە هونەرمەندانیش گرینگیان بە بابەتی خەتەنەی کچان داوە. چیمەن ڕەحمانی کچی «یەدوڵڵا ڕەحمانی» مەقامبێژی خەڵکی کرماشانە. ناوبراو کە لە ژێر دەستی باوکی فێری مۆسیقا بووە، ژەندنی تاری لە لای ئیسماعیل مەسقەتی یاد گرتووە و بۆ فێربوونی......... لە ژێردەستی مەحموود مێرئاتی کاری کردووە. ئەم خانمە لە گۆرانییەکیدا بە ناوی «یەک لە هەزاران» بۆ یەکەم جار لە 1394 لە ئێران لە سەر بابەتی خەتەنەی کچان و هاوسەرگیری منداڵان ئیشی کردووە.

پاش پێداچوونەوەیەکی کورت لە سەر لێکۆڵینەوە گرینگە ئەنجام دراوەکان، ئەم لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکانی دەخرێتە ڕوو.

ئەم تویژینەوە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرە و دەڕوانێتە هەموو ناوچەکانی ئێران هەروەها دەریدەخات جۆری یەکەمی خەتەنەی کچان (بە پێی پۆلێنبەندی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) لە ناوچە گوندنشینەکانی بەشگەلێک لە هەر سێ پارێزگای ڕۆژئاوایی و پارێزگایەکی باشووری ئێران باوە، واتە

لـە پارێزگـای ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا (بەشـە کوردنشـینەکەی باشـووری ئـەم پارێزگایـە) و کوردسـتان و کرماشـان و هورموزگان و دوورگەکانی .[1] زۆربەی حەشیمەتی پارێزگای کوردسـتان ئـەهلی سـوننەی شـافیعی مەزهـەبن و هەنـدێ کۆمەڵگـەی شیعەشـی تێدایـە. حەشـیمەتی سێ پارێزگاکـەی دیکـەش لـە سـوننە و شـیعە پێـک هـاتوون. لـەم نێوەنـدەدا گرووپـی ئێتنیکـی و ئـایینی دیکـەش وەک کەمینـەی گـەورەی شـیعە تورکـە ئازەرییـەکان و کەمینەیـەکی بچـووکی تورکـە یارسـانەکان (دانیشـتووی ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا لـە نێـوان شـارەکانی مـەهاباد و میانـدواو)، کۆمەڵگەیـەکی بچـووکی مەسـیحییە ئەرمەنییـەکانی شـاری ورمـێ، شـیعە کـوردە کەلهوڕەکان و لەک و هـەروەها کوردە یارسانەکان لـە چەنـد دەڤـەری کرماشـاندا دەژیـن کـە کچـان خەتەنـە ناکـەن. بـەو حاڵەشەوە، هەندێ لە ژنانی شیعە کە لە نزیـک ناوچـە سوننە نشینەکانی هورموزگان دەژین کچان خەتەنە دەکەن، هەروەها ئـەوەی کـە لـە کۆنیشـدا هەنـدێ لـە ژنـانی کـوردی شـیعە لـە بەشگەلێک لە کرماشان و ئیلام کچان خەتەنە دەکەن.

---

1. وەک دواتر دەبینین بۆ لێکدانەوەی باوبوونی خەتەنەی کچان لە ئێران دەتوانین بڵێـین زۆربەی پارێزگاکانی ئێران تاوتوێ کراون و هۆی سـەرەکی چڕبوونـەوە لـە سـەر ئـەم چـوار پارێزگایە، بابوونی لەم ناوچانە و نەبینرانی ئەم کارە لـەم ناوچەیـە. ئەمـە ئـەوە ناگـەیێنێ کـە هەموو پارێزگاکانی ئێران بە چڕ و پڕی لێک دراونەتەوە و تەنانەت بەو ماناش نییە کـە هـەموو ناوچەکانی چوار پارێزگایە کاکی بە کاکی تاوتوێ کراون. بەڵکوو دەرخەری بەو مانایەیە کـە ئەوەندەی کرا و سەرەڕای کێشە و بەربەست لە هەر شوێنێک سەرەداو و ئەدرەسی ئەم کارەمان بینی بە دواداچوونمان بۆ کرد.

دەبێ دیسان جەخت بکەمەوە کە خەتەنەی کچان زیاتر لە ناو کوردانی ئەهلی سوننەی مەزهەبی ئیمام شافیعی و سۆرانیدا باوە و لە ناوچەکانی  کورمانجایەتی ئێران، عێراق و تورکیا و کوردستانی سووریا، ئەگەرچی ئەمانیش شافیعی مەزهەبن بوونی نییە. هەر بەم شێوە هیچ کام لە کوردانی یارسان، عەلەوی، ئێزەدی، کەمینە کوردەکانی ئەرمەنستان یان کوردە دوور خراوەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری ئێران کچان خەتەنە ناکەن.[1] لە ڕاستیدا، خەتەنەی کچان لە کوردستانی ئێران لە ڕووی جوگرافیاییەوە زۆر لێک بڵاو و شپرزەیە.

بۆچوونێک هەیە کە ڕاست و ناڕاستەکەی ڕوون نییە ئەوەیە کە خەتەنەی کچان بە هۆی بازرگانی دەریایی لەگەڵ هیند و سومالی دزەی کردووەتە باشووری ئێرانەوە.[2] بەدەر لە باشووری ئێران، خەتەنەی کچان لە هەندێ بەشی ڕۆژئاوای وڵات وەکوو کوردستان و کرماشان و لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاواش ئەنجام دەدرێت.

وەک وتمان لە ئێران زیاتر جۆری یەکەمی خەتەنەی کچان (بە پێی پۆلێنبەندی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) باوە و لە زۆربەی حاڵەتەکان وەک جێبەجێکردنی  سوننەتە. بە واتایەک لە وڵاتی ئێراندا ئەم کارە زیاتر بریتییە لە

---

1. لە بەشی سێیەم باسێک دەخەمە ڕوو سەبارەت بە ڕاستی ئەو ئیدعایە کە خەتەنەی کچان لە باوەڕە ئیسلامییەکاندا جێی نابێتەوە یان دەبێ پەیوەست بکرێتەوە بە شافیعی مەزهەبەکانەوە، چوونکە خەتەنەی کچان لە ناوچەی کرمانجایەتی و زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران (کە خەتەنەی کچان هەتا دوو سێ نەوە بەر لەوان بەدی ناکرێت) باو نییە.

2. Mohajer, 2010

هەڵگرتنی بەشێک لە پێست یان هەمان پۆشەنی بەلۆکە، سەرەڕای ئەوەش، چۆنایەتی ئەنجامدانی ئەم کارە تا ڕادەیەک بەستراوەتەوە بە خەتەنەچیەوە. هەندێ جار بە هۆی هەڵە بۆ وێنە لەرزینی دەستی خەتەنەچی بڕینەکە قووڵتر دەبێتەوە.

لە هەندێ لەم ناوچانە کچان لە تەمەنی 3 بۆ 6 ساڵان بە تیغی تێژ یان چەقۆ خەتەنە دەکرێن و پاش ئەوە لە سەر ئەندامە بڕاوەکەیان خۆڵەمێشی تەنووری خۆجێی یان ئاوی ساردی پێدا دەکەن (ئێستا بە مادەی دژەهەوکردن وەک بیتادین و کەرەسەی پاقژی وەک گازستریل و هاوشێوەکانی بە کار دەهێنرێت.)

هەندێ لە دانیشتووانی خۆجێیی ئەم ناوچانە لەوانە پارێزگای هورموزگان لەم باوەڕەدان کە خەتەنە نەریتی پێغەمبەری ئیسلامە و ئەم کارە دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی ژنانی خەتەنەکراو. بە پێی بۆچوونی کۆمەڵێکی دیکە، ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی پاکداوێنی و نامووسی کچان چوونکە ئارەزووی سێکسیان کەم دەکاتەوە و بە پاراستنی پاکیزەییان بەر لە هاوسەرگیری، دەیانکا بە ژنانێکی وەفادار.

نەریتێکی خۆجێی دیکە کە لە چەند ناوچەی دەگمەن ئەنجام دەدرێ ڕێوڕەسمی چل تێغە. باوەڕیان وایە کە ئەم کارە ئارەزووی سێکسی کچان دادەمرکێنێت، بۆنخۆش‌تر و لە ڕووی سێکسییەوە بۆ پیاوان سەرنجڕاکێشتر دەبن. لە باشوور و ڕۆژئاوای ئێران، کاتێک کە بنەماڵەیەک بەرگەی ئازاری

دەرد و ئێشی کچی خۆیان ناگرن، خەتەنەچییە نەریتییەکان بە تێغ، ڕانیان کەمێک دەبڕن. لە عورفدا بەم کارە دەڵێن «تیغی محەمەدیی».[1]

لە هەندێ لە گوندەکانی کرماشان و کوردستان هەندێ لە ئافرەتان لەو باوەڕەدان کە کچان دەبێ بە مەبەستی تەندروستی و ئایینییەوە خەتەنە بکرێن، یان لانیکەم دەبێ لە ئەندامی زا و زێیاندا برینێکی بچووکیان هەبێ بۆ ئەوەی کەمێک خوێنی پیس لە لەشیان بچێتە دەرەوە، بە باوەڕی ئەمان لە ڕووی ئایینییەوە ئەمە کارێکی شیاوە و هەمیش چارەسەرە.[2]

بە پێی توێژینەوەی ڕەزازادە جەلالی هەندێ لە دانیشتووانی بەندەری کۆنگ، کە دەکەوێتە 5 کیلۆمەتری بەندەری لەنگە لە باشووری ئێران، ژنان بە بوونەوەرانێکی نگریس لە قەڵەم دەدرێن کە لە سایەی خەتەنە شەیتان توخنیان ناکەوێت. لێرەدا، کاتێک کچان 40 ڕۆژە یان کەمێک زیاتر بن بە تیغ خەتەنەیان دەکەن. بە پێی ئەم توێژینەوە لەم شارە بەندەرییەدا 70 لە سەدی کچان خەتەنە کراون.[3]

زۆربەی ئەو گرووپانەی کە لە ئێران کچان خەتەنە دەکەن بۆ پاکانەی ئەم کارە دەستەودامێنی باوەڕە ئایینییەکان

---

1. Mohajer, 2010

2. خەڵکی ئەو ناوچانە بەم نەخۆشییە دەڵێن پەژالە و لەو باوەڕەدان کە ئەمە دەبێتە هۆی پێشگری لەم نەخۆشییە.

3. ڕەزازادە جەلالی، 1386

دەبـن. هەنـدێکیان لـەو بـاوەڕەدان کـە خەتەنـەی کچـان لـە سەرەتای ئیسلامدا ئەنجام دەدرا و ژنان و کچانی پێغەمبەر و ئیمامـەکان خەتەنـە کـراون. هەنـدێکی دیکـە پێیـان وایـە خەتەنـەکردنی کچـان ئـەرکێکی ئـایینی و نـەریتی ناوچەییـە و لەبـەر ئـەوەی دایـک و نەنکـەکانیان ئـەم کارەیـان دەکـرد، ئـەوانیش دەبێ وا بکـەن، لـە حاڵێکـدا گومـانی تێـدا نییـە کـە زۆریان لە زیان و دەرهاویشتەکانی خەتەنـەی کچان بـۆ سـەر تەندروستیان ئاگادار نییەن.[1]

خەتەنەی کچان لە ئێراندا بابەتێکی شاراوە و نهێنییە، هـەم بـەر لـە هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی ئێـران لـە پێڕسـتی جیهـانی ئـەو وڵاتانەدا تۆمار بکرێ کە کچان خەتەنە دەکەن و هەمیش لـە دوای ئـەو، وەزارەتخانـە پەیوەندیـدارەکان لـە دەوڵـەتی ئێـران نکۆڵی لە بـوونی دەکـەن یـان دەیشارنەوە.[2] ڕاپـۆرتی سـەرۆکی ئەنجوومەنی زانستی یاریدەدەرانی ئێران دەڵێ کچانی ئێران لە ئێرانـدا کێشـەیەکی ئـەوتۆیان نییـە و ئەمـە پرسـێکە کـە هـی ئەفریقایە و لـە ئێراندا تـەنیا لـە چەنـد گونـد ئـەنجام د ەدرێ کە حەشیمەتیان کەمتر لە 2 هەزار کەسە.

**پێشینە و بواری لێکۆڵینەوە**

سـەرەتای ئـەم تویژینـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی 2005 کـە پـاش چەنـد سـاڵ لـە ئەورووپـا گەڕامـەوە بـۆ زێدەکـەم واتـە

1. هەمان

2. Alawi and Schwarts, 2015

کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی زیاتر سەبارەت بە خەتەنەی کچان زانیاری کۆ بکەمەوە. بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئێران، ماوەی چەند ساڵ هاوکاری هەندێ لە ڕێکخراوە نادەوڵەتییە مرۆڤدۆستەکانم کردووە و لەم ڕێگەوە لەگەڵ پرۆژە و هەنگاوە جۆراوجۆرەکانی یوونیسێف و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لە وڵاتانێکی وەک سومالی، کنیا و سوودان ئاشنا بووم.

بە پێی ئەو بیرەوەرییە ئاڵۆزەی کە سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە بەشگەلێک لە کوردستانی ئێران هەیە، پاش گەڕانەوە بۆ ئێران یەکەمین توێژینەوەی سەرەتاییم لە بنەماڵە و خزم و کەسی خۆمەوە دەست پێ کرد. داتاکان گوزارشت لەوە دەکەن کە خەتەنەی کچان لە ناوچەکانی موکریان نەریتێکی کۆنە و نەنک، دایک و خوشکی خۆشم ئەم دیاردەیان بە سەردا سەپاوە.

بۆ ئەم بابەتە تا دەهات ئیشەکە بەرەو توێژینەوەی مەیدانی ئاراستە دەبوو و لە کاتی پێشڕەوی بۆ ناوچەکانی دەورووبەر و کۆکردنەوەی داتا، فیلم لە هەندێ لێدوان و وێنەی پەیوەندیداریش دەگیرا کە وەک لە پێشەکیدا وتمان نموونەیەکی نوێ لە فیلمێکی دیکۆمێنتاری خراوەتە ڕوو کە یەکەمین و تەنها فیلمێکی دیکۆمێنتارییە کە هەتا ئێستا سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران لە ژێر ناوی «بە ناوی نەریت» چێ کراوە و هەڵگری ڕوانگەی دانیشتووانی خەڵکی گوند و ناوچە کوردنشینەکانی سەر بە شاری مەهاباد

و هەنـدێ گونـد و دێـی دەوروبـەری پارێزگـای کوردسـتان و هەورامانـە - ناوچەیـەک کـە دەکەوێتـە نێـوان کرمانشـان و کوردستان -.




توێژینەوەی مەیدانی لە ناوچەکانی مەهاباد — بۆکان.
وێنە لە کامیل ئەحمەدی

پـاش لێکدانـەوەی داتـا وەدەسـتهاتووەکان لـە فـیلم و توێژینـەوە سـەرەتاییەکانی وێـدەچێ بـواری چڕبوونـەوەی لێکۆڵینـەوە دەبـێ لـە ناوچەیـەکی شـاری و گەورە شـارەوە بگوازرێتـەوە بـۆ ناوچـە گونـدییەکان، چوونکـە بەڵگـە کۆکراوەکـانی ئـەم لێکۆڵینـەوە پێشـەکییە و هـەروەها فیلمـی دیکۆمێنتاری گوزارشتن لـەوەی کـە لـەوە ناچێ لـە ئێستا لـە ناوچـەی شاریدا کچان خەتەنـە بکـرێن. هـەروەها ئـەوەی کـە نـەبوونی سـەرمایە و پـارەی پێویسـت و هەڵبـەت مۆڵـەتی یاسـاییش لـەم بڕیاردانـەدا بێکاریگـەر نـەبوو. گرووپێـک بـۆ

کۆکردنەوەی زانیاری ورد پێک هێنرا و لە دوای چەند ساڵ لە کاتی جۆراوجۆر، لە چەند بەشی جیا جیای وڵات کە پێشتر دەستنیشان کرا بوو، بە شێوەی ڕێندۆم چەند گوند تاوتوێ کران. پاش چەند ساڵ، بە شێوەی گشتگیر و بە هەمان ئامانجی ڕابردوو سەردانی ئەم گوندە دیاریکراوانەمان کرد و وێڕای کۆکردنەوەی داتا، ڕاهێنان و گەڵاڵەی تاقیکاریش بە پلانی لێکۆڵینەوەکە زیادی کرد. (بڕوانە بەشی کۆتایی ئەم بەشە)



گوندی هەورامان، مەریوان پارێزگای کوردستان

وێنە لە کامیل ئەحمەدی

**پانتای جوگرافیایی لێکۆڵینەوە**

بە وتنێکی وردبینانەتر لە ساڵی 1384 هەتا 1394 لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران داتاکان کۆ دەکرانەوە و چالاکی مەیدانی و ڕاهێنان و ئاگادارکردنەوە ئەنجام دەدرا. لە کاتی کۆکردنەوەی داتاکان و تاوتوێکردنی ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەر پارێزگایەک، ئەم گومانە دروست بوو کە ڕەنگە دێهات

و ناوچەکانی دەورووبەریش خەتەنەی کچانی تێدا باو بێ و بەم شێوە ئەم توێژینەوە پەلی هاویشت بۆ باشووری ئێران، واتە بۆ پارێزگای هورموزگان کە لەوێ ڕێژەی خەتەنەی کچان زیاتر لە سێ پارێزگا ئاماژە پێکراوەکان باو بوو. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاخۆ لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش خەتەنەی کچان باوە، لە حاڵەتی جۆراوجۆر بە ئیشی مەیدانی لە پارێزگاکانی دیکەش خەتەنە تاوتوێ کرا، واتە لە پارێزگاکانی ئیلام، لوڕستان، چوار مەحاڵ و بەختیاری، کەهگیلوویە و بوویەر ئەحمەد، خووزستان، بووشێر، سیستان و بەلووچستان، گوڵستان، خوراسانی باکوور، باشوور و ڕەزەوی، گێلان و هەندێ ناوچەی ناوەندی ئێران وەکوو یەزد، سمنان و فارس. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە سەرباری بوونی حەشیمەتی سوننە مەزهەب لەم پارێزگایانە، لای ئەوان دیاردەی خەتەنەی کچانمان بەدی نەکرد. ئەم توێژینەوە هەروەها دەرخەری ئەوەیە کە لە سیستان و بەلووچستانیش کە بەشێکی زۆری حەشیمەتەکەی موسڵمانانی سوننە مەزهەبی حەنەفین، ئاسەوارێک لە خەتەنەی کچان بوونی نییە. هەر بەم شێوە لە ناو کوردانی دوورخراوی خوراسان و تورکەمەنە حەنەفییەکانی گوڵستان. هەروەها لە ناو حەشیمەتی بچووکی تورکە شافیعی مەزهەبەکان لە ئەردەبیل و ئازەربایجانیش هیچ بەڵگەیەک لە سەر بوونی خەتەنەی کچان بەدی نەکرا. سەیر لەوەدایە لە دەڤەرە سوننیی‌نشینەکانی ناوچەی لارستان لە پارێزگای فارس لە

سنووری هورموزگانیش دیاردەی خەتەنەی کچان نەبینرا. دەبێ ئەوەش زیاد بکرێ کە هەندێ ناوچەی سوننەنشین لە پارێزگای هورموزگان هەن، وەکوو بەستەک و زۆر گوندی دیکە، کە خەتەنە کردنی کچان لەوێ کەمە و ئەمە هەڵگری ئەم بابەتەیە کە خەتەنە کردنی کچان لە ناوچە باشووریترەکان و لە دوورگەکانی ئەم پارێزگایەدا باوترە.

لە پارێزگای خووزستان و بووشێر نە لە ناو لوڕە شیعە مەزهەبەکان و نە لە ناو عەرەبە ئەهلی سوننەکان ئاسەوارێک لە خەتەنەی کچان بەدی نەکرا. سەرباری ئەمە، بەشێکی بچووک لە گوندەکانی دەورووبەری پارێزگای هورموزگان بە شێوەی لێکبڵاو کچانیان خەتەنە دەکرد. لە پارێزگاکانی لوڕستان و چوار مەحاڵ و بەختیاریش دیاردەی خەتەنە بەدی نەکرا. خەتەنەی ژنان لە ناو کۆمەڵی ژنانی 50 ساڵە یان زیاتر لە ناو کوردانی شیعەی ئیلام و تەنیا لە سەر ئاستی چەند شاری مێهران لە نزیک پارێزگای کرماشان بینرا. توێژینەوەکەمان دەرخەری ئەوەیە کە لە ئێستادا کچانی کەم تەمەن و منداڵی خەتەنەکراو لەم ناوچەدا بوونیان نییە و وێدەچێ نەریتی خەتەنەکردنی کچان لە ناو بەشی هەرە مەزنی کۆمەڵی کوردە شیعەکان، هەمیش لە ئیلام و هەم لە کرماشان هەڵوەشابێتەوە.

ئەم توێژینەوە لە بنەڕەتدا بە هاوکاری خەریتە، ڕێنیشاندەرانی خۆجێیی، هەڵسووڕاوانی پارێزگایی، زانایانی ئایینی و پەیوەندییە تایبەتییەکان بەرەو پێش چوو. لە هەندێ

حاڵەتدا بە هۆی جادەی خراپ یان ڕەوشی نالەباری کەش و هەوا، لە ڕووی ناچارییەوە ڕێگەمان دەگۆڕی و گوندێکی دیکە دەستنیشان دەکرا. بەو پێیەی ئەم گەڕانە ئەرکێکی بەردەوام و تەواو کات نەبوو و لە هەندێ لە وەرزەکانی ساڵدا ئەنجام دەدرا، کاری کۆکردنەوەی داتا سەرەتاییەکان، ئیشی مەیدانی و ڕاهێنان و ئاگادارکردنەوە ماوەی دە ساڵی (1384 هەتا 1394) خایاند.



کۆکردنەوەی زانیارییە سەرەتاییەکان.
وێنە لە کامیل ئەحمەدی

**ئاراستەی لێکۆڵینەوە**

بێگومان ئەم توێژینەوە ئاراستە، قۆناغ، ڕێکار و شێوازی هەمەچەشنی لە خۆ گرتووە، بۆ وێنە بە پێی هەستیاری و زەمانی تایبەتی هەر شوێنێک باشترین شێواز ئەمە بوو کە بۆ ڕاهێنانی یاریدەدەرەکان نامیلکەی تایبەت بە هەمان شوێن ئامادە و بڵاو بکرێتەوە. لە هەندێ ناوچە وەک هەورامان و پاوە لە پارێزگای کرماشان، پارسیان و قیشم لە هورموزگان، پیرانشار و مەهاباد لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کامێران و

مەریوان لە کوردستان گەڵاڵەی تاقیکاری هەمەجۆر ئەنجام درا. ئەم گەڵاڵانە بریتی بوون لە چاوپێکەوتنی نزیک لەگەڵ سەرپەرشتانی ئەو کۆمەڵگایە و کۆبوونەوەی ئاگادارکردنەوە و وشیاری کە زیاتر بە ئامادە بوونی ژنە گەنجەکان ئەنجام دەدرا؛ لەم دانیشتنانە هەوڵمان دەدا کە بە شێوازی جۆراوجۆر، ئامادەبووان لە مەترسییەکانی خەتەنەی کچان و زیانەکانی ئاگادار بکەینەوە. هەستیارکردنی پیاوان بۆ ئەم بابەتەش بەشێکی دیکەی ئاراستەکانی ئەم توێژینەوە بوو. لە درێژەی لێکۆڵینەوەدا لە مزگەوت، دەرگای ماڵان و هەروەها زۆرێک لە شوێنە گشتییەکان کۆمەڵێ لە پیاوان قسەیان لەگەڵ کرا. لەگەڵ ڕێبەرانی ناوچەکە و هەروەها زانایانی ئایینی (چ ژن و چ پیاو) و هەروەها لەگەڵ شێخی ئەو شوێنە وتوویژ کرا بۆ ئەوەی پشتیوانییان بۆ ڕێگری لە خەتەنەی کچان وەدەست بهێنرێت و هەوڵ بدرێ لەم پێناوەدا فتوایەکی خۆجێیی دەربکرێت. پاش کۆتایی هاتنی ئەم خولانە ، بۆ ساڵی دوایی بە مەبەستی بەراوردکردنی ئاستی سەرکەوتن و کاریگەربوونی گەڵاڵە تاقیکارییەکان دیسان سەردانی ئەو گوندانەمان کردەوە وا پێشتر ڕاهێنان و توێژینەوە لەوێ ئەنجام دراوە.

**شێوازی لێکۆڵینەوە**

لە سەرەتای 1990 لە سەر ئاستی هەموو جیهان لە لایەن مۆدێلی جیای دی. ئێچ. ئێس سەبارەت بە خەتەنەی کچان داتا نێودەوڵەتییەکان کۆ کرانەوە. ئەم مۆدێلە بنکەیەکی

زانیاری زۆر دەوڵەمەندی پێک هێنا کە بە هۆی ئەوەوە دەتوانین هەموو وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی ئەفریقا پێکەوە هەڵبسەنگێنین. بەو پێیەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، یوونیسێف یان ڕێکخراوە نێودەڵەتییەکانی دیکە هێشتا باوبوونی خەتەنەی کچانیان لە ئێراندا بە فەرمی نەناساندووە. بڕیار بوو کە ئەم توێژینەوە یەکەمین توێژینەویەکی گشتگیر بێ لە سەر ئاستی سەرتاسەری وڵات کە قۆڵیان بۆ کۆکردنەوەی داتاکان هەڵبماڵن و مۆدێلێکی هاوشێوەی مۆدێلی دی. ئێچ. ئێس بقۆزنەوە.

شێوازێک کە لەم توێژینەوەدا دەستنیشان کرا، بە گوێرەی تایبەتمەندی بابەتەکە شێوازێکی هاوبەشی بوو. شێوازی هاوبەشی بە شێوەی تایبەت بۆچوونی ژنان و کچان خۆیان واتە کۆمەڵگای ئامانجی ئەم بابەتە تۆمار دەکات، بە جۆرێک لە کۆتاییدا داتاکانی ئەم توێژینەوە ڕەنگدانەوەیەک بێ لە ڕوانگەی ڕاستەقینە و بێ مەبەستی ژنان خۆیان. هەتا ئەو جێی کرا زمانی لێدوانەکان سادە و دۆستانە بوو بۆ ئەوەی ناڕوونی و خراپ تێگەیشتنێک لە نێوان توێژەر و بەردەنگەکەی لە ئارادا نەبێت. وەک پێشتریش وتم ئەم توێژینەوە دە ساڵی خایاند، کەواتە شێوازەکەی ئاراستە و ڕێکاری هەمەجۆری لە خۆ گرتووە.

لەم کارەدا، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پرسیارنامگەلێک بە کار هێنران کە بە پێی ستانداردی جیهانی یوونیسێف بوو. پەیوەندی باش و بەکارهێنانی تۆڕە پەیوەندییەکان ئەم

هەڵـەی ڕەخسـاند کـە ئـەم هـەنگاوە ببێتـە هـۆی ڕاکێشـانی پشتیوانی کەسانی خۆجێیی، هەندێ لە ڕێبەرانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و زۆرێک لە خوێندکارانی زانکۆ.

کەڵکـوەرگرتن لـە کەسـانی خـۆجێیی لـەم توێژینـەوەدا پێویست بوو، ئەوان دەبوایە ڕاهێنانیان ببینیایە و هەروەها ئەو دڵنیاییە هەبوایە کە ئەمانە ڕچاوی پێویستییە ئەخلاقییەکان دەکەن و بـزانن ئـەم زانیارییانـە نهێنـین و لـە هەستیاربوونە تایبەتییەکـەی ئاگـادار بـن.[1] بـە هـۆی شوناسـی بابـەتی لێکۆڵینـەوە، داوامـان لـە بەشـداربووانی ئاگـادار کـرد کـە ئایـا حـەزیان لێیـە سـەبارەت بـەم بابەتـە بـدوێن یـان نـا. بـەر لـە توێژینـەوە ئـەوان لـە شـێوازی بـەکارهێنانی زانیارییـەکان و ئـەوەی کـە ئـەم زانیارییانـە چ کـەڵکێکیان هەیـە، ئاگـادار کرانـەوە. لـە هەنـدێ لـە حاڵەتەکانـدا لێدوانـەکان بـە شـێوەی تەلـەفۆنی ئـەنجام دەدرا و کەسـانی وتـوویژ لەگـەڵ کـراو دەسـتەبەری ئـەوەی پـێ دەدرا کـە پرەنسـیپە ئەخلاقییـەکان ڕچاو دەگیرێت.

بـە گشـتی 4 هـەزار لێـدوان لـە سـەر ئاسـتی پارێزگاکـانی هورموزگـان، ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا، کرماشـان و کوردسـتان

1ـ لەم شێوازەدا، مەبەست لە ئـەخلاق هـەر ئەوەیـە کـە خـاتوو مێـی دەڵـێ: «کۆمەڵـە پرەنسیپی ئەخلاقی کە دەبێ لە کاتی توێژینەوەدا ڕچاو بکـرێن. ئـەم پرەنسـیپانە پێویسـتن، کەواتە جیا لە هەلومـەرجی تایبـەتی توێژینـەوە دەبـێ پێیـان وەفـادار بـین. ئـەم پرەنسـیپانە بەرپرسایەتییەکانی توێژەر لە هەمبەر ئەو خەڵکەی کـە سـەبارەت بـەوان توێژینـەوە ئـەنجام دەدرێ وەبیر دێنێتەوە.» خاتوو مێی لە درێژەدا دەڵێ بەشداربووان دەبێ بە بە مـەیلی خۆیـان بڵێن کە ئایا سەباەرت بە بابەتی توێژینەوە زانست و زانیارییان هەیە یان نا. (May, 2011)


ئەنجام درا. بە واتایەک لە هەر پارێزگایەک هەزار لێدوان لەگەڵ 750 ژن و 250 پیاو ئەنجام درا و بۆ یەکەم جار لە ئێران، لەم توێژینەوەدا بڕیار بوو کە ڕا و بۆچوونی پیاوانیش تۆمار بکرێ بۆ ئەوەی لە خەتەنەکردنی کچاندا ڕۆڵیان لە بەر چاو بگیرێت.

**ئاماری چەندایەتی خەتەنەی کچان**

بە هۆی لێکبڵاوی ئەو کۆمەڵە ئایینی و ئێتنیکییە جۆراوجۆرانەی کە کچان خەتەنە دەکەن، کێشانەوەی خەریتەیەکی ورد لە بڵاویی جوگرافیایی ئەم ناوچانە لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگای ئاماژە پێکراو ئەستەمە. ئەوەی دەکرێ ئەوەیە کە ڕێژەی باوبوونی دیاری بکات و ڕەوتی ڕاستەقینەی دابەزینی پیشان بدات. ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی خەتەنە کردنی کچان زۆر هۆکار لە خۆ دەگرێ کە هەندێکیان بریتین لە ئاشنابوون بە جیهانی مۆدێڕن، نەبوونی خەتەنەچی نوێ کە ببێتە جێگرەوەی خەتەنەچییە خۆجێییەکان، هۆگرنەبوونی نەوەی گەنجتر بە خەتەنە کردن، پەروەردە و ڕاهێنان، کاریگەری ڕاگەیاندنەکان و هەروەها پشتیوانی هەندێ لە زانایانی ئایینی ناوچەکە. لە ماوەی ئەو دەیەی کە ئەم توێژینەوە ئەنجام درا، تا دەهات خەتەنەی کچان ڕووی لە داکشان دەکرد، هەم لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ئێستا ڕۆشناییمان خستە سەری و هەمیش بە هۆی ڕاهێنان و ئاگادارکردنەوەی ناوچەکان لە میانە و لە لایەن

ئـەم توێژینـەوە؛ دەوری ئـەم فاکتـەرەی کۆتـایی بـە سـەردانی دووبـارە بـۆ ئـەو ناوچانـەی کـە پێشـتر ڕۆیشـتبووین و بـە هەڵسەنگاندنی کاریگەری ڕاهێنانەکانی ئەم توێژینەوە بەراورد کرا.


هێڵکاریی ژێرەوە ڕەوتـی ڕوو لـە دابـەزینی خەتەنـە کردنـی کچان لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا پیشان دەدات.




وەک پێشتریش وترا، ڕێژەی خەتەنەکردنی کچان لە سـەر ئاستی جیهان ڕووی لە داتەپینە؛ ئەم پرسە ڕەوتە شاراوەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە. بۆیە پێیان دەڵێین ڕەوتی شاراوە چوونکە دنیا سـەبارەت بـەو پارێزگایانـەی ئێـران وا خەتەنـەی کچـانی تێدا ئەنجام دەدرێ هیچ زانیارییەکی نییە. لە ئێرانیش لـە ناو دانیشتووانی ئەو پارێزگایانەی وا کچانی تێـدا خەتەنـە نـاکرێ، کەم کەس لە ڕوودانی ئـەم کارە لـە ناوەوەی وڵات ئاگادارە. ئـەم هێڵکاریـە پیشـاندەری گـۆڕانی بـە خێراییـەکی کـەم لـە مـاوەی شـەش سـاڵە کـە دەسـتپێکەکەی سـاڵی 2009 لـە پارێزگـای ئازەربایجـانی ڕۆژئاوایـە. لـە درێـژەی سـاڵی 2010،

کاریگەری شەپۆلی گۆڕانکاری لە سەر پارێزگاکانی کوردستان وکرماشـانیش دەسـتی پێکـرد و دەتـوانین دابـەزینی ڕێـژەی ئەنجامدانی ئەم کارە بەدی بکەین. لە پارێزگای هورموزگان، ئـەو شـوێنەی خەتەنـەی کچـان لـەوێ لـە ڕادەبـەدەر بـاوە، تەنانەت هەتا کۆتایی ساڵی 2014 ڕێژەی ئەنجامدانی ئەم کارە لە هەندێ لە گوندەکان پتر لە 60 لە سەد بوو. لە حاڵێکدا هەر لەو قۆناغـەدا ڕێژەی پەرەسـەندنی ئـەم کارە لە هەنـدێ لـە گونـدەکانی ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا 21 لـە سـەد، کرماشـان 18 لـە سـەد و کوردسـتان 16 لـە سـەد بـوو. لـەم هێڵکارییـەی ژێـرەوە بـە ڕاشـکاوی دەردەکـەوێ کـە پرۆسـەی گۆڕانکاری دەستی پێکردووە و ئەو ناوچانەی وا کچان خەتەنە دەکـــەن، کاردانـــەوەیان بـــۆ گۆڕانکارییـــەکان بـــووە و گۆڕانکارییەکانیان قبووڵ کردووە.

**ڕێژەی لە سەدی ژنانی وتوویژ لەگەڵ کراو**




هێڵکاریی پارێزگا هەڵبژێردراوەکان

هورموزگان (کۆی حەشیمەت 1. 5 ملیۆن کەس)

لەم قۆناغەدا بە ڕیز هەر کام لەم چوار پارێزگا تاوتوێ دەکەین.

حەشیمەتی ئەم پارێزگایە هەم ئەهلی شیعە و هەمیش ئەهلی سوننەی مەزهەبی شافیعی لە خۆ دەگرێت داتاکان دەرخەری ئەوەن کە لە زۆربەی گوندەکانی دەورووبەری شاری میناب ڕێژەیەکی زۆری کچان خەتەنە کراون (هەندێ لە بنەماڵە شیعە مەزهەبەکانیش کچەکانیان خەتەنە دەکەن.) لە گوندەکان و هەندێ بەشی سەر بە شارە بچووکەکانی وەک بەندەری پێهێل، بەندەری کۆنگ، لەنگە، گاوبەندی (پارسیان) و خەمیریش ئەم کارەی تێدا باوە. خەتەنەی کچان لە دوورگە بچووکەکانی هورموز، لارک و کیشیش ڕوو دەدا و قیشم کە گەورەترین دوورگەی ئەم پارێزگایەیە. زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان لە ناو دانیشتووان زۆرینە ئەهلی سوننەیە. قیشم هەروەها شوێنی دانیشتنی کۆمەڵانی پەنابەری ئەهلی شیعەیە کە لە میناب و بەندەر عەباس و دیکەی ناوچەکانی ئێرانەوە کە نەریتی خەتەنەی کچان لەوێ باوە یان کەمتر باوە، هاتوونەتە ئەوێ. تەنانەت لە کیشیش کە دوورگەیەکی گەشتیارییە و یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی باشووری ئێران، کەسانی خۆجێیی کچەکانیان خەتەنە دەکەن. توێژینەوەکان دەرخەری ئەوەن کە لەم ناوچانەدا خەتەنەی جۆری یەک باوە. هوما ئەحەدی لە بەرهەمەکەی خۆیدا سەبارەت بە خەتەنەی کچان تیشک دەخاتە سەر بەندەری لەنگە کە لە کۆی ئەو 400 کەسەی

وا وتوویژی لەگەڵ کردوون 87.4 لە سەد خەتەنەی جۆری یەکیان بە سەردا سەپاوە.[1] ناوبراو هەروەها دەڵێ هەندێکیان خەتەنەی جۆری دوویان بە سەردا سەپاوە، بەڵام توێژینەوەی ئێمە ناتوانێ بوونی حاڵەتەکانی جۆری دوو و یان خەتەنەی جۆری سێ لە ئێران پشتڕاست بکاتەوە.


**ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی**

بەو پێیەی خەڵکی خۆجێی لە ناوچەی کەنداوی فارس و دیکەی وڵاتانی دەوروبەری کەنداو خزم و کەسیان زۆرە؛ بێشک ئەم گومانە دروست دەبێ کە خەتەنەی کچان لە وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارسیش ئەنجام دەدرێت. بە گوێرەی دواندنی ئێرانییەکان لە باکووری وڵات (کە یان دووڕەگەزین یان بوونەتە هاووڵاتی ئەو وڵاتەی وا بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە) و هەروەها بە پێی کاری مەیدانی کە لە میانەی سەفەرێکدا کە بۆ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کرا، توێژینەوەکەمان بوونی ئەم کارە لە ناو بنەماڵە موسڵمانەکان پشتڕاست دەکاتەوە. موسڵمانە کۆچبەرەکان لە ئێران، عوممان، یەمەن، بەحرەین و دیکەی وڵاتان هێشتا کچەکانی خۆیان خەتەنە دەکەن. زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەریان خەتەنەچی خۆماڵی خۆیانیان هەیە و زۆرێک لە بنەماڵەکان بەرنامەکانیان وەها ڕێک دەخەن کە کاتێک گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان، لەوێ کچەکانیان خەتەنە بکەن.

1. Ahadi et al., 2009

دەتوانین ئاماژە بە ناوچەگەلێک لە شەهبا، نۆف، گراین لە شارجە و گەرەکەکانی شەریشە و جۆلان لە ڕەئسولخەیمە و ستوە لە دووبەی بکەین کە هێشتا کچەکانی خۆیان خەتەنە دەکەن و خەتەنەچی تایبەت بە خۆشیانیان هەیە. لە نۆف 2 خەتەنەچی، لە جۆلان 1 خەتەنەچی و 2 خەتەنەچی خۆجێی و خەتەنەچییەکی بنەماڵەیی بوونی هەیە.

خشتەی ژێرەوە برەوی خەتەنە لە پارێزگای هورموزگان پیشان دەدا:





خەریتەی سەرەوە برەوی خەتەنەی کچان لە هەندێ لە گوندەکانی هورموزگان پیشان دەدات.

کرماشان (حەشیمەت 1.8 ملیۆن کەس)

حەشیمەتی ئەم پارێزگا کوردنشینە هەم ئەهلی شیعە و هەمیش ئەهلی سوننەی شافیعی مەزهەبیش لە خۆ دەگرێت، بەڵام لە ناویاندا کەمینەکانی یارسان و بەهاییش بەدی دەکرێن. زمانە سەرەکییەکانی پارێزگای کرماشان بریتین لە کوردی (جاف، فەیلی و کەلهوڕی)، هەورامی (هەندێ لە

هەورامییەکان لەو بڕوایەدان کە زمان و ئەتنیکێکی جیایان لە زمان و ئتنیکی کوردی هەیە)، فارسی و لەکی. کرماشان و کوردستان دوو پارێزگای ڕۆژئاوای وڵاتن کە زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان لە خۆ دەگرن. خەتەنەی کچان زیاتر لە ناوچەی هەورامان (ناوچەیەکە کە هەتا ناو سنوورەکانی پارێزگای کوردستان درێژەی هەیە) و هەروەها لە دەڤەری هۆزی جافایەتی (کە هەم ناوی هۆزێکە و هەمیش ناوی زاراوەیە) باوە. گوندەکانی دەورووبەری کامێران، ڕوانسەر، جوانڕۆ، پاوە، نۆدشە، نەوسوود و شاهۆ (مەنسوور ئاقایی) ئەو ناوچانەن وا زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان هەیە و خەتەنە لێرە لە هەر ناوچەیەکی دیکە زیاترە. سەرباری ئەمەش، خەتەنە کردنی کچە عازەبەکان و بەتایبەت منداڵان زۆر کەمترە؛ ئەم حاڵەتە کامێران و پاوەش دەگرێتەوە، بەڵام لە هەموو گوندەکاندا. لە هەندێ لەم ناوچانەی سەرەوە دەبینین کە خەڵک ماوەی چەند دەیەیە کە وازیان لە خەتەنە کردنی کچان هێناوە. بەڵام کەمتربوونەوەی ڕێژەی خەتەنەی منداڵان لەوانەیە لە هەندێ لە ناوچەکان بە هۆی نەریتی خەتەنەی ژنان لە گەورەییدا بێت.





خەریتەی سەرەوە برەوی خەتەنەی کچان  لە هەندێ لە گوندەکانی کرماشان پیشان دەدات.

کوردستان (حەشیمەت 1.3 ملیۆن کەس)

مەزهەبی زۆرینە لە پارێزگای کوردستان مەزهەبی سوننەیە؛ کەمینەیەکی کوردە شیعەکان و هەندێ تورکی ئەهلی شیعەش لە شارەکانی قوروە و بیجارِ دەژین. زمانی سەرەکی لەم پارێزگایە کوردییە کە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر دەگریتە خۆی. زاراوەی سۆرانی، ئەردەڵانی زاراوەی زۆرینەن؛ زاراوە باوەکانی دیکە بریتین لە کەلهوڕی و هەورامی. ڕێژەی خەتەنەی کچان لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای کوردستان لە چاو کرماشان کەمترە. لە دەڤەری مەریوان و بەتایبەت لە گوندی هەورامانی تەخت (بەشی سەرووی هەورامان) ڕێژەی خەتەنەی کچان لە ئاستێکی بەرزدایە. گوندەکانی هەورامان کە پڕدانیشتووترین ناوچەکانی هەورامانن، زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان لە هەر دوو

دەڤـەری هـەورامان کـە لـە نێـوان کرماشـان و کوردسـتاندا دابەش کراوە، بەدی دەکرێت. سەرباری ئەمـەش، لە دیکـەی گوندەکانی وەک کەماڵە، بڵبەر و هەروەها لە هەندێ لـە شارە بچووکـەکانی ناوچـەی سـنە لەوانـە سـەقز بـە گـوێرەی وتـەی دانیشـتوانی خـۆجێیی ئـەوێ ماوەی چەنـد دەیەیـە کە نـەریتی خەتەنـە کردنـی کچـان کـەم بـووەتەوە یـان تەنانـەت هەڵوەشاوەتەوە.




خەریتەی سەرەوە برەوی خەتەنەی کچان لە گوندەکانی پارێزگای کوردستان پیشان دەدات.

ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (حەشیمەت 3 ملیۆن کەس)


حەشیمەتی کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا زیاتر لە بەشـی باشووری ئەم پارێزگایە دەژین، سەرباری ئەوەی کەمینەیەکی کـوردە کرمانجـەکانیش لـە سـەر سـنووری تورکیـا واتـە لـە دەوروبـەری شـنۆ هـەتا ورمـێ، خـۆی و مـاکۆش نیشـتەجێن. توێژینەوەی مەیدانی دەرخـەری ئەوەیـە کە باوبوونی خەتەنە لە ناو ژنانی بەتەمـەن زیـاترە و جێـی خۆشحاڵییە کـە ڕێـژەی خەتەنەی کچۆڵەکان زۆر کەمە و ساڵ لەگەڵ ساڵیش کـەمتر

دەبێتــەوە. ئــەم توێژینــەوە دەریــدەخات کــە لــە هەنــدێ لــە گوندەکانی دەڤەری موکریان ڕێژەی کەمی ئەو کچانەی کە ژوور تەمـــەن 10 ســـاڵن خەتەنـــە کـــراون. یـــەکێک لـــە هۆکارەکانی ئـەم بابەتـە لـە باشووری پارێزگـای ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا، هاتنـە ژوورەوەی نایاسـایی و وەرزی قەرەجەکانـە لـە هــەرێمی کوردســتانەوە بــۆ کوردســتانی ئێــران (دانیشــتووانی خۆجێیی پێیان دەڵێن دۆم یان قەرەچی) ئەم گرووپانە جیا لە فرۆشـتنی شـتومکی دەسـتکردی نـاو مـاڵ، لـە ڕێگـەی خەتەنـە کردنی کچان لەم ناوچانە پارەیـەکی باشیش دەست دەخـەن؛ شـێوازی خەتەنـە کردنیـان ناتەندروسـتانەیە و لەوانەیـە ببێتـە هۆی هەموو جۆرە نەخۆشییەک و تەنانەت کـەم ئەندامی لێ بکەوێتەوە.

پــاش لێکدانــەوەی ڕێــژەی خەتەنــەی کچــان لــە ســەر ســنوورەکانی ئێــران و عێــراق ئــەم توێژینــەوە گەیشــتە ئــەو ئەنجامـەی کـە لـە بەشـی هـەرە زۆری پارێزگـای ئازەربایجـانی ڕۆژئـــاوا، بەتایبـــەت لـــە گونـــدەکانی نزیکـــە ســـنوور، ئـــەو کۆمەڵگایانـــەی وا کچـــان خەتەنـــە دەکـــەن زۆر جـــار بـــۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پشت بەم گرووپە عێراقییانـە دەبەستن. بـە تونـد و تـۆڵکردنی سـنوورەکان لـە لایـەن سـنوورپارێزانی ئێرانـی و هـەروەها بـە هـۆی شـەڕی ناوچـەیی لـە عێـراق و بـە دوایـدا دابـەزینی نرخـی ڕیـاڵ لـە ئاسـت دینـاری عێـراق، لـە مـاوەی ئـەم چەنـد سـاڵەی ڕابـردوودا ئـەم گرووپـانە کـەمتر توانیویانـە بـە شـێوەی نایاسـایی سنوور ببـەزێنن و هـەر لەبـەر

ئەمــەش ڕێــژەی خەتەنــەی کچــان لــەم پارێزگــا تایبەتــەدا دابــەزیوە (پارێزگاکــانی کوردســتان، کرماشــان بــۆ زینــدوو ڕاگرتنی نەریتی خەتەنەی کچان هێشتاش پشت بە بیبی و ژنانی خۆڕاهێنراو دەبەستن.)

پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەروەها شوێنی دانیشتنی هەندێ لە بنەماڵە قەرەجەکانی کوردی ئێرانە کە لە هەندێ ناوچەی مەهاباد و بۆکان دەژین (ئەم گرووپانە لە شوێنە هەژارنشینەکانی شاری سەقز لە پارێزگای کوردستانیش بەدی دەکرێن). ئەم گرووپانە لە هەمبەر پارە یان مادەی خۆراکی کچان خەتەنە دەکەن. وێڕای بەرەو پێشبردنی ئەم توێژینەوە توانیمان هەندێ لەم بنەماڵانە لە مەترسییەکانی خەتەنەی کچان ئاگادار بکەینەوە و هانیان بدەین کە واز لەم کارە بێنن. بەو حاڵەشەوە بە بێ هەڵمەتی دەوڵەت بۆ دابینکردنی ئیش یان سەرچاوەیەکی بەدیلی داهات یان نایاسایی ڕاگەیاندنی خەتەنەی کچان لەوە ناچێ ئەم گرووپانە واز لەم کارە بێنن لەبەر ئەوەی ئەم کارە بۆ ئەوان سەرچاوەی داهاتە.




خەریتەی سەرەوە برەوی خەتەنەی کچان لە گوندە کوردنشینەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پیشان دەدات.



کچان لە دوو مانگانەوە خەتەنە دەکرێن. وێنە لە ش. تەلندە

**بابوونی خەتەنەی کچان بە پێی تەمەن**

خشتەکەی ژێرەوە ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو بە پێی تەمەن لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگا ئاماژە پێکراوەکە پیشان دەدات. بە مەبەستی یەکدەست کردنی ئەنجامەکان، کۆمەڵێ


گوند لە هەر پارێزگایەک بۆ ئەم توێژینەوە دەستنیشان کراون. ئەنجامە دەستکەوتووەکان ڕاشکاوانە ئەوە دەر دەخەن کە ڕێژەی باوبوونی خەتەنە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. خشتەی یەکەم پیشانی دەدا کە ڕێژەی کچانی خەتەنە کراو لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای هورموزگان زیاترە، بە جۆرێک کە لە هەندێ لە گوندەکانی دوورگەکانی قیشم و هورموز ڕێژەکەی دەگاتە 60 لە سەد و ئەم ڕێژە لە گوندەکانی پارسیان لە کەمترین ئاستدایە واتە 31 لە سەد. لە بەشەکانی باکووری ئەم پارێزگایە خەتەنە بوونی نییە.

پارێزگای کرماشان بە ڕێژەی 41 لە سەد لە هەندێ لە گوندەکانی پاوە، لە پلەی دووهەمدایە و لە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ئەم ڕێژە تا ڕادەیەک کەمترە.


شرۆڤەکان پیشاندەری ئەوەن کە ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو لە نێوان تەمەنی 30 بۆ 49 ساڵ زیاتر لە ژنانی خەتەنە کراوی 15 بۆ 29 ساڵە. لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای هورموزگان و دوورگەی قیشم 60 لە سەدی ژنان 29 بۆ 49 ساڵە خەتەنە کراون؛ لە لایەکی تریشەوە، لەوە دەچێ ئەم کارە لە دەڤەری لەکستانی کرماشان نەمابێت. لەوێ هیچ حاڵەتێکی خەتەنە لە ناو کچانی نێوان 15 ساڵ بۆ 29 ساڵ بەدی نەکرا. بەم شێوە ئەنجامە وەدەست هاتووەکان مزگێنی ڕەوتی ڕوو لە دابەزینمان پێ دەدەن، واتە ڕێژەی خەتەنەی کچان لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە ڕووی لە داتەپینە.

بۆ وێنە لە پیرانشار کە دەکەوێتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەم ڕێژە لە ناو نەوەی گەنجدا کەمتر لە 10 لە سەدە. هەر بەم شێوە لە جوانرۆ کە دەکەوێتە پارێزگای کرماشان، دەبینین ئەم ڕێژە لە 41 لە سەدی ژنانی بەتەمەنەوە بۆ 9 لە سەدی کچ و ژنە گەنجەکاندا دابەزینی بە خۆوە بینیوە. لە هەندێ لە گوندەکانی ڕوانسەریش ئەم داتەپینە زۆرە و لە 43 لە سەدەوە بۆ 17 لە سەدە.

ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو لە گرووپەکانی 15 بۆ 29 ساڵ و 30 بۆ 49 ساڵ




ڕێژەی خەتەنەی ژنانی 15 بۆ 29 ساڵ لە چاو ژنانی 30 بۆ 49 ساڵە



خشتەی 2-1 باوبوونی خەتەنەی ژنان بە پێی تەمەن پیشان دەدەن.

**ڕەوتی خەتەنەی کچان لە ناو نەوە جیاوازەکاندا**

پەیوەندی پێچەوانەی نێوان تەمەن و باوبوونی خەتەنەی کچان، دەریدەخات کە ئەو ژنانەی وا خەتەنە کراون، لە خەسارەتەکانی ئەم کارە ئاگادارن. توێژینەوەکان دەرخەری ئەوەن کە بەرەی نوێ بەرەیەکی وشیارترە و بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانی خۆی بیرکردنەوەی خۆی هەیە. بەم پێیە، کاتێک ژن و مێردێک پێکەوە هاوسەرگیری دەکەن وایان پێ باشترە کچەکەیان بەرکەوتووی ئەو زیانانەی نەبێ کە ژنانی بەرەی پێشوو بە سەریان سەپابوو.

لە ڕێگەی پرسیار و شرۆڤەی جیاجیا، داتاگەلێک بۆ هەژماردنی ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو بە پێی تەمەن کۆ کراوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ڕا و بۆچوونی دایکەکان لە درێژەی زەمەن بۆ خەتەنەی کچان شی بکرێتەوە. ئەنجامەکانی توێژینەوە دەرخەری گۆڕانکارییەکی مەزن بوون بۆ کۆتاییهێنان بە خەتەنەی کچان.




ژنان لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کەمتر خەتەنە دەکرێن.
وێنە لە کامیل ئەحمەدی

خشتەی 2.2 ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو لە نێوان 15 بۆ 29 ساڵ پیشان دەدا کە لانیکەم کچێکی تێدا خەتەنە کراوە. جیاوازی نێوان ڕێژەی خەتەنەی نێوان مەودای تەمەنی 15 بۆ 29 ساڵ و 30 بۆ 49 ساڵ لە پارێزگای کرماشان زۆر بەرچاوە. بە جۆرێک کە لە جوانرۆ و ڕوانسەر ئەم کارە بۆ پتر لە 90 لە سەد دابەزیوە و لە پاوە بۆ نزیکەی 50 لە سەد. وەک پێشتریش وترا، لە لەکستان هیچ حاڵەتێکی خەتەنەی کچان لە مەودای تەمەنی 25 بۆ 29 ساڵ بەدی نەکرا و هەر بەم شێوە لە سەرپێڵ زەهاویش. لە پارێزگای هورموزگان داتاکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئەم کارە بۆ 50 لە سەد دابەزینی بە خۆوە بینیوە. لە ئازەربایجانی ڕۆژئاواش جیاوازی نێوان کچانی خەتەنە کراو لە نەوە جیاوازەکاندا 90 لە سەدە. لە کوردستانیش هاوشێوەی هورموزگان، لە هەندێ لە


دەڤەرەکاندا ئەم کارە بۆ زیاتر لە 90 لە سەد کەم بووەتەوە.

بەراوردی دایکانی بە لانیکەم کچێکی خەتەنە کراو لە نێوان گرووپەکانی 15 بۆ 29 ساڵ و 30 بۆ 49 ساڵ.




شایەنی ئاماژە پێدانە کە داتاکانی ژێرەوە هەندێ لەو دایکانە پیشان دەدا کە دەیانتوانی کچەکانی خۆیان خەتەنە بکەن بەڵام ئەم کارەیان نەکرد. زۆرێک لە دایکانیش وتوویانە کچەکانیان جارێ زۆر منداڵن و کاتی خۆی خەتەنەیان دەکەن.

بەراوردی دایکانی بە لانیکەم کچێکی خەتەنە کراو 15 بۆ 29 ساڵ و دایکانی تەمەنی 30 بۆ 49 ساڵ




خشتەی 2-2 ڕێژەی ئەو دایکانەی وا لانیکەم کچێکی خەتەنە کراویان هەیە

**کاریگەری هۆکاری خوێندن**


بە پێی پێوەر و ڕێکارەکانی DHS و MICS، کۆمەڵێ داتا سەبارەت بە ئاستی خوێندنی دایکان کۆ کراوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان خوێندنیان و ڕێژەی خەتەنەکردنی کچەکانیان لێک بدرێتەوە.

خشتەکە گوزارشتە لەوەی کە بوونی دایکێکی خوێندکار کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر ئەم بڕیارە هەیە کە کچەکەی خەتەنە بکرێ یان نا. بە پێی دەرەنجامەکان خوێندکاربوونی ئافرەت یەکێکە لەو فاکتەرە گرینگانەی کە لە سەر بڕیاردانی خەتەنە کردنی کچەکەی کاریگەری دادەنێت. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ژنانی خاوەن ئاستی باڵای خوێندن پێیان باشە کچەکانی خۆیان نەکەنە قوربانی ئەم کارە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان هەرچی ئاستی خوێندنی دایک کەمتر بێت، ئەگەری ئەوەی کە کوێرانە ملکەچی نەریت بێ


زیاترە و ئەم کارە بە بەهایەکی کۆمەڵایەتی یان ئەرکێکی ئاینی لە قەڵەم بدات. بەڵام لە ناو هەندێ لەو ئافرەتانەشی وا خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵان هەندێ جار دەبینرا یەکێک لە کچەکانی خۆیانیان خەتەنە کردووە، ئەگەرچی ڕێژەی ئەم حاڵەتە لە هەندێ لەم چوار پارێزگایە زۆر کەم بوو و لە هەندێکیاندا هیچ حاڵەتێکی وا بەدی نەکرا. داتا کۆکراوەکانی ناوچە کوردنشینەکان ئەوە دەردەخەن کە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن ئەم ڕەوتە ڕووی لە دابەزین کردووە.

هەروەها ئەنجامەکان ئەوە دەخەنە ڕوو ئەو ژنانەی وا بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەیە و لە ڕووی تەمەنەوە بەتوانان، بە گشتی ئەگەری زۆر کەمە کە پشتیوانی لە خەتەنە کردنی کچەکانیان بکەن. لە ناو کەسانی وتوویژ لەگەڵ کراو کەمتر لە 20 لە سەد هۆگری ئەم کارە بوون. بەو حاڵەشەوە بۆ ئەوەی وەها ڕوانگەگەلێک لە کردەوەدا ببنە سەرچاوەی کاریگەری، ژنانیش دەبێ بەتواناتر بن.

بەراوردی دایکانی خوێندەوار و نەخوێندەوار کە لانیکەم کچێکی خەتەنەکراویان هەیە




بەراوردی خەتەنەی کچانی دایکانی خوێندەوار و دایکانی نەخوێندەوار





خشتەی 2-3 ڕێژەی دایکانی خوێندەوار و نەخوێندەوار کە لانیکەم کچێکی خەتەنەکراویان هەیە

**کاریگەری ئایین**

بـە ئەنجامـدانی لێکۆڵینـەوەکانی ڕابـردوو و ئـەم توێژینـەوە دەردەکـەوێ کـە خەتەنـەی کچـان نەریتێکـە کـە زۆربـەی کەمینـەکانی سـوننە مەزهـەبی دانیشـتووی ئێـران ئـەنجامی دەدەن. سـەرەڕای ئـەوەی هـەموو جیهـان خەتەنـە بـە کردەوەیـەکی ئیسـلامی لـە قەڵـەم دەدەن، بـەڵام تەنانـەت لـە ئـاایینی ئیسلامیشـدا سـەبارەت بـە خەتەنـەی کچـان، ڕا و بۆچوونی بەناوبانگ هەیە. بە بۆچوونی شیعەکان کە زۆرینـەی خەڵکی ئێران پێک دێنن و مەزهەبی فەرمی وڵاتیش شیعەیە، ئەم کارە هی ئەهلی سوننەیە و ئەوان ئـەم کارە بە ئەرکێکی ئـاایینی خۆیـان دانـانێن. هـەر بۆیـە ئاسـتی ڕێـژەی خەتەنـەی کچان لە ناو حەشیمەتی شیعەکاندا زۆر نزمە. دەرەنجامـەکانی ئەم توێژینەوە سەبارەت بە بـوونی ئـەم نەریتـە لـە نـاو ئـەهلی شـیعەدا پیشـاندەری ئەوەیـە کـە شیعەکانی کوردسـتان کچـان خەتەنـە ناکـەن و لـە ئازەربایجـانی ڕۆژئـاواش لـە گونـدەکانی سائین قەڵا، تەنیا 2 لە سەدی شیعەکان ئەم کارە دەکەن. لـە گوندەکانی لەکستان و سەرپێڵ زەهاویش ڕێـژەی ئەنجامـدانی ئەم کارە لە ناو شیعەکاندا بە ڕیز 4 لـە سـەد و 5 لـە سـەدە. لـە پارێزگـای هورموزگـانیش لـە گونـدە هەڵبژێردراوەکانـدا، حاڵەتی دەگمەن لـە خەتەنـەی کچان لـە نـاو شیعەکان تۆمـار کـراوە کـە دەریـدەخات سـەرەڕای کـەم بـوونی بـەڵام لـە نـاو شـیعەکانی پارێزگـای هورموزگـان خەتەنـەی کچـان بـەدی

دەکرێت.




خشتەی 2-4 ڕێژەی خەتەنەی ژنان بە گوێرەی ئایین و ئایینزاکان

**کاریگەری دۆخی ئابووری بنەماڵە**

لە ئێراندا هەژاری پەیوەندییەکی چڕ و پڕی لەگەڵ خەتەنە کردنی کچان هەیە. بە مەبەستی پێواندنی کاریگەری دۆخی ماڵی، پرسیارنامەی DHS و MICS بە کار هێنراوە بۆ ئەوەی زانیاری پەیوەندیدار بە دارایی و سامانی بنەماڵەش لە پاڵ تایبەتمەندی شوێنی نیشتەجێبوون، وەکوو ڕەوشی ئاو و ئاوەڕۆ و بوونی ئاوی پاکژی خواردنەوە کۆ بکرێتەوە.


بۆ هەر داراییەک خاڵێک ڕچاو دەکرێت و ئەندامان بە پێی کۆی خاڵەکانی ئەو بنەماڵانەی وا تێیدا دەژین پۆلێنبەندی دەکرێن.

وەک لە خشتەکەدا دەبینرێ، ڕێژەی خەتەنەی کچان لە ناو ئەو ژنانەی سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندن، بە گشتی کەم دەبێتەوە. بەڵام لە نێوان دۆخی ئابووری بنەماڵە و خەتەنەی کچان هەمیشە پەیوەندییەکە یەکسان نییە.

باوبوونی خەتەنە لە ناو ژنانی دەوڵەمەندی ئەم چوار پارێزگایە، کەمتر لە 15 لە سەد بوو.

ئەنجامەکان دەریانخستووە کە لەم چوار پارێزگا لێکدراوەدا، باوبوونی خەتەنەی کچان لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکاندا یەکسانە. تەنیا لە گوندەکانی مەریوان لە پارێزگای کوردستان و گوندەکانی پاوە لە پارێزگای کرماشان ئەم ڕێژە لە ناو بنەماڵە دەڵەومەندەکاندا زۆرە و بە ڕیز 23 لە سەد و 19 لە سەدە. لە حاڵێکدا کە لە دیکەی ناوچەکان ئەم ڕێژە کەمتر لە 15 لە سەد بوو. دۆخی ئابووری باش، ئاسانکاری بۆ دەستپێڕاگەیشتنی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بە نیعمەتەکانی ژیان، خوێندەواری، پێگە و دۆخی زانست باشتر دەکات و هەر لەبەر ئەمەش زەینییەتیان سەبارەت بە ژیان جیاوازە. سەرەڕای ئەمە لە ناو ئەو بنەماڵانەی وا دەوڵەمەندن هەن کەسانێک کە هێشتا پێداگری لە سەر خەتەنە کردنی کچان دەنوێنن.

بەراوردی ئەو بنەماڵە هەژار و دەوڵەمەندانەی وا لانیکەم کچێکی خەتەنەکراویان هەیە




خشتەی 2-5: ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو بە پێی باری ئابووی

**ڕۆڵی ڕوانگەی پیاوان و ئافرەتان بۆ خەتەنەی کچان**


گرینگە کە تێبگەین کە چۆن ڕوانگەی پیاوان و ئافرەتان کاریگەری لە سەر بەردەوامبوونی خەتەنەی کچان دادەنێت و دیاری بکەین کە کێ لە بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەوری سەرەکی دەبینێ. ئەم لێکۆڵینەوە بە کەڵک وەرگرتن لە پرسیارنامە ڕەگەزتەوەرەکان هەوڵی دۆزینەوەی ئەم وڵامانەی دا.

داتاکان پیشاندەری ئەوەن کە کەسی دیاریکەر بۆ دەرکردنی بڕیاری خەتەنە کردنی کچان، ژنانن؛ زیاتر دایک یان نەنکی ئەو کچە و لە هەندێ حاڵەتی دیکەشدا ژنانی خزم و کەس. بۆچوونی پیاوانیش کاریگەرە، بەڵام زاڵ نییە.


ژمارەکان دەرخەری ئەوەن کە ڕێژەی پشتیوانی ژنان لە خەتەنەی کچان، لە هورموزگان و دوورگەکانی قیشم، هورموز و لارک لەو پەڕی ڕێژەی خۆی واتە 44 لە سەددایە. لە حاڵێکدا ئەم ژمارە لای پیاوان 33 لە سەدە. لە پاوە و جوانڕۆی کرماشان پشتیوانی لە خەتەنەی کچان کەمترە و ڕێژەکەی لە ناو ژنانی 21 لە سەد و لە ناو پیاوان کەمتر لە 10 لە سەدە.

ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەیە کە سەرەڕای شوناسی پیاوسالارانەی کۆمەڵگا، پیاوان کەمتر لە ژنان کەڵکەڵەی خەتەنەی کچانیان هەیە. سەرباری ئەمەش، ژنان لە ژێر زەختی نەبینراوی پیاوسالاریدان و ناچارن درێژە بەم نەریتە بدەن.

بەراوردی پیاوان و ژنانی لایەنگری خەتەنە




بەراوردی پیاوانی لایەنگری درێژەدان بە خەتەنە ژنانی لایەنگری درێژەدان بە خەتەنە




خشتەی 2-6: ڕێژەی لایەنگری کردن لە خەتەنەی کچان لە ناو ژنان و پیاوان

**کاریگەری جۆری خەتەنەچی**

یەکێکی دیکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە درێژەپێدەری خەتەنەی کچانە، داهاتی ئەو خەتەنەچیانەیە کە لەم کۆمەڵگایانەدا بوونیان هەیە و لە هەمبەر ئەم ئیشە حەقدەستێ وەردەگرن، ئەم پارە تاکە سەرچاوەی داهاتی ژیانیانە. هەندێ لەم خەتەنەچیانە بە بێ حەقدەست و لە بەر خێر و باوەڕە ئایینییەکان ئەم کارە دەکەن. لە ئێران سێ تاقم کچان خەتەنە دەکەن: قەرەجەکان، بیبییەکان (ماماکان) و ئەندامانی بنەماڵە واتە ژنە بەتەمەنەکانی خێزان.




ژنی مینابی لە قیشم، وێنە لە ش. تەلندە


جۆری خەتەنە کردنی کچان لە پارێزگایەکەوە بۆ

پارێزگایەکی دیکە جیاوازە. لە هورموزگان خەتەنەچییە خۆماڵییەکان لەوانە بێبییەکان ئەم کارە ئەنجام دەدەن و لە هەندێ ناوچە یان بە پێی هەلومەرجەکان، ئەندامانی بنەماڵەش لەوانەیە لەم کارەدا بەشداری بنوێنن. لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا خەتەنەچییەکان زیاتر ئەو قەرەجانەن کە بە شێوەی نایاسایی لە هەرێمی کوردستانەوە دێنە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوەوە و هەر لەوێش دەمێننەوە. بەڵام بە هۆی نەبوونی پاسپۆرت یان ڤیزای هەمیشەیی، هەمووکات لە مەعموورەکانی سەر سنووری ئێران دەترسن. ئەم گرووپانە بە هۆی خەتەنەی کچانەوە داهاتێکی باشیان هەیە. ئەمانە زۆر جار ڕێنماییە تەندروستییەکان ڕچاو ناکەن و شێوازی کارەکەیان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەموو جۆرە نەخۆشییەک. شان بە شانی گرووپە قەرەجەکان، بە شێوەی لێکبڵاو خەتەنەچییە خۆماڵییەکان و ئەندامانی بنەماڵەش ئەم کارە دەکەن. لە گوندەکانی کرماشان و کوردستان زیاتر خەتەنەچییە خۆماڵییەکان ئەم کارە دەکەن؛ ئەوە لەگەڵ ئەوەدایە کە لە هەندێ لە گوندەکاندا قەرەج و بێبییەکانیش بەم کارە خەریکن. لەم ناوچانەدا خەتەنە بە کەرەستەگەلێ وەک تیغ، دەرزی یان چەقۆ و بە بێ بێهۆش کردن و بێهەست کردن ئەنجام دەدرێت و هیچ چەشن و شێوازێک لە خەتەنەی پزیشکی و تەندروستی بوونی نییە.

ژنانی لایەنگری بەردەوام بوونی خەتەنەی 15 بۆ 29 ساڵە و 30 بۆ 49 ساڵە




بەراوردی ڕێژەی ژنانی 15 بۆ 29 ساڵی لایەنگری خەتەنەی ژنان و ژنانی 30 بۆ 49 ساڵی لایەنگری خەتەنە





خشتەی 2-7: ڕێژەی خەتەنە بە پێی خەتەنەچی


**ئافرەتانی خوێندەواری لایەنگری خەتەنەی کچان**

خوێندەواری لە دروستکردنی بیر و ڕای تاکەکان و شێوازی تێڕامانیاندا دەورێکی گرینگی هەیە. بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە کە ئایا ڕێژەی جیاوازی ئاستی خوێندن، کاریگەری لە سەر ئاستی پشتیوانی لە سەر خەتەنەی کچان هەیە یان نا، لە سەر ئاستی ئەم چوار پارێزگایە لێکۆڵینەوەیەک بەڕێوە چووە. دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ژنانی خاوەن بڕوانامەی ئاستی باڵای خوێندن، کەمتر پشتگیری لەم کارە دەکەن. لە پارێزگای هورموزگان ڕێژەی ژنانی خوێندکاری پشتیوانی خەتەنە کردنی کچان کەمێک هەڵدەکشێت و دەگاتە 11 لە سەد بۆ 19 لە سەد. لە حاڵێکدا ئەم ڕێژە لە هەر دوو پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا وکرماشان زۆر کەمە و لە گوندەکانی جوانرۆ، ڕوانسەر و پاوە بە ڕیز 6 لە سەد و 7 لە سەد و 18 لە سەدە. لە پارێزگای کوردستانیش دۆخەکە تا ڕادەیەک هەر بەم شێوەیە و ڕێژەیەکی کەمی ژنانی خوێندکار پشتگیری لە بەردەوام بوونی خەتەنەی کچان دەکەن و دیکەی ژنانی خوێندکار دژی ئەم کارەن. کەواتە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندن کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوت، تێڕامان و بیر و باوەڕ دادەنێت، هۆکارەکانی دیکەش لەم گۆڕانکارییەدا بەشدارن.

ڕێژەی ژنانی لایەنگری خەتەنە بە گوێرەی خوێندەواری




بەراوردی ژنانی خوێندەواری لایەنگری بەردەوامی خەتەنە لەگەڵ ژنانی نەخوێندەواری لایەنگری بەردەوامی خەتەنە




خشتەی 2-8 نرخی ژنانی خوێندەواری لایەنگری خەتەنەی کچان

**کورتەی دەرەنجامەکان**

بەشی هەرەسەرەکی ئەم توێژینەوە لە کۆتایی ساڵی 2014 ڕاگیرا. سەرەڕای هەموو کێشەکان، بە پێچەوانەی دەیەیەک

توێژینەوە سەبارەت بە بابەتی خەتەنەی کچان لە ئێران دەستکەوتی زۆری لێ کەوتەوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێران بە هزاران کیلۆمەتر سەفەرمان کردووە. چووینەتە سەدان گوند و لادێ و پتر لە 4 هەزار ژن و هەندێ لە پیاوانمان لە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دواندووە. سەرەڕای ئەوەی ئەم توێژینەوانە هێشتا بە تەواوەتی هەڵنەسەنگێندراون، ئەنجامە سەرەتاییەکان پیشانمان دەدەن کە خەتەنەی کچان لە ناو ژنان و کچانی سەر ئاستی هەر چوار پارێزگای باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوا و باشووری ئێران باوە. سەرباری ئەمەش هەر لەم پارێزگایانەدا خەتەنە کردنی کچان لە بەشەکانی باکووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە دانیشتووانی کوردە کرمانجەکانن و هەروەها لە بەشەکانی باشووری کرماشان و بەشەکانی باکووری هورموزگان خەتەنە بوونی نییە.



ژنانی خەتەنە نەکراو لە بووشێر.
وێنە لە کامیل ئەحمەدی

بە پێی ئەم دەرەنجامانە دەتوانین ئەم چوار پارێزگایە بە پێی ڕێژەی خەتەنەی کچان لە زۆرەوە بۆ کەم بەم شێوە پێڕست بەندی بکەین: یەکەم، پارێزگای هورموزگان کە زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان (لە هەندێ لە گوندەکانی دوورگەکان هەتا 60 لە سەد) دەگرێتە خۆی؛ دووهەم، هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای کوردستان (هەتا 42 لە سەد)؛ سێیەم، پارێزگای کرماشان کە ڕێژەی خەتەنەی کچان لە هەندێ لە گوندەکانی نزیکەی 41 لە سەدە؛ و لە کۆتاییدا، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە لە ناو هەندێ لە گوندەکاندا ئەم ڕێژە 27 لە سەدە و کەمترین ڕێژە لە خۆ دەگرێت.

بە گشتی دەرکەوت کە ڕێژەی خەتەنە کردنی کچان لە نەوە گەنجترەکاندا کەمترە. بە پێی ئەنجامەکان ناتوانین هەر وا قەزاوەتی ئەوە بکەین کە ئایا خەتەنە کردنی کچان بەو پەڕی خێراییەوە ڕووی لە دابەزینە یان نا، ئەگەرچی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووی ئەم توێژینەوە ساڵ لە دوای ساڵ دابەزینی ڕێژەی ئەم کارەمان بینیوە.

چەند فاکتەری گرینگ هۆکاری ئەم دابەزینەن بۆ وێنە ئاشنابوون بە دنیای مۆدێرن، دەستپێڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی فێرکاری و خوێندکاری؛ هۆگرنەبوون بە ئایین لە لایەن گەنجەکانەوە؛ دەستڕاگەیشتنی زیاتر بە جۆرەکانی ڕاگەیاندنی نوێ، جارجار بە هۆی تەکنەلۆژیای نوێ؛ کاریگەری کۆچ کردن لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان. شایەنی باسە

ڕێژەیـــەکی زۆر لـــە گوندنشـــینان لـــە شـــارەکانی نزیـــک گوندەکەیان خۆیان ماڵی دووهەمیان هەیە. دەبێ ئەوەش زیاد بکرێ کە بێبییە بەتەمەنەکان چیتر ناتوانن بە نیازی خەتەنە کردنی کچان سەفەری دەڤەرەکانی دەوروبەر بکەن، هەروەها نەوەی نوێش نەبوونەتە جێگرەوەیان.

لـە ئەنجامـدانی ئـەم توێژینـەوەدا تـەکنیکی توێژینـەوەی هەمـەجۆر بـە کـار هێنـراوە. لـە لێدوانەکانـدا هـەم سـوود لـە پرسـیاری کـراوە بینـراوە و هـەمیش لـە پرسـیاری داخـراو. داتاکـانیش بـە هـۆی ئاوێتەیـەک لـە شـێوازە چەنـدیی و چۆنییەکان وەدەست هاتوون، چوونکە هـەر کام لـەم شێوازانە تـەنیا نـاتوانن وێنەیـەکی ورد لـە بارودۆخـە ڕاسـتەقینەکان ئاراستە بکـەن. تەنانـەت ئـەو کاتـەی وا هـەوڵ درا بـە نیازی باشـتربوون کاریگـەریی فاکتـەرێکی سـادە بـەراورد بکـرێ، دەرکەوت کە ئەم کارە کۆمـەڵێ ڕەوتـی ئاڵۆز لە خۆ دەگرێ کـە بـە شـێوازێکی ئاسـایی شـیاوی ئەنـدازەگرتن نییـە. شـێوازە ئاوێتەییـەکان لـە ڕێگـەی ئاوێتـە کردنـی داتـای ئاشـکرا و شـاراوەی وەدەسـتهاتوو لـە شـێوازی چۆنایـەتی و هـەروەها زانیـاری ئامـاری وەدەسـتهاتوو لـە شـێوازە چەندایەتییـەکان شرۆڤەیەکی گشتگیر لە مەسەلەکە دەخاتە ڕوو.[1]

بـۆ وێنـە خشـتەی 2-6 ئـەوە پیشـان دەدا کـە ڕێژەیـەکی زۆری ژنـان کـە پشـتیوانی و لایـەنگری لـە خەتەنـەی کچـان دەکەن لە چاو پیاوانی پشتیوانی خەتەنە ڕۆڵێکی کاریگـەرتر و


1. Bamberger, 2000

تۆختریـــان هەیــە. وڵامـــی ژنـــان بـــۆ پرســـیاری ســـەرەکی توێژینەوەکـە گوزارشـتە لـەوەی بـە بۆچـوونی ئـەوان پـاکیزەیی کچەکـەیان بـۆ دابینکردنـی ئاسایشـی داهـاتوو گرینگایەتییـەکی زۆری هەیـە و پێگەوجـێگەی هاوسـەریەتی پـێ دەبەخشـێت. ئەگــەر ئافرەتــان نــەتوانن پــەردەی کچێتیــان (پاکیزەییــان) بپارێزن، ئەوە ئابڕووی بنەماڵەکەیان دەچێت. ئەمە وا دەکات کە ئەوان بە هەر چەشنێک بێ باری قورسی پاراستنی وەج و ئابڕووی بنەماڵە لە کۆڵ بنن و بە مەبەستی وەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ژنان لە ناو بنەماڵەدا درێژە بە نەریتی خەتەنە کردن دەدەن.

**دەستێوەردانە تاقیکارییەکان**

پاش ئەوەی داتا سەرەتاییەکان کۆ کرانـەوە، لـە ساڵی 1389 چەنـدین پـرۆژەی تاقیکاریمـان دەسـت پێکـرد. ئامـانج لـەم پرۆژانە ئەوە بوو کە بـە نیـازی دابەزانـدنی ڕێـژەی خەتەنـەی کچان لە هەندێ لـە بەشـەکانی ئێـران بـە گـوێرەی پێویستییە خۆجێییەکان وێڕای کەم و زۆرکردن شێوازی هەمـەجۆر تـاقی بکەینەوە. بۆ وێنە لە ناوچە فارس زمانـەکانی باشووری ئێران و ناوچـە کـورد زمانـەکانی ڕۆژئـاوای ئێـران، ئـەم بەرنامـە لـە سەر ئەم گریمانەیە بوو کە بە دەستێوەردانی ئاگادارکـەرەوە و بێدەنگ و هەرای پێناسە کراو و دیاریکراو دەتوانین دیاردەی خەتەنـە لـە لایـەن ئـەو ناوچانـەوە بنـەبڕ بکـەین. بـە واتایـەک، ئێمە لـەو بڕوایـەدا بـووین کـە بـە بـاس و وتـووێژێکی ڕازیکـەر

لەگـەڵ خـەڵکی ئـەو ناوچـە و دەستڕۆیشـتووان و بکـەرانی خەتەنـە دەکرێ بـوار و بەستێنی خەتەنـە کردنـی کچـان لـەو ناوچانەدا کۆ بکرێتەوە و بە ڕازیکردن و هاوکاری دانیشتووانی ئەو شوێنە بەم ئامانجە بگەین. ئەم ئاراستە کە لـە کەلتـوور و نـەریتی خۆجێییـدا بـوونی هەیـە، ئاراسـتەیەکی گشـتبینە، لـە سـۆنگەی هەسـتیار، هاوبەشـە و لـە سـەر بنـەمای مافـەکانی مرۆڤ بناغەی داکوتاوە.



زیارەتگەی پیری شالیار – هەورامان. وێنە لە کامیل ئەحمەدی

ئەم شێوە دەستێوەردانە بۆ سەر دوو پۆل دابەش دەکرا: پۆلی یەکەم دەڕوانێتە سەر کۆمەڵگای هۆکاری خەتەنەی کچان و بە واتایەک ئیشی دەستێوەردەرانەمان داڕشت کە بەتایبەتی هەڵوەدای ڕێگەگەلێک بێ بۆ ڕێگری لە خەتەنەی کچان. بێگومان وەها ئاراستەیەک دەبا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ببوایە، چوونکە خەتەنەی کچان نەریتێکە کە تێهەڵکێشی ڕۆح و گیانی خەڵکی ئەو ناوچە بووە و هەر چەشنە دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆ بە مەبەستی نەهێشتنی لەوانە بوو کۆی پلانی توێژینەوەکەمان هەڵبووەشێنێتەوە. پۆلی دووی ئەم دەستێوەردانانە لە سەر پەیوەندی ساز کردن لەگەڵ زانایانی ئاینی، کوێخاکانی گوند، بیبی و کەسانی کاریگەری خۆجێیی و ناوچەیی وەک نووسەران، شاعیران یان گۆرانیبێژانی خۆشەویستی ئەو ناوچە بە مەبەستی وەدەستهێنانی پشتیوانیان. ئەم کارە بریتیی بوو لە هاندانی خەڵکی خۆجێیی بۆ ئیشی بەکۆمەڵ بۆ ڕێگری لە خەتەنە کردنی کچان.

لەو ڕووەی کە ئەم پرۆژانە تاقیکاری بوون، سەرچاوەی کەم بوو و بە پێی ڕەهەندەکانی ئەم پرۆژە، یاریدەدەرە توێژینەوەییە ڕاهێنراوەکان بوون بە بەرپرسی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە. پێویست بوو ئەم یاریدەدەرانە خۆیان کەسانی خۆجێیی و هی ئەو کۆمەڵگایە بن کە بڕیارە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجام بدرێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی باشترین حاڵەتی هاوکاری و متمانە لە نێوان هەر دوو لا ساز ببێت. لە ڕاستیدا ئەم یاریدەدەرانە ڕاهێنرا بوون بۆ

ئەوەی بە شێوەی سەربەست و بەو پەڕی تواناوە لە ناوچە دیاریکراوەکاندا ئیشی مەیدانی بکەن و بەم پێیە زانیاری چڕوپڕتر کۆ بکەنەوە. لە سەرەتای کارەکەدا ئەوان ناوچەکانی پەیوەندیدار بە خۆیانیان ناساند و ڕاستەوخۆ بە ئامادە بوون لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئاهەنگی هاوسەرگیری، دانیشتنی فێرکاری قورئان و قورئانخوێنی، پرسە و سەرەخۆشی و هتد لە سەر ئەم بوارە دەکۆڵینەوە و ئەم هەلانەیان کرد بە بەستێنێک بۆ توێژینەوە. شێوازەکانیان زیاتر بریتی بوو لە بەرکەوتن لە نزیکەوە و هەندێ جار لێدوانی تەلەفۆنی. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکارە دەستگەیشتنی باشتر بە خەڵک بوو. ئەم شێوازە بووە هۆی ئەوەی ئەم توێژینەوە ڕێژەی باوبوونی خەتەنەی کچان ئاشکرا بکات و ڕەوتەکەی لێک بداتەوە. تا دەهات چەقی سرنجی ئیشەکە لە دابینکردنی چاودێری پزیشکی و دەروونییەوە دەگوازراوە بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک لە پرس و کێشەکانی خەتەنەی کچان و بۆ وێنە بەشێکی کار تەرخان دەکرا بە پەیوەندی سازکردن لەگەڵ سەرپەرشتان و ڕێبەرانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و وەدەستهێنانی پشتیوانیان.

ئەگەرچی بە هۆی ئەو سنووردارییەتیانەی ئاماژەمان پێکرد هەڵسەنگاندنی تێر و تەسەل و وردی ئاسەواری دەستێوەردانە تاقیکارییەکان نەڕەخسا، بەڵام بە شێوەی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم دەستێوەردانانە سوودبەخش بوون و دەتوانێ بۆ ئیشی داهاتوو وانەبەخش و کلیل بێت.

# بەشی سێیەم

لەم سەردەمەدا، بۆ کۆتایی هێنان بە دیاردەی خەتەنە کردنی کچان ڕێگەیەکی دوور و درێژمان بڕیوە؛ ئەم کارە گرینگە بەرهەمی خەبات و هەڵمەتێکی زۆر بووە کە لەم سەدەدا ئەنجام دراوە. سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە، هێشتا بۆ کۆتایی هێنان بەم دیاردە زۆر ڕێگەمان لەبەرە. لەم بەشەدا سەرەتا لە بەستێنێکی مێژوویيدا خەبات لە دژی خەتەنە کردنی کچان تاوتوێ دەکەین و پیشانی دەدەین کە ئێستا لە کوێی ئەم گۆڕەپانەین. ئینجا یاسا نێودەوڵەتییەکانی دژ بەم کارە لێک دەدەینەوە و هەروەها ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی ئەم یاسایانە دەکەین. لە هەنگاوی دواییدا، چاوێک دەخشێنین بە قسە و باسی زانایانی ناوداری ئایینی سەبارەت بە بابەتی خەتەنەی کچان و ئەو فتوا جۆراوجۆرانەی کە لەم بوارەدا هەیە. و لە کۆتاییدا تیشک دەخەینە سەر دەوری ئەنجامدەرانی سەرەکی خەتەنەی کچان کە دەتوانن لە کۆتایی هێنان بەم کارە دەورێکی دیاریکەرەوەیان هەبێت و هەروەها بەرپرسایەتی و ئەرکەکانی دەوڵەت بۆ ئەم بابەتە وەبیر دەهێنینەوە.

**چاوخشاندنێک بە مێژووی خەباتی دژ بە خەتەنەی کچان**

بە گوێرەی بەڵگەکان، هەوڵدان لە دژی خەتەنەی کچان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەفریقا دەستی پێکرد، ئەگەرچی ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە خەڵکی خۆجێیی بەر لەم بەرەوارە بەرەنگاری ئەم کارە بووبێتنەوە بەڵام لە مەڕ خەباتەکەیان هیچ بەڵگەیەک لە بەر دەستدا نییە.

بە هاتنی وڵاتگرانی ئەورووپی و بانگەشەکەرانی ئایینی ڕۆژئاوایی بۆ وڵاتی ئەفریقا باسی قەدەغەکردنی خەتەنەی کچان خێرا هاتە بەر باس. ئەم تازە هاتووانە خەتەنە کردنی کچانیان بە دژی بنەماکانی ئایینی مەسیحییەت لە قەڵەم دەدا و هەر لەبەر ئەوەش بەرهەڵستیان دەکرد، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. دژایەتیکردنیان بۆ ئەم کارە لە سەر ئەم بنەمایە بوو کە ئەم نەریتە پێچەوانەی ئەخلاقی مەسیحییەتە. کەمێک پاش داگیرکاری، زۆر یاسای دیکە پەسند کران کە ئامانجەکەیان نەهێشتنی خەتەنەی کچان بوو، بەڵام بەو پێیەی بنەمای ئەم یاسایانە لە سەر زانیاری ناپێویست و هەڵمەتی نایەکدەست بوو زۆری نەخایاند و لە ناو چوو.

لە ساڵی 1929 ئەنجوومەنی بانگخوازی ئایینی کنیا بۆ یەکەم جار دێڕی «بڕینی ئەندامی زا و زێی کچان»ـی بۆ ئاماژە کردن بە خەتەنەی کچان بە کار هێنا. لەم بارەوە، هێلدا ئێستامف کەسایەتییەکی زۆر کاریگەر بوو. خاتوو ئێستامف بانگخوازی ئایینی ئەمریکا و لە توندترین دژبەرانی

خەتەنەی کچان بوو کە لەم پێناوەدا گیانی خۆی بەخت کرد و بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان بکوژەکەی بەر لە کوشتنی ئەندامی زا و زێی بڕیبوو.[1]

لە دەیەکانی 1960 و 1970 هەندێ گرووپی جۆراوجۆری ژنان بە پێکهێنانی کەمپەین و کۆبوونەوەی گەورە، وەک دژایەتیکردنی خەتەنەی کچان نارەزایەتی خۆیانیان دەربڕی. هەر لەم سەروبەندەدا پسپۆڕانی پزیشکی لەو وڵاتانەی وا کچانیان خەتەنە دەکرد بە چاپکردنی وتارگەلێک لە گۆڤارە پزیشکییەکاندا بزووتنەوەی دژی خەتەنە کردنی کچانیان پێک هێنا. ئەم وتارانە بە گوێرەی بەڵگەی تایبەتی لە مەڕ زیانە بالینییەکانی ئەم کارە بۆ سەر کچانی قوربانی بوو. لە ساڵی 1979 ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی یەکەمین کۆبوونەوەی جیهانی لەم بارەوە بەڕێوە برد. تیشکی سەرنجی ئەم کۆڕوکۆبوونەوانە لە سەر دەستکەوتەکانی ڕۆژنامەوانی ئەمریکی، خاتوو فڕان هۆسکێن بوو لە ئەفریقا کە قۆڵی بۆ توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە هەڵماڵی. هۆسکێن لەم سیمینارەدا باسی لە پێویستی کۆتایی هێنان بە هەموو شێوەکانی ئەم کارە نەریتییە زیانبەخشە کرد، بەڵام دژایەتی هەڵمەتەکانی کرا و پرسەکە بە بێ چارەسەر مایەوە. بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ئەم ڕووداوانە، بۆ گەلاڵەی پرسیاری خەتەنەی کچان هەلێکی نێودەوڵەتی ڕەخساند.

---

1. Robert, 1996 #476

UN WOMEN

United Nations Entity for Gender Equality
and the Empowerment of Women

لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە سەر ئاستی جیهان زۆر هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی بەرپرسان ڕازی بکرێن کە کۆتایی بە خەتەنە کردنی کچان بێنن. کاتێک لە ساڵی 2012 ئەنجوومەنی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەک نموونەیەک لە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، خەتەنە کردنی کچانی بە فەرمی ناساند ئەم هەوڵانە بووژانەوە. لە سەرەتادا تیشکی سرنجی کەمپەینی خەبات لە دژی خەتەنەی کچان زیاتر زیانی جەستەیی بە هۆی بڕینی بەشێک لە لەشی ئافرەت بوو. بەڵام لە دەیەی 1980 تا دەهات زیاتر خەتەنەی کچان وەک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ سەیر دەکرا و بوو بە درێژەی پێویستی ئەو ڕوانگەی کە پرسە ڕەگەزییەکان لە یاسادا دەگونجێنێ. لە ماوەی دەیەی 1990 سەرهەڵدانی ناوەڕۆکی «مافەکانی ژنان وەک مافەکانی مرۆڤ» و هەروەها توند و تیژی لە دژی ژنان سیمایەکی نێودەوڵەتی بەم کەمپەینە بەخشی و بووە هۆی ئەوەی زۆرێک لە وڵاتان ئەم کارە بە نایاسایی بناسێنن. لەم دەیەدا زۆر کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەڕێوە چوو کە لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە ئیشیان لە سەر خەتەنەی کچان دەکرد؛ گرینگترین بابەتی ئەم

کۆنفرانسە جیهانییە بریتی بوو لە: کۆنفرانسی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی 1993 لە ڤییەن؛ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی حەشیمەت و گەشەدان (ICPD) لە ساڵی 1995 لە قاهیرە؛ و چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ژنان لە ساڵی 1994 لە پێکەن (کۆنفرانسی پێکەن)؛ و لە کۆتاییدا، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، لە ساڵی 2012 ئەنجوومەنی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خەتەنەی ئافرەتانی بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دا.

بەدەر لە هەڵمەتی ڕێبەرانی نێودەوڵەتی، ژنانی ئەفریقاش بۆ بنەبڕکردنی خەتەنەی کچان زۆریان هەوڵیان دا. ژنانی ئەفریقایی تەنانەت پاش بێئەنجام مانەوەی کۆنفرانسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەستەوەستان نەبوون و لە ساڵی 1984 لە شاری داکاری سنێگال کومیتەیەکیان لە سەر ئاستی وڵاتانی ئەفریقایی پێکهێنا، لە ژێر ناوی کومیتەی چاودێری کردنی ڕێوڕەسمە کۆنەکانی تێکدەری تەندروستی ژنان. ئەم کومیتە ئێستا لە سەر ئاستی 26 وڵاتی ئەفریقایی چالاکە و هەم دەوڵەت و هەمیش خەڵک لە زیان و لێکەوتەکانی خەتەنەی کچان وشیار دەکاتەوە.

خەباتی ژنانی ئەفریقایی گەیشتە ڕۆخی ئەنجام و لە فێبریوەری 2003 ئای. ئەی. سی (کومیتەی وڵاتانی ئەفریقایی) لە کۆنفرانسێکدا لە ئادیس ئابابای ئیتیۆپی ڕۆژی شەشەمی فێبریوەرییان بە ڕۆژی «دژایەتی کردنی خەتەنەی کچان» ڕاگەیاند. بۆ ساڵی دوایی ناوەندی توێژینەوەی

ئینۆسێنتی یوونیسێف ڕاپۆرتێکی ڕەوتسازی بڵاو کردەوە بە ناوی گۆڕینی نەریتێکی کۆمەڵایەتی زیانبەخش: خەتەنەی کچان.

لەم ساڵانەی دواییدا، هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری بە هۆی کەمپەینە زانیاریبەخشەکان، ڕاهێنان و کۆمەڵێ پەیوەندی لە ناو دڵی هەڵمەتی دژی خەتەنەی کچانمان بەدی کردووە. چالاکڤانان بۆ سازدانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک زۆر هونەر وەک مۆسیقا، شانۆ و فیلمیان بە کار هێناوە. بەدەر لەمە بەشی تەندروستی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤیش زۆر چالاک بوون و لە بەرنامە فێرکارییەکانیاندا کە سەبارەت بە مافەکانی ئافرەتە و بۆ پارێزەران، دادوەر و کۆی خەڵک بەڕێوەی دەبەن، پرسی خەتەنەی کچانیشیان گونجاندووە.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم ماوەی ڕابردوو، کە پێشتریش ئاماژەی پێکرا، یەکەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی کچانە کە دەوڵەتی بریتانیا بە بەشداری یوونیسێف لە مانگی جۆلای ساڵی 2014 لە بریتانیا بەڕێوەی برد.[1] لەم کۆنگرەدا کە چەقی سرنجی لە سەر پرسی هاوسەرگیری منداڵان و خەتەنەی کچان بوو، بەرپرسانێک لە وڵاتانی گیرۆدەی پرسەکە و بەرپرسانێک لە وڵاتانی پڕداهات، ڕێبەرانی کۆمەڵایەتی، نوێنەرانێک لە بەشە تایبەتی و کەسایەتییە میدیاییەکان کۆ بوونەتەوە. ئامانج لەم کۆبوونەوە ئەوە بوو کە ئیرادەیەکی سیاسی ئامادە بکات، لە پابەندێتی دەوڵەتەکان و

---

1. RCW, 2014 #458

گرووپـەکانی دیکـە بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە خەتەنـەی کچـان و دڵنیا ببێتەوە و هەروەها ئەرخایـەن بێ کـە بـۆ هەڵمـەتی دژی خەتەنەی کچان سەرمایەگوزارییەکی تـەواو ئـەنجام دەدرێت. یەکێک لەو بابەتانـەی کـە ئـەم کۆنگرە زۆر جـەختی لـە سـەر دەکاتـەوە کۆتـایی هێنـان بـە پێویسـتی کۆمەڵایـەتی خەتەنـەی کچـان بـوو. لـە کۆتـایی ئـەم کـۆنگرە 21 وڵات پابەنـد بـوون بەوەی کە لە بزاڤی جیهانی بۆ کۆتایی هێنان بەم کارە چالاک دەبن. دیپارتمانی گەشەی نێودەوڵەتی بریتانیا (دی. ئێف. ئای. دی)یش بە پێکهێنانی گرووپێک هاودەنگی خۆی بۆ چاودێری کردنـی ئەنجامـدانی پابەندییـە دیاریکراوەکـانی ئـەم کـۆنگرە دەربڕی.

UN WOMEN

United Nations Entity for Gender Equality and the Empowerment of Women

پـرۆژەی تۆسـتان لـە ئـەفریقاش سـوود لـە ئاراسـتەی نوێگەرایانەی ناڕاستەوخۆ دەبینن بۆ ئـەوەی ئاستی وشیاری خـەڵک سـەبارەت بـە لێکەوتـەکانی خەتەنـەی کچـان بـۆ سـەر تەندروسـتی بـەرز بکەنـەوە. ئـەم پـرۆژە بەرنامەیـەکی توانابەرزکـەرەوەی گرووپیـی گەلاڵـە کـردووە کـە خـەڵکی

خۆجێیی هان دەدا بە پێی باوەڕەکانی خۆیان دۆخەکە بگۆڕن.[1] شێوازی زانستی ئەم پرۆژە بریتییە لە بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنان سەبارەت بە مافی تەندروستی و لەشساغی و هەروەها ژیانێکی بێبەری لە توندوتیژی. بەرهەمی هەوڵەکانیان دەرکردنی ڕاگەیاندنی گشتی وازهێنان لە خەتەنەی کچان لە پتر لە حەوت هەزار و 200 گرووپی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لە جیبۆتی، گینە، گینەی بی‌سائۆ، مالی، مووریتانی، سنێگال و گامبیا بووە. سەرەڕای ئەمە، بە پێی ڕاپۆرتی تۆستان[2]، ئەگەرچی «ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە پرۆسەی وازهێنانی تەواوی ئەم کارە ڕۆڵێکی دیاریکەر و بۆ دروستکردنی پێویستیان بە کۆمەڵی ڕەخنەگر هەیە، بابەتێک کە خەتەنەی کچانی هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵام هێشتا سەد لە سەد سەر نەکەوتووە.»

**یاسا نێودەوڵەتییەکان**

بە فەرمی ناساندنی هێورانەی خەتەنەی کچان وەک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، کەمپەینێکی جیهانی پێک هات کە ئامانجەکەی گەلاڵە و دانانی یاسایەک بوو لە دژی ئەم کارە. زۆرێک لە وڵاتان بە واژۆ کردنی هەندێ لە پەیماننامە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی چاودێر بە سەر شێوازە جیاوازەکانی هەڵاواردن و توند و تیژی پابەندی پشتیوانی لە

1. Tostan, 2015 #461

2. Tosta یەکێکە لە چالاکترین ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەفریقا

مافەکانی ژنان و منداڵان بوون. بۆ وێنە لە کۆی 28 وڵاتی ئەفریقایی کە کچانیان خەتەنە دەکرد نزیەکی 17 وڵات یاسایەکیان هەیە کە ڕاشکاوانە ڕێگری لە خەتەنەی کچان دەکات، لەوانە بێرکینافاسۆ، سنێگال، ڕۆخی عاج، غینا، جیبۆتی، گینە، تۆگۆ، تانزانیا، کنیا، کۆماری ئەفریقای ناوەندی و میسر. جیا لەمانە، وڵاتانی سنێگال، سوودان، میسر و ئێتیۆپی هەنگاوی باشتریان ناوە و لە یاسا سزادانانەکانیاندا خەتەنەی کچانیان وەک تاوان ناساندووە. زۆربەی وڵاتانی میواندار‌ی پەنابەرانی ئەو وڵاتانەشی کە کچان خەتەنە دەکەن یاسای تایبەتیان بۆ خەتەنەی کچان داناوە. لە هەندێ وڵاتانی ئەورووپی وەک بریتانیا، سووید، نۆروێژ و بەلژیکا کۆمەڵێ یاسای تایبەتی دانراون کە بە پێی ئەم یاسایانە ئەم کارە بە تاوان دەناسرێت. لە حاڵێکدا، وڵاتانێکی دیکەی وەک فەرانسە بە پێی هەندێ مادەی یاسایی گشتیتری یاسا سزادانەکان لە خەتەنەی کچان دەکۆڵنەوە. لە ساڵی 2011 دەوڵەتی ئیسپانیا لە دژی ئەو بنەماڵە پەنابەرانەی وا کچەکانیان بە نیازی خەتەنە کردن دەبەن بۆ وڵاتانی دیکە، هەندێ هەڵمەتی دەست پێکرد. لە سەرەتاکانی 2015 پزیشکانی ئیسپانیا پلانێکیان پێشنیار دا کە بە پێی ئەو، هەموو کچانی بنەماڵە پەنابەرەکان دەبێ پشکنینیان بۆ بکرێ و بنەماڵەکانیان بەڵێننامەی ئەوە واژۆ بکەن کە کچەکانیان خەتەنە نەکەن.

**لاوازیی یاساکانی ڕێگری لە خەتەنەی کچان لە سەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناڤین و ئێران**

بە وتەی سەرۆکی ئەنجوومەنی زانستی یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی ئێران سەرەڕای ئەوەی کاری خەتەنەی کچان، لە هیچ داب و نەریتێکی ئێرانییەکاندا بوونی نییە بەڵام هێشتا لە هەندێ لە گوند و ناوچە دوورەدەستەکانی وڵات دەبینین کچۆڵە ئێرانییەکان دەبنە قوربانی ئەم تاوانە. هەواڵنێری کۆمەڵایەتی جیهان لە ڕاپۆرتێکدا ڕایدەگەیێنێ کە بە گوێرەی ئامارە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژانە 6 هەزار کچۆڵەی عەرەب و ئەفریقایی و هەندێ لە وڵاتانی ئاسیایی دیکە ئەم تاوانەیان بەسەردا دەسەپێنرێت، کە هەموو ساڵێک دوو ملیۆن قوربانی لە خۆ دەگرێت. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە کە لە هەندێ لە گوندەکانی ئێرانیشدا بەدی دەکرێ بۆ ئەم مەبەستەیە کە ورووژاوی سێکسی کچان کەم بکەنەوە. بە وتەی ئەنجوومەنی زانستی یاریدەدەرانی کۆمەڵایەتی ئێران، خەتەنەی کچان لە ئێران زۆر کەمە و دەتوانین بڵێین ئەم کارە تەنیا لە سەر ئاستی چەند گوند کە حەشیمەتەکەیان ژێر دوو هەزار کەسە بوونی هەیە. ناوبراو هەروەها بە هەواڵنێری جیهانی وت: زیاترین شوێنێک کە ئەم کارەی تێدا ئەنجام دەدرێ وڵاتانی ئەفریقایین. وڵاتانی دراوسێش تا ڕادەیەک ئەم کارە ئەنجام دەدەن بەڵام ناوەندەکەیان وڵاتانی ئەفریقایی بووە.[1]

1 ـ جەهان نیوز، 88



بەندەری لەنگە، وێنە لە کامیل ئەحمەدی

بەو پێیەی خەتەنەی کچان چەندین سەدە پێشینەیەتی و زۆر بە قووڵی تێهەڵکێشی کەلتوور و بەهاکانی کۆمەڵگا بووە. پەسندکردنی یاساگەلێک کە خەتەنەی کچان بە تاوان بزانێ یان تەنانەت زیادکردنی یاساگەلێک بە یاسای سزادانەکان بۆ ڕێگری لەم کارە، هەوڵێکە کە بەدیهێنانی ئەستەمە. لە خۆرهەڵاتی ناڤین خەتەنەی کچان بابەتێکە کە دەچێتە ڕیزی نهێنییەکانەوە یان بە واتایەکی دیکە تابۆیە و بە شێوەی فەرمی دانی پێدا نانرێت. هەر بۆیە دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسا لە دژی شتێک کە بوونی بە فەرمی نەناسرێت، جێی باس نییە. بەو حاڵەشەوە هەندێ لە دەوڵەتەکان لە دژی خەتەنەی کچان هەندێ هەنگاویان ناوە. بۆ وێنە وەک پێشتر تیشکمان خستە سەری، حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان، یاسایەکی دەرکردووە کە بەتایبەتی هی باشووری هەرێمی کوردستانە؛ بەڵام هێشتا بە تەواوەتی نەچووەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لە میسریش ڕێژەی خەتەنەی کچان

یەکجار زۆرە و لە دژی بکەرانی ئەم کارە هەنگاوێکی کەم نراوە. بەو حاڵەشەوە، بزووتنەوەی ناسراو بە «بەهاری عەرەبی» دەرفەتی ئەوەی هێنایە ئاراوە کە خەتەنەی کچان زیاتر بخرێتە بەر دیدەی گشتی.

لە ئێران بە هۆی نەبوونی پاڵپشتی دەوڵەتی و نەبوونی گرووپی ناودەوڵەتی ڕێکخراو، خەبات لە دژی خەتەنەی کچان لەویش دژوارترە. ئەوەی کە ئێران هەتا هەنووکە ئامادە نەبووە کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی دژی ژنان واژۆ بکات خۆی یەکێک لەم هۆکارانەیە. لە خولی سەرۆک کۆماری محەمەد خاتەمی، پەرلەمان وەک پشتیوانی کردن لەم کۆنوانسیۆنە پرۆژە یاسایەکی پەسند کرد، بەڵام شۆرای نگابان بە هۆی ناتەبابوونی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام ڕەتی کردەوە.

لە یاسای ئێراندا بە ڕاشکاوی باسی خەتەنەی کچان نەهاتووە، کەواتە دەتوانین بڵێین مافەکانی ئێران لە هەمبەر دژی خەتەنەچییەکان پشتیوانی لە ژنان ناکات.[1] بەوەشەوە، ئێران کۆمەڵێ یاسای هەیە کە وێدەچێ بە پێی ئەوان بتوانرێ بە شێوەی یاسایی بە دواداچوون بۆ بڕینی لەش بکرێ و سزای بدرێت. لێرەدا دەتوانین باس لە جاڕنامەکانی ماف و بەرپرسایەتییەکانی ژنان تایبەت بە مافی ژیان، یەکپارچەیی لەش، پشتیوانی لە ژنان لە هەمبەر قوربانی بوون، مافی تەندروستی زەینی و جەستەیی و پشتیوانی لە ژنان لە هەمبەر

1. Alawi, 2015#423

توند و تیژییەکانی خێزان بکەین. سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەم یاسایانە کەرتی و پەرتی جێبەجێ دەکرێن، ئەستەمە حاڵەتێک بدۆزینەوە کە سکاڵای قوربانیانی خەتەنە لە دادگادا ئەنجامێک دەست بخەن.[1]

بە باوەڕی خاتوو شیرین تەلندە خاوەن بڕوانامەی ماف و دانیشتووی دوورگەی قیشم کە هەڵگری زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچانە لە ئێراندا، ئێران هەندێ یاسای گشتی سەبارەت بە ڕێگری لە بڕینی ئەندامانی لەش لە یاسای سزادانی خۆیدا گونجاندووە بە گوێرەی مادەی 479ـی یاسای سزا ئیسلامییەکانی پەسندکراوی 8/5/1370، 663 و 664 یاسای سزا ئیسلامییەکان پەسندکراوی 1392/2/1 سەبارەت بە بڕینی ئەندامی سێکسی ژنان خەسارەتێک دیاری کراوە کە هەڵبەت بە گوێرەی مادەی 12ـی یاسای بنەڕەتی وێدەچێ ئامانجی یاسادانەر لە دەرەوەی گشتگیری ئەم بازنە بێت.

ئەگەر ئەم کارە بچێتە ڕیزی ئاکار و یان ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، ئەوە هیچ زیانمەندێک ناتوانێ لە دادگایەکی چاکخوازدا سکاڵا تۆمار بکات و بە پشتبەستن بە یاسا خوازیاری مافی لەدەستچووی بێت، نموونەی ئەم وتە مادەی 12ـی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بەدەر لە بە فەرمی ناساندنی مەزهەبی جەعفەری دوانزە ئیمامی وەک مەزهەبی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران و دیکەی مەزهەبە

---

1. Alawi, 2015#423

ئیسلامییەکان وەک حەنەفی، شافیعی، مالکی و زەیدی لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینی و پرەنسیپە تایبەتەکان سەربەست کردووە. بەو حاڵەوە مادەی 21ی یاسای بنەڕەتی دەتوانێ ببێتە جۆرێک ململانێ بۆ پشتیوانی لەم توێژە زیانلێکەوتووە. مادەی 21ی یاسای کۆماری ئیسلامی ئێران لە بڕگەی یەکەم دان بە ئەرکی دەوڵەت بۆ قەرەبوو کردنەوەی مافە مادی و مەعنەوییەکانی ژن دادەنێت.

بەداخەوە لە یاسای مەدەنی ئێران هیچ ئاماژەیەک بەم بابەتە نەکراوە، تەنیا لە بەشی هاوسەرگیری و لێک جیابوونەوە (نیکاح و تەڵاق) لە بەشی مژارەکانی هەڵوەشاندنەوەی نیکاح لە بڕگەی سێیەمی مادەی 1122 قرتاوبوونی ئەندامی زا و زێ بە ڕادەیەک کە نەتوانێ سێکس بکا لە پیاودا دەبێتە مافی هەڵوەشاندنەوە بۆ ئافرەت.

و ڕەنگە بتوانین لە یاسای پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵانی پەسندکراوی 1381/11/10 کە لە لایەن شۆڕای نگابانەوە پەسند کراوە، بۆ خاڵی گرینگی پشتیوانی لەم بەشە زیان لێکەوتووە بگەڕێین. بە پێی مادەی یەکی ئەم یاسایە هەر چەشنە زیانێک بە منداڵان و مێرمنداڵان چ لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و ئەخلاقییەوە بێ قەدەغەیە؛ کە بۆ تەواوکردنی لە مادەی 4ی ئەم یاسایەدا بەدەر لە قەدەغەکردنی هەر چەشنە ئەشکەنجەیەک، سزای زیندان و سزای نەختی گونجێدراوە.

مادەی 5ی یاسای پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵان

ئـازاردانی منـداڵی وەک تاوانـە گشـتییەکان ناسـاندووە کـە پێویستی بە سکاڵاکەری تایبەتی نییە.

بەڕێز مەنسوور ئیسکەندەری پارێزەری پلە یەکی دادگا لـە دادگـا پێـی وایـە کـە: سـەرەڕای ئـەوەی لـە یاسـای سـزادانی ئیسلامی ئێران خەتەنەی کچان بە تاوان نەناسـراوە، بـەڵام بـە ڕچـاوکردنی مادەکـانی 21، 22 و 34ــی یاسـای بنـەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران زیان لێکەوتوو بۆی هەیە لـە دادگـای چاکخواز سکاڵا تۆمار بکات و بە گوێرەی مادەی 3ـی یاسای دەسـتووری دادپرسـی مـەدەنی دادوەر نـاتوانێ بـە بیـانووی بێـدەنگی یـان کـورتی یـان نـاکۆکبوون لەگـەڵ یاسـاکان لێـی نەکۆڵێتەوە دەبێ پێی ڕابگات و فەرمانی بۆ دەربکات.

بــەڕێزیان باوەڕیــان وایــە دادوەرانــی هێــژا دەتــوانن بــە پشتبەسـتن بـە مـادەی 4ـی یاسـای پشـتیوانی لـە منـداڵان و مێرمنداڵان پەسندکراوی 1381/10/11 کە دیاری دەکات «هــەر چەشــنە زیــان و ئــازار و ئەشــکەنجەی جەســتەیی و دەروونی منداڵان و بە هەند نەگرتنی بە ئەنقەستی لەشساغی و تەندروستی دەروونی و جەستەیی و ڕێگری لـە خوێنـدنیان قەدەغەیـە و بـە سـێ مانـگ و ڕۆژێـک هـەتا شـەش مانـگ زیندان یان بە دە ملیۆن (10000000) ڕیاڵ سزای نـەختی سزا دەدرێت.» فەرمان دەربکات.

بەڕێزیان لە درێژەدا دەڵێن کە ئەم پرسیارە دێتـە زەینـەوە کە کێ دەتوانێ لە بری منداڵان سکاڵا تۆمار بکات؟

1ـ بە گوێرەی مادەی 5ـی یاسای پشـتیوانی لـە منـداڵان و

مێرمنداڵان، منداڵ ئازاری تاوانێکی گشتییە و پێویست بە سکاڵاکەری تایبەتی ناکات. هەر بۆیە دادستێن خۆی دەتوانێ بە بینین و یان ڕاپۆرتی کاربەدەستانی دادگا لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات. (مادەی 15ی یاسای دەستووری دادپرسی سزادان پەسندکراوی 1378/6/28 – مادەی 29ی یاسای دەستووری دادپرسی سزادان پەسندکراوی 1392/12/4)

2. وەرگیراو لە مادەی 66ی یاسای دەستووری دادپرسی سزادان پەسندکراوی 1392/12/4 «ڕێکخراوە ئەهلییەکان کە پەیڕەویان سەبارەت بە پشتیوانی لە منداڵان و مێرمنداڵەکان، ژنان وهتدە، دەتوانن لە دژی ئەو تاوانانەی وا لە بوارەکانی سەرەوەدا ڕوویان داوە سکاڵا تۆمار بکەن.»

تێبینی 2ی دەستووری دادپرسی سزادان پەسندکراوی 1392/12/4 ڕایدەگەیێنێ: (کاربەدەستانی دادگا و بەرپرسانی داد ئەرکی ئەوەیان لە سەر شانە زیان لێکەوتووانی تاوانی بابەتی ئەم مادە لە هاوکاری ڕێکخراوە ئەهلییە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکەنەوە.)

کەواتە نەک هەر دەتوانرێ دژی ئەم تاوانە سکاڵا تۆمار بکرێ بەڵکوو دادوەرانی هێژاش لە سەریانە زیان لێکەوتووان ئاگادار بکەنەوە.

دوا وتە ئەوەی کە ئایا دایک و باوک ئەو مافەی هەیە ڕۆڵەی خۆی بخاتە بەر ئەم کارە؟ لەوە دەچێ وڵامی ئەم پرسیارە نا بێت. چوونکە هەم لە ئایین و هەمیش لە یاسا دایک و باوک سەرپەرشتیاری منداڵن نەک خاوەنیان، بۆ ئەم

بابەتە دەتوانین ئاماژە بە برگەی «ت» مادەی «158»ـی یاسای سزادانی ئیسلامی پەسندکراوی 1392/2/1 بکەین کە دیاری دەکات: (کاری دایک و باوک و سەرپەرشتانی یاسایی و سەرپەرشتانی منداڵە بچووکەکان و شێتەکان کە بە مەبەستی ئەدەب کردن یان پاراستنیانە شیاوی سزادان نییە.) کەواتە ئەگەر بە مەبەستی ئەدەب کردن یان پاراستنی منداڵ نەبێت شیاوی سزادانە.

بۆ ئەوەی بزانین ئەم کارە بۆ پاراستنی کچە چکۆلەکانە یان نا، دەبێ بگەڕینەوە سەر بۆچوونی کەسانی بلیمەت و زانا. کەواتە پێشنیاری نووسەر بۆ یاسادانەری بەڕێز ئەوەیە کە پەسند کردنی یاسایەک سەبارەت بە خەتەنە کردنی کچان بەر لە تەمەنی باڵقبوون دەخاتە ئەستۆی بۆچوونی پزیشکی یاسایی و بەر لە تەمەنی باڵقبوون خۆی بڕیار بدات کە ئایا ئەم کارە لە سەری ئەنجام بدرێ یان نا.

دیارە یاسای توندتر دەتوانێ تا ڕادەیەک ڕێژەی خەتەنە کردنی کچان کەم بکاتەوە؛ بەڵام بنەبڕی ناکات. بنەبڕکردنی خەتەنەی کچان هەوڵ و پابەندی بەردەوام چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت ڕۆشنبیران، زانایانی ئایینی، بیبییەکان (خەتەنەچییە کۆنەکان)، یاسادانەران و هەروەها دەوڵەتە خۆجێیی و ناوەندییەکانی گەرەکە.

**هۆکارە سەرەکییەکانی خەتەنەی کچان**

کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان پێویستی بە هاوکاری نێوان

چالاکڤانان و قوربانییەکانە. بەڵام کێ لە خەتەنە کردنی کچان دەوری سەرەکی دەبینێت؟

ولاتــانێکی وەک ســنێگال کــە لــە دابەزانــدنی ڕێــژەی خەتەنــەی کچــان ســەرکەوتوو بــوون، شــێوازی جۆراوجۆریــان بــەکار هێنــا: «داهێنــانی ڕێورەســمی بــەدیل بــۆ هاتنــە نــاو جەرگــەی ژنانــەوە، ئــەو کەمپەینانــەی وا تێیــدا بــووک و زاوا پێکــەوە ڕایدەگــەیێنن کــە نــەریتی خەتەنــەی کچــان ڕەت دەکەنەوە و هەروەها وەدەستهێنانی پشتیوانی زانایانی ئایینی موسڵمان و مەسیحی بۆ ڕێگری لەم کارە.»

خەتەنــەی کچــان لــە بنەڕەتــدا بــۆ کــۆنترۆڵی ئــارەزووی سێکســی ژنــان بــەدی هــاتووە، بەتایبــەت بــۆ ئــەو کاتانــەی کــە پیاوان ناچارن ماوەیەکی درێژ لە ماڵەوە دوور بن. بە بۆچوونی سەلام وودوال[1] ئەم پرسە پەیوەستە بە بایەخ و پەسندکراوی کۆمەڵایــەتی ژنــان لــە کۆمــەڵگاکان و گرووپــە خۆجێییــەکانی خۆیــان. لــەم برگــەدا، پێداچوونەویــەک بــە ســەر ڕۆڵێــک کــە کۆمەڵگا و هەندێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی دیکە کە پەرە بە نەریتی خەتەنە کردنی کچان دەدەن، دەکەین.

ســەرەڕای ئــەوەی زۆر جــار دەوڵەتــەکان خۆیــان مــافی هاووڵاتیــان پێشــێل دەکــەن، وەدیهێنــانی زۆرێــک لــە مافــەکانی مرۆڤ بە بێ پشتیوانی دەوڵەتەکان مەحاڵە. سەرباری ئەمەش وەک بــاوبوونی خەتەنــەی کچــان لــە ئێــران و میســر پیشــانی دەدا، تەنانــەت ئــەو کاتــەی وا دەوڵــەت تێدەکۆشــێ بــۆ ئــەم

1. Salam Woodwall

مەبەســـتە کارێــک بکــات، زۆر جـــار بـــەها و کەلتـــوورە پیاوسالارییەکان دەبنە سەرکەوتووی یارییەکە. بەتایبەت کاتێ باس لە مافەکانی ژنان و منداڵان دەکرێت. بـەو حاڵـەوە شان بـــە شـــانی کەلتـــووری پیاوســـالاری، سیســـتەم و پێکهاتـــە سیاسـییەکانیش هـەر ئەوەنـدە بەرپرسـن و نـاتوانرێ ڕۆڵیـان پشتگوێ بخرێت.

خەتەنەی کچان بە بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی پیاوان ئـــەنجام دەدرێـــت. ســـەرەڕای ئەمـــەش توێژینـــەوەکان دەریانخستووە کە هەندێ لە پیاوان لـە ناوچـە کوردنشینەکان و باشـووری ئێـران لێـی بـە ئاگـان. وێـدەچێ «ناپەیوەنـدی» پیاوان بەم کارە دیکـەی «پرسـەکانی ژنان»ـیش دەگرێتـەوە. زۆرێـک لـە لێکۆڵینـەوەکان گوزارشـتن لـەوەی پیـاوان هـیچ زانیارییەکان لە مەڕ تەندروستی و لەشساغی منداڵبوونی ژنـان نییە؛ لە زۆرێک لـەو کۆمەڵگایانـەی وا لێکۆڵینـەوەمان لـە سـەر کردوون ئەم پرسە وەک بابـەتێکی ژنانـە یـان نهێنییانـە سـەیر دەکرا و پیاوان لەم بارەوە هیچ دەستێوەردانێکیان نەبوو. بـەڵام ئەو ئەگەرە لە ئارادا هەیە کە وتاردانی ئایینی زانایانی ئـایینی و مامۆستایانی پێش نوێژ کە باس لـە سوودە جۆراوجۆرەکانی خەتەنەی کچان دەکـەن و وتـاری ئـایینی ئاماژە بـەوە دەکـەن کـە ئەنجامـدانی لـە ئـایین پێشـنیار دراوە، کاریگـەری لـە سـەر پیاوان دادەنێت.

سـرنجدان بـە ڕوانگـەی هەنـدێ لـەو ژنانەشـی وا خەتەنـە کراون جێی سرنجە. بە باوەڕی ئەوان، ئەو ژنانـەی وا خەتەنـە

نـەکراون «ژنـی تـەواو» نـین. ئـەوان خەتەنـەی کچـان بـە پێویست دەزانن کە دەبێ ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی ڕێز و پێگە بۆ کچـان و ژنـان بـە دیـاری بێنێـت و پاکداوێنی و ئابڕوویـان بپارێزێ. ژنان لـە پرسی خەتەنـەی کچـان ناکۆڵنـەوە، چوونکـە بـە نـەریتێکی دێرینـی دەزانـن. خـاڵی سـەرەکی لێرەدایـە کـە خەتەنـەی کچـان لـە تەمـەنی زۆر کەمـدا ئـەنجام دەدرێ و کچۆڵـەکان تەمــەنیان زۆر لــەوە کــەمترە کــە لــەم بــارەوە بۆچوونیان دەرببڕن. هەتا ئـەو کاتـەی ژنـان، کچـەکانی خۆیـان ئەسـپاردەی تێـغ دەکـەن و ئـەم کـارە بـۆ هاوسـەرگیری بـە پێویسـت لـە قەڵـەم دەدەن نـەریتی خەتەنـە هەمیشـە بـرەوی دەبێت.

**کۆمـەڵێ خـاڵی دیکـە لـە ڕوانگـەی پیاوانـەوە سـەبارەت بـە خەتەنـەی کچان**


ئاهەنگی هاوسەرگیری لە هەورامان، کوردستان. وێنە لە کامیل ئەحمەدی

سـەرەڕای ئـەوەی خەتەنـەی کچـان کارێکـە کـە لـە بـواری ژناندا ڕوو دەدا، بەڵام نـاتوانین لـەم نێوەنـدەدا دەوری پیـاو بـە

هەند وەرنەگرین. هەندێ لە پیاوان لە پشت دەمامکی ئایین خۆیان حەشار داوە و هەر هەوڵێک لە پێناو کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان بە پیلانی ڕۆژئاوا بۆ پەرەپێدانی بەرەڵایی ژنانی دەزانن. جیا لەمە، خەتەنە لەوانەیە بۆریچەی منداڵدان تەسک بکاتەوە و چێژێکی زیاتری سێکسی بە پیاوان ببەخشێت؛ لە زۆربەی کۆمەڵگا مەحافزەکارەکاندا کە ئەم کارەی تێدا باوە پیاوان ئامادە نین لەگەڵ ئەو کچانە هاوسەرگیری بکەن کە خەتەنە نەکراون. هەندێ لە پیاوانی ئێرانی لەو ناوچانەی وا ئەم کارەی تێدا دەکرێ باوەڕیان وایە کە خەتەنەی کچان ئارەزووی سێکسی کچان کۆنترۆڵ دەکات و دەڵێن کۆمەڵگاکەیان لە چاو کۆمەڵگا شیعەکانی فارس یان تورک زۆر پاکترە و گرفتی ئەخلاقییان کەمترە. بە گومانی ئەوان بەو هۆیە کە ژنەکانیان خەتەنە دەکرێن کەمتر تووشی تاوان و گوناح دەبن. هەندێکیان تەنانەت دەیبەنەوە سەر ئەوەی کە دەڵێن: «سەیر بکەن ژنانی دیکە (مەبەستیان ژنانی شیعەیە) یان لە فیلم و بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکاندا کە لە سەر بناغەی پەیوەندی سێکسین چ ڕوو دەدات؟ ئەگەر ئارەزووی سێکسی ژنەکانمان بە خەتەنە دانەمرکێنین، دەبێ خودا فریامان بکەوێ، چوونکە چیتر ناتوانین کۆنترۆڵیان بکەین.»

لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەدا هەندێ لە پیاوان ئەم بابەتەیان لای ئێمە باس دەکرد کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران پەیوەندی سێکسیان لەگەڵ ژنانی خەتەنە نەکراو بووە

و پێیان وایە سەرەڕای ئەوەی ڕواڵەتی ئەندامی زا و زێی ژنانی خەتەنە کراو زۆر نەرمتر، بچووکتر و بۆ پیاوان چێژبەخشترە بەڵام سەرباری ئەمەش ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە ژنانی خەتەنە نەکراو لە بزواندنی مێردەکانیان بەر لە سێکس یان هەمان ورووژاندن باشتر ئیش دەکەن. پێویستە ئەوە بووترێ کە خەتەنە هیچ پەیوەندییەکی بە نەشتەرگەری جوانی بەر لە زک و زا نییە.

کۆمەڵێکی کەم لەو پیاوانەی وا وتوویژمان لەگەڵ کردن هیچ زانیارییەکیان لە سەر نەریتی خەتەنە نەبوو یان نەیاندەزانی کە هاوسەرەکانیان خەتەنە کراون یان نا. سەیر لەوەدایە کە کاتێک لە مەڕ مەترسییەکانی خەتەنەی کچان و کاریگەرییە نەرێنییەکەی لە سەر چێژی سێکسی قسەیان لەگەڵ کرا (بۆ وێنە ژنانی خەتەنە کراو لە هاوجێیەتی لەگەڵ مێردەکانیان چێژ نابینن چوونکە بەشێک لە بەلۆکە یان هەر هەمووی میتکەکەیان بڕدراوە و لەبەر ئەمەش ناورووژێن) زۆرێک لە پیاوان دانیان پێدا دەنا کە ئەم پرسەیان بۆ دەرکەوتووە و دەیانوت ژنەکانیان «تامەزرۆیی سێکسی»یان نەبووە یان گەرم نەبوون و «نەیاندەتوانی مێردەکانیان تێر بکەن». هەندێ لە پیاوان دانیان بەوە دادەنا کە بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆیان هاوبەشی سێکسی دیکەیان هەڵبژاردووە و یان ئافرەتێکی گەنجتریان لە خۆیان مارە کردووە. بەو زانیارییە نوێیانەی وا سەبارەت بە خەتەنەی کچان پێیان درا، کاتێک پرسیاری ئەوەیان لێ کرا ئێستا بۆتان

دەرکەوت کە خەتەنەی کچان تامەزرۆی سێکسیان کەم دەکاتەوە و بەم شێوە پەیوەندی سێکسی بۆ پیاوانیش چێژبەخش نابێت، ئایا هێشتا ئامادەن کچەکانتان خەتەنە بکەن و ئایا قبووڵی ئەوە دەکەن کچەکانیشتان ئەم ئازارە بچێژن و تەنانەت ڕەنگە هاوشێوەی ژنەکانی خۆتان ببنە قوربانی ناپاکی مێردەکانی خۆیان؟ هیچ وڵامێکیان پێ نەدەدراوە و ڕوویان وەردەگێڕا.

**ئایین: دژبەر یان ڕازی بە خەتەنەکردنی کچان؟**

وەک لە بەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەمان پێکرد لە ئێران و زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمانی دیکە زۆر جار بە بەڵگەی ئایینییەوە پاکانە بۆ خەتەنەی کچان دەکەن. ساڵی 1998 کەمپەینێکی خەبات لە دژی خەتەنەی کچان لە سوودان لە لایەن زانایانی ئیسلامییەوە بە توندی بەرهەڵستی کرا کە پێشنیاریان بە کۆمەڵگای موسڵمانان دەدا لە هەمبەر زەختی ڕۆژئاوا خۆڕاگری بنوێنن و لە سەر بەها نەریتییەکانیان پێداگر بن. هاوشێوەی هەر ئەم حاڵەتە، لە هەرێمی کوردستانیش هەندێ لە مەلایانی پێش نوێژ ئەو کۆمەڵە کەسانەی وا خەتەنەی کچانیان بە کارێکی ئیسلامی دەزانی بە نەزان و گەمژە لە قەڵەم دەدا.

شایەنی وتنە زۆربەی موسڵمانانی جیهان، کچان خەتەنە ناکەن یان ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە بوونی نییە. هەر بۆیە کاتێ ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان ڕۆشناییان خستە سەر

بابــەتی خەتەنــەی کچــان، موســڵمانانی ناشــافیعی مەزهــەبی جیهان هیچ کاردانەوەیەکیان بۆ ئەم پرسە نیشان نەدا.



دوورگەی هورموز. وێنە لە فەدە فەرهەنگ

خەتەنەی کچان لە ئایینی ئیسلامدا واجبێکی شـەرعی نییـە و لـە ڕاستیدا ئـەم کـارە لەگـەڵ زۆرێـک لـە دیوەکـانی ئـایینی ئیسلام ناکۆکە. بەو حاڵەشەوە کەسانی ئاسایی کە زانیارییەکی کەمیان لە ئایینی ئیسلام هەیـە خەتەنـەی کچـان بـە جۆرێـک پەیوەسـت دەکەنــەوە بــە بــاوەڕ و ئیمــانی خۆیــان. موســڵمانە دەمـارگرژە شـافیعییەکانیش خەتەنـەی کچـان بـە بەشـێک لـە شێوازی ژیانی خۆیان دادەنێن و ڕژدانە پشتیوانی لێ دەکەن.

دەبێ لێبڕاوانە جەخت بکرێتەوە کە ئیسلام دامەزرێنـەری خەتەنــەی کچــان نییــە. لــە زۆرێــک لــە هۆزەکــانی ســەردەمی حەزرەتی محەمەد (س.خ) نەریتی خەتەنەی کچان هەر بـووە. کەواتە خەتەنەی کچان بەر لە ئیسلام لـە ناویانـدا بـاو بـووە و بێگومان حەزرەتی محەمەدیش (د.خ) لە سەر خـەتەنـە هیچـی نــەوتووە. ســارا عــەلی لــە کتێبەکەیــدا لــە ژێــر نــاوی ژنێــک

هەڕەشەی لە سەرە دەنووسێت: «قورئان وەک دەقێک کە ڕێنوێنییە سەرەکییەکانی ئامادە کردووە (دەقێک کە هەندێ فەرمان و یاسای بە شێوەی دیاریکراو تێدا هاتووە) هیچ ئاماژەیەک بە پرسی خەتەنە ناکات، نە بۆ پیاوان و نە بۆ ئافرەتان. بەڵام لە قورئاندا باس لە پەیوەندی سێکسی لە هاوسەرگیری کراوە کە لە سەر بنەمای تێربوونی هەر دوو لایە و قورئان ئەمە بە نیعمەتێک لە لایەن خوداوە دەزانێ.»

قورئان ڕاشکاوانە ئاماژە بە گرینگی چێژبردنی هاوسەرەکان لە یەکتر دەکات: «لە شەوگاری ڕەمەزاندا تێکەڵ بوونتان لەگەڵ هاوسەرانتان بۆتان حەڵاڵ کراوە. ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان ... (سوورەتی بەقەرە، ئایەتی 187) وەرگێڕانی بورهان محەمەد ئەمین» و یان لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرمێ «یەکێک لە نیشانە و بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایدا و لە نێوانتان خۆشەویستی و سۆز و مێهرەبانی فەراهەم هێناوە.» (سوورەتی الروم، ئایەتی 21 هەمان.) هەر کارێک کە پرۆسەی تێربوون لە پەیوەندی سێکسی بشێوێنێت ئەوە بە ڕوونییەوە لەگەڵ زاتی ئیسلام ناسازە. بە پێی کتێبی الفقە المنهجهی هلی مذهب الامام شافیعی کە کتێبێکە لە بواری فیقهی ئیسلامی: «ئەوەی کە ژنان و پیاوان توانای پەیوەندی سێکسیان هەبێ و چێژی لێ ببینن نێعمەتێکە کە لە لایەن خوداوە پێیان بەخشراوە. ئەم توانایە یەکێکە لە بەهێزترین خواستەکانی

ئـاژەڵان. بـە پێـی یاسـا ئیسـلامییەکان توانـای چێژبـردن لـە پەیوەنـدی سێکسـی یەکێکـە لـە ئامانجـە گرینگـەکان. کەواتـە [تێرکردنـی ئـەم ئـارەزووە] یەکێکـە لـە مافـە سـەرەتاییەکانی هەموو مرۆڤەکان» (الخن، 1413 ک.م)

نامیلکەی پرسیار و وڵام کە بنیاتی بریتانیایی توێژینـەوە و گەشـەی تەندروسـتی ژنـان[1] بـڵاوی کردووەتـەوە ئامـاژە بـەوە دەکات کە «سەرەڕای ئەوەی قورئان ماف و ئـەرکێکی زۆری بـۆ ژنـان دیـاری کـردووە، وەک دووگیـانی، شـیردان بـە سـاوا، تەڵاق و هتد، سەبارەت بە خەتەنەی کچان هیچـی نـەوتووە.» قورئان فێرمان دەکات «لە ئافراندنەکانی خودادا هـیچ کـەم و کوڕییـەک بـەدی ناکرێـت.» بـەم شـێوە دەتـوانین خەتەنـەی کچان بە جۆرێک دەست درێژی پیاوان لـە قەڵـەم بدەین کـە لـە ئافرانـدنی بێعـەیبی خـودادا نوقسـانی دروسـت دەکـەن و ژنان لە ماف و چێژێک کە خودا وەک مرۆڤ پێی بەخشـیون بێبەش دەکات.

1. Women’s Health Research and Development



ئاهەنگی هاوسەرگیری لە باشووری ئێران. وێنە لە ش. تەلندە

هەندێ تێدەکۆشن بە گەڕانەوە بۆ فەرموودەکانی حەزرەتی محەمەد (س.خ) پاکانە بۆ خەتەنەی کچان بکەن. لەم بوارەدا فەرموودەی جۆراوجۆر زۆرن کە وەک بەرگرییەک لە خەتەنەی کچان شرۆڤەی دەکەن. یەکێکیان ناسراوە بە فەرموودەی خەتەنە بەم شێوەیە: «اخْفِضي وَلَا تَنْهَكي فإِنَّهُ أنْقضرُ لِلوَجهِ وأحظى عنْدَ الزَّوجِ»

«حەزرەتی محەمەد بە ئافرەتێک کە لە مەدینە پێیان دەوت ئوممە عەتییە و ئافرەتانی خەتەنە دەکرد وت: کاتێک ئافرەتێک خەتەنە دەکەی لە ئەندامی زا و زێی زۆر مەبڕە بۆ ئەوەی سیمای گەشاوە بێ و لای مێردەکەی خۆشەویستتر بێت.»[1]

ئەم فەرموودە دوو واتای هەیە هەم لایەنگری خەتەنەی

1. سنن ابو داود لە ویکیپێد

کچان پشتی پێ دەبەستن و هەمیش دژبەران. بە بۆچوونی لایەنگران گرینگ ئەوەیە کە بە پێی ئەم فەرموودە خەتەنەی کچان قەدەغە نییە و بە بۆچوونی دژبەرانی ئەم کارە، پێغەمبەر پێشنیاری داوە کە ڕێژەی برینەکە دەبێ لە کەمترین ئاستدا بێت، کە ئەمە واتە هیچ زیانێک بە کچان نەگات.

خوو و ڕەوشتی حەزرەتی محەمەد شانۆیەکی ڕاستەقینەیە لە وانەکانی قورئان. بەو پێیەی لە قورئاندا باس لە خەتەنەی کچان نەهاتووە، بایەخی ئەم فەرموودە جێی دوودڵی و پرسیارە و ئەبوو داوود (یەکێک لە گێڕەوەرانی فەرموودە) ئەمە لە ڕیزی فەرموودە «لاواز»ەکان دادەنێت. کۆمەڵەی ئەبوو داوود یەکێک لە شەش کۆمەڵەی کلاسیکی فەرموودەکانە کە ئەم فەرموودەی تێدا گێڕدراوەتەوە (بەشی 1888). بە باوەڕی سەید سابق، یەکێک لە زانایانی بەناو بانگ و نووسەری فقە السنە، هیچ کام لە فەرموودەکانی پەیوەندیدار بە خەتەنەی کچان جێی متمانە نین.

لەم بارەوە زۆر وتراوە و زۆرێک لە زانایانی ئیسلامی کۆمەڵێ بەڵگەیان بۆ پشتڕاستکردنەوە یان ناشیرین کردنی خەتەنەی کچان خستووەتە ڕوو. لەساڵی 2006 لە زانکۆی ئەلئەزهەری قاهیرە لە میسر کۆنفرانسێک بەڕێوە چوو کە زۆرێک لە زانایانی ناسراوی ئایینی تێیدا بەشدار بوون. لە کۆتایی ئەم کۆنفرانسەدا ئەم ئەنجامە دەست کەوت کە خەتەنەی کچان دەبێ قەدەغە بکرێ چوونکە کارێکی

ئیسلامی نییە. پرۆفیسۆر عەلی جوومعە، موفتی مەزنی میسری ئەو کات، لەم کونفرانسەدا وتی: «خەتەنەی کچان چ لە ڕووی دەروونی و چ لە ڕووی جەستەییەوە زیان بە ئافرەتان دەگەیێنێت. بۆ پشتیوانی لە بالاترین بەها ئیسلامییەکان، کە هەمان زیان نەگەیاندن بە خەڵکە و بە پێی فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام «لا ضرر و لاضرار في الاسلام» (زیان و زەرەر گەیاندن بە خۆتان و خەڵک نەشیاوە)» دەبێ ئەم کارە وەلا بنرێت. ئینجا دەتوانین ئەم کارە وەک دەستدرێژی بۆ سەر مرۆڤایەتی سەیر بکەین و بە شیاوی سزادانی بزانین.»

لە ساڵی 2010، کومیتەی بالای فتوا لە هەرێمی کوردستانی عێراق فتوایەکی سەبارەت بە خەتەنەی کچان دەرکرد. هەڵوێستی ئەم فتوایە ئەوە بوو کە خەتەنەی کچان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئیسلام، کەواتە هەر چەشنە پەیوەندییەکی لەگەڵ ئیسلام ڕەت دەکرێتەوە، سەرباری ئەمەش وترا بوو خەتەنەی کچان هی ئەهلی سوننەیە و بۆ ئەوانەی وا دەست دەدەنە ئەم کارە هیچ سزایەک دیاری نەکراوە. هەڵبەت دژبەرانی خەتەنەی کچان پێشوازییەکی ئەوتۆیان لەم فتوایە نەکرد. لە کاتێکدا کە کونفرانسی ئەلئەزهەر خەتەنەی کچان بە تەواوەتی ڕەت دەکاتەوە و بۆ کۆتایی پێهێنانی بەڵگەی پتەو دەخاتە ڕوو، کومیتەیەکی فتوای چاکساز بۆ درێژەدان بەم کارە ڕێک خست.

**فتوای دەروەست بە خەتەنەی کچان لە هەرێمی کوردستان**

بە گوێرەی یاساکانی خەتەنەی کچان لە فیقهی ئیسلامی و هەروەها بە پێی کومیتەی باڵای فتوا سەبارەت بەم بابەتە، کومیتەی باڵای فتوای کوردستان بەم شێوە وڵامی دایەوە:

لە ڕاستیدا ئیسلام خەتەنەی کچانی دانەهێناوە، ئەمە نەریتێکی کۆنە کە لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا باو بووە. مێژووناسی بەناوبانگی یۆنانی کۆن، هێرۆدۆت دەڵێ: ئەو کۆمەڵگایانەی وا لە چاخە کۆنەکاندا کچانیان خەتەنە دەکرد بریتی بوون لە میسر، ئاشوور، فینیقییە و ئتیۆپی. کۆمەڵگاکانی دیکە ئەم کارە لە میسرەوە فێر بوون. شێخ مەحموود شەڵتووت، کە یەکێکە لە شێخانی پێشووی ئەل‌ئەزهەر، دەڵێ: خەتەنەی کچان کارێکی کۆنە. زۆرێک لە کۆمەڵگاکان لە سەرەتای مێژووەوە ئەم کارەیان دەکرد و هەتا دەرکەوتنی ئیسلامیش ئەم کارە درێژەی هەبوو.

**ئایینزاکان و خەتەنەی کچان: ئاڵۆزییە ئایینییەکان لە وڵاتی ئێران**

وەک لە بەشەکانی پێشوودا وتمان دەوڵەتی شیعە مەزهەبی ئێران ئامادە نییە خۆی لە بابەتی خەتەنەی کچان بدات و بە هی ئەهلی سوننەی شافیعی مەزهەبی دەزانن کە زۆرتر لە بەشە پەرە نەسەندووە کوردنشینەکانی سەر سنووری ئێران و کۆمەڵگا فارسی زمانە سوننە مەزهەبەکانی باشووری ئێران باوە. مێژووی ناکۆکی تاقمیی نێوان ئەهلی سوننە و شیعە چەندین سەدەیە. لە نێوان ئەم دوو مەزهەبەی ئیسلام لە بوارەکانی ئایین و ئتنیک جۆرێک بێ‌متمانەیی بەدی دەکرێ

و هەر لەبەر ئەمەش هەر چەشنە دەستێوەردانێکی دەوڵەت لە دژی خەتەنەی کچان لەوانەیە ببێتە هۆی تووڕەیی لە دژی دەستێوەردانی فەرماندەرانە یان هەمان فەرمان لە سەرەوە.

## توصيات المؤتمر

*****

بسم الله الرحمن الرحيم

انعقد "مؤتمر العلماء العالمي نحو حظر انتهاك جسد المرأة" في الأول والثاني من ذي القعدة ١٤٢٧ هـ الموافق ٢٢ – ٢٣/١١/٢٠٠٦م في رحاب الأزهر، وألقي فيه عدد من البحوث، وبعد مناقشات السادة العلماء والأطباء والمتخصصين والمهتمين من مؤسسات المجتمع المدني في مصر وأوربا وأفريقيا توصل المؤتمر إلى ما يلي:

١. كرّم الله الإنسان فقال تعالى: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾ فحرم الاعتداء عليه أيا كان وضعه الاجتماعي، ذكرًا كان أم أنثى.

٢. ختان الإناث عادة قديمة ظهرت في بعض المجتمعات الإنسانية، ومارسها بعض المسلمين في عدة أقطار تقليدًا لهذه العادة دون استناد إلى نص قرآني أو حديث صحيح يحتج به.

٣. الختان الذي يمارس الآن يلحق الضرر بالمرأة جسديًا ونفسيًا، ولذا يجب الامتناع عنه امتثالاً لقيمة عليا من قيم الإسلام، وهي عدم إلحاق الضرر بالإنسان، كما قال رسول الله صلى الله عليه وسلم "لا ضرر ولا ضرار في الإسلام" بل يُعد عدوانًا يوجب العقاب.

٤. يناشد المؤتمر المسلمين بأن يكفوا عن هذه العادة، تماشيًا مع تعاليم الإسلام التي تحرم إلحاق الأذى بالإنسان بكل صوره وألوانه.

٥. كما يطالبون الهيئات الإقليمية والدولية بذل الجهد لتثقيف الناس وتعليمهم الأسس الصحية التي يجب أن يلتزموا بها إزاء المرأة، حتى يقلعوا عن هذه العادة السيئة.

٦. يُذكّر المؤتمر المؤسسات التعليمية والإعلامية بأن عليهم واجبًا محتمًا نحو بيان ضرر هذه العادة، والتركيز على آثارها السيئة في المجتمع، وذلك للإسهام في القضاء على هذه العادة.

٧. يطلب المؤتمر من الهيئات التشريعية سن قانون يُحرمّ ويُجرّم من يمارس عادة الختان الضارة فاعلاً كان أو متسببًا فيه.

٨. كما يطلب من الهيئات والمؤسسات الدولية مد يد المساعدة بكافة أشكالها إلى الأقطار التي تُمارس فيها هذه العادة كي تعينها على التخلص منها.

بۆ ئەم توێژینەوە، بەدەر لە پەیوەندی ساز کردن و

وەدەستهێنانی دەنگی ڕێبەرانی مەزهەبی سوننە لەو ناوچانەی وا کچانی تێدا خەتەنە دەکرێ، سەردانی هەر دوو شاری پیرۆزی قوم و مەشهەدیشمان کرد کە زۆربەی ڕێبەرانی تەقلیدی ئێران لەوێ جێگیرن و نووسینگەی فەرمی ڕاوێژییان هەیە.[1] ئەوان لە حەفتەدا دوو ڕۆژ «حەڵقەی مەعریفەت» بەڕێوە دەبەن. داوای بۆچوونی ڕاوێژکاری هەندێ لەم ئایەتە بەرزانە – یان ڕاستەوخۆ لە خۆیان و یان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان، سەبارەت بە بایەخی خەتەنەی کچان لە مەزهەبی شیعەمان کرد و بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێ لە وڵامەکانیان لێک دژ بوون، هەر هەموویان سوور بوون لە سەر ئەوەی ڕیشەی خەتەنەی کچان زیاتر لە مەزهەبی سوننەدایە و بە سەر شیعەکاندا واجب نییە. ئەگەر لە ناو کەمینەکانی شیعە لە هەندێ لە دەڤەرەکانی ئێران و عێراقیش ئەم کارە باوە، زیاتر بە هۆی دراوسێیەتی و نزیکایەتی زۆرینەی سوننەیە، کەواتە بەر لە هەموو شتێک بە هۆی نزیکایەتی کەلتوورییە.

بە دڵنیاییەوە فتوای شیعەکان لە ناو ئەهلی سوننەدا زۆر برەوی نییە و جیا لەوە موسڵمانێکی ئەهلی سوننە زیاتر شوێنکەوتەی «سوننەت»ـە و چەمکی وەدوای فتوا کەوتن وەک لە ناو شیعەکاندا باوە، لای ئەهلی سوننە وا نییە.

باسەکەی سەرەوە گوزارشتە لەم کێشەی کە فتوا

1. لە 25 ڕێبەری تەقلیدی شیعە 18 کەسیان لە ئێران و وەک وترا زۆربەیان لە مەشهەد و قوم دەژین.

دەرکراوەکان لە لایەن زانایانی ئایینی خاوەن ڕای شیعە وەک ڕێبەرانی تەقلید لە دژی خەتەنەی کچان لە ناو ئەهلی سوننەی لایەنگری خەتەنەی کچان بایەخی نییە. کەواتە هەر چەشنە هەوڵێک بۆ سەپاندن یان بەڕێوە بردنی فتوا دەرکراوەکانی شیعە لە لایەن ڕێبەرانی مەزهەبییەوە، لەوانەیە ئەنجامی پێچەوانە و تووڕەیی گرووپە سوننەکانی لێ بکەوێتەوە. سەرباری ئەوەی شیعە، مەزهەبی فەرمی ئێرانە، پشتیوانی زانایانی ئایینی سوننە دەتوانێ دۆخێکی باشتر بۆ یاسادانان لە پەسندکردنی یاسای دژ بە خەتەنە کردنی کچان بێنێتە کایەوە.



مامۆستای ئایینی دژبەری خەتەنەی کچان. گوندی گامبرۆن لە هورموزگان وێنە لە کامیل ئەحمەدی

**ڕوانگەی زانایانی ناسراوی ئایینی**

لـە درێـژەی ئـەم توێژینـەوە 14 فتـوای جۆراوجـۆر، چەنـدین دەقی ڕێنوما و پێشنیارنامە لە زانایانی ئایینی ئەهلی سوننەی ئێران کۆ کراوە و پەیوەندییەکی پڕ بەرهەم لەگەڵ زۆربەی زانایانی ناسراو و بەرپرسانی فەرمی لە ئەنجوومەنی زانایانی ئـایینی ئـەهلی سـوننەی پارێزگـای کوردسـتان، ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا، کرماشـان و هورموزگـان سـاز بـوو. هەنـدێکیان خەتەنەی کچانیان ئیدانە دەکرد. ئەگەرچی فتوای دەرکراو لە ناوچەیەک لەوانەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر دیکەی پارێزگاکان و لە هەندێ حاڵەتدا لە سەر گوندەکانی دەوروبەر نەبێت. بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە هەر گوندێک مزگەوت و مـەلای تایبـەت بـە خـۆی هەیـە کـە مووچەکەیان لـە لایـەن خـەڵکی ناوچەکـە دابـین دەبێـت، لەوانەیـە زانایـەکی ئـایینی ناوچەکـە فتوایـەکی دەرکـراو لـە لایـەن مامۆسـتایانی ئـایینی هاوئاسـتی خـۆی لـە بازگـەکانی دەورووبـەر بـە لاواز یـان بـێ بایەخ لە قەڵەم بدات.

لەم قۆناغەدا، ڕا و بۆچوونی هەندێ لە زانایانی ئایینی کە لە میانـەی توێژینـەوەدا کـۆ کراوەتـەوە دەخرێتـە ڕوو. هەنـدێ لـەم زانـا ئایینییانـە لایـەنگری وازهێنـان لـە خەتەنـەی کچـان بوون و هەندێکیان پشتیوانیان لێ دەکرد. بیر و ڕای هـەر دوو لا لە فیلمێکی دیکۆمێنتاریدا کە پێشتر باسمان کرد هاتووە.

مـەلا تالـب مووئـەدی زادە، بەنـدەری پێهێـل، پارێزگـای هورموزگان، ساڵی 2010:

«بە پێی بابەتە سەلمێنراوە پزیشکی و دەروونناسییەکان لە مەڕ مەترسییەکانی خەتەنەی مێینە و بوونی بەڵگەی بینراو لە سەر ئەوەی کە خەتەنەی مێینە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا ساردبوونەوە و کێشەی سێکسی لێ دەکەوێتەوە و هەروەها بە ڕچاو کردنی ئەم ڕاستییە کە ئایین بەردەوام داکۆکی لە سەر زانست دەکات و پێغەمبەری ئیسلامیش فەرموویەتی «هەڵوەدای زانست بن، تەنانەت ئەگەر لە چین بێت.» و زۆربەی زانستەکانیش زیانەکانی ئەوەیان سەلماندووە و سوورن لە سەر ئەوەی ئەم کارە ئەنجام نەدرێت، کەواتە باشتر وایە ئەنجام نەدرێت.» من هاوسەرەکەم (ئەمینە مەولەوی) بەردەوام بە خەڵکی ئەم بەندەرە و گوندەکانی دەوروبەر پێشنیار دەکەین کە کچەکانیان خەتەنە نەکەن، بەڵام خەتەنە بۆ کوڕان بەسوودە و واجبە. (بەندەری پێهێل – پارێزگای هورموزگان – دیسەمبەری 2010).»

مەولەوی شێخ سەلاحەدین چارەکی، مامۆستای ئایینی سوننە لە پارسیانی پارێزگای هورموزگان، ساڵی 2012:

«بەڵگەی باش لە بەردەستە کە چیتر پێویست بە خەتەنەی کچان ناکات. ئەمە زۆر کێشەی هەیە و لەوانەیە ببێتە هۆی ناپاکی پیاوان و هەڵبژاردنی ژیانی فرەژنی.» بەڵام ئیمام شافیعی دوو بۆچوونی جیاوازی لە بارەی خەتەنەوە هەیە و دیکەی مامۆستایانی ئەهلی سوننە لەو باوەڕەدا نین کە ئەم کارە واجب بێت. کەواتە بە بۆچوونی من ئەوەی کە

سەلمێنراوە، ئەوەیە کە بۆ پەیوەندی سێکسی خەتەنە باش نییە و ڕێژەی وردی برینەکەی نارۆونە، نەکردنی ئەم کارە باشتر و شیاوترە. من هیچ کام لە کچەکانی خۆمم خەتەنە نەکردووە چوونکە لە زیانەکانی بۆ سەر جەستە و دەروونیان دەترسم. (پارسیان – پارێزگای هورموزگان – ئاپریلی 2012)».

لەم نێوەندەدا سەرنجڕاکێشترین و لیبراڵیترین بۆچوونی حاجی مەلا سەید حەسەن واژی، مامۆستای ئایینی ئەهلی سوننەی پیرانشار لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بوو.[1]




حاجی مەلا سەید حەسەن واژی پێی وایە زانستی نوێی پزیشکی جەخت لە سەر زیان و زەرەرەکانی خەتەنەی کچان بۆ سەر جەستە و دەروونیان دەکاتەوە. ناوبراو دەڵێ بە پشتبەستن بە ئیمام شافیعی و فەرموودەکەی پێشوو، خەتەنەی کچان بۆ گەشبوونی ڕوخسار ر و هەڵکشانی ئارەزووی سێکسی و ئاسانکاری بۆ پەیوەندی سێکسی

1 . https://www.facebook.com/malahasan. vazhi?fref= pb&hc _ location = friends_tab&pnref= friends.all

بەسوودە. ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ بە ڕچاوگرتنی ئەم بابەتە، ئێمە ناتوانین بە تەواوەتی خەتەنەی کچان قەدەغە بکەین، بەڵام بە پێی تێگەیشتنی گشتی دەتوانین بڵێین ئیسلام بە کار یان کۆمەڵێ کارێک کە ببێتە هۆی زیان و خەسارەت، نارازییە، و بە گوێرەی ئەم ڕاستییە کە لە ئێستادا زانستی پزیشکی خەتەنەی کچان بە زیانبەخش دەزانێ و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لە فەرمانی گشتی کە تەنیا کەمێک لە ئەندامی زا و زێ ببڕدرێت، ئیسلام بڕیاری خەتەنە کردنی خستووەتە سەر ئافرەتان خۆیان:

کچ بۆی هەیە بۆچوونی پسپۆڕ بپرسێ و ئەگەر خەتەنەچییەکی شارەزای دەست کەوت، پاش گەیشتن بە تەمەنی یاسایی، دەتوانێ بڕیار بدات کە ئەم کارە بکات یان نا.

خەتەنە کردنی کچان لە سەر دایک و باوک واجب نییە. بڕیاردان لە سەر ئەم بابەتە لە سەر ئەستۆی کوڕان و کچان خۆیانە. لەو حاڵەتانەی وا دایک و باوک دوودڵن یان سوورن لە سەر ئەوەی ڕۆڵەی خۆیان خەتەنە بکەن شوێنکەوتووانی مەزهەبی ئیمام شافیعی بۆیان هەیە بنەمای سێ قوتابخانەی دیکەی فیقهی سوننە بە کار بێنن کە خەتەنەی کچان بە واجب نازانن. بۆ ئەهلی سوننە لە هەلومەرجی تایبەتدا گۆڕینی قوتابخانە ڕێگەپێدراوە.

مەلا حەسەن دەڵێ: «بە ڕای من، خەتەنەی کچان سوودێکی ئەوتۆی بۆ کچان نییە و خۆشم لەم بارەوە

هۆشداریم بە ئەندامانی بنەماڵە، کەسانی نزیک و دۆست و هاوڕێکانم داوە. من هەروەها لە وتارە ئایینییەکانمدا لە نوێژی هەینی سەبارەت بە خەتەنەی کچان پێشنیار و ڕێنومایی دەدەم و نەمهێشتووە ئەندامانی بنەماڵەی خۆشم ئەم کارەیان بە سەردا بسەپێنرێت.» (مزگەوتی عەشەرەی موبەشێرە، پیرانشار، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئاپڕیلی 2015، هەروەها بگەڕێنەوە سەر مەلا حەسەن بکەن)



مزگەوتێک لە مەهاباد، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. وێنە لە کامیل ئەحمەدی

ئیلهام مەندگاریش لە تێزەکەیدا، پێشێلکردنی یەکپارچەیی جەستەی ژن لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤ، لە بۆچوونی دوو زانای ئایینی باشووری ئێران ڕاپۆرتێک ئاراستە دەکات: شێخ ئەحمەدی ڕەحمانی وتوویەتی «ئەگەری هەڵەکردن لە هەموو ئایینێکدا هەیە. ئەگەر وا نەبوایە، ئیمام شافیعی خۆشی خاوەن دوو بۆچوون نەدەبوو (ناوبراو بڕینی ئەندامی زا و زێی ئافرەت

هەم بە واجب دەزانێ و هەمیش بە موستەحەب). ئەم هەڵە لەوانەیە زۆر هۆکاری جیاواز لە خۆ بگرێت. یەکێک لە هۆکارەکان ڕەنگە ئەوە بێ کە ئیمام شافیعی وتەی پێش و پاشی هەیە (متقدم و متأخر). وتە پێشترەکانی هی ئەو کاتەیە وا لە عێراق دەژیا و ڕەنگە ئەو بۆچوونانەی لە مامۆستایان یان فەرموودەکان وەرگرتبێت. دواتر چوو بۆ میسر و بێگومان چاوی بە زانای نوێ کەوتووە و ئەوانی ناسیوە و لە هەندێ بابەتدا وازی لە بۆچوونە کۆنەکانی هێناوە.»

شێخ محەمەد مێهدی، لە دوورگەی قیشمەوە دەڵێ: «بۆچوونی ئایین بۆچوونی هەموو گەورە پیاوانی ئایین نییە. سەردەمانێک ئەمە زۆرەملێ بوو. ئایین لە بواری خۆیدا بۆچوونی خۆی هەبوو. ئێستا زۆرێک لە فتواکانی ئیمام شافیعی لە هەندێ ناوچەدا کەڵکی نەماوە. هەتا ئەو جێگەی کە هەندێ لە فەرموودەکانی پێغمبەری ئیسلام، لە هەندێ شوێندا هیچ کارکردێکی نییە، چوونکە ئیجتهادین. ئەمە خەتەنەی کچانیش دەگرێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر قوتابخانەی شافیعی لەو سەردەمەدا شتێکی وتبێت، تەنیا لە میسردا بە کار هاتووە. ئەو کات دۆخەکە تایبەتیی بوو و ئەم فتوایەی ئیمام شافیعی پێویست بوو و ڕەنگە نەتوانرێ فتواکەی لە ئێراندا بە کار بهێنرێت. بابەتە فیقهییەکان هەرگیز ناتوانن ببنە فەرمانێکی گشتی، واتە لەوانەیە لە لایەن زانایەک و لە هەلومەرجی تایبەتدا دەرکرابن، لە شوێنێک واجب بن و لە شوێنێکی دیکەدا تەواو بێکەڵک بن.»



قوتابیانی وانە مەزهەبییەکان. وێنە لە ش. تەلندە

ئیلهام مەندگاری وتووێژێکیشی لەگەڵ مەلا جەماڵەدین واژی لە گوندی پەسوێ کە دەکەوێتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ئەنجام داوە. ناوبراو پێی وایە بە هۆی زۆرێک لە پەیوەندییە سێکسییە نارەواکانی پاش هاوسەرگیری، بە پشتبەستن بە زانیاری متمانە پێکراو، تێرنەبوونی لایەنەکانە لە پەیوەندییە سێکسییەکان. بە جۆرێک کە هەر کام لە لایەنەکان ئەوی دیکە بە تاوانبار دەزانێ و لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری لەگەڵ یەک یان دوو کەسی دیکە هەوڵی تێرکردنی خۆیان دەدەن. بە بۆچوونی ئەو ڕیشەی ئەم کێشە لە خەتەنەی نائیسلامی کچانە. بەدەر لەوە بە گوێرەی توێژینەوەکانی ئەو، پسپۆڕانی ژن لەو باوەڕەدان کە لە هەندێ حاڵەتدا ئەندازەی گەورەی لچی بچووکی شەرمگە پەیوەندییە سێکسییەکان تێک دەدات. لەم حاڵەتانەدا و بە پشتبەستن بە توێژینەوەکانی ناو کتێبە پزیشکییەکان، تەنیا دەتوانرێ بەشێک لەو ئەندامە ببرڕدرێت. شایەنی ئاماژە پێدانە هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، هیچ ڕاپۆرتێک لە سەر ئەوەی کە ئەندازەی گەورەی بەلۆکە تێکدەری پەیوەندییە

سێکسییەکانە، بڵاو نەبۆتەوە.

گۆڕینی زەینییەتی خەڵکی ئاسایی بەرامبەر بە خەتەنەی کچان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ گۆڕینی بیرکردنەوەی زانایانی ئایینی سەبارەت بەم بابەتە هەیە. وردبینی سەبارەت بە بابەتی خەتەنەی کچان، زانایانی ناسراوی ئیسلامی ناچار کردووە زیاتر لە قورئان و فەرموودە ورد ببنەوە کە ئەمەش ئەنجامی ئەرێنی بۆ دەرکردنی فەرمانی دژ بە خەتەنەی کچانی لێ کەوتۆتەوە.

هەندێ لە شێخ و زانایانی ئایینی ناسراو، لەوانە هەندێ لە ڕێبەرانی بەجەرگی ئەهلی سوننە لە ئێرانیش ڕاشکاوانە ئیدانەی خەتەنەی کچانیان کردووە و بە کارێکی «مووستەحەب نەک واجب»ی دەزانن. ئەو گێڕانەوانەی وا پێشتر ئاماژەم پێکرد، دەرخەری لایەنێکی بەربڵاوە لە بەڵگە بەکارهاتووەکانی خاوەن بۆچوونەکانن. شێخ ئەلعورفەش لە وڵامی یەکێک لە پرسیارەکانمان سەبارەت بە خەتەنەی کچان، ئەم کارەی بە کارێکی زیانبەخش و خەسارەتبخەشی زانی. ئەگەرچی هەر چوار قوتابخانەی فیقهی ئیسلامی[1] ئەم کارە بە واجب یا موستەحەب لە قەڵەم دەدەن، بەڵام هەندێ لە زانایانی زانکۆی ئەلئەزهەری قاهیرەش هەڵوێستی خۆیان هەیە کە لەگەڵ هەڵوێستی ئەم چوار قوتابخانە فیقهی ئیسلامە ناکۆکە.

---

1ـ وەک دەزانین فیقهی ئەهلی سوننە لە چوار قوتابخانەی حەنبەلی، مالکی، حەنەفی و شافیعی پێک هاتووە.

**قەرەبووکردنەوەی یاسایی خەتەنەی کچان**

هەنـدێ لـە زانایـانی ئـایینی لایـەنگری خەتەنـەی کچـان لـە کوردستان و باشووری ئێران بەرگری لـەم کارە دەکـەن و بـە پێی ئەو فەرموودەی کە پێشتر لەم بەشەدا هات، بەڵگەکانیان تۆکمە دەکەن. ئەم فەرموودە دەتوانێ وەک ڕێکارێک شرۆڤە بکرێ کە خوازیاری ئەوەیە کە ڕێژەی بڕین لە خەتەنەی کچان دەبێ بگاتە کەمترین ئاستی خۆی. دیارە هەندێ لە شێوەکانی خەتەنەی کچان زۆرە و هەم لە ڕووی جەستە و هەمیش لە ڕووی دەروونییەوە زیان بە ژنان دەگەیێنێت، بۆ وێنە بڕینی لچەکانی شەرمگە.

فەقێکانی هەر چوار قوتابخانەکە ڕایدەگەیێنن کە بڕینی هەر دوو لچی شەرمگە وەبەر دییەی تەواو و بڕینی هەر لچێک وەبەر نیوەی دییەی تەواو دەکەوێت (خەتیب شەربینی، 1415 ک.م. 4 ل 74 ئەلجوینی، 1428ک.م. 438:16).

مەبەست ئەمەیە کە ئەو کەسەی وا توانای چێژبردن لە پەیوەندی سێکسی لە دەست دەدات، دەبێ قەرەبووی ماڵی یان هەمان دییەی تەواوی پێ بدرێ کە یەکسانە لەگەڵ کوشتنی نەفس. بۆ وێنە ئەگەر کەسێک پشتی کەسێکی دیکە بشکێنێ، کەسی قوربانی دەبێ دییەی تەواو بۆ کەمئەندامی و دییەیەکی تەواویش بۆ لە دەستدانی پەیوەندی سێکسی وەربگرێت. لە حاڵەتێکدا کە کەسەکە بتوانێ سێکس بکات بەڵام شاوەتی نەبێ، دیسانیش ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

(ئەلهەیتــــــەمی، 1357 ک.م، 8:482؛ ئــــــەلجووەینی 1428ک.م، 16:437)

بەدەر لە قوتابخانە هزرییەکانی سەرەوە، «تحفە» یەکێک لە سەرچاوەکانی پڕبایەخی شافیعییە، ڕاشکاوانە ڕایدەگەیێنێ کە کەسی قوربانی بتوانێ سێکس بکات بەڵام چێژی لێ نەبینێ، دەبێ دییەی تەواو وەربگرێ. کەواتە ژنێکیش کە خەتەنەی فیرعەونی کراوە دەبێ دییەی تەواو وەربگرێ. (ئەلهیتەمی، 1357 ک.م، 8:482)

سەرەڕای ئەوەی خەتەنەی ژنان وەک ڕێورەسمێکی ئایینی سەیر دەکرێ، پرسی دییە و سزاکان بابەتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان نەکراوە. بەهەر حاڵ یاسایەکی گشتی دیکە هەیە کە بە پێی ئەو ئەگەر کەسێک هەر چەشنە زیان یان خەسارەتێکی بە سەر هات کە قەرەبووکردنەوەیەکی بۆ دیاری نەکرابوو، سیستەمی داد دەبێ ڕێژەی قەرەبووەکەی بۆ دیاری بکات. ڕێژەی زیان بە جەستە و دەروون و دییەی هاوچەشن بۆ ئەوان دیاری کراون. سەرباری ئەمەش، بێبەشبوون لە چێژی سێکسی لەو مژارانەیە کە دەبێ دییەی تەواوی بۆ تەرخان بکرێت (خەتیب شەربینی، 1415 ک.م. 4: 482).

لە ئیسلامدا خەتەنەچییەکان بەرپرسی ئیشی خۆیانن چوونکە خەتەنە ڕێکارێکی دیاریکراو دەقۆزێتەوە و ئەگەر کەسێک بە وردی ئەم ڕێکارە نەگرێتە بەر و ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئەندامی زا و زێ، دەبێ دییەی تەواو بدات (بەیهەقی، 1366 ک.هـ 8:325).

## بەشی چوارەم: ئەنجامەکان، ڕاهێنانەکان و پێشنیارەکان

**دەستکەوت**

لـە سەرتاسـەری دنیـادا مەبەسـت لـە خەتەنـە کردنـی کچـان مەلکەجکردنیانــە و بــە نــاوی کەلتــوور و ئایینــەوە ئــەنجام دەدرێت. وەک لە درێژەی ئەم پرۆژەدا بـەدی کرا ئـەم کارە هـیچ بنەمایـەکی ئـایینی نییـە، بـەڵکوو هەنـدێ بـە ڕەپاڵکردنی خەتەنە بە ئایینەکان لەوانە ئایینی ئیسلام تێدەکۆشن چـین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم کارە هـان بدەن. سەیر لەوەدایە کە ژنان خۆیان لـە درێـژەدان بـەم کارە دەوری سـەرەکییان هەیـە. ئەگـەرچی دەتـوانین بڵێـین زێـدی سـەرەکی خەتەنـەی ئافرەتـان ئەفریقایـە، بـەڵام زۆر توێژینـەوە ئەوەیان دەرخستووە کـە خەتەنـەی ئافرەتـان تـەنیا لـە ئـەفریقا سـنووردار نەکراوەتــەوە و لــە خۆرهــەڵاتی نــاڤین، ئاســیا و تەنانــەت لــە کۆچبــەرانی پەنابــەری ئوســترالیا، نیووزیلەنــد، کەنـەدا، ئـەورووپا و ئـەمریکاش ئـەم کارەی بـاوە. هـەر بۆیـە، چیتر وڵاتانی دیکە ناتوانن سەبارەت بەم کێشە کەمتەرخـەمی بنوێنن.

داتاکانی یوونیسێف پیشانی دەدا کە ڕێژەیەکی زۆری ژنان لە سەر ئاستی هەموو جیهان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە هۆی خەتەنەوە زیانیان پێ گەیشتووە و لەگەڵ لێکەوتەکانی دەست و پەنجە نەرم دەکەن. بە پێی ڕاپۆرتی یوونیسێف ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو 140 ملیۆن کەسە و بەم ڕەوتەی ئێستا ساڵانە 3 ملیۆن کچ مەترسی خەتەنەیان لە سەرە (یوونیسێف، 2014 # 376). سەرەڕای ئەمەش لە زۆربەی وڵاتان ئەم کارە ڕووی لە دابەزینە و ڕوانگەی خەڵک بۆ ئەم کارە خەریکە دەگۆڕدرێت. سەرباری ئەوەی نەبوونی چاودێرییەکی دروست و شیاو، وای کردووە هەڵسەنگاندنی ئەم ڕەوتانە یان هەڵسەنگاندنی ڕادەی سوودمەندبوونی کەمپەینەکانی پێشوو لە جیهان لە دژی خەتەنەی کچان چەتوون بێت، دەتوانین ئەنجامێکی گشتی دەست بخەین کە لە ئیشی پێداچوونەوە و بەهێزکردنی دەستێوەردەر و سیاسەتەکانی پەیوەست بە وەستاندنی خەتەنەی هاوکاریمان دەکات.

لە بەشی 1 پاش ناساندنی خەتەنەی کچان و جۆرەکانی، تیشکمان خستە سەر خەتەنەی کچان لە سەر ئاستی جیهان و پێشینە مێژووییەکەی و ئەم کارەمان گرێ داوە بە شێوەکانی پیاوسالاریی هەزاران ساڵە. پیشانمان دا کە سەرەڕای ئەوەی خەتەنەی کچان لە ناو چین و توێژی موسڵمان، مەسیحی، جوولەکە و تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەی وا ئایینی یەکتاپەرستییان نییە، وەک دانیشتووانی ڕەسەنی

ئوسترالیا باوە، بەڵام بناغەی ئەم کارە ئایینیی نییە.

لە بەشی 2 باوبوونی خەتەنەی کچانمان لە ئێراندا تاوتوێ کرد. توێژینەوەکانمان ئەوە دەردەخەن کە ئەم کارە لە ناویاندا باوە، خەتەنەی کچان دەورێکی سەرەکی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا هەیە و بۆ نەهێشتنی پێویستمان بە هەوڵێکی بەربڵاو و بەردەوام هەیە. ئەم توێژینەوە زانیاری سەرەتایی پێویست بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئەنگێزە و چوارچێوە کەلتوورییە شاراوەکانی ئەم کارە و باوبوونی دەخاتە ڕوو و هەڵبەت بۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کارە ڕێکاری سادە و دڵنیا گەڵاڵە دەکات.



ئاهەنگی مارەبڕین، باشووری ئێران وێنە لە ش. تەلندە



ڕاپرسی لە ژنان سەبارەت بە خەتەنە، وێنە لە کامیل ئەحمەدی

لە ئێران، بە هۆی شوناسی توند و ناسازگاری خەتەنەی کچان، ئیشی چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ بنەبڕکردنی خەتەنە زۆر کێشەدارە. سەرباری ئەمەش، ئەم لێکۆڵینەوە لە بەشی یەکەمدا پیشانی دەدا کە خەتەنەی کچان لە زۆرێک لە وڵاتان ڕووی لە دابەزینە و ڕوانگەی خەڵک سەبارەت بەم نەریتە لە ئاڵوگۆڕدایە. ئەگەرچی داتاکان گوزارشتن لەوەی ڕێژەی خەتەنەی کچان لە هەندێ لە وڵاتانی دیکەدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینیوە و وەک خۆیەتی. ئەگەرچی بە هۆی نەبوونی چاودێرییەکی شیاو لە سەر ئەم کارە ئەنجامی هەوڵی ئەم چەند دەیەی ڕابردوو بۆ کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان بە وردی شیاوی هەڵسەنگاندن نییە، بە ئەنجام گرتنێکی گشتی لەم داتایانە دەتوانین گۆڕانی سەرچەشنەکانی

جێبەجێکردنی ئەم کارە و ئاڵوگۆڕی ڕا و ڕوانگەی خەڵک بۆ ئەم کارە پشتڕاست بکەینەوە. تەنانەت هەر ئەوەندەش دەتوانێ لە ئیشی پێداچوونەوە و بەهێزکردنی ستراتیژییەکان، ئامانج، سیاسەتەکان و دەستێوەردان لە پێناو نەهێشتنی خەتەنەی کچان بەسوود بێت.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە هاوکاریمان دەکا بۆ ئەوەی لەم ڕاستییە تێبگەین کە خەتەنەی کچان پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی ئافرەتە. تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو هێزانە دەخاتە ڕوو کە لایەنگر و پشتیوانی ئەم کارە دێرینەن. ئەم لێکۆڵینەوە بە ڕوونی پیشان دەدا کە جگە لە ئەفریقا لە دیکەی ناوچەکانی جیهان لەوانە وڵاتی ئێران ئەم کارە باوە. لە بەشی یەکەم باوبوونی خەتەنەی کچان لە جیهان، بنچینەی مێژوویی بۆ پتر لە 2 هەزار ساڵ و پەیوەندییەکەی لەگەڵ باوک سالاری پیشان درا. پەیوەندی ئەم دیاردە لەگەڵ ئایین ناڕوونە، چوونکە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئیسلام و مەسیحییەت و هەروەها لە بەشی یەکدا ئاماژەی پێکرا کە لە ناو جوولەکە و باوەڕی دانیشتووانی ڕەسەنی وەک دانیشتووانی خۆجێیی ئوسترالیاش بینراوە. لە ناو مەسیحییەکانی بۆ وێنە ئێریترە و ئێتیۆپییش ئەم نەریتە دەپارێزن و لە ناو جوولەکەکان، گرووپەکانی بێتائیسراییل و فالاشا.[1] قسەمان لە سەر ئەوە نییە کە پاساوە

1. Favali and Pateman, 2003

ئایینییەکان هەندێ جار وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت کردنی ئارەزووی ژنان بە کار هێنراون. سەرباری ئەمەش، ژنان خۆیان لە گواستنەوەی ئەم نەریتە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە ڕۆڵیان بووە.

خەتەنەی کچان لە ئێران شتێکی تازە دەرکەوتوو نییە. نەبوونی زانیاری، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کارە نەبینرێت. سەرەڕای هەوڵی پەیتا پەیتا لە لایەن نووسەری ئەم توێژینەوە، دەوڵەتەکانی پێشوو ئامادە نەبوون دان بە بوونی ئەم دیاردەدا بنێن و بەو پێیەی کۆی مەسەلەکە لە نهێنییەکانە یان تابۆیە، خەڵکی ئاسایی لەم بارەوە بێدەنگیان هەڵبژاردووە. بناغەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ڕابردوومان لە سەر ئەو توێژینەوانە بووە کە زیاتر لە چوارچێوەی تێزی ماستەر و بە هەوڵی خوێندکاران ئەنجام درا بوو و توێژەرەکانیان ئافرەت بوون و خەڵکی ناوچەی گیرۆدەی خەتەنەی کچان نەبوون. و ئەمە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنێکی قووڵ و ناڕاستەقینەتری بابەتی کۆمەڵایەتییەکەی.

لە بەشی 3 ڕۆڵی پەیماننامە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانمان بۆ کۆتایی هێنان بەم کارە تاوتوێ کرد. سەرەڕای ئەوەی خەتەنەی کچان لە لایەن ئیسلامەوە نەسەپێندراوە، بەڵام زانایانی ئایینی لە درێژەپێدانی دەوری سەرەکیان گێڕاوە. توێژینەوەکەمان ڕاشکاوانە پیشانی دا کە یاساکان بە تەنیایی ناتوانن بیر و باوەڕی خەڵک بگۆڕن و بۆ نەهێشتنی ئەم نەریتە پێویستە چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان

و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان پابەندانە پێکەوە هاوکاری بنوێنن.

**کۆمەڵێ فێرکاری لە لێکۆڵینەوە و گەڵاڵەی تاقیکراوەی تاقیگەیی**

لە ماوەی ئەم دە ساڵی توێژینەوەدا زۆر شت فێر بووین و لە کارەکەماندا لە بەشداری و هاوکاری کردن لەگەڵ گرووپ و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لە هەموو ئاستەکاندا سوودمەند بووین؛ هەموو ئەمانە دەبنە هۆی باشتربوون و بەشداری ئەو گرووپانەی وا دەمانویست هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکەین. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا، دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤیش زانیاری نوێیان سەبارەت بە مەترسییەکانی خەتەنەی کچان و ناکۆکبوونی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ دەست کەوتووە و ئەمەش شەپۆلێکی نوێی لە ئاگاداری خستووەتە ڕێ و لە سەرچەشنی بەرەنگاربوونەوەی ئەم کارە وەرچەرخانێکی بەدی هێناوە.



ئاهەنگی هاوسەرگیری، باشووری ئێران، وێنە لە ش.تەلندە

ئەم وەرچەرخانی ئاراستەیە کاریگەری لە سەر دەستێوەردانە تاقیکارییەکان داناوە و تا دەهات ئیشەکەمان لە

ئامادەکاری چاودێری پزیشکی زیاتر پەلی دەهاویشت و دەگوازراوە بۆ بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنانی بەربڵاو سەبارەت بە خەتەنەی کچان و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی بۆچوونی هۆکارە دەستێوەردەکان و کەسایەتییە ئایینییەکان و خەڵکی ناوچەکە. بە گشتی کەمپەینەکانی وشیار کردنەوە و پشتیوانی لە کچان و ژنان شێوازێکی گرینگ و شیاون بۆ پەرەپێدانی زانست، بەڵام بۆ بنەبڕ کردنی خەتەنە کردنی کچان بەس نین. هەر بەم شێوە، پەنجە دانان لە مەترسییەکانی ئەم کارە بۆ تەندروستی لەوانەیە تەنیا گرتنەبەری شێوازی چاککراوی خەتەنەی لێ بکەوێتەوە نەک تەواو نەهێشتنیی. کارامەترین شێواز بۆ کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان ئاوێتەیەکە لە پشتیوانی لە ژنان، ئاگادار کردنەوەی کەسانی خۆجێیی و ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئەم کارە کۆتایی پێ نەهات وەک دوا ڕێگەچارە لە چوارچێوەی پزیشکیدا بیگونجێنن. بەدەر لەمە، دەستێوەردانی زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن بگەڕێن و ڕێوڕەسمی پەسندکراوتر و کەمزیانتر بکەن بە بەدیلی چوونی کچان بۆ تەمەنی باڵقبوون.

ئەم توێژینەوە فێرمان دەکات کە پێویستی هەر چەشنە هەنگاوێکی سوودبەخش و هەرمان لە ئێران بەهێزکردنی هەستی متمانە لە ناو خەڵکی خۆجێیی و دەوڵەتە. سەبارەت بە خەتەنەی کچان کارامەترین و پڕمێژینەترین هاوکار و هۆکار بۆ کردنەوەی ڕێگەی دانوستانی زیاتر لەگەڵ وەزارەتخانە

پەیوەندیدارەکان لە ئێران، ئاژانسەکانی UN و UNFPA لە تاران کە متمانە پێکراوی سەرپەرشتانی کاروبار لە ئێرانن. بەو پێیەی ئەم ئاژانسانە و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان دەتوانن لەگەڵ دەوڵەت لە سەر مێزێک دابنیشن، هاوکاری زیاتری ئەوان لە گواستنەوەی ئەزموون و زانیاریدا گرینگییەکی زۆری هەیە.

گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا گیرۆدەکانی خەتەنە و ئاراستەی پەیوەندیدار بە گەشەی کۆمەڵایەتی ئابووری گشتگیر، کاریگەرترین ڕێگەن بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی. جیا لەمانە، هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، چالاکڤانانی بواری تەندروستی و لەشساغی، ڕێبەرانی ئایینی و نائایینی و هەروەها بەرپرسانی خۆجێیی هەر هەموویان لە کۆتاییهێنان بە خەتەنەی کچان دەوریان هەیە، شان بە شانی یەکتر، وەک کەسانێکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش و کۆمەڵگا بەرەو ئامانجێکی گەورەتر تەیار دەکەن. لەوانەیە باشترین ڕێگەی گونجاو گرتنە بەری ئاراستەیەکی گشتگیرە کە وێڕای لەبەر چاو گرتنی پێویستی و کەڵکەڵە سەرەکییەکانی دیکە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی و مافیش لە بەر چاو بگرێت. هەروەها دەبێ دەفرایەتی کۆمەڵگاکانیش بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی وێڕای قبووڵ کردنی گۆڕانکاری، لە ناوەوەش بەتواناتر بن. سەرەڕای ئەوەی ئیش کردن لەگەڵ ڕێبەرانی ئایینی لە میانەی دەستێوەردانە تاقیکارییەکان زۆر دژوار بوو، دەرکەوت بۆچوونی ئەوان

سەبارەت بەو گرووپانەی کە سوورن لە سەر ئەوەی خەتەنەی کچان بەشێکە لە ئیسلام، زۆر کاریگەر بوو.

یەکێک لە بەڵگەکانی ئەم توێژینەوە پەیوەستە بە ڕەفتاری دایکان لەو ناوچانەی کە خەتەنەی کچانی تێدا باوە. دەتوانین ئەم کارە بە نموونەیەک لە توند و تیژی خۆ لە دژی خۆ و لەم ڕووەوە توند و تیژی ژنان لە دژی ژنان بزانین. خەتەنەی کچان لە ناو ماڵەوە دەست پێدەکات؛ لە ناو ماڵەکاندایە کە دایکان خەریکی ئامادەکاری بۆ ئەو کارە دڕندانەن وا خۆیان بە سەریان هاتووە. دەوریان لە گواستنەوەی ئەم میراتە پڕ ئێش و ئەشکەنجەیە بۆ نەوەی دوایی حاشا هەڵنەگرە. هەڵبەت ئەنگێزەی سەرەکی ئەم دایکانە ژیانێکی خۆشە کە پێیان وایە کچەکانیان بە خەتەنە کران بەختەوەر دەبن، چوونکە بە باوەڕی ئەوان خەتەنە دەستەبەری هاوسەرگیری داهاتوویانە. بەم شێوە، لە کۆتایی تاوانباری سەرەکی کۆمەڵگایە و خەڵک دەبێ باش بزانن کە مل کەجکردنی ژنان لە ڕێگەی کۆنترۆڵی لەش و ئارەزووی سێکسی ئەوان کارێکی بێپاساو و زیانبەخش و بێسوودە.

**ڕێگەی داهاتوو: پێشنیارەکان**

ئەو پێشنیارانەی لیرە دەخرێتە ڕوو بە پێی ئەو دەستکەوتانەیە کە لە ماوەی یەک دەیە گوێ شل کردن بۆ بیر و باوەڕی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و دیکەی خەڵکی بکەری خەتەنەی ژنانە و هەڵبەت خەبات لە دژی ئەم باوەڕانەیە.



منداڵان لە میناب وێنە لە کامیل ئەحمەدی

دەوڵەت لە خەباتی دژ بە خەتەنەی کچان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. ئەوەی کە دەوڵەت خەتەنە کردنی کچان بە نموونەیەک لە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بزانێ، وا دەکات کۆمەڵانی خەڵک نەک تەنیا وەک کارێکی زیانبەخش سەیری بکەن و لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕەتی بکەنەوە، بەڵکوو لە ڕووی یاساییەوە بە تاوان لە قەڵەمی بدەن. ئەگەر دەوڵەت و ناوەندە هەڵسووڕاوەکان لە بواری مافەکانی ژنان لە ئێران لە پێشدا بوونی خەتەنە لە ناو کچاندا قبووڵی بکەن و ئینجا بە پێی ڕاستییەکان بە مەبەستی وشیارکردنەوە و ڕەخنەی پلاندار بۆ کەلتوورسازی بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی دەوڵەت بە گوێرەی ئەو و بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان ئاراستەیەکی مافتەوەر بگرێتە بەر. هەنگاوی پێویست لەم

ڕێگەدا سازدانی وتوویژ و گفتگۆی سیاسی بۆ هاوئاهەنگ کردنی هەر چەشنە بەرنامەیەکی جێبەجێکردن لەگەڵ پابەندێتی جیهانی مافەکانی مرۆڤە. یەکێک لە ڕێکارەکان بەشداری پێکردنی ڕێکخراوە ئەهلییەکانە. لە هەمان کاتدا دەوڵەت دەتوانێ بە ڕادەستکردنەوەی هەندێ لە بەرپرسایەتییەکان و هەروەها ئازادی چاودێری بە ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی بوار بۆ چالاکی ئامادە بکات و بەستێنی هەوڵ بۆ کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان دابین بکات. هەروەها هاوکاری کردن لەگەڵ دیکەی ئەو وڵاتانەی وا خەتەنەی کچانی تێدا باوە بەڵام ڕووی لە دابەزینە بۆ خستنە ڕووی ڕێکارێکی ئەزموونی یارمەتیمان دەدات.

دەوڵەت دەتوانێ شێوازێکی بنەمایی دابنێ بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە کە بە مەبەستی پشتیوانی لە کچان و بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە خەتەنەی کچان، پێوەرەکانی خەبات لە دژی ئەم کارە لە بەرنامەی ڕاهێنان و پەروەردەی گشتی و تەندروستی و لەشساغی نیشتمانی بگونجێنێت. دەوڵەت چوونە پاڵ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی ئێستای چاودێر بە سەر مافە بنیاتییەکانی ژنان و منداڵان دەکا بە پاڵپشتی کەلتووری پتەو لە سەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا. پەیماننامەگەلی وەک کۆنوانسیۆنی لابردنی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان، کۆنوانسیۆنی مافەکانی مرۆڤ؛ پەیماننامەی مافی سیاسی و هاووڵاتی؛ پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە کەلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان؛

جارنامــەی بــەنجۆل و دیکــەی کۆنواســیۆنە ئــەورووپایی و ئەمریکییـەکان (Rahman and Toubia, 2000). واژۆی ئـەم پەیماننامــە یەکــەم هــەنگاوە بــۆ گۆڕانکــاری کۆمەڵایــەتی، هـەنگاوی دوایـی دەتـوانێ پێداچوونەوەیـەک بـێ بـە یاسـای نیشتمانی بۆ سازگارکردنیان لەگەڵ ئەم پەیماننامانە.

ڕەپاڵ کردنـی هـەنگاوەکانی دەوڵـەت لەگـەڵ چالاکییـەکانی خــەڵک بــە هاوڕێیــەتی پاڵپشــتی یاســایی دەتــوانێ ببێتــە دەستەبەری کۆتایی هێنان بە خەتەنـەی کچـان لـە ئێران؛ لـە هــەمان کاتــدا پشــتیوانی بەرپرســانی دەوڵــەتی لــە هەوڵــە ناوچەییەکان هەوێنی دڵگەرمی چالاکڤانانـە بـۆ درێـژەدان بـەم ڕێبازە. سرنجی تایبەتی دەوڵەت بۆ سەر هـەر چـوار پارێزگـای هورموزگـان، ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا، کرماشـان و کوردسـتان و ئامادەکارییــەکی تایبــەت کــە هاوکــاری پێویســتی لایەنــە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسانی پارێزگاییشی تێدا ڕچاو گیرابێ لەو هەنگاوانەیە کە لەم ئاراستەدا کاریگەر دەبێت.

وەزارەتـی تەندروسـتی و پـەروەردە و ڕاهێنـان و ڕێکخـراو و ڕێکخراوە بەرپرسەکانی خزمەتگوزاری وڵات وەک ڕێکخراوی چاکژیانـەوە (بێهزیسـتی) دەتـوانێ بـۆ ئـەو کۆمەڵگایانـەی وا دەسـتیان بــە شــار ناگــا یــان کــەمتر دەســتیان پــێ دەگــا، سەرچاوەی تایبەت ئامادە بکەن. واتـە چالاکی خزمـەتگوزاری تەندروستی زیاتر قەتیس بکرێتـەوە بـە چارەسـەری ئـەو ژن و کچانــەی کــە خەتەنــە دەکــرێن؛ دانــانی پیشــەی بــەدیل بــۆ خەتەنەچی و بیبییەکان لەگەڵ ڕاهێنانیان و وشیارکردنەوەی

خەڵک لە زیانەکانی ئەم کارە یەکێکە لە هەنگاوە گرینگەکان. بەرپرسانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەبێ بە هاوکاری گرووپە گەڕۆکەکان لە ناو کۆمەڵانی ئەنجامدەری خەتەنەی کچان دانیشتنی فێرکاری و دانیشتنی نزیک بەڕێوە ببەن و بۆ هەمووان لەوانە زانانیانی ئایینی کەمپەیینی وشیارکردنەوە ساز بکەن. بەشی ڕاهێنان دەتوانێ لە باغچەی ساوایان و قوتابخانەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ منداڵان ساز بکات بۆ ئەوەی زانیاری پەیوەندیدار بە تەندروستی و لەشساغییان پێ بدا و هەروەها کچانی خەتەنە کراو و دایک و باوکیان بناسێنێت.

ـ تەنانەت ئەگەر دەوڵەت یاسایەک لە مەڕ خەتەنەی کچان داببەزێنێ یان بە هەر جۆرێک یاسایەکی ڕێگری لەم کارە بقۆزێتەوە، جێبەجێکردنی یاساکان لە ناوچە کوردنشینەکان و باشوور کە لەوێ زانایان و پیاوان و ژنانی دەستڕۆیشتوو دەتوانن بە ناوی ئایین و کەلتوورەوە دەوری بزوێنەر ببینن، بوێرییەکی زۆری دەوێ. ڕێبەرانی ئایینی لە بەردەوامی خەتەنەی کچان لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانن. کەواتە یەکێک لە سەرەکیترین هەنگاوەکان ڕازی کردنیانە لە بێبنەمابوون و زیانبەخشبوونی خەتەنەی کچان و بە دوای ئەم باوەڕەدا بە شێوەی خۆویستانە قەدەغەی خەتەنەی کچان ڕابگەیێنن و بەم شێوە لە خەباتی دژ بە خەتەنەی کچان هاوکاری کۆمەڵگاکەیان بکەن. لە ڕاستیدا دەستێوەردانە تاقیکارییەکان بۆ ڕێبەرانی ئایینی بەستێنێک دروست دەکا بۆ

ئـەوەی لـە دژی ئـەم نەریتانـە قسـە بکـەن. ئـەم چەشـنە دەسـتێوەردانانە دەبـێ درێژەیـان هـەبێ و زانایـانی ئـایینی لـە ڕێگـــەی دانووســـتانەوە ڕازی بکـــرێن و بـــە ڕاشـــکاوی و ئەرخایەنییەوە بڵێن لـە ئاییندا خەتەنـەی کچان هیچ بناغـە و بنەمایەکی نییە. ئەم کارە دەتوانێ لە چوارچێوەی کەمپەینێکی فـەرمی ئـەنجام بـدرێ بـۆ ئـەوەی هـەنگاوەکان بـە دروسـتی جێبەجێ بکرێن و بە فەرمی بناسرێن.



دەستێوەردانی تاقیکاری لە کرماشان، وێنە لە کامیل ئەحمەدی

پوتانسییەلسـازی گرووپـە پێشکەشـکارەکانی خزمـەتگوزاری تەندروسـتیش زۆر گرینگـە، بـە جۆرێـک کـە ئـەم گرووپانـە بتوانن دەستیان بەو ژنانە بگات وا نەبوونەتە پێشەنگ و زیاتر گیرۆدەی خەتەنـەن. پرسـی پەیوەندیـدار بـە خەتەنـە بـۆ ژنـان تێکـەڵ بـە شـەرم و خەجاڵەتییـە و هـەر لەبـەر ئەمـەش پێیـان خۆشە سەری بابەتەکە بنێنەوە. هەر بۆیە پزیشکانیش ناتوانن

لێکی بدەنەوە و چارەسەری بکەن. هەر بۆیە، کادرێکی ڕاهێنراو لە پسپۆڕانی تەندروستی و لەشساغی پێویستە کە بتوانن کێشەکان لێک بدەنەوە و ڕاوێژکاری و پێشنیاری چارەسەر پێشکەش بکەن. لە دەستێوەردانە تاقیکارییەکانمان، ئەم کارە لە لایەن گرووپی خزمەتگوزارییە تەندروستییە گەڕۆکەکان ئەنجامی دەدرێت. ئەم چەشنە دەستێوەردانانە پێویستی بە دووپاتکردنەوە و سەرمایەگوزاری گونجاوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ هەلومەرجەکە وەها دابین بکا کە سیاسەتەکانی تەندروستی و لەشساغی ئەندامی زا و زێ ژنانی قوربانی خەتەنەش بگرێتەوە.



ئێن.جی.ئۆ، وێنە لە کامیل ئەحمەدی

- هەروەها ژنان و کچانی خەتەنە کراو لە چاو کەسانی خەتەنە نەکراو زیاتر لە بەردەم کێشەی دەروونیدان؛ زۆربوونی ئەم کێشە دەروونیانە بە هۆی زۆر هۆکارەوەیە، لەوانە بواری کەلتووری و لەو چەشنە و هەروەها زۆری ڕێژەی برینەکەیان. پێویستە لایەنە دەروونی و زیانبەخشەکانی خەتەنەی کچانیش تاوتوێ بکرێت. ناسینەوەی خەتەنەی کچان وەک پێشێلکارییەکی مافەکانی ژنان و منداڵان لە لایەن دەوڵەت یارمەتییەکی گەورەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرسانە. دەبێ بۆ پسپۆڕانی بواری پزیشکی، ڕاوێژکاران و یاریدەدەرانی گەنجان بەرنامەی ڕاهێنان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی گرینگی و جیدیبوونی مەسەلەکەیان بۆ دەربکەوێ و بتوانن بە شێوازێکی ورد و بە بێ هیچ پێشداوەرییەک لە لێکەوتە دەروونییەکانی خەتەنەی کچان بکۆڵنەوە.

وەک پێشتریش وترا نەشتەگەری سارێژکردنەوە دەتوانێ بۆ قەرەبووکردنەوەی هەندێ لەو زیانانەی وا بە سەر ژنان و کچاندا هاتووە بەسوود بێت. پێشنیار دەکرێ دەوڵەت لە ڕێگەی هەنگاوی گونجاوەوە ئەم شێوە چارەسەرە لە ئێراندا بناسێنێ و بە کاری بێنێت. ئەم شێوازە دەتوانێ وەبەر بیمەی دەرمانی دەوڵەتی بکەوێت بۆ ئەوەی قوربانیانی هەژار و نەداریش کەڵکی لێ وەربگرن.

ڕاگەیاندنە خۆجێییە هاودڵەکانیش دەتوانن ڕیشەی چیرۆکی خەتەنەی کچان بگۆڕن. لە تاقیکردنەوە تاقیکارییەکانیشدا

ڕاگەیاندنەکان وەک ئامرازێکی گرینگ بۆ خەباتی دژ بە خەتەنەی کچان بە کار هێنرا. گرینگیدانی ڕاگەیاندنەکان بە خەباتی خۆجێیی دژ بە خەتەنەی کچان زۆر بەقازانجە، بۆ وێنە ڕاگەیاندنە ئینتەرنێتییەکان دەتوانن سەبارەت بە ئاسەوار و لێکەوتەکانی ئەم کارە وتووێژ لەگەڵ زانایانی ئایینی یان پسپۆڕانی پزیشکی بکەن.

پاش ئامادەکاری بەستێن پێویستمان بە کادرێکی ڕاهێنراوی گەنجانی خۆجێییە بۆ ئەوەی بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەشدارییەکی کاریگەریان بۆ ئەم بابەتە هەبێت. ڕاگەیاندنە چاپییە نەریتییەکان دەبێ هان بدرێن بۆ گرینگیدان بە پرسی خەتەنەی کچان. لەم پێناوەدا دەوڵەت دەتوانێ پانتایەکی گونجاو بۆ نووسەران دابین بکات بۆ ئەوەی بە بێ نیگەرانی لە لێکەوتەکانی لەم بارەوە بدوێن. ڕووماڵی ڕاگەیاندنی گونجاو بۆ خێراتر کردنی پرۆسەی کۆتایی هێنان بە خەتەنەی کچان زۆر کارامەیە. پێویستە لە ناو ڕاگەیاندنەکاندا پتانسییەلساز بکرێ بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە کە نووسەران لە نووسینی بابەتەکەی خۆیان لە سەر پرسە کەلتوورییەکان هەستیارن.

- بەرپرسانی ڕاهێنان دەتوانن بۆ ئەو ناوچە جیاوازانەی کە کچان خەتەنە دەکەن بەرنامەی تایبەت کە هەستیارییە خۆجێییەکانی تێدا گونجێندرا بێ، گەڵاڵە بکەن.

- هەتا هەنووکە لە وڵاتدا ئێمە بۆ بەدواداچوون بۆ پرسی خەتەنەی کچان بەرنامەیەکی توێژینەوەیی نیشتمانیی

گشتگیرمان نییە. بۆ دروست کردن و ئاسانکاری بۆ دەستێوەردەرە چالاکەکانی ئەم مەیدانە سەرمایەگوزارییەکی نوێ پێویستە. تەیارکردنی سەرچاوە یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی سەرچەشنی تاوتوێ کردنی خەتەنە کردنی کچان و ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی لە بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری بەردەوام. زۆر پێویستە ڕێکخراوە و تاکەکان بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی نوێ بەهێز و پڕجیاز بکرێن و بە شێوەی گونجاو ئیشەکانیان چاودێری و بەراورد بکرێت. ئامادە کردنی ڕاپۆرتێکی نیشتمانی سەبارەت بە خەتەنەی کچان کە بە هاوکاری ڕێکخراوە ئەهلییەکان و ڕێکخراوە بەرپرسەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و چاودێرییە پزیشکییەکان ئەنجام درا بێ، بێگومان بۆ پیشاندانی ئەم پرسە ئامرازێکی کاریگەرە.

ـ بەدەر لە گرینگی یاسا و یاسادانان لەم بارەوە، پێشنیاری ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە بۆ ئەو ناوچانەی کە خەتەنەی کچانی تێدا باوە ئاراستەیەکی هاوبەش بگیرێتە بەر. بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژن و کچانەی وا خەتەنە کراون، پێویستە لە دەستێوەردانی چالاکڤانەکاندا هەستیارییە کەلتوورییەکان لە بەر چاو بگیرێت و هەر لە بەر ئەمەش، هاوکاری لەگەڵ دانیشتووانی ئەم کۆمەڵگایانە بەشێکی گرینگی هەوڵدانە بۆ ڕێگری کردن لە خەتەنە کردنی کچان. هاوکاری وەرگرتن لە کەسانی دەسترۆیشتوو و ڕێبەرانی کۆمەڵگا، کە تەنانەت پیاوانیش دەگرێتەوە و پشتیوانی لە

چالاکییە ناو کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی گۆڕینی نۆڕمی کۆمەڵایەتی بەردەوام، گۆڕانکاری هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە.[1] بەدەر لەمانە بەشداری چالاکڤانانی ژنانی گەنج بۆ ڕێگری لە نەریتێک کە هەم قوربانیانی سەرەکی و هەم تاوانبارەکان ژنان خۆیانن، زۆر گرینگە.

- دەبێ ئاستی پتانسییەلی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکان (NGO) و ڕێکخراوی پشتبەستوو بە کۆمەڵگا خۆجێییەکان (CBO) لە پێناو ئەم ئامانجە ئاماژە پێکراوە هەڵبکشێت بۆ ئەوەی ئەم گرووپانە بتوانن وەک هۆکاری گۆڕان بە شێوەی کاریگەر دەوری خۆیان ببینن. بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی خۆجێیی دەبێ بوودجەی نێودەوڵەتی تەرخان بکرێ و دەوڵەتیش دەتوانێ بۆ دانوستان لەگەڵ ئاژانسەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشەنگ بێت. هەروەها لقەکانیUNICEF و UNFPA جێگیرکراو لە ئێران، بۆ ئاگاداربوونەوە لە هەموو لایەنەکانی خەتەنەی کچان دەتوانن هاریکاری ڕێکخراوە خۆجێییەکان بکەن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زانست و پسپۆڕی پێویستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان هەیە، چوونکە بۆ نەهێشتنی ئەم کارە لە زۆربەی وڵاتانی ئەنجامدەری خەتەنەی کچان چالاکە. گرینگی ئەمە لەوەدایە کە ئەم ڕێکخراوانە خۆجێیین و لە ناویاندا چالاکی دەکەن، کەواتە

1. de Souza and communication, 2007; Shrestha et al., 2014.

ئـەوان بـۆ بـەدیهێنانی ئـەم ئامانجـە دەبـێ لەگـەڵ گرووپێکـی بەئەزموون و لێهاتوو ئیش بکەن.



وێنە لە کامیل ئەحمەدی

ـ ئـەوەی تـاوتوێ کردنـی ئـەم بابەتـە لـە ئێرانـدا ئەسـتەم دەکات، ئەوەیە کە خەتەنە کردنی کچان لە کۆمـەڵگا سوننە مەزهەبەکانـدا باوە. ڕاپۆرت و ئەنجامـەکانی هـەموو چالاکییـە ڕێکخراوەییـە مـەدەنی یـان ڕێکخـراوە نادەوڵەتییـەکان، وێـڕای پێشنیارەکانیان، ڕاستەوخۆ دەدرێ بە ڕێکخراوە دەوڵەتییـەکان. کەواتــە دەوری دەوڵــەت لــەم بابەتانــەدا زۆر دیاریکــەرە. هەڵکشانی هاوکاری و بواری دڵنیابوون ئاسانکاری بـۆ خـەباتی دژ بـە خـەتەنـەی کچـان دەکـات. چالاکڤانـانی کۆمەڵایـەتی و بەرپرسانی دەوڵـەتی بـە ئاراسـتەیەکی کارناسانەوە بۆ ناسینی پێکهاتــەی کەلتــووری و بــەها باوەکــان، هەڵســووکەوتێکی


سازێنەر بەدی دێنن. ئەم هاوکاری و هاودڵییە لە ئەزموونە ئۆبژەییەکاندا متمانەی نێوان ڕێکخراو و ئتنیکەکان پتەو دەکات، کە هەر خۆی ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ڕێزی دوو لایەنە و بەشدارییەکی بەسوود و کاریگەر.

# گریمانەی ڕوو لە گۆڕان

**ڕاپۆرتێکی ناوخۆیی لەسەر خەتەنەی ژنان / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان – کچان لە ئێران**
**لەگەڵ پێشەکییەک سەبارەت بە خەتەنەی منداڵان / شێواندنی زاوزێی کوڕان – پیاوان لە ئێران**

**کامیل ئەحمەدی**
**و**
**هاوکاران**

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی
**هاوکاران و یاریدەدەرانی کاری مەیدانی:** فەرخونده خانەگا، چیمەن ڕەحمانی، هایده قوبادی، پەروین فەرهەنگ، عەلی باستانی، ئالالە ئیبراهیمی
**پێداچوونەوەی دەقی فارسی:** فەریبا ئەڵماسی
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سه رسپی
**داڕێژەری خشتە و چارتەکان:** پێدرام وەرشۆیی
**وه رگیر:** نه سیم غوڵامی
**دووبارەخوێندنەوەی دەقی کوردی:** چنوور مورادی، نووشین مەحموودی، دکتۆر فەرشاد سەلیمی
**پەڕبەندی:** ئومید موقەدەس



**منداڵان لە دوورگەی قیشم**
**وێنە لە ف. فەرهەنگ**

*«لێرە ژنێک هەبوو کە لە تەمەنی 20 ساڵاندا هاوسەرگیری کرد، کاتێک زانیان خەتەنە نەکراوە بە زۆری خەتەنەیان کرد، زۆر ئازاری بینی. خەڵک دەیانگوت کچێکی بێشەرم و گڵاوە لەبەر ئەوەی خەتەنە نەکراوە. حەفتەیەک لە ناو پێخەفدا ماوە هەتا حاڵی باشتر بوو.»*

وڵامدەر ژنی تەمەن 27 ساڵی گوندی هەورامانی تەخت – مەریوان – پارێزگای کوردستان

## پێڕست

پێزانین و دەستخۆشی..................................................................
پوختە................................................................................
پێشەکی..............................................................................
خەتەنە / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان لە ئێران:
پێش‌زەمینە و دەستکەوتەکان.........................................................
ڕۆڵی دەوڵەت و ناوەندە خاوەنبەرژەوەندییەکان........................
پێداچوونەوەیەک بە سەر کاریگەری بزووتنەوەی دژە خەتەنە............................................................................
ئامانجە دەستێوەردەرەکانی پایلۆت..............................................
شێوازناسی و تەکنیکەکانی توێژینەوە...........................................
ئەنجامەکانی ڕاپۆرت..................................................................
پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا.......................................................
نوێترین پێوەری دیاردەی خەتەنە:..............................................
پارێزگای کرماشان....................................................................
پارێزگای کوردستان..................................................................
پارێزگای هورموزگان................................................................
خەتەنەی پیاوان / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان .........
گرینگی بابەت.........................................................................
چەند پرسیار لە مەڕ خەتەنەی پیاوان / کوڕان.......................
ئەنجامگرتن و پێشنیارەکان.........................................................

## هێما و پیتە کورتەکان

| | |
|---|---|
| AFGM | دژی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان |
| BBC | کۆمپانیای هەواڵنێری بریتانیا |
| ECM | هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان |
| FGM / C | شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان |
| MGM/ C | س<br>شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان |
| Mps | فێرخوازانی پزیشکی |
| NGO | ڕێکخراوی نادەوڵەتی |
| NHS | خزمەتگوزارییـــــــە تەندروســــــتییە نیشتمانییەکان |
| PM | خولی بەڕێوەبردنی پڕۆژە |
| UN | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان |
| UNICEF | سندووقی پشتیوانی لە منداڵان |

**پێزانین و دەستخۆشی**

نووسین و ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەرۆژکردنی ناوخۆییە، تووشی چەلێنجێکی زۆر هات. بە تایبەت کاتێک کە دەبا لە مەودایەکی کاتی کەمدا ئامادە و ئاراستە بکرێت. بە بێ هاوکاری پابەندانەی کەسانی خاوەن ئەزموون کە بە خۆشحاڵییەوە توانیم هاوکاری و پێشنیاریان لێ وەربگرم، هەلی کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە و نووسینی ئەم ڕاپۆرتەم بۆ نەدەڕەخسا.

بەو هیوایەی کە ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە ببنە ئامرازی ئاگادارکردنەوە سەبارەت خەتەنەی ژنان / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان بۆ ئەوەی دەنگی قوربانیانی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان لە گوتارە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا ببیسرێت. ئەم توێژینەوانە هاوکاری کردین کە ڕۆژی نێونەتەوەیی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان لە ئێران بەڕێوە ببەین. ئەم چەشنە توێژینەوانە چوارچێوەیەکی بۆ دەستپێکی وتوویژ سەبارەت بەم پرسە بەدی هێنا و ڕێگەی بۆ وتوویژێکی کراوە خۆش کرد. لە شێوازی هەڵسوکەوتی ڕاگەیاندنەکان لەگەڵ هێنانە بەر باسی پرسی شێواندنی

کۆئەندامی زاوزێی ژنان گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەدی کرا. هەموو ئەمانە ئەنجامی هاوکاری و هەوڵی ئێمە بۆ لە لای یەکدانانی بەشەکانی توێژینەوە لای یەکترە.

من لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەی توێژەرە هاوبیرەکانم پێمان خۆشە دەستی هاوکاری درێژ بکەینەوە و لە پێناو هەوڵێکی نیشتمانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری، دابینکردنی بواری دەست ڕاگەیشتن و تێوەگلانی جڤاکەکان و دەستپێکی وتوویژ لە نێوان ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان لە پێناو هاوشێوە کردنی پلانێکی کردەیی بە پابەندی لە سەر مافە هاووڵاتی و مرۆییەکانمان، بەرەو ئامانجێکی لێکچوو هەنگاو بنێین. لە درێژەی لێکۆڵینەوە لە سەر پرسی خەتەنەی ژنان لە ئێران، زۆر کەس و ڕێکخراوە بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوە هاوکاری زۆریان کردم. ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە بەتایبەت بەشەکانی کاری مەیدانی، تەنیا بە لێکۆڵینەوەی وە دۆزینەوە، ڕاهێنان لە سەر بنەمای مەیدان، پشتیوانی و هاوکاری ڕەخسا.

دەستخۆشی تایبەتم بۆ ئەم کەسانەیە کە بە کۆکردنەوە، شیکاری و دانانی چوارچێوە، هاوکاریان کردم کە ئەم کارە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیردا بخەمە ڕوو. پێم خۆشە ئەوپەڕی پێزانینەکانم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە هەلی تەواوکردنی ئەم ڕاپۆرتەیان بۆ ڕەخساندم. سپاسێکی تایبەتی ڕاوێژکارەکەمان خاتوو حومێرا ناز لە وڵاتی پاکستان دەکەم کە بە پشتیوانیکردن و پێشنیاری پاڵنەرانە و هەروەها هاندانەکانی لە یەکرێز کردنی گەڵاڵەکانی پێشوو، بەتایبەت

بۆ نووسینی ئەم ڕاپۆرتە زۆر یارمەتی دام.

هەروەها پێم خۆشە دەستخۆشی لەو یاریدەرانە بکەم کە بە هۆی ئەوانەوە توانیمان کەرەستە پێویستەکان بۆ کۆتاییهێنان بەم کارە بەکار بێنین. دەستخۆشی تایبەت لە فەریبا ئەڵماسی دەکەم بۆ ئەوپەڕی یارمەتییەکانی بۆ نووسینی ئەم ڕاپۆرتە و هەروەها پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەندامانی تیمی ئیشی مەیدانی لە پارێزگاکانی کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، واتە فەرخوندە خانەگاه، چیمەن ڕەحمانی، هایدە قوبادی، پەروین فەرهەنگ، عەلی باستانی و ئالالە ئیبراهیمی دەکەم. هەروەها نیک پێتال و سارا گانجێر کە لە کۆکردنەوەی ئەم بەشانەدا یارمەتییان دام و سەبارەت بە ڕەوتی کارەکە هەندێ پێشنیاریان هەبوو و بە هۆی هەوڵەکانیان بۆ پێداچوونەوە و بەشێک لە وەرگێڕان دەستخۆشی تایبەتم هەیە. هەروەها بۆ ڕێکخستن و گەڵاڵەی ئەم ڕاپۆرتە دەستخۆشی تایبەت لە پێدرام وەرشۆیی دەکەم.

کامیل ئەحمەدی

6ی فێبریوێری 2017، ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرگەنەگرتن لە هەمبەر شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان.

**پوختە**

خەتەنەی ژنان لە بناغەی پێکهاتەی کەلتووری ئێرانی و لە سەر ئاستی هەر سێ پارێزگای ڕۆژئاوایی و پارێزگایەکی باشووری ئێران خۆی حەشار داوە و بە هۆی هۆگرنەبوونی کارگێڕان، پرسی خەتەنەی ژنان بۆ زۆربەی خەڵک بە نەناسراوی ماوەتەوە. لە ساڵی 1386ی هەتاوی و لە هەندێ حاڵەتی بەر لەو، توێژینەوە سەبارەت بە خەتەنەی ژنان بەشێک لە بەرنامەی هەڵکشانی ئاستی وشیاری گشتی بوو. زۆر کەم وتار و تێزی زانکۆیی لەم بارەوە نووسراوە بەڵام ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە زۆرتربوون.



ژنێکی خەڵکی بەندەری چارەک. پارێزگای هورموزگان.
وێنە: کامیل ئەحمەدی

توێژینەوەکانی ڕابردوو[1] دەریدەخا کە خەتەنە / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان زیاتر لە لایەن کەمینە سوننە مەزهەبەکانەوە لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کرماشان، کوردستان و هورموزگان ئەنجام دەدرێت. ئەندازەگرتنی یەک لە دوای یەک بەردەوامی زانیاری کۆکراوە لە هەمان پارێزگانەدا دەردەخا و ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی ئەنجامدانی ئەم نەریتە پیشان دەدات. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێشتاش لە هەندێ لە ناوچەکاندا ئاسەواری خەتەنە باوە. لێکدانەوەکان لە گوندە دەستنیشانکراوەکانی پایلۆت پیشانی دا کە دۆخەکە ڕووی لە باشتربوونە و ڕێژەی خەتەنەی کچان بە خەستی ڕووی لە کەمبوونەوەیە.

ئامانج لەم ڕاپۆرتە بەڕۆژکردنی بارودۆخ و ئاماری خەتەنەی کچان و کاریگەری هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری بۆ سنووردارکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەی ئافرەتان[2] لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کرماشان، کوردستان و هورموزگان بوو و هەروەها خوازیاری ڕوونکردنەوەی گشتی دیاردەی خەتەنەی ژنانە. ئەم ڕاپۆرتە زانیاری بەڕۆژ سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران پاش دەستێوەردانی توێژینەوەی پایلۆت و لێکۆڵینەوەی لەمەڕ شێواندنی

[1].https://kameelahmady.com/fa/fgm-in-iran

[2]. https://www.bbc.com/persian/iran/2015/06/150604 nm fgm iran women

کۆئەنــدامی زاوزێــی ژنــان لــە ئێــران[1] لــە چــوار نــاوچەی جوگرافیــایی ئازەربایجــانی ڕۆژئــاوا، کرماشــان، کوردســتان و هورموزگان دەخاتە ڕوو.



ژنانی دانیشتوی هەورامان – پارێزگای کرماشان وێنە: هایدە قوبادی


1. http://kameelahmady.com/wp-content/uploads/kameel%20-%20FA%20final.pdf

**پێشەکی**

خەتەنە / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان نەریتێکی کۆنە کە دژی لایەنەکانی مافە ڕەگەزییەکانی ژنان و منداڵانە. ئەم نەریتە لە کۆمەڵگاکاندا بە هۆکاری تایبەتی ئایدۆلۆژیایی، کەلتووری، نۆرمی و ڕوانگەیی و سیستەمە ئابووری – سیاسییەکان باوە. سەرچاوەی خەتەنەی ژنان لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندایە و پەرەسەندنەکەی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە پێی باوەڕی ئایینی و عورفی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستەمی ئابووری – سیاسی ئەم کۆمەڵگایانەدا هەیە. هەژاری، نەخوێندەواری، نابەرانبەریە ڕەگەزییەکان و نەبوونی تەندروستی پێگەی ئەم نەریتەی پتەو کردووە. خەتەنەی ژنان بەدەر لە پێشێلکردنی مافە ڕەگەزییەکانی منداڵان و ژنان، کاریگەری لە سەر چێژبەخشبوونی پەیوەندییە سێکسییەکانی ژنان دادەنێ و دەبێتە هۆی ناڕەزامەندی لە ژیانی هاوبەشی هاوسەرەکان و ڕێژەی تەڵاق بەرز دەکاتەوە و هەندێجار مەترسی تەندروستی و زاوزێی دژواری بە دواوە بووە.

سەرباری ئەوەی کۆمەڵێ زانیاری لە چەندایەتی و چۆنایەتی و ڕادەی خەتەنەی ژنان لە ئێران لە ڕێگەی

کۆمەڵێک تیزی خوێندکارانی زانکۆ و چەندین وتار لە بەر دەستە، بەڵام ئەم زانیارییانە لە سۆنگەی ڕێژە و ئەندازەی لێکۆڵینەوەوە لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوون. بۆ یەکەم جار لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر ناوی "بە ناوی نەریت"[1]، پێداچوونەوەیەکی گشتی بە سەر باوبوونی خەتەنەی ژنان لە سەر ئاستی وڵات، بە دەست خستنەسەر ئەو ناوچانەی وا ئەم نەریتە زیاترین کاریگەری لە سەریان داناوە لە سەر ئاستی هەر سێ پارێزگای ڕۆژئاوایی و پارێزگایەکی باشووری دەخاتە ڕوو. ئەم توێژینەوە لێکۆڵینەوەیەکی چەندین ساڵە بوو کە باوبوونی خەتەنەی ژنانی لێک داوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ڕێگەچارەیەک دەخاتە ڕوو.




چوار جۆر خەتەنە: وەرگیراو لە کتێبی "بە ناوی نەریت". (1394 هەتاوی) چاپخانەی شیرازە. کامیل ئەحمەدی.

---

[1]. ئەحمەدی، کامیل. بە ناوی نەریت (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران). چاپخانەی شیرازە. تاران 1394 هەتاوی.

ئەم ڕاپۆرتە بەڕۆژترین بارودۆخی دیاردەی خەتەنەی ژنان پـاش دوایـین لێکۆڵینـەوە لـە سـاڵی 1393 دەخاتـە ڕوو و بەرهـەمی توێژینەوەیـەکی درێژخایـەن، لێـدوانی مەیـدانی (دانیشـتووانی نـاوچەکە، زانایـانی ناوچـەیی و کەسـایەتییە ناسـراوەکان) لـە خـولێکی چـوار مانگـە لـە سـاڵی 1395ــی هەتاوییـە. لـە توێژینـەوەی ڕابـردوو هەنـدێ لـە گوندەکان بـە شـێوەی پـایلۆت بـە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی کاریگـەری ڕاهێنـانی خـەڵکی نیشـتەجێی نـاوچەکە سـەبارەت بـە لایەنـە نەرێنییەکانی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان ئەنجام درا.



ئاهەنگی زەماوەند لە دوورگەی قیشم. پارێزگای هورموزگان

وێنە: ش. تەلندە

لەم لێکدانەوەدا لە هەر کام لە چوار پارێزگاکەدا کۆمـەڵێ گوند دەستنیشان کراون و بۆ ئەندازەگرتنی ئاستی پێشکەوتنی دەستێوەردانە پێشووەکان، دیسان سەردانمان کردنـەوە. ئامانج

لە «بەرنامەی کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەی ژنان» ئەوە بوو کە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژنان و کچان جۆاکە خۆجێییەکان چالاک بکرێنەوە و زیاترچەق بخرێتە سەر بابەتی ڕێگری لە نەریتی خەتەنەی ئافرەتان. دانووستان لەگەڵ بەرپرسان لە سەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی بە مەبەستی قەدەغەکردنی یاسایی خەتەنەی ژنان و لەخۆگرتنی پەسەندکراوە یاساییە نوێکان لە یاسای بەرنامەی بنەماڵەدا ئەنجام دراوە.

ئامانجێکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوە، ئەندازەگرتنی ڕێژەی خەتەنەی ژنان لە بەشگەلێک لە ئێران، بەتایبەت دەڤەرەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کرماشان، کوردستان و هورموزگان بوو. لەم ناوچانە، هاوشێوەی ناوچەکانی دیکە، پیاوان ئەنجامدەرانی کۆمەڵگان و ئەم باڵادەستییە دەروونیکراو و سیستماتیک و خۆجێییە و لە بەهاکان، نۆرم و نەریتەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و لە لایەن ڕێکخراوە خاوەنبەرژەوەندییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا دۆخی ژنان زیاتر چەتوون دەبێتەوە.

**خەتەنە / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی زنان لە ئێران: پێش‌زەمینە و دەستکەوتەکان**

لـە کۆتـایی دەیـەی هەشـتای هـەتاوی توێژینەوەیـەک بـۆ هەڵسەنگاندنی باوبوونی خەتەنەی ژنان لە ئێران ئەنجام درا و ڕۆڵی فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر ئەم دیاردە ڕوون کراوە.[1] هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی توێژینەوەی مەیدانی سەرەتایی و چـوون بـۆ ناوچـەکان بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی داتـا، درامایەکی دێکۆمێنتاری لە وتوویژەکان ئامادە بوو و یەکەمین و تـەنها درامـای دێکومێنتـاری "بـە نـاوی نەریت"ـە[2] کـە لـە لایـەن کامیـل ئەحمـەدی لـە کـاتی ئیشـی مەیـدانی لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی مـەهاباد، هەنـدێ لـە گونـدەکانی دەوروبـەری کوردسـتان و ناوچـەکانی هـەورامان لـە پارێزگـای کرماشـان و هەروەها پارێزگای هورموزگـان لـە باشـووری ئێـران درووست کرا. ئەم فیلمە دواتر لە لایەن هەواڵنێری BBC[3] بڵاو کراوە و لـە فێسـتیڤاڵی فیلمـی لەنـدەن نمـایش درا. ئـەم دێکومێنتارییـە خەڵکناسـییە بریتییـە لـە لێـدوانی تۆمـارکراو لـە ناوچـە و گونـدەکانی دەوروبـەری پارێزگاکـانی کرماشـان، هورموزگـان و دوورگەکانی دەوروبـەری (وەک قیشـم، هورموزگـان و کـیش).

---

[1]ـ ئەحمەدی، کامیل. بە ناوی نەریت (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنـان لـە ئێران). چاپخانەی شیرازە، تاران 1394 هەتاوی.

[2]. www.aparat.com/v/6OKyL

[3].http://www.bbc.com/persian/arts/2015/06/150604_aparat_22_2015

ئەم دێکومێنتارییە بەدەر لە دواندنی ژنانی خۆجێیی و ژنە خەتەنەچییەکان، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی پیاوانی ناوچەکە، کارمەندانی ناوەندە تەندروستی و پزیشکییەکان و زانایانی ئایینییە.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دابینکردنی داتای قووڵبین سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران و خستنەڕووی هاوکاتانەی بەربەستە پێکهاتەییەکانی بەردەم بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی ژنان و خستنە ڕووی ئەم بابەتانە لە بەرنامەی کار بوو. لە پاڵ سەغڵەتی و گیر و گرفتی ئەم توێژینەوە لە کاتی چالاکی و ئیشی لێکۆڵینەوەدا، چەخماخەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ[1] لە سەر **هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران** لێدرا[2]. لێکۆڵینەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەستبەجێ پاش لێکۆڵینەوەی خەتەنەی ژنان ئەنجام درا کە سەرچاوەکەشی کار و ئیشی مەیدانی توێژینەوەی خەتەنەی ژنان بوو و لە سەر ئاستی حەوت پارێزگای وڵات ئەنجام درا. لە هەندێ لە ناوچە ڕووماڵکراوەکاندا، خەتەنەی ژنان بە جۆرێک ڕێگەی بۆ دیاردەی هاوسەرگیری منداڵان خۆش دەکرد و ئەم دوو کارە زیان بارە نەرێتییە پێکەوە هاوپەیوەندن.[3]

1. ئەحمەدی، کامیل. زایەڵەی بێدەنگی (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان لە ئێران). چاپخانەی شیرازە. تاران 1396 هەتاوی.

2. http://kameelahmady.com/fa/ecm-in-iran/

3. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پەیوەندیی خەتەنەی ژنان و هاوسەرگیریی منداڵان بڕوانە:
http://kameelahmady.com/fa/wp-content/uploads/2016/10/Farsi-

بە ئاوڕدانەوە لە هەستیاری بابەتەکە ئاراستەی شێوازناسی بەکارهێنراو لە توێژینەوەی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان لە دەستپێکدا شێوازێکی هاوبەشانە بوو. سەرباری بەربەستە زۆر و دیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوە، چەندین ساڵ توێژینەوەی بەردەوامی ئەم توێژینەوە ئەنجام و دەستکەوتی زۆری لێ کەوتەوە. ئیشی مەیدانی بریتییە لە: سەفەرکردن بۆ ناوچە گوندییەکان و دواندنی ژنان و پیاوانی ناوچەکە و چین و توێژە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو کەسانی سەرەکی، ڕێبەرانی کۆمەڵایەتی، زانایانی ئایینی بوو. ئەنجامەکان ئەوەیان خستە ڕوو کە خەتەنەی ژنان لە هەندێ لە گوندە دەستنیشانکراوەکان زۆر باو بوو (لە هەندێ لە گوندەکانی دوورگەی قیشم کە دەکەوێتە پارێزگای هورموزگان، ڕێژەی خەتەنە دەگاتە 60 لە سەد و لە سەر ئاستی هەر سێ پارێزگا ڕۆژئاواییەکەی دیکە ئەم ڕێژە کەمێک کەمتر بوو). سەرباری ئەمەش لەم پارێزگایانەدا نەریتی خەتەنەی کچان لە سەرتاسەری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە خەڵکەکەی تورکی ئازەری و کوردی کرمانجن، هەروەها لە هەندێ بەشی باشووری پارێزگای کرماشان و باکووری هورموزگان برەوێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەم توێژینەوە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسیش نووسراوە. پاش ڕوونوێنی و بەمیدیایی‌بوونی، سەرنجی هەموو جیهانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و لە 14ـی جۆزەردانی ساڵی 1394ـی هەتاوی لە لایەن هەواڵنێری

---

web1.pdf

ڕۆیتێرز[1] و ڕۆژنامەی گاردییەن[2] و BBC[3] پیشان درا. میدیا نێودەوڵەتییەکان[54] و ڕێکخراوەی نەتەوەکان[6] بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنەکانی کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان گەڕاونەتەوە سەر ئەم توێژینەوە و ڕێکخراوەی نەتەوەکان سەبارەت بە خەتەنەی ژنان و پابەندییە پێویستەکان بە فەرمی داوای ڕوونکردنەوەی لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد.



ڕوونوێنی لە کتێبی «بە ناوی نەریت» و کۆنفرانسی FGM لە ڕێکخراوەی نەتەوەکان وێنە: تۆیی لیڤین

1. http://www.reuters.com/article/us-iran-fgm-idUSKBN0P60OF20150626

2. https://www.theguardian.com/world/2015/jun/04/female-genital-mutilation-iran-fgm

3. http://www.bbc.com/persian/iran/2015/06/150604_nm_fgm_iran women

4. http://rudaw.net/english/middleeast/iran/030720152

5. http://europe.newsweek.com/female-genital-mutilation-performed-young-girls-iran-328246

6. http://www.unwatch.org/en/

لـە درێـژەی توێژینـەوە پرۆژەیـەکی پـایلۆتیش لـە سـەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە لە ناوچە ڕووماڵکراوەکانی ئەم بەرنامە دەست بە کار بوو. ئەم دەستێوەردانی پایلۆت بە مەبەستی کەمکردنەوەی برەوی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان لە ناوچە فارس و عەرەبنشینەکانی باشووری ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران ئەنجام درا.

پرۆژە لە سەر ئەم گریمانە بوو کە دەستێوەردانە تایبەتە کـەمپانتاکان دەتـوانن لـە لایـەن خـودی کۆمـەڵگاوە بـوار بـۆ وازهێنـان لـەم دیـاردە خـۆش بکـەن و نـەک ئـەوەی کـە لـە دەرەوەی کۆمـەڵگاوە بـە شـێوەی سـەپاندنی زۆرەملیانـە بێـت. توێژینەوە بەم ئاراستە کە سـەرچاوەی ئـەم دیاردە دەچێتـەوە سەر نەریت و کەلتوور و هەنـدێجار پاساوی ئایینی، درێژەی بـە ئیشـەکەی خـۆی دا. تیمـی توێژینـەوەیی ئاراسـتەیەکی هاوبەشانە، هەستیار بـە کـەلتوور و عـورفێکی گرتـە بـەر کـە ژێرخـانێکی بـتەو لـە مافـەکانی منـداڵ و مرۆڤیشـی لـە خـۆ گرتبـوو. دەسـتێوەردانەکانی ئـەم پـرۆژە بـۆ سـەر دوو بـەش دابـەش کـران: بەشـێک سـەرنج دەخاتـە سـەر کۆمـەڵگا. دەسـتێوەردانەکان بـە شـێوەی تایبـەت بـە جۆرێـک گەڵاڵـە کرابـوون کـە ئاسـانکاری بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی دیـاردەی خەتەنـەی ژنـان بکـەن. لـە پێنـاو وەدیهێنـانی ئـەم ئامانجـە پێویست بوو کە لێڕوانینێکی ناڕاستەوخۆ بگیرێتە بەر، چونکە خەتەنـەی ژنـان نـەریتێک بـوو کـە لـە سـەر ڕۆحـی خـەڵکی ناوچەکە هەڵکۆڵرابوو و هەر چەشنە هەوڵێکی ڕاستەوخۆ بۆ لە

ناو بردنی ئەم نەریتە دەیتوانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پرۆژە و کاربەدەستانیشی کێشەساز بێت. دووهەمین بەش بە گوێرەی تۆڕسازی و پشتیوانی بوو کە زیاتر سەرچاوە خۆجێییەکانی بۆ پێکەوە کارکردن و بە ئامانجێکی تایبەتەوە لە دەور یەکتر کۆ دەکردەوە.

بە هۆی کەموکۆڕی سەرچاوەکان لە دواساڵەکانی لێکۆڵینەوە دوو گرووپی گەڕۆکی پێکهاتوو لە یاریدەری کۆمەڵایەتی، دەروونناس و نەخۆشەوان کۆ بوونەوە. گرووپە گەڕۆکەکان بە جۆرێک ڕاهێنرا بوون کە دەیانتوانی بە کەڵکوەرگرتن لە هێزە ناوچەییەکان لە پێناو ڕووماڵکردنی باشتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەوپەڕی ئیشی مەیدانی ئەنجام بدەن. ئەندامانی تیمەکە خەریتەی ناوچەی ڕووماڵکراویان هەڵدەگرتەوە و دواتر بە کەڵکوەرگرتن لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دەرفەتگەلی پەنگراو (وەکوو ئاهەنگی هاوسەرگیری و پرسە و سەرەخۆشی) بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەست بە کار بوون. ئامانجی یەکەمی ئەم ڕێبازە ئەوە بوو کە باشتر و ئاسانتر لە ژنانی کۆمەڵگا نزیک ببێتەوە. ئیشی گرووپی گەڕۆک ڕوونی کردەوە کە خەتەنەی ژنان لە هەندێ لە گوندەکاندا لە ناو چوار پارێزگا ئاماژە پێکراوەکە برەوی هەیە.

**ڕۆڵی دەوڵەت و ناوەندە خاوەنبەرژەوەندییەکان**

لە ئێران خەتەنی ژنان بابەتێکی گشتی نییە و قسەکردن لە

سەر ئەم بابەتە باو نییە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرپرسانی دەوڵـــەتی، نوێنـــەرانی فـــەرمی، کەســـان یـــان گرووپـــە نەتـــەوەخوازەکان و ڕێبـــەرانی ئـــایینی ئـــایینزای شـــیعە زۆر هـــۆگری قســـەکردن لـــە ســـەر پرســـی خەتەنـــەی ژنـــان نـــین، چوونکە بە گومانی ئەوان ئەم کارە تایبەت بە شوێنکەوتووانی ئایینزای سوننەیە و لەبەر هەندێ تێبینی ڕوون نەکراو، نابێ ئەوان تێوە بگلێنین.

چوار پارێزگا ئاماژە پێکراوەکە کە خەتەنەی کچانیان تێدا بـاوە، کورتـە مێژوویـەکیان سـەبارەت بـە جۆرەکـانی دیکـەی تونـــدوتیژی دژ بـــە ژنـــان بـــەدی کـــردووە؛ حاڵـــەتی وەک خۆســـووتاندنی ژنـــان (یـــا دیکـــەی شـــێوازەکانی خۆکـــوژی)[1]، هاوسـەرگیری منداڵان، هاوسـەرگیری زۆرەملێ، فرەژنـی و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا قـەتڵی نامووسـی[2]. بـە بۆچـوونی دەوڵـەت خەتەنـەی ژنـان بازنەیـەکی سـنووورداری هەیـە و پرسـێکی تایبـەت بـە ئـەهلی سـوننەیە و لەبـەر ئەمـەش دەوڵـەتی شیعەتەوەری ناوەنـدی بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە خەتەنـەی ژنـان هیچ هەوڵێکی فەرمی و نافەرمی نادا و ڕەنگە نیگەران بێ کە لـە ئـەنجامی خۆتێهـەڵقورتان لـەم بابەتـە متمانـەی لـەرزۆک و سستی جەماوەری سوننە مەزهەب لە دەست بدات. جیا لەوە پرسـی خەتەنـەی ژنـان هـەتا هەنووکـە نـەیتوانیوە سـەرنجی

---

[1]. Aliverdinia, A. & Pridemore, W. A. 2009. Women's fatalistic suicide in Iran: a partial test of Durkheim in an Islamic Republic. *Violence against women*.

[2]. Keddie, N. R. 2000. Women in Iran since 1979. *Social research*, 405-438

وەزارەتـە گـرینگە دەوڵەتییـەکان و ڕێکخراوەکـان بـەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. خەتەنەی ژنان بۆ ناوەندە گشتییەکانی وەک خزمـــەتگوزاری تەندروســتی، خزمـــەتگوزاری کۆمەڵایـــەتی، زانکۆکان و بە شێوەی گشتی کۆمـەڵگا، دیاردەیەکی نائاشنایە. سـەرباری ئەمـەش ئـەم دەوڵەتـە لـەوە دەچـێ سـەرنجێکی زیـاتری خسـتبێتە سـەر بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان، مافـە هاوڵاتییـەکان و پرسـە بنەماڵەتـەوەرەکان و لـەم دەوڵەتـەدا کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لـە جاران بـە فـەرمی ناسراون. لـە ساڵانی دابەزانـدنی ئـەم لێکۆڵینـەوە و بەتایبـەت لـەم ساڵانەی دواییـدا ئـەم دیـاردە و ئەنجامـەکانی لەگـەڵ بەرپرســـانی تەندروســـتی نیشـــتمانی، خزمەتگوزارییـــە کۆمەڵایەتییـــەکان و هەنـــدێ لـــە نوێنـــەرانی پەرلەمـــان و کۆمیسـیۆنە تەندروسـتی و کۆمەڵایەتییـەکانی نـاو مەجلیسـی شـۆرای ئیسـلامی، جێگریـەتی سـەرۆکایەتی کۆمـار لـە بەشـی ژنـان و کاروبـاری بنەماڵـە و دەزگـای داد خرایـە ڕوو. لـە دیدارێکی هاوبەش لە نێوان بەرپرسانی دەوڵـەتی لـە وەزارەتـی تەندروسـتی، دەرمـان و ڕاهێنـانی پزیشـکی، خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگای داد هەندێ بەڵێن درا بەڵام هـەتا ئێستا هیچیان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردن.

نەبوونی پشتیوانی لە لایەن دەوڵـەت و تەنانـەت دڵەڕاوکـێ ئاسایشـییەکان وای کـردووە کـە جگـە لـە ژمارەیـەک تێـزی ماسـتەر کـە دواتـر بـە شـێوەی کتێـب چـاپ کـران[1] و یـان

---

[1] – کریمی، فاطمە (1388 هەتاوی)، تراژدی بدن، نشر روشنگران، الهام مندگاری، (1389

کۆمـەڵێ وتـار[1]، هـیچ لێکۆڵینەوەیـەکی گشـتگیر و نـاوخۆیی بـۆ هەڵسـەنگاندنی بابـەتی خەتەنـەی ژنـان لـە ئێرانـدا ئـەنجام نەدرێت. هـەر بۆیـە هـیچ چەشنە پرۆژەیەکی پەیوەندیـدار لـە ناوچــە تێوەگلاوەکــانی دیــاردەی خەتەنــە پشــتیوانی دارایــی نەکراون و یان مۆڵەتی ئیشکردنیان نـەبووە. هـەر بۆیـە بـواری ئەنجامـدانی بەرنامـەی توێژینـەوەیی پـایلۆت بـۆ تێگەیشـتنی باوبوونی وردی خەتەنەی ژنان لە ئێران بوونی نییە و نـاتوانین کاریگــەری ڕاهێنــان و خوێنــدن و دیکــەی فاکتــەرەکان بــۆ بەرەنگاربوونـەوەی دژ بـە خەتەنـەی ژنـان بـە دروسـتی و لـە پێوەرێکی گەورەدا ئەندازە بگرین.

> «ئەگەر ئێمە بزانین خەتەنە بۆ کچەکانمان زیانی هەیە، بێگومان ئەم کارە ناکەین. ئەوان بە ئێمەیان وت ئەم کارە مەکەن بەڵام نەیانوت بۆچی. هیچ کەس سەبارەت بە زیانەکانی قسەی نەکرد و ئێمە هێشتاش ئەم کارە دەکەین. ئێمە ئێستا دەیرووشێنین، پێشتر زۆریان لێ دەبڕی، بەڵام ئێمە تەنیا تیغێکی لێ دەدەین.»
>
> وڵامدەری ژن. گوندی گۆری هورمزگان

هەتاوی). نقڵ تمامیت جسـمانی زنـان از منظـر حقـوق بشـر، چاپخانـەی زانکـۆی یاسـا حقـوق مظفریان، رایحە (1389 هەتاوی)، تیغ و سنت، چاپخانەی ناکجا

1. https://www.sid.ir/fa/Journal/ViewPaper.aspx?ID=417

AVAYEBUF.com




نومایەک لە هەورامان تەخت. مەریوان پارێزگای کوردستان
وێنە: کامیل ئەحمەدی

**پێداچوونەوەیەک بە سەر کاریگەری بزووتنەوەی دژە خەتەنە**

لێکۆڵینەوە لە سەر خەتەنەی ژنان لە ئێران بوو بە هۆی ئامادەبوونی ڕاپۆرتێکی گشتگیر و دیکەی بابەتە بڵاوبووەکان، سرنجی بیری کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکانی ورووژاندووە و بۆ نەهێشتنی ئەم نەریتە بزاڤێکی پەیوەندیدارانەی بەهێزی هان دا و چالاکی گرووپە دژبەرەکانی خەتەنە لە ناو پسپۆڕانی پزیشکی، کەسایەتیە ئایینییەکان، کاربەدەستانی یاسایی و میدیایی، گرووپی گەنجان و کۆمەڵگای مەدەنی ئاسان کردووە.

لە ڕەوتی ئەم توێژینەوە پێکهاتەیەکی تایبەت بە کار هێنرا بۆ ئەوەی توانای هەموو ڕاپەڕێنەرە چالاکەکان لە بواری نەهێشتنی دیاردەی قەیرانی خەتەنەی ژنان بە ئاراستەی


گشتبینانە باشتر بکات. پەرەپێدانی زانست و بەهێزکردنی تواناکان بە ڕەچاوکردنی زیانەکانی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان بە شێوەی بەردەوام کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئەم کارە لە سەر دوو ئاست ئەنجام دراوە؛ ڕاهێنانی کاربەدەستان و هەڵکشاندنی ئاستی زانیاری لە کۆمەڵگەی ئامانج و هەروەها لە زانکۆکاندا. وا دەرکەوت کە بە پێی ئەم چالاکییە تواناسازییانە، ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئامانج سەبارەت بە هەڕەشە و مەترسییەکانی خەتەنەی ژنان / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان هەستیار بوون. توێژینەوە لە دروستکردنی زانیاری بەکەڵک سەرکەوتوو بوو و توانی پشتیوانی کۆمەڵێکی زۆری خوێندکارانی زانکۆ، کەسانی مەدەنی و هەروەها بەرپرسانی ڕێکخراوی چاکژیانەوە و وەزارەتی تەندروستی، دەرمان و ڕاهێنانی پزیشکی بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت.




چارتی کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوە بە پێی ڕەگەزی وڵامدەران.
کتێبی بە ناوی نەریت.

هەر هەموو پارێزگاکان ڕێژەیەکی زۆری سوننە مەزهەبی قوتابخانەی ئیمام شافیعی و ئەهلی شیعە لە خۆ دەگرن.

شایەنی ئاماژەیە کە هەندێ لەم پارێزگایانە هەڵگری حەشیمەتی تورکزمانی ئازەری شیعە (وەک باکووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) و کوردە یارسانەکان (لە چەند دەڤەری ئیلام و کرماشان) کە هیچیان خەتەنەیان تێدا نییە. سەرەڕای ئەمە هەندێ لە کچۆڵە شیعەکانی پارێزگای هورموزگان هێشتاش خەتەنە دەکرێن و چەند ناوچەی کرماشان و ئیلامیش خەتەنەیان ئەنجام دەدا بەڵام ئێستا خەتەنەی کچانیان وەستاندووە. ئەو گرووپە ئامانجانەی کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەستیار بوون بریتی بوون لە: زانایانی ئایینی پیاو، خەتەنەچییەکان و دانیشتووانی خۆجێیی دوورگەی قیشم لە باشووری ئێران و خوێندکارانی پەرستاری. هەروەها گرووپە قەرەج و چەرچییەکان کە لە بنەڕەتەوە لە هەرێمی کوردستانەوە دێن و هەموو بەهارانێک لە سنوورەکانی کوردستانی ئێرانەوە تێپەڕ دەبن و وەک خەتەنەچی منداڵان خەتەنە دەکەن و لەم ماوەدا لە دەرەوەی شارەکانی وەک سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار و گوندەکانی دەوروبەری نیشتەجێ دەبن ئەمانەش وەک گرووپی ئامانجی دەستێوەردەر دەهاتنە هەژمار.




ڕێژە گشتییەکانی خەتەنەی ژنان لە دەڤەرە ڕووماڵکراوەکانی توێژینەوە

وێنە: کتێبی بە ناوی نەریت.

**ئامانجە دەستێوەردەرەکانی پایلۆت**

بەرنامەی ئاگادارکردنەوەی دژ بە خەتەنە بەتایبەت بۆ ناوچە گوندییەکان ئامادە کرابوو. ئەم بەرنامـە لـە سـەر هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری چڕ ببووەوە و ئامانجەکانی بریتی بوون لە:

- هاندان و بەتواناکردنی ژنان و کچان لـە ڕێگـەی ڕاهێنـان و پشتیوانی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی.

- بەرزکردنـەوەی ئاسـتی وشـیاری سـەبارەت بـە لێکەوتـە دەروونناسـی و فیزیاییـەکانی خەتەنـەی ژنـان، تەندروسـتی و ڕاهێنـانی سێکسـی لـە نـاو کۆمەڵگـەی خـۆجێیی بەتایبـەت خەتەنەچی و گرووپە عەشایرەکان.

ـ ڕاهێنانی ژنان بە قسەکردن سەبارەت بە ئەزموونەکانی خۆیان، دەرد و ئازارەکانیان، بە شێوەی دواندنی تاکەکەسی و گرووپی لەگەڵ دەروونناسان.

ـ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری لە مەڕ تەندروستی سێکسی پیاوان لە لایەن ئەندامە پیاوەکانی تیمەوە.

ـ سازدانی تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ زانایانی ئایینی خۆجێیی و ناوچەیی بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی.

ـ لۆبیگەری و بەرگری لە سیاسەتە دژەخەتەنەکان لە سەر ئاستی دەوڵەت، پارێزگاکان و کۆمەڵگەی ناوچەیی.

بەتواناکردن و یارمەتیدانی بواری زانکۆیی بۆ پشتیوانی لە توێژینەوە و چاپەمەنییە زانستییەکان، بەڕێوەبردنی دەیان کارگەی فێرکاری و کۆمەڵێ سێمیناری زانکۆیی لە تاران و شارە تێوەگلاوەکان و ئێن‌جی‌ئۆکان و کەمپەینە میدیاییەکان.

**شێوازناسی و تەکنیکەکانی توێژینەوە**

ئـەم لێکۆڵینــەوە مەیدانییــە ســەبارەت بــە کاریگەرییــەکانی دەســتێوەردانی پــایلۆت لــە لایــەن گەڕیــدە ڕاهێنراوەکــان، هاوکــاری یاریــدەدەرانی کۆمەڵایــەتی، تــۆڕی چالاکڤانــانی ناسراوی کۆمەڵایەتی، هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و هـەموو ئـەو کەسانەی وا تامەزرۆیانـە لـە پێنـاو ئامـانجێکی هاوبەشــدا هەوڵــەکانیان خســتبووە گــەڕ، ئــەم لێکۆڵینــەوە مەیدانییــە ئــەنجام درا. ئــەم توێژینــەوە بــە بــێ هاوکــاری بێدرێغـی کەسـانێک کـە پیشـاندانی ڕاسـتییەکانی کۆمـەڵگای خۆیــان کــرد بــە یەکەمایــەتیی ئامانجــەکانیان ئامــانجی درێژمــاوەی خــۆی نــەدەپێکا. لــە پێشــدا تیمــی تــوێژەرانی کۆمەڵایەتی چوار پارێزگای ئێرانیان وەک بـەرزترین ڕێـژەی خەتەنەی ژنان لە درێژەی چوار مانگی نیوەی دووهەمی ساڵی 1395 هەتاوی تاوتوێ کرد. لە لێکۆڵینەوەی پێشوو "بە ناوی نــەریت" لــە هــەر پارێزگایەکـدا بـە گشـتی 32 گونـد بـۆ ئەنـدازەگرتنی ڕێـژەی کاریگـەری ڕاهێنـان هـەڵبژێردران کـە تێیانـدا 16 گونـد کەوتنـە بـەر ڕاهێنانـە دەسـتێوەردانەکانی پایلۆت و لە سەر ئاستی 16 گوندی دیکە ئـەم دەستێوەردانە ئەنجام نەدرا. بۆ ئامادەکردنی ئـەم ڕاپۆرتـە سـەردانی هـەمان گوندانـە کـراوە. ئـەم توێژینـەوە لـە پارێزگاگـەلێک بـە پلـە و ڕێـژەی جیـاوازی خەتەنـەی کچانـەوە بـەڵام بـە پلـە و ڕێـژەی هاوشێوەی منداڵهاوسەری و زاوزێی پێشوەختە ئەنجام درابوو

بـۆ ئــەوەی ڕێــژەی خەســارهەڵگری منــداڵان و لێکەوتــە نــەخوازراوەکانی بـۆ ســەر تەندروســتی زکوزا و سێکســی و هــەروەها توانایــان لــە ڕاپەڕانــدنی ڕەفتــاری دژایەتییانــە و پاڵپشتانە بەراورد بکرێت. توێژینەوەیەکی قۆناغی، پێکهاتوو لـە قۆنـاغی کـوالیتی پـێش‌ئەنـدازەگرتن و ئەنـدازەگرتن لـە کـاتی بەڕۆژبوونەوەی بارودۆخی خەتەنەی ژنان ئـەنجام درا کـە بـە گوێرەی ئەو دەستکەوتانە ئەم ڕاپۆرتە وەدەست دێت.



سێمینار و ڕاهێنانی خەتەنەی ژنان، زانکۆکانی زانستی ئاسوودەیی و توانبەخشی تاران/ وێنە: مەعسوومە مەعارف وەند.



دانیشتنی پسپۆڕی و ڕوونوێنی لە کتێبی زایەڵەی بێدەنگی (توێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) لە کتێبخانەی نیشتمانی تاران. وێنە لە: پێدرام وەرشۆیی

**ئەنجامەکانی ڕاپۆرت**

ئـەم توێژینـەوە دەریخسـت کـە لـە هەنـدێ حاڵەتـدا هۆکـارە بزوێنـەرەکانی خەتەنـەی ژنـان زۆر ئاشـکران و لـە هەنـدێ حاڵـەتی دیکـەدا تەنانـەت لـە گونـدەکانی دەوروبـەر بـە خۆشـحاڵییەوە ڕێـژەی خەتەنـەی ژنـان ڕووی لـە دابەزینـە. کۆمـەڵگای ئێـران وێـڕای نـەریتخوازبوونی، ئەگـەر گـۆڕان بـە دەروونی بکرێ و لە لایەن ئەنجامدەران و گرووپە هۆگرەکانی گۆڕان بە کار بهێنرێ، دەتوانێ خۆی بگۆڕێت. پێداچوونەوە بە ئەنجامـەکانی ئـەم ڕاپۆرتـە ئـەوە دەسـەلمێنێ کە ئەگـەر هەڵسـەنگاندن، ڕاهێنـان و ئاگـاداری بـە پێکهاتـە و هـاوڕێژەیی کەلتووری گونجاوەوە بدرێتە دەست خـەڵک، ئەنجامـدانی ئـەم نەریتە دەگۆڕدرێت.

تێپـــەڕینی کـــات، شـــێوازی ژیـــانی مـــۆدێرن، مـــەرگی خەتەنەچییـەکان و نـەبوونی بـەدیلێک بۆیـان، کاڵبوونـەوەی هـۆگری بەرەی گـەنجتر بـۆ قبـووڵکردنی خەتەنـەی ژنـان، کۆچکردن بەرەو شارەکان، ئاستی بەرزی خوێندن، کاریگەری ڕاگەیاندنـەکان و هـەروەها پشـتیوانی هەنـدێ لـە کەسایەتییە ئایینییـەکان لـە فاکتـەرە دەستێوەردەرەکانی دابـەزینی ڕێـژەی خەتەنـەی ژنـان بـوون. نـەریتی خەتەنـەی ژنـان هێشـتاش لـە ئێرانـدا بـوونی هەیـە بـەڵام مزگێنـی خـۆش ئەوەیـە کـە ئـەم دیـاردە سـاڵ لـە دوای سـاڵ ڕوو لـە دابـەزین دەکـات. دۆخـی هەر سێ پارێزگای ڕۆژئاوایی ئێران باشتر بـووە بـەڵام هەنـدێ بەشـی ناوچـەی هـەورامان (دەڤـەرێکی گـەورە لـە نێـوان سـنوورەکانی کوردسـتان و کرماشـان) و هـەروەها هەنـدێ لـە گوندەکانی کامیاران، ڕوانسەر و پاوە لە پارێزگـای کرماشـان و ڕۆخـە باشـوورییەکان و دوورگـەکانی هورموزگـان لـەم بـارەوە بەرهەڵستی دەنوێنن.


پارێزگای هورموزگان هێشتاش یەکەمین پارێزگا لە لیست و پەسەندکراوی خەتەنـەی ژنـان لـە ئێرانـە و ئـەم نەریتـە لـە دوورگەکانی پارێزگای هورموزگان بەتایبـەت قیشـم سـەرەڕای ڕێژەی ڕوو لە دابەزینی گشتی، خەتەنەی ژنان هێشتاش بـاوە. گوندە دەستنیشانکراوەکان بۆ پـرۆژەی پایلۆت لـە هـەر چـوار پارێزگـا ڕاهێنراوەکانـدا باشـتربوون و دابـەزینی ڕێـژەی خەتەنـەی ژنـانی پیشـان دەدات. ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا کاریگـەری ڕاهێنـان و وشـیارکردنەوەی خەڵکـی دانیشـتووی

ناوچەکە دەردەخات.

پارێزگای کرماشان لە ڕووی باوبوونی خەتەنەی ژنانەوە لە پلەی دووهەمدایە و ئەم ڕێژە لە هەندێ لە گوندەکاندا 31 لە سەدە. سەرەڕای ئەمەش، ڕێژەکانی خەتەنەی ژنان لە پارێزگای کرماشان و پارێزگای سنە کەمترن و پارێزگای ئازەربایجانیش لە چاو ناوچەکانی دیکە ڕێژەکەی کەمترە.

شرۆڤەکان لە سەر ئەم بنەمایە بوون کە ڕێژەی خەتەنەی ژنانی 30 بۆ 49 ساڵ لە ڕێژەی خەتەنەی ژنان و کچانی 15 بۆ 29 ساڵ زیاترە. لە هەندێ لە گوندەکانی دوورگەی هورموزگان و قیشم بەرەوی خەتەنە لە ناو ژنانی گرووپی تەمەنیی 29 بۆ 49 ساڵ گەیشتە 61 لە سەد. لە لایەکی تریشەوە لە دەڤەرەکانی وەک لەکستانی کرماشان، لە نێو گرووپی تەمەنیی 15 بۆ 29 ساڵ خەتەنەی ژنانمان بەدی نەکرد.

ئەنجامەکان ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی خەتەنە لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە پیشان دەدات. بۆ وێنە لە پیرانشار و سەردەشت و شنۆ کە دەکەونە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ڕێژەی خەتەنەی ژنان لە ناو بەرە گەنجەکاندا کەمتر لە 10 لە سەدە. لە جوانرۆ کە دەکەوێتە پارێزگای کرماشان دابەزینێکی یەکجار زۆری دیاردەی خەتەنەی ژنان لە 31 لە سەدەوە بۆ 9 لە سەد لە ناو کچان و ژناندا بەدی دەکرێت. هەروەها لە هەندێ لە گوندەکانی ڕوانسەر لە هەمان پارێزگا، ڕێژەی خەتەنە لە 43 لە سەدەوە گەیشتووەتە 17 لە سەد.




ڕێژەی ڕوو لە دابەزینی خەتەنە لە پارێزگا ڕووماڵکراوەکان

وێنە: کتێبی بە ناوی نەریت.

ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە خەتەنەی ژنان لە هەندێ لە ناوچە گوندییەکانی هەر چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (ناوچە کوردنشینەکانی باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا)، کوردستان، کرماشان و پارێزگای هورموزگان و دوورگەکانی دەوروبەری بەدی دەکرێت. پارێزگای کوردستان لە زۆرینەی سوننە مەزهەبی ئیمام شافیعی و کەمینەیەکی شیعە پێکهاتووە. پارێزگاکانی دیکە پێکهاتەیەکن لە ئەهلی سوننە، شیعە و دیکەی ئایینەکانی وەکوو کەمینەی یارسان (لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە شارەکانی مەهاباد و میاندواویش کەمینەیەکی تورک زمانی یارسان دەژین)، هەروەها کۆمەڵگەی بچووکی مەسیحییە ئەرمەنییەکانی ورمێ و کوردە کەلهوورە شیعەکان و کوردە یارسانەکان لە هەندێ


ناوچەی پارێزگای کرماشانن کە ژن خەتەنە ناکەن. سەرباری ئەمەش هەندێ لە ژنانی شیعە کە لە نزیک ناوچە سوننە مەزهەبەکانی هورموزگان دەژین ئەم کارە دەکەن و لە ڕووی مێژوویییەوە ژنانی دانیشتووی کۆمەڵێ گوندی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام کە شیعەن خەتەنە کراون.

هۆگری بۆ نوێگەریتی و گەشەکردنی وشیاری گۆڕانکارییەکی زۆری لە سەر ڕوانگەی خەڵک سەبارەت بە شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان بەدی هێناوە و ڕەوشتی کردەوە گشتییەکانی گۆڕیوە. کردەوەی گرووپە گوندییەکان لەوانەیە دژی ڕەفتاری کەسانی دانیشتووی ناوچەکە بێ، واتە ئەو جێگایەی کە خەتەنەی ژنان وەک هێمای جیاوازبوون لە حەشیمەتی وەرگر سەیر دەکرێت.

لەم ماوەی ڕابردووەدا لە سەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی هەوڵێکی زۆر دراوە. ڕێژەیەکی زۆری بکەرانی خەتەنە ئێستا بە توندی لە دژی ئەم دیاردە بەرهەڵستی دەنوێنن هەر بۆیە زۆرێک لە وڵاتان لە ئێستاوە نەریتی خەتەنەیان تێدا کەم بووەتە. هۆکاری کاریگەری دیکە کراوەبوونی ئەم کۆمەڵگایانە بەرەو ڕووی باسی خەتەنە بە شێوەی میدیایی، چاپی بابەت و ڕاگەیاندنە ئەلیکترۆنییەکانە کە وای کردووە لە هەموو ناوچە ڕووماڵکراوەکان خەتەنەی ژنان ڕوو لە دابەزین بکات. سەرباری ئەمەش، گۆڕانی سەرەکی لە ناو ئەم کۆمەڵگایانە بە دەستێوەردانی دەوڵەتی و پشتیوانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان بە هاوکاری لەگەڵ ئەم ئاژانسانە بەدی هاتووە. ئەم ڕاپۆرتە

لە بەشەکانی دواتردا شرۆڤەی چوار پارێزگاکە لە بواری کاریگەری دەستێوەردانی چالاکییەکانی دژی خەتەنەی ژنان لە ئێران دەخاتە ڕوو.

**پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا**




**نوێترین پێوەری دیاردەی خەتەنە:**

پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە پێکهاتەیەک لە کورد و تورکی ئازەریزمانەوە یەکێک لە ناوچە ڕووماڵکراوەکانە کە خەتەنەی ژنانی تێدا بەدی دەکرێت. ڕێژەکانی سەپاندنی خەتەنەی ژنان لەم ناوچە لە درێژەی بەرۆژکردنی ساڵانە و کارگەی فێرکاری کۆمەڵایەتی بووەتە هۆی هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری سەبارەت بە تەندروستی گشتی و ئەمە ڕەوتی دابەزین پیشان دەدات.

حەشیمەتی گشتی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا سێ

ملیۆن کەسە و کوردە سۆرانییەکان زیاتر لە باشووری ئەم پارێزگایەدا دەژین و لە لایەکی ترەوە کەمینەی کوردانی کرمانج لە نزیک سنووری تورکیا و لە شاری ورمێ هەتا ماکۆ نیشتەجێن. لە یەکەمین نموونەگیری هەندێ گوندی شارە ناساراوەکانی ئەم پارێزگایە کە خەتەنەی تێدا باوە، دەستنیشان کران کە بریتییە لە سەردەشت، مەهاباد، ورمێ، پیرانشار، بۆکان و میاندواو. لە ناویاندا هێشووی دووهەمی نموونەگیری لە ناوچەی گوندی دەستنیشان کرا: وەک زەنگۆڵان، ڕەبەت، بناوێڵەی بچووک، لەیلان، مزەفەرئاوا، کیتکە و هەنگاوا و هتد.

ئیشی مەیدانی پیشانی دا کە ڕێژەی خەتەنەی ژنانی بەتەمەن لە ئاستێکی بەرزدایە و لە بەرانبەردا ڕێژەی ساڵانەی خەتەنە لە ناو کچۆڵەکاندا زۆر کەم و ڕووی لە دابەزینە. لە هەندێ لە گوندەکانی دەڤەری موکریان (ناوچەکانی سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد، ورمێ و بۆکان) ڕێژەیەکی زۆر کەمی کەسانی تەمەنی ژوور دە ساڵان خەتەنە کرابوون. یەکێک لە هۆکارەکانی دابەزینی ئەم ڕەوتە لە باشووری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ هاتووچۆنەکردنی نایاسایی عەشایرەکان (بە زمانی ئەو ناوچە دۆم یان قەرەچی) لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کوردستانی ئێران. ئەم گرووپانە بە خەتەنەکردنی ژنان لەم ناوچانە داهاتێکی باشیان دەست دەخست.

ولاّمدەری ژن – پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا
یەکێک لە کچەکانم تازە کچێکی بووە. پێنج مانگانە. بڕیارە ژنێک بێ و خەتەنەی بکات.
ولاّمدەری ژنی تەمەن 38 ساڵە – پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەمان کچە تەمەن 14 سالانەکەی خەتەنە نەکرد، ئێمەش کچەکانمان خەتەنە نەکرد.

ولاّمدەری ژن– پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

وەک دیکەی خەتەنەچییەکان زۆربەی ئەم کەسانە لە خەتەنەکردندا شێوازی پارێزراو و تەندروست بە کار نابەن و زۆر جار بۆ بڕینی بەلۆکە (کلیتۆریس) تیغی ڕیش‌تاشین بە کار دەبەن و مەترسی تووشبوونیان بە نەخۆشی فرەچەشن و تەنانەت کەم‌ئەندامبوون بەهێز دەکەن. چەندین ساڵ هەڵسەنگاندن و ئەندازەگرتنی برەوی خەتەنەی لە درێژایی سنووری عێراق، ئەم ئەنجامە دەخاتە ڕوو کە زۆربەی گوندەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و گوندەکانی دەوروبەری سنووری عێراق بەستراو بەم گرووپە گەڕیدە

کوردانەن بۆ ئەوەی کچەکانیان خەتەنە بکەن. توندکردنەوەی داپەڕی ئاسایشی و سیاسەتی قەدەغەی هاتووچۆ لە ناوچە سنوورییەکان کە لەم ساڵانەی دوایدا لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئەنجام دراوە ئەوە دەگەیێنێ کە ڕێژەیەکی کەمی ئەم کەسانە توانیویانە بە شێوەی نایاسایی سنوورەکان ببەزێنن و هەر ئەمەش لە درێژماوەدا بووەتە هۆی دابەزینی ڕێژەی خەتەنەی ژنان. سەرەڕای ئەمە بە پێچەوانەی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، خەڵکی پارێزگاکانی کوردستان و کرماشان (بڕوانە درێژەی ڕاپۆرت) پشت بە خەتەنەچییە بەساڵاچوو و ڕاهێنراوەکانی خۆیان دەبەستن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگاکەیاندا نەریتی خەتەنەکردن بەردەوام بێت.

**پارێزگای کرماشان**




**نوێترین پێوەری دیاردەی خەتەنە:**

کۆی حەشیمەتی پارێزگای کرماشان 1/8 ملیۆن کەسە. ئەم پارێزگایە بۆ سەر چین و توێژەکانی ئەهلی شیعە و ئەهلی سوننەی شافیعی مەزهەب دابەش بووە، بەڵام لە ناویاندا کەمینەکانی یارسان و لەکیش بەدی دەکرێن. زاراوە سەرەکییەکانی پارێزگای کرماشان بریتین لە کوردی (جاف، فەیلی و کەلهوڕی)، هەورامی (هەندێ لە هەورامییەکان لەو بڕوایەدان کە زمان و ئێتنیکێکی جیایان لە زمان و ئێتنیکی کوردی هەیە)، زمانی فارسی و لەکی.

خەتەنەی ژنان لە کوردستانی ئێران لە ناوچەگەلی تایبەتی ئەهلی سوننەی کوردستان کە بریتییە لە گوندەکانی نزیک سنووری هەرێمی کوردستان و هەندێ جار لە قووڵایی پارێزگاکاندا ئەنجام دەدرێت. سەرەڕای ئەمە، بڕەوی خەتەنەی ژنان لەم ناوچانەدا وەک یەک نییە و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە و لە هەندێ حاڵەتدا لە نێوان گوندە هاوساکاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە. خەتەنەی ژنان بە گشتی لە ناوچەیەک بە ناوی هەورامان

(بەشێک لە ناوچەی هەورامان دەکەوێتە بەشێکی پارێزگای کوردستان) و لە ناوچە جافنشینەکان بەدی کراوە (جافی یەکێک لە زاراوە کوردییەکانە). گوندە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری کامیاران، ڕوانسەر، جوانرۆ، پاوە و هەروەها گوندی گەورەی شاهۆ (بە فارسی پێی دەڵێن مەنسوورئاقایی) و دەوروبەری شاری پاوە لەو ناوچانەن کە لە پارێزگای کرماشاندا زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان لە خۆ دەگرن. بۆ یەکەمین نموونەهەڵگرتنەوە، پێڕستێک لە گوندی شارەکان و شارە گەورەکان لە ئەنجامدانی خەتەنەی ژنان بەراورد کراوە (وەکوو جوانرۆ، ڕوانسەر، پاوە، هەرسین و سونقور) کە لە ناوياندا هێشووی دووهەمی گوندەکانی ئەم شارانە دەستنیشان کران (وەکوو شاهۆ، دزاوەر، میوان، سپیاوە، کۆسەی هەجێج، باباعەزیز، گڵتماوا، سپێوەر و هتد.)

بەم حاڵەوە ئەنجامدانی خەتەنەی ژنان لە ناو ژنانی کەمتەمەن تا ڕادەیەکی زۆر کەم بووتەوە و ئەمە کامیاران و پاوەش دەگرێتەوە بەڵام لە هەموو ناوچەکاندا وا نییە. لانیکەم دەبینین کە لە هەندێ لە ناوچە ناولێبراوەکانی سەرەوە خەڵک دەیان دەیەیە کە وازیان لەم نەریتە هێناوە. ئەگەری خەتەنەکردن بۆ منداڵان و مێرمنداڵان زۆر کەمتر بووەتەوە بەڵام لە ناو ژنانی بەتەمەنی 30 بۆ 35 ساڵ ڕێژەی خەتەنەی کچان بەرز دەبێتەوە. ئەم ڕێژە لە ناو ژنانی تەمەن ژوور 50 ساڵ تا دێ پتر دەبێت. سەرەڕای ئەمەش لێکدانەوەی ئەوەی کە ئایا ڕێژەی کەمی خەتەنە لە ناو

منداڵان بە هۆی کاریگەری نەریتی خەتەنەی درەنگوەختە یان نا گرینگە. لە شوێنەکانی دیکەدا خەتەنەی درەنگوەخت زۆر کەم ڕوو دەدات.




لۆبیگەری لەگەڵ ڕێبەرانی ئایینی لە کاتی توێژینەوەی مەیدانی
وێنە: کامیل ئەحمەدی

تیمی لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەو ناوچانەی وا خەتەنەی ژنان بە پێی بەڕۆژکردنە ساڵانەکان پێویستی بە هۆشدارییەکی زۆرە، لە ڕووی کەلتووری و نەریتییەوە زۆر هۆگری گۆڕان نین. دارشتەی زنجیرەی گواستنەوەی نەریتە کۆنەکان بۆ بەرەی نوێ لە ماوەی چەندین ساڵ بەردەوام بووە و گرتنەبەری شێوازی ژیانی ئەورۆیی بە شێوەی تیژتێپەڕ دزەی نەکردۆتە ناو دیواری نەریتەوە و بەرهەڵستیکردنی بەرنامەی دژی خەتەنەکردنی ژنان لە کوردستان و کرماشان و لە گوندی شارەکانی وەک ڕوانسەر، کامیاران، جوانرۆ و پاوە زیاتر لە هەموویاندا بینراوە. ڕەوتی ڕوو لە دابەزین و چاوەڕوانکراو لە ناوچە ڕووماڵکراوەکاندا سستتر و کاڵتر بوو.

من خۆم خەتەنە کراوم. بەڵام نەمهێشت کچەکانم خەتەنە بکرێن. پێشتر خاتوونێک بە ناوی کیژوەر بۆ ئەم مەبەستە لە پاوەوە دەهات. بەڵام ئێستا مردووە و تەنیا بۆ ڕێزگرتن لەم نەریتە خەڵک تەنیا تیغ دەبەنە ژێر داوێنی کچان (بە بێ بڕین) و دەڵێن خەتەنە کرا. تیغی محەمەدیشی پێ دەڵێن.
دراوسێکەمان کچێکە کە دایکی 3 جار کۆئەندامی زاوزێی بڕی (چوونکە دروست خەتەنە نەکرابوو) دەڵێ هەستی عەشق یان ئارەزووی سێکسی نییە. لێم پرسی کێشەی نییە؟ وتی: هەتا بەیانی دەستم لێ بدەن، بە خۆم نازانم.»
وڵامدەر ژنی تەمەن 33 ساڵە. گوندی هەجیج پارێزگای کرماشان.

«من خەتەنە کراوم. نازانم چ کاتێک بوو بەڵام کچەکەمم خەتەنە نەکرد هەرچی مەلای گوندەکەمان وتی ئەمە نەریتە و دەبێ بکرێت. کچەکەم تەمەنی 2 ساڵانە و مێردەکەم لەگەڵ زانایانی ئایینی پەیوەندی گرت. وتی بە ڕای من دەبێ ئەم کارە بکرێ بەڵام ئیتر خۆتان دەزانن. چەند ساڵ بەر لە ئێستا گرووپێک هاتنە گوندەکەمان و سەبارەت بە مەترسیی خەتەنەی ژنان بۆ سەر ڕۆڵەکانمان هەندێ بابەتیان فێر کردین.»
وڵامدەر ژنی تەمەن 32 ساڵە گوندی شاهۆ

**پارێزگای کوردستان**




**نوێترین پێوەری دیاردەی خەتەنە**

کۆی حەشیمەتی پارێزگای کوردستان 3/1 ملیۆن کەسە. ئایینی پارێزگای کوردستان ئیسلامی ئایینزای سوننەیە؛ کەمینەیەکی کوردە شیعەکان و هەندێ تورک لە شارەکانی قوروە و بیجاڕ دەژین. زمانی سەرەکی لەم پارێزگایە کوردییە کە بە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر قسەی پێ دەکرێت. زاراوەی سەرەکی سۆرانی / ئەردەڵانییە و زاراوە باوەکانی دیکە بریتین لە کەلهوڕی و هەورامی.

بۆ یەکەمین هێشوو لە نموونەهەڵگرتنەوە، پێڕستێک لە چەند گوند لە شار و شارۆچکە گەورەکان هێنراوە کە دیاردەی خەتەنەی ژنانیان تێدایە. (وەکوو بانە، دیواندەرە، کامێران، سەقز و مەریوان) کە لە ناویاندا هێشووی دووهەم لە ناو گوندی ئەم شارانەدا دەستنیشان کران (وەکوو

کانیدینار، هەورامانی تەخت، کەماڵە، بڵبەر، باڵن، دەرەکاجی، حسێناوای خواروو و هتد.)


کوردستان و کرماشان لە ڕۆژئاوای ئێراندا زیاترین کاریگەری خەتەنەی ژنانیان لە سەرە. هەندێ لە گوندەکانی ناوچەی مەریوان و بەتایبەت هەورامان تەخت (بەشێک لە ناوچەی هەورامانی سەروو) زیاترین ڕێژەی خەتەنەی ژنان لە خۆ دەگرن. گوندەکانی هەورامانی تەخت (کە لەم دواییەدا ئاماژەیان پێکرا) لە هەر دوو ناوچەی هەورامان زیاترین ڕێژەی خەتەنەی ژنان هەیە. بەم حاڵەوە گوندەکانی دیکەی وەکوو کەماڵە، بڵبەر و کۆمەڵێکی دیکەی گوندەکانی سنە، سەقز و بانە لە ژێر کاریگەری خەتەنەی ژنان نین و ڕێژەکەیان بۆ نزیک سیفر دابەزیوە؛ تیمی توێژینەوەیی هەندێ بەڵگەی مزگێنیبەخش لە هەندێ لە گوندەکانی سنە و نزیک کامێران وەک ناوچەکانی سەربناو، سەرچی، کۆسارە و ماسان بەدی کردووە کە لەوێ خەتەنەی ژنان بنەبڕ بووە. دانیشتووانی ئەم ناوچانە پشتڕاستیان کردووەتەوە کە ئەم کارە ماوەیەکی زۆرە نەماوە و بە گوێرەی بۆچوونی دانیشتووان و وڵامدەران هۆی ئەم نەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنانی چەند ساڵ لەمەوبەر لە لایەن تیمە توێژینەوەییەکان، کاریگەری بانگەشەی میدیاکان لەم ماوەی دواییدا سەبارەت بە زیانەکانی خەتەنەی ژنان و کاناڵە سەتەلایتییەکانی هەرێمی کوردستان، کۆچکردن بەرەو شارەکانی دەوروبەر، خوێندەواربوونی ئەندامانی کۆمەڵگا کە وای کردووە ئاستی

زانستیان بەرز ببێتەوە، مردنی خەتەنەچییە قەرەجەکان کە کچانیان خەتەنە دەکرد و نەبوونی جێگرەوە بۆ ئەم خەتەنەچییانە کە درێژەپێدەری کارەکەیان بێت.

من خۆم نەک هەر بۆ کچەکانی خۆم بەڵکوو بۆ هەموو کچانی گوندەکەمان ئەم کارەم دەکرد. من کارێکی شیاوم دەکرد بەڵام لە ئێستادا خەڵک زۆر کچەکانیان خەتەنە ناکەن. دوایین جارێک کە کچێکم خەتەنە کرد 20 ساڵ بەر لە ئێستا بوو. کاتێک کە تەمەنی یەک ساڵان بوو بە تیغ هێندەی نیسکێکم لێ بڕی. لەو کارەی کە دەمکرد پێ ڕازی بووم چوونکە نەریتێکی کۆن بوو.»
وڵامدەر 56 ساڵە، مەریوان، پارێزگای کوردستان

«4 یان 5 ساڵ بەر لە ئێستا، کچۆڵەکان لە کووچە و کۆڵان یارییان دەکرد، ژنێک بە چووکلێت یان بووکەڵەیەک هەڵیفریواندن و خەتەنەی کردن. خەتەنەچی بۆ ئەم کارە هیچ بڕە پارەیەکی وەرنەدەگرت چوونکە ئەم کارەی بۆ ڕەزابوونی خودا دەکرد. ئەوان تەنیا ئەمەیان بیستبوو کە ئەمە نەریتێکە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ماوەتەوە بۆ ئەوەی هەتا ئەو کاتەی پیاوان لە جەنگن ژنەکانیان هەتا کاتی گەڕانەوەیان هیچ تامەزرۆیی و ئارەزوویەکی سێکسییان نەبێت.
سەرەڕای ئەوەی چەند ساڵ بەر لە ئێستا کۆمەڵێ توێژەر وەکوو ئێوە هاتنە ئێرە و سەبارەت بە کێشەی خەتەنەی کچان هەندێ ڕوونکردنەوەیان پێداین و وتیان چیتر ئەم کارە مەکەن.»
وڵامدەری ژنی تەمەن 40 ساڵە، گوندی بلبەر – مەریوان، پارێزگای کوردستان.

### پارێزگای هورمزگان




### نوێترین پێوەری خەتەنە

کۆی حەشیمەتی هورموزگان 1/5 ملیۆن کەسە. داتاکان دەرخەری ئەوەن کە ڕێژەیەکی زۆری کچان لە زۆربەی گوندەکانی ئەهلی سوننەی شافیعی لە پارێزگای هورموزگان خەتەنە دەکرێن. هەندێ لە گوندەکانی شاری میناب (هەندێ لە بنەماڵە شیعەکانیش ژنان خەتەنە دەکەن.) گوند و شارەدێکانی شاری بچووکی وەک بەندەری پێهێل، بەندەری کەنگ، لەنگە، گاوبەندی (پارسیان) و خەمیریش کەوتوونەتە بەر کاریگەری خەتەنەی ژنان. خەتەنەی ژنان لە دوورگەی بچووکی هورموزیش باوە. قیشم، کە گەورەترین دوورگەی ئەم پارێزگایەیە، ڕێژەیەکی زۆری خەتەنەی ژنانی لە خۆ گرتووە. دوورگەی قیشم پەناگەی گرووپە مەزنە کۆچبەرە موسڵمانە شیعەکانی میناب، بەندەر عەباس و دیکەی شارە

گـەورەکانی ئێرانـە کـە تێیانـدا خەتەنـەی ئافرەتـان ئـەنجام نادرێـت. تەنانـەت لـە دوورگـەی کـیش، کـە ناوچەیـەکی گەشتیارییە و یـەکێک لـە دەوڵەمەنـدترین ناوچەکانی ئێرانـە، کچـانی خـۆجێیی خەتەنـە دەکـرێن. توێژینـەوەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە جـۆری 1ـی ئـەم خەتەنـە لـەم پارێزگایـە و دیکەی پارێزگاکان باوە.

«من لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە کە دەڵێ ئارەزووی سێکسی لە ژناندا 7 قاتی پیاوان بەهێزترە. هەر لەبەر ئەمەش شێخێک لەم ناوچەدا پێی وایە لەبەر ئەوە دەبێ ژنان خەتەنە بکرێن. وەک ملکەجینواندن بۆ ئەم شێخە هەر هەموو کچەکانم خەتەنە کراون. ئەگەر ئافرەتێ کۆئەندامی زاوزێی نەبڕدرێت چۆن ئارەزووی سێکسییەکەی کە 7 ئەوەندەی پیاوە کۆنتڕۆڵ بکا و پێی ڕابگات؟ بە بێ خەتەنەکردن لەم ناوچە گەرمەدا کە ئارەزووی سێکسی بەهێز دەکا، کۆی کۆمەڵگا بە لاڕێدا دەچن و گەندەڵ دەبن.

شۆفێرێکی تاکسی پیاو – گوندی حەسەناوا پارێزگای هورمزگان»

بۆ یەکەمین هێشوو لە نموونەهەڵگرتنەوە پێڕستێک لە گوندی شارەکان و شارە گەورەکان کە خەتەنەی ژنانی تێدا ئەنجام دەدرێ هێنراوە (سیرک، قیشم، جاسک، گاوبەندی، بەستەک و میناب) کە تێیاندا هێشووی دووهەم لە گوندەکانی ئەم پارێزگا و دوورگەی قیشم دەستنیشان کران (وەکوو گووری، دۆستکۆ، گۆرۆن، ڕۆدان، شیب دراز، میرهاشم و هتد).

هاوشێوەی پارێزگا ڕۆژئاواییەکان کە پێشتر باسمان کردن، توێژینەوە سەرەتاییەکان پێویستی بە 32 پارێزگای ڕووماڵکراو و ڕووماڵنەکراو هەبوو کە گرووپەکە ڕاهێنانیان بە دانیشتوانی 16 گوند کرد و لە 16 گوندی دیکە هیچ دەستێوەردانێکیان ئەنجام نەدا.

ئەنجامەکان دەرخەری پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ڕاهێنان و ئەنجامی خەتەنەی ژنان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووە. ئەگەر دانیشتووانی خۆجێیی کە زۆرینەیان نەخوێندەوارن و هەروەها بەرە گەنجترەکان ڕاهێنانیان بۆ بکرێ، ڕێژەی خەتەنەی ژنان بە شێوەی بەرچاو دادەبەزێ و بە پێچەوانەوە. بە گشتی، پارێزگای هورموزگان لە ڕووی خەتەنەی ژنانەوە لە پلەی یەکەمدایە و هەوڵ لە پێناوی مانەوەی ئەم نەریتە دەدەن. ئەم پارێزگایە و ناوچە باشوورییەکانی کە لە زەریا و دوورگەی قیشمەوە نزیکن لە ساڵانی توێژینەوەی بەرۆژکردنەوەی زانیارییە پارێزگاییەکان ڕێژەیەکی زۆری خەتەنەی ژنانی لە خۆ دەگرت کە خێرایی

کەمبوونەوەیان زۆر کەمە و ئەمە هۆگری نەریتی و ڕوانگەی ئایینی، ناهۆگری خەڵکی ناوچەکە بۆ خۆ ڕێکخستن لەگەڵ زانست و شێوازەکانی ژیانی نویێ دەردەخات. بەم حاڵەشەوە بەرەی نوێتر هۆگری هەڵبژاردنی ئاراستەیەکی جیاواز لە بەرەی بەر لە خۆیانن و بۆ وەرگرتنی شێوازی نوێی ژیان نەرمی نوێنترن.

«چەندین ساڵە کە لێرە کچان خەتەنە ناکرێن. ئەمە ئیشی کەسانی بێمێشکە. هیچ قەرەجێک نەماوە کە ئەم کارە بکات. چەند ساڵ بەر لە ئێستا ڕێبەرێکی تەقلیدی ڕایگەیاند لە ڕوانگەی ئایینییەوە خەتەنەی کچان پێویست نییە و پاش ئەوە ئیتر کەس کچی خۆی خەتەنە نەکرد».

وڵامدەر ژن – لێدوانی بە کۆمەڵ

گوندی ڕۆدان، پارێزگای هورمزگان

«تەمەنم 15 ساڵان بوو کە خەتەنەیان کردم، ئەوان ژیانی منیان فەوتاند و ئارەزووەکانی ئێمەیان کوشت، تازە بۆیان دەرکەوتووە کە خەتەنە هۆکاری تەڵاقە.»

وڵامدەر ژنێکی تەمەن 27 ساڵە، زیرەی قیشم، پارێزگای هورمزگان

# خەتەنـــەی پیـــاوان / شـــێواندنی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان – کوڕان

خەتەنە یەکێک لە گرینگترین و باوترین ڕووداوەکانی تافی منـداڵی لـە هەنـدێ لـە بەشـە گرینگـەکانی جیهـانی ئەوڕۆیـە. سـەرباری ئەمـە زانسـتێکی شـیاو سـەبارەت بـەم دیـاردە و ڕەهەنـدە کێشـەدارەکانی ئـەم دیـاردە بـوونی نییـە. ئامـانجی سـەرەکی ئـەم بەشـە ناسـینی زیـاتر و سـەرەتایی پرسـی خەتەنـەی پیاوانـە. بۆ ئـەم مەبەسـتە بـە ئاوڕدانـەوە لـە چەنـد پرسـی پەیوەندیـدار بـەم بابەتـە هـەوڵ دراوە بابـەتێک بـاس بکـرێ و ڕوون بکرێتـەوە کـە ئـەم بەشـە هـەوڵ دەدا ڕوونـی بکاتەوە. لە درێژەدا هەوڵ دراوە هەندێ لـە گرینگایەتییـەکانی ئەم بابەتە پیشان بدرێ کە بۆچی دەبێ ئەم پرسە زیاتر لێک بدرێتەوە.

**گرینگیی بابەت**

توێژینـەوە و خوێندنـەوەی لـە مـەڕ خەتەنـەی کـوڕان کـە هەندێ لە چالاکڤانانی ئـەم بـوارە وەک شـێواندنی کۆئەنـدامی زاوزێی پیاوان یان کوڕان سەیری دەکەن، ئەوەی گرینگـە کـە بزانین ئەم بابەتە سەرەڕای بەربڵاوی و بەرفـراوانییەکەی لـە کۆمەڵگـە نـەریتی و ئاییـنپـەروەرەکانی وەکـوو ئێـران، کـەمتر ڕووبـەڕووی پرسـیار بـووەتەوە و بـە هـۆی یەکدەسـتی و

تەکووزی ڕوانگەکان نە تەنیا لە مەڕ بۆچیەتی ئەم کارە توێژینەوەی سەربەخۆ و گشتگیر ئەنجام نەدراوە بەڵکوو تەنانەت هەست بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم بابەتە نەکراوە. ئەم بابەتە لە حاڵێکدایە کە خەتەنە لێکەوتە و دەرهاویشتەی ژیانی، کەلتووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، یاسایی وهتدی لە سەر ئەو کەسانە هەیە کە ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆیی بە ژیانی تەندرووست، شیاو و دادپەروەرانەی ئەوان بەستراوەتەوە. منداڵان نزیکەی یەک لە سەر سێی حەشیمەتی هەندێ کۆمەڵگای وەکوو کۆمەڵگای ئێرانیان لە خۆ گرتووە و هەر چەشنە کەمتەرخەمییەک لە ئاست ئەو منداڵانە بە واتای تێوەگلاندنی کۆی کۆمەڵگا بەم کێشانەیە. توێژینەوەی لەم چەشنە تێکۆشانگەلێکن بۆ ناسینی زانستیتری کێشەکە و پێشەکییەکی پێویست بۆ هەر چەشنە داپەڕ، پلان دارشتن و سیاسەتدانانی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدان.

هەروەها ناوەندە بەرپرسەکانی وەکوو وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵگەی پزیشکان، دەبێ زانیاری تەواو و بەڕۆژی دنیا لە مەڕ خەتەنە بڵاو بکەنەوە و لە حاڵەتی ڕێکلام و بانگەشەی یەکلایەنەی ئەم کارە بێنە دەرەوە و ڕوانگەی جۆراوجۆری جیهانی و ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ئەم کارە دەکرێ بخەنە بەر دەست خەڵک. لەم پێناوەدا دیاریکردنی پرۆتۆکۆلە بابەتییەکان و ڕێکارە گشتگیرەکان بۆ ئەنجامدانی هەر چەشنە کارێک لە سەر منداڵان وەکوو خەتەنە بە ڕەچاوگرتنی هەموو لایەنە یاسایی و تەندروستییەکان ناچارییە، بە جۆرێک کە لە

مەرِ ئەنجامدانی هەر کارێک، مافەکانی منداڵیش دەبێ ڕەچاو بکرێت. نەهامەتی ئەوەیە کە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە بە تەواوەتی لە پەیڕەوی کاری ئەم ڕێکخراوانەی وڵات دەرچووە و تەنیا بە ئەنجامدانی توێژینەوە دەتوانین تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییانە پڕ بکەینەوە.

خەتەنەی کوڕان و کچان بە پێچەوانەی زۆرێک لە کارگەگەلێک و کەمپەینە ئەوڕۆییەکان بۆ ئاگادارکردنەوە، کەمکردنەوە یان وەستاندنی لە سەر ئاستی جیهان، هێشتا ئەنجام دەدرێت. خەتەنەی کوڕان / پیاوان لە دنیادا لە خەتەنەی کچان / ژنان باوترە[1] و بە شێوەی بەربڵاو لە ناو کۆمەڵگە ئیسلامی و جوولەکەکاندا ئەنجام دەدرێت. بەو حاڵەوە، لە هەندێ هۆزی کۆن لە ئەفریقا، هەندێ هۆزی خۆجێیی ئوسترالیا، چەند بەشی ئەورووپا و لە سەدەی 19 ناوە ناوە لە ناو کۆمەڵگە کۆچبەرەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجام دەدرا.[2] چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە خەتەنە بە تەندروستڕاگرتنی کۆئەندامی زاوزێی پیاو و کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکسی ژن کارێکی بەسوود بێت.

لابردنی کەلانی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان بەشێک لە خەتەنەی پیاوانە. لۆژیکی ئەم کارە خاوێنبوونەوەی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە. ئەم کارە زیاتر بە بێ بێهۆش‌کردن یان بە بێ سڕکردنی شوێنەکە

1. https://pophealthmetrics.biomedcentral.com/articles/ 10.1186/s12963 016-0073-5/tables/1

2 . وود، جولیا، زندگی جنسیتی. انتشارات آموزشی نلسون، 2012

ئـەنجام دەدرێـت. لـەم حاڵەتـەدا، زۆر جـار خـزم و کـەس و میوانەکان بۆ ئاهەنگ‌گێڕان بانگهێشت دەکرێن (نان خەتەنە). بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم کـارە کـوڕە دادەنیشـێ و هـەر دوو قـاچی دەکاتەوە و سومبەیەک کە کاتێریکە لـە جـۆری چێـو لەگـەڵ تیغێک بۆ خەتەنەکردنی پێستی پێشەوە بەکار دەهێنرێن (لـەم ساڵانەی دوایدا بە شێوەی لەیزریش ئەنجام دەدرێ). خەتەنە بە بێ بێهۆشکردن تەقەڵ و بە کەرەستەی نائێسـتریل ئـەنجام دەدرێ و کـارێکی زۆر مەترسـیدار و ئازاربەخشـە کـە کـوڕان بیرەوەری ئەم کارە بۆ هەتا هەتایی لە یادگەیان دەمێنێتـەوە. پێشتر خۆڵەمێش و پێکهاتـەی وەک کـەرەی شلە، پشکەڵ یا میزیان بۆ وەستاندنی خوێنبەربوون بە کار دەهێنا بـەڵام ئێسـتا مادەی دژە هەوکەرەوە بە کار دەهێنرێت.

ئایینی فەرمی لـە ئێـران ئیسلامە. بـەم پێیـە لـە کۆمـەڵگای ئێراندا خەتەنەی پیاوان یەکێک لە پێویستییەکانی پیاوانـە. لـە شەرعدا خەتەنە ڕێسایەکە بۆ بڕینی پێستێک کە کۆئەنـدامی زاوزێی پیاوان دادەپۆشێت. لە ڕاستیدا جوولەکەکان یەکـەمین کەسانێک بوون کە بە پاساوی ئایینییەوە ئەم کارەیان دەکـرد. سـەرەڕای ئەمـە ئـەم کـارە لـە خۆرهـەڵاتی نـاقینی کۆنـدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و پەیوەندییـەکی زۆر نزیکـی لەگـەڵ دابونـەریتی پەیوەسـت بـە خودایـانی کـۆن و خـواژنی زکوزا هەیـە. جوولەکەکان فـەرمانی ئـایینی ڕوونیـان هەیـە و ئـەمان ئـەم کـارە گـرێ دەدەنـەوە بـە پـەیمانی نێـوان خـودا و

ئیبراهیم.[1] هەندێ لە عەرەبەکانی بەر لە ئیسلام و کۆمەڵگە ئەفریقییەکانیش لە چاخە سەرەتاییەکانەوە بە ئەنجامدەری ئەم کارە ناوبانگیان بووە. ئەفریقاییەکان خەتەنەیان بە تێپەڕین لە منداڵییەوە بۆ گەورەساڵی لە قەڵەم دەدا.

جوولەکەکان سەبارەت بە فەرمانی خەتەنەی پیاوان زۆر ڕاشکاون بەڵام پاڵنەری ئیسلام نارِوونە. ئەمە خاڵی جیاوازی خەڵکی جوولەکە بە پێی تەوراتە. سەبارەت بە موسڵمانان لە قورئاندا وەها شتێک نەهاتووە. بەڵام وەک نەریتێک لە لایەن پێغەمبەرەوە سەیر کراوە و بووەتە ناچاری. هاوشێوەی قورئان، لە دەقی فەرموودە سەبارەت بە هۆکاری خەتەنە لە ناو پیاواندا زانیارییەکی کەم هاتووە. لە لایەکی تریشەوە خەتەنە وەک هێمایەک لە حاڵەتی کەسێک وەک موسڵمانێک، ئاماژە بە بڕوادارێک لە پێناو خودا دەکات. بە هەمان شێوە دابونەریتەکانی دیکە ئەوە فێر دەکەن کە کاروبارە ئیسلامییە تایبەتەکان پێویستیان بەوەیە کە ئەنجامدەرەکەی موسڵمانێکی خەتەنەکراو بێت. لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە گۆڕینی ئایینزا، زیارەتی مەکە، میراتگری و تەنانەت نوێژ. نەریتی شیعە ئەم کارەی بە لاوە

1. بە گوێرەی تەورات، خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا: «وەک پەیمانێک لە نێوان خۆم و خۆت پێستی پێشەوەی خۆت خەتەنە بکە. لە هەشت ڕۆژەیی منداڵ، دەبێ هەموو منداڵێک کە لە تۆ دەبێتەوە لە درێژەی نەوەکاندا خەتەنە بکەی.» هەتا ئێستا خەڵکی جوولەکە ئەم پەیمانە نوێ دەکەنەوە و پاش لەدایکبوون لە ڕۆژی هەشتەمدا منداڵ خەتەنە دەکەن. ڕۆژی هەشتەم لە بەر ئەوە هەڵبژێردراوە کە حەوت ڕۆژی یەکەم هێمای خولقاندنی دنیای فیزیاییە. وەک دەڵێن ڕۆژی هەشتەم منداڵ دەگوازرێتەوە بۆ دنیای فیزیایی و ئامادەیە بۆ پەیمانی نێوان مرۆڤ و خودا.

ناچارییە و بۆ ئەم بابەتە هۆگری ئاراستەیەکی سەختگیرانەیە.



ئاهەنگی هاوسەرگیری لە پارێزگای هورموزگان وێنە: ش. تەلندە

ئـەم بـاوەڕە هەیـە کـە خەتەنـە لـە پیاوانـدا ئەگـەری پەرەسەندنی ئەیدز، تیمیسک، ڤایرۆسی سیمپلێکسی جۆری 2 و ڤایرۆسـی وەرهـەمی پێسـتی مرۆیـی کـەم دەکاتـەوە[1]. بـە بێ‌ڕەچاوکردنی سوودە تەندروستییەکانی خەتەنە، خەتەنەی پیاوان کۆمەڵێ مەترسی لە خۆ گرتووە. چەندین توێژینەوەی پڕبایەخ لە سەر ئاستی جیهان و لەم ماوەشدا توێژینەوەیەک لە ئێران پیشان دەدا کە بە هۆی خەتەنەوە لەوانەیە زیانی پێشـوەخت یـان درەنـگ‌وەخـت ڕوو بـدات.[2] ئـەم توێژینـەوە دەریـدەخات کـە ئەگـەر لـە لایـەن کەسـانی ڕاهێنـراو و

1. وود، جولیا، زندگی جنسیتی. انتشارات آموزشی نلسون، 2012
2. یگانه، ر. آ، خیراللهی، آ.ر، صالحی، ن.ا و هاوکاران.
Ped Surgery Int 2006, 22: 442

خاوەنئەزموون و بە سەرچاوەی تێر و تەسەل و لە دۆخێکی تەندروستدا خەتەنە ئەنجام بدرێ، زیانەکانی خەتەنە دەگمەنە. بەم حاڵەوە بۆ ئەنجامدەرە ڕاهێنراو و ڕانەهێنراوە پزیشکییەکان پێویستمان بە بەرنامەی فێرکاری گشتگیر و بەردەوامە کە دەبێ بتوانێ هەموو لایەنەکانی خەتەنە و پاش خەتەنە لە خۆ بگرێ بۆ ئەوەی لە دۆخی جیاوازدا ڕێگری لەو نەخۆشییانە بکرێ کە پەیوەستن بە خەتەنەوە.

لێکدانەوەیەک لە ساڵی 1381 هەتاوی لە لایەن بۆیل و هاوکارەکان ئەنجام درا و دەرخەری ئەم بابەتە بوو کە: «ئەندامی زاوزێی پیاو کە دەستی لێ نەدراوە و تەندروستە هەڵگری هەزاران وەرگری هەستی زۆر هەستیار و هەروەها تێرمیناڵی عەسەبی زۆر وروژێنەر (تێرکەر)ـە کە زۆریان لە ئەنجامی خەتەنەدا دەفەوتن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی حاشاهەڵنەگری هەست و وروژانی سێکس لە پیاواندا. بە پێی ئەم لێکدانەوە دەتوانین ئەم ئەنجامە دەست بخەین کە تێکەڵبوونی سێکسی پیاوێکی خەتەنەکراو، کەمتر هەر دوو لایەنی سێکسییەکە تێر دەکات.» توێژینەوەیەکی دیکە لە ساڵی 1386 لە لایەن سووریلز و هاوکارانی ئەوەی دەرخست کە هەستیاری کۆئەندامی زاوزێ لە پیاوانی خەتەنەکراو بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو لە هی پیاوانی خەتەنەنەکراو کەمترە. لەم توێژینەوەدا لۆگۆگرامی (نەخشەی کۆئەندامی زاوزێ) تاقیکردنەوەی ساوین (لێککەوتن) بە پەتێکی نایلۆنی ئەم ئەنجامەی خستە ڕوو کە هەستیارترین

شوێنی کۆئەندامی زاوزێی پیاوانی خەتەنەکراو، شوێنی بڕینی بەجێماوی خەتەنەیە (بڕینی شوێنی خەتەنە). هەروەها پیاوانی خەتەنەنەکراو، 5 شوێنیان لە پێست (پێستێک کە لە خەتەنەدا هەڵدەگیرێتەوە) هەیە، کە لە شوێنی بڕینی خەتەنە لە پیاوانی خەتەنەکراو هەستیارترە و بە لێککەوتنێکی بچووک دەبزوێت. لە خەتەنەدا ئەم 5 شوێنە لا دەبرێن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە توێژینەوەیەکی کۆنتر کە لە ساڵی 1345 ئەنجام درا لە نێوان ئاستی هەستی گرێکانی کۆئەندامی زاوزێ لە نێوان پیاوانی خەتەنەکراو و خەتەنەنەکراو هیچ جیاوازییەک بەدی نەکرا.

بە پێی بۆچوونی کۆمەڵەی پزیشکانی پسپۆڕی منداڵانی کانادا،خەتەنە شێوازی چارەسەر نییە. واتە ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕووی پزیشکییەوە پێویست نییە. ئەو دایک و باوکانەی وا منداڵەکانی خۆیان خەتەنە دەکەن لەبەر هۆکاری ئایینی – کۆمەڵایەتی و یان کەلتووری ئەم کارە دەکەن. پاش خوێندنەوەی ئەنجامە زانستییەکان لە بواری لایەنگری و ڕەتکردنەوەی خەتەنە کۆمەڵەی پزیشکانی پسپۆڕی کانادا بە شێوەی بەردەوام (واتە کارێک کە هەمووان دەبێ بیکەن) پێشنیاری ئەم کارە نادەن و زۆرێک لە پزیشکان خەتەنە ئەنجام نادەن.[1]

زانستی نوێی سێکسۆلۆژی لەو باوەڕەدایە کە ئەندامی

---

[1] – بە گێڕانەوە لە کەمپەینی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کوڕان و کچان: بڕوانە:
https://www.facebook.com/khatne/posts/378800242231167

خەتەنەنـەکراو لـە کـاتی سـێکس باشـتر میتکـەی هـاوڕێ سێکسـییەکەی دەبزوێنـێ و کـاردای کۆئەنـدامی زاوزێـی خەتەنەنـەکراو لـە چـاو کۆئەنـدامی زاوزێـی خەتەنـەکراو بـۆ ورووژاندنی هاوبەشە سێکسییەکەی زۆر باشترە.

زۆر کـەس لـە دنیـا لـەو بـاوەڕەدان کـە خەتەنـەی پیـاوان سـێکس کردنـی نێـوان ژن و مێـرد ناتەندروسـت و نـاخۆش دەکـات[1]. بابــەتی زانســتی و زانکــۆیی زۆر باشتــاوتوێکراو ســەبارەت بــە زیانــەکانی خەتەنــەی پیــاوان و ئاســەوارە ئەگەرییەکەی لە سەر نەبوونی پەیوەندی سێکسی تەندروست خراوەتـە ڕوو. بـە گێڕانــەوە لـەم وتارانـە، خەتەنـە مـاوەی سـێکسکـردن بـە شـێوەی بـەرچاو کـورت دەکاتـەوە و بـە خێراکردنی ئۆرگاسم (تێربوونی پیاو) دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی مـاوەی سـێکس و تێرنـەبوونی ژن. لـە کۆمەڵـەی زانسـتی و زانکۆیی و سیمیناری پەیوەست بەم بابەتـە کۆمـەڵێ پرسیار گەڵاڵــە دەکــرێن و هــەروەها چالاکڤانــانی دیکــە لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا ئـەم بڕوایـەیـان ڕوون کردووەتـەوە کـە خەتەنەی پیاوان زیانبەخشە و هاوشێوەی ژنان بۆ پیاوانیش بە کارداچەوت سەیری دەکەن.

هاوکـات لەگـەڵ کـاری مێژوویـی کـە خەتەنـەی پیـاوانی کردووە بە نەریتی هاوبەشی کۆمەڵگا، لە جیهانـدا زۆر وڵات و

---

[1] https://www.instagram.com/explore/tags/%D9%86%D9%87_%D8%A8%D9%87_%D8%AE%D8%AA%D9%86%D9%87_%D9%BE%D8%B3%D8%B1%D8%A7%D9%86/

کۆمەڵگا هەن کە خەتەنە ئەنجام نادەن.

ئێستا لە ئێرانیش گەنجان و خوێندەوارەکان، خوێندکارانی زانکۆ و دیکەی خەڵک بۆ ئەم بابەتە هۆگرییان پیشان داوە و لەو بۆچوونەدان کە ئەم حەقیقەتە کە خەتەنەی پیاوان ڕاشکاوانە سوودی نەریتی و ناچاری هەیە خستوویانەتە ژێر پرسیار[1] و پیاوان لەوەی کە خەتەنە بکرێن یان نەکرێن دەبێ مافی هەڵبژاردنیان هەبێ نەک وەکوو ئەوڕۆکە کە بە ناچاری خەتەنە دەکرێن. نامەگۆڕینەوە و پرسیار لە کۆڕە زانکۆییەکان و کۆبوونەوە پەیوەندیدارەکان لە نووسەری ئەم لێکۆڵینەوە کراوە و هەروەها هەندێ لە چالاکڤانانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان داوەتە پەرەپێدانی ئەم ئایدیایە کە بڕین / خەتەنەی کۆئەندامی زاوزێ بۆ ژنان و پیاوان سوودی نییە. هەندێ لە خەڵک کە نەوەی گەنجترن و بەتایبەت لە شارە گەورەکانی ئێران حەزیان لە خەتەنەکردنی ڕۆڵەکانی خۆیان نییە و هەتا گەیشتن بە تەمەنی 18 ساڵان ئەم بڕیارەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان. ئەگەر بەستێنی ڕوونکەرەوانەی زانکۆیی و کۆمەڵایەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ئامانجداری ئەم بابەتە کەلتووری – زانستییە ئامادە بێ، ئەوە ڕێگە بۆ توێژینەوەی زۆر سەبارەت بەم بابەتە دەکاتەوە.

---

1. /https://www.instagram.com/no_to_fgm_and_mgm

**چەند پرسیار لە مەڕ خەتەنەی پیاوان / کوران**

1. ئـەوەی بـە شـێوەی تایبـەت سـەبارەت بـە کۆمـەڵگای ئێرانـی زۆر گرینگە ئەمەیـە کە زانیـاری لـە مـەڕ خەتەنـە بـە شـێوەی یەکلایەنـە و یـەک ئاراسـتە بـە تـەواوەتی لـە پێنـاو داکـۆکی کـردن لــە ســەر خەتەنــە و ئەنجامــە ئەرێنییــە ئەگەرییەکانیەتی و ڕەوتی ئازادانەی زانیارییەکان بەو جـۆرەی کـە جـەماوەری خـەڵک لـە پـاڵ خاڵـە ئەرێنییـەکان، لەمـەڕ لێکەوتـە و خەسارە ئەگەرییـەکانی خەتەنـە زانیـاری وەدەسـت بێنن بوونی نییە و دیارە بەرپرسانی دەوڵـەتی و زانسـتی دەبێ ئەنجامـەکانی لێکۆڵینـەوە و خوێندنـەوەی جیهـان بخەنـە بـەر دەسـت خـەڵک. لـە ڕوانگـەی توێژینـەوەیی و پزیشـکییەوە دوو بۆچوونی جیاواز و لێکدژ لەمەڕ خەتەنە بوونی هەیە و ئەمە مـافی خەڵکـە کـە لـە پـاڵ زانینـی خاڵـە ئەرێنییـەکانی وەکـوو ڕێگــری لــە نەخۆشــیی هــەوکردنی ســەبارەت بــە خاڵــە نەرێنییـــەکانی وەک کەمبوونـــەوەی ئـــارەزووی سێکســـیش زانیاری وەدەست بێنن.

2. جەختکردنـە سـەر ئەنجامـدانی ڕێوڕەسـم و ئەنجامـدانی سەرچەشـنە ئایینییـەکان دەسـەڵاتێکی زۆری هەیـە هـەتا ئـەو جێگایــەی کــە هەنــدێ کــەس لــەو بۆچوونــەدان کــە هــیچ ڕێگایەکی دیکە جگە لە لاساییکردنەوەی ڕابردووانـی خۆیـان بـوونی نییـە تەنانـەت ئەگـەر ناچـار بـن ئـێش و ئـازارێکی زۆر بەئەزموون بکەن. ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە زانسـت و زانیـاریی گشتیی خەڵک لەبارەی ڕەگی خەتەنە و هۆکار و فاکتـەرەکانی

دەرکەوتن و بەردەوامبوونی تەواو نییە و ئەگەر لەم بوارەدا زانیاریش بڵاو بکرێتەوە، دایک و باوکانێکی زۆر بە ڕێگای باب و باپیرانی خۆیاندا دەچنەوە بەڵام لە نەبوونی زانیاری تەواو و زانیاریبەخشی، ئەم ڕەوتە وەک میراتێک لە درێژایی مێژوودا نەوە لە دوای نەوە دەگوازرێتەوە و ئەو باوکانەی کە خۆیان ئازار و دەردی خەتەنەیان بەئەزموون کردووە، نە وێنایەکیان سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەریتانە هەیە و نە تەنانەت توانا و ئامانجێکیان بۆ ئەم کارە هەیە و تەنیا بە چنۆککردنی منداڵەکانیان بە هەر شێوازێک بۆیان بڕەخسێ، تێدەکۆشن ئازارەکانیان سارێژ بکەنەوە.

3. ئەو کەمە لێکۆڵینەوانەش لە ڕوانگەی زانستی پزیشکییەوە خەتەنەیان لێک داوەتەوە کە زۆربەی ئەم توێژینەوانە لە ئاراستەی ئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەم کارە و پتەوکردنی شەرعییەتیی خەتەنە بووە ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕوانگە و ئاراستەی کۆمەڵگەی ئەورۆیی لە ئاست خەتەنە هەمەجۆرە. ئەم کارە کە بە ڕێژە و فرەیی زۆرەوە لە کۆمەڵگە موسڵمان و جوولەکەکاندا بەردەوامە لە هەندێ لە ناوچەکانی جیهاندا باو نییە بەڵام نەبوونی زانیاری گشتگیر و ڕێکلامی یەک ئاراستەیی لە ئێران بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک کەمتر بیر لە هۆی ئەم کارە بکەنەوە، چوونکە ئەم وێنایە هەیە کە ئەم کارە لە هەموو جیهاندا ئەنجام دەدرێت. نەبوونی زانیاری پێویست و گشتگیر لەمەڕ خەتەنە، باڵادەستی کەلتوور، نەریت و ئایین لە هۆکارە گرینگەکانی بەردەوامی خەتەنە لە

هەندێ لە کۆمەڵگاکانی وەکوو ئێرانە. بەڵام لە پاڵ هەموو ئەمانە نابێ دەوری زەختە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بەردەوامبوونی ئەم کارە بە هەند وەرنەگرین؛ لە کۆمەڵگایەکدا کە خەتەنەکران بە واتای لە ئایینەدەرکران دێ و شوورەییە و کوڕانی خەتەنەنەکراو گاڵتەیان پێدەکرێ، دایک و باوکەکان تەنانەت ئەگەر بیریان لە هۆی ئەم بابەتە کردبێتەوە، دیسان لەوانەیە بۆ ڕاکردن لەم زەختە کۆمەڵایەتییە منداڵەکەیان خەتەنە بکەن بەتایبەت ئەوەی کە زانیاری گشتگیر و تەواو لەمەڕ زیان و ئەنجامەکانی خەتەنەشیان نەبێ و بە شێوەی یەکلایەنە ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە ڕێکلامی پزیشکی و دەرمانی دەبنەوە کە داکۆکی لە سەر خەتەنە دەکات. لەمەڕ هۆکارەکانی ڕەزامەندی و داکۆکیکردن لە سەر خەتەنە لە لایەن کۆمەڵگەی پزیشکان لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا بە چڕوپڕی قسەی لە سەر کراوە بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ قازانجی زۆری بازرگانی خەتەنە لە پیشەسازی پزیشکیدا وای کردووە خەسارەت و دەرهاویشتە ئەگەرییەکانی خەتەنە لە لایەن هەندێ لە پزیشکانەوە چاوپۆشی لێ بکرێت. بەتایبەت ئەوەی کە یاسا و ڕێسا دەوڵەتییەکانی ئێران لە ئاراستەی داکۆکیکردن لە سەر خەتەنەیە و مۆڵەتی پێویستیش دەردەکرێت. مۆری قبووڵکردنی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان لە سەر ئەم کارە لە نۆرینگە پڕجیازەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەو کەرەستانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێشکەوتووتر دەبن، بەدی

دەکرێت. ئێستا ئەو پسپۆڕانەی کە لە نۆرینگە ڕازاوە و جوانەکاندا منداڵان خەتەنە دەکەن بوونەتە جێگرەوەی خەتەنەچییەکان. ئەم کارە لە چوارچێوەی نەخۆشخانەکاندا لە کاتی لەدایکبوون بەدەروونی کراوە و تێچووی خەتەنەی کوڕان لە سەر پسوولەی لەدایکبوون تۆمار دەکرێ و دیارە نە تەنیا سوودی بەلاشی ئەنجامدانی خەتەنە دەبێتە هۆی چاوپۆشیی کۆمەڵگەی پزیشکان لە خەسارەتە ئەگرییەکانی خەتەنە، بەڵکوو دەتوانێ بە لایەنگری هەمەلایەنە ڕێکلام و بانگەشەی بۆ بکات. لە درێژەدا شەرعێتی و ڕەداواری ئایینی، کەلتووری و نەریتی و ڕێکارە یاساییەکان دەتوانێ پەرە بە ئامانجە بازرگانییەکانی خەتەنە بدات.

4. ڕەگە قووڵەکانی ئەنجامدانی خەتەنە لە مێژوو و ئایین و سەرەڕای ئەوەی لە قورئانیشدا هاتووە کە ئێمە مرۆڤمان بێکێشە ئافراند، باڵادەستیی کەلتوور و نەریت، بازرگانی خەتەنە لە پیشەسازی و مافیای پزیشکی، ڕێوڕەسمی نان خەتەنە و ئەو دیارییانەی کە لەم ئاهەنگەدا وەدەست دەهێنرێ، پێداگریی ئایینی و بۆشاییە یاساییەکان ئەو حاڵەتانە بوون کە ئاستەنگی بەر دەم هەر چەشنە گۆڕان و چاکسازییەکن. بەڵام سەرەڕای ئەمانە ئەوەی گرینگە و نابێ پێشێل بکرێ ڕێزگرتن لە مافەکانی منداڵان و حەقی ئەو منداڵانە لە سەر لەش و تەندروستییانە و دەستبردن بۆ تایبەتیترین ئەندامی لەشی منداڵێک وەک کارێک کە دژی مافەکانی منداڵانە ئایا دەتوانێ پاساوی هەبێ و ئایا ئێمە ئەم

مافەمان هەیە دەست لە تایبەتیترین ئەندامی منداڵێک بدەین و بیشـێوێنین و ئەگـەر لـە گەورەسـاڵیدا ڕووبـەڕووی ئـەم پرسـیارەی منـداڵ ببینـەوە کـە بـە فـەرمانی کێ تایبـەتیترین ئەنـدامی لەشـیمان قرتانـدووە؛ چ وڵامێـک بدەینـەوە؟ خـاڵی گرینگ لێرەدا پرسی حەقداربوون لـە سـەر لـەش و مافـەکانی منداڵـە و ئـەوەی کـە ئایـا ئێمـە وەک دایـک و بـاوک، ئـەو مافـەمان هەیـە کـە بـە نـاوی نـەریت یـان بـە هـۆی زەختـی کۆمەڵایەتی یـان فـەرمانی ئایینی تایبـەتیترین ئەنـدامی لەشی منداڵەکەمان بقرتێنین یان باشتر وایـە منداڵەکە بۆ ئـەم کـارە سەرپشک بکەین کە پاش گەیشتن بـە تـەمـەنی 18 ساڵان خۆی هەڵبژێرێت.

5. ئـەوەی ڕەهەنـدە جیاوازەکـانی پرسـی خەتەنـەی کوڕان گرینگتر دەکا، ئەو کەسانەن کە ئەم کارەیان لە سـەر ئـەنجام دەدرێ چوونکە چ کوڕان و چ کچان، لە تەمـەنـی ساوایەتی و منداڵیـدا خەتەنـە دەکـرێن. بـە واتایـەکی دیکـە ئـەوان لـە تەمەنێکدا خەتەنە دەکرێن کە نـە تـەنیا توانـای بڕیاردانیـانی نییە بەڵکوو هیچ تێگەیشتنێکیشیان لەم کارە نییە و هەر ئەمـە بووەتە هۆی ڕخنەگیرانی زۆر. نـابێ ئـەوەمان لـە بیـر بچـێ کـە چەمکی منداڵی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا پێناسەی جۆراوجۆری هەیـە، پێناسـەگەلێک کـە سـەرەڕای بـوونی لێـکدژی خـاڵێکی هاوبەشیان هەیە و ئەویش نەبوونی پێگەیشتوویی لـە ڕەهەنـدە جیاوازەکـانی تـەمـەنـی منـداڵی و ئاشـنانەبوونی منـداڵ بـە مافەکانیەتی و ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێ کـە مـرۆڤ لـە

درێژایی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی وەک کەسانێکی ناتەواو و شیاوی خاوەنیەتی و لە ئەنجامدا بێبەش لە مافە کۆمەڵایەتییەکان سەیری مرۆڤی بێبەری لە گۆڕانی عەقڵی و زەینی (وەکوو منداڵ و شێت) کردووە. بە جۆرێک کە ئەم بابەتە بۆ وێنە ئەو هەستەی کە خاوەنیەتی لە ئاست منداڵ و ئەوەی کە منداڵ لە هەر حاڵەتێکدا هی دایک و باوکی خۆیەتی لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمتەرخەمی و خەمساردیی لە ئاست مافەکانی منداڵان سەیر دەکرێت. ئەم کەمتەرخەمی و خەمساردییە دەتوانێ لایەنێکی بەربڵاوی ئەو ڕووداوانە بگرێتەوە کە بە سەر منداڵاندا دەسەپێنرێ کە لە خراپترین حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی منداڵان و هەندێ جار خەتەنەی کچان قەدەغەن و بە تاوان دانراون. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە خەسارەتە جەستەیی و ڕۆحییەکان کە لەوانەیە بە هۆی کەمتەرخەمی و خەمساردیی دایک و باوک یان کۆمەڵگا بە سەر منداڵدا بسەپێنرێ تەنیا بەرۆکی منداڵان ناگرێ و لە درێژماوەدا دەتوانێ گرووپ و ناوەندگەلی وەکوو هاوڕێیان، بنەماڵە، قوتابخانە و ... کە تاک دەبێتە ئەندامیان بخاتە ژێر کاریگەری خۆی و لێکەوتەی نەرێنیی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

**ئەنجامگرتن و پێشنیارەکان**

ئەم ڕاپۆرتە بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی سەرەتایی،

گۆڕانکارییــە بنیاتییــەکان ســەبارەت بــە خەتەنــە / شــێواندنی کۆئەنـدامی زاوزێ بـڵاو دەکاتـەوە. سـەرەڕای ئـەوەی بەشـێک لەم گۆڕانکارییە لەوانەیە ئەنجامی هەلومـەرجی کۆمەڵایـەتی و ئابووری ناپەیوەست بـەم توێژینـەوە و پـرۆژەی ڕاستەوخۆی پێشوو دژی خەتەنەی ژنان هاوشێوەی کۆچکردن بـەرەو شار، ڕاهێنـانی ژنـان سـەبارەت بـە زیانـەکانی خەتەنـە بێ، پێـوەری گۆڕان لە خولی کورتماوە ئەوە دەردەخا کە لانیکـەم هەنـدێ سەرمایەدانانی پرۆژەیی سوودی باشیان بووە. هەروەها پیشان دەدا کــە ئــەم هەوڵانــە لــە ئێســتادا لــە پێگەیــەکی گرینگــی مێـژووی خۆیـاندان و دەبـێ بـەردەوام بـن کـە بتـوانین ڕوونـی بکەینەوە کە کاریگەرترین شێواز و ئاراستەکان چین.

لە پێشدا کەمکردنـەوە و کۆتـاییهێنـان بـە خەتەنـەی ژنـان پێویستی بـە هـەوڵی هاوبەشـی ڕزگـاریبەخشـان و قوربانیـان و زەمەنە. لەم پەیوەندییـەدا پێویسـتە چالاکڤانـانی سـەرەکی ئـەم بابەتـە بناسـێنین. بـەم بەڵگانـە کـە خەتەنـەی ژنـان زیـاتر لـە بــواری پێکهاتــە کۆمەڵایــەتی و پەیوەندییــەکانی دەســەڵات / ڕەگـەز لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ سـێکس و زکـوزایـە، چیتـر بـۆ بەرهـەمهێنـانی زانیـاریی پتـر سـەبارەت بـە زیـانی دەرمـانی و سێکســی جــۆرە جیاوازەکــانی خەتەنــەی ژنــان پێویســت بــە ســـەرمایەدانانی بـــەرفراوان ناکـــات. وەهـــا توێژینەوەیـــەک زانیاریگەلێک لە خۆ دەگرێ کە لە بەشێکی بچـووکی پـەیام و کاردا پێویستەکان بۆ وەستاندنی ئەم کارە بـە کار دەهێنرێت. بــۆ گەشــەپێدانی پەیامــە ڕێگــرە شــیاوەکان پێویســتمان بــە

سەرمایەدانانی زیاترە. تێگەیشتنی کارناسانە و زانستییانە لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆجێیی و هەروەها نەریتە باوەکانی ئەم ناوچە کلیلی چوونە ناو ئەم کۆمەڵگایانەیە و گرینگیدان بە ڕێبەرانی ئایینی و نەریتخواز و هەروەها خەتەنەچییەکان بە شێوەی هەڵبژاردنی گرووپگەلێک بە ئامانجی گۆڕان، بەشێکی دیکەی سەرمایەدانانی ئێستایە کە پێویستە شی بکرێتەوە. ژنان و کچان ئەو چینە کۆمەڵایەتییە سەرەکییانەن کە ڕاستەوڕاست بە هۆی ئەم کارەوە دەناڵێنن و بە شێوەی پەستێنراو فاکتەرگەلێکن کە کۆتایی بە خەتەنە دێنن. بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژی خەتەنەی ژنان، زۆر پێویستە کە هاوکاریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێبەرانی سیاسی و نەریتخواز، ڕاگەیاندن، کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی پزیشکی تێهەڵکێش بکرێ بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو واز لە خەتەنەی ئافرەتان بێنێت. هەروەها بەرنامەی پایلۆت و ئاگاداری کۆمەڵایەتی پیشانی دا نەوە گەنجەکانی دیکە لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە کە حەشیمەتی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەن و خەڵک بۆیان هەیە ڕاهێنان ببینن و بۆ وازهێنان لەم نەریتە مەترسیدارە زانست دەست بخەن. ئەگەر هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی بەکەڵک بە نیازی چارەسەرکردنی ئەم دیاردە لە باشووری ئێرانەوە واتە پارێزگای هورمزگان و یان لە پارێزگای کرماشانەوە کە هێشتا زیاترین ڕێژەی خەتەنەی ژنانی لە خۆ گرتووە دەست پێ بکا ئەوە دەستکەوتی شیاوتر وەدەست دێنێت.

بەرپرسایەتیی دابینکردنی ڕاهێنان و زانیاریدان بە دانیشتووانی خۆجێیی لە ئەستۆی دەوڵەت و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەها وەک لەم توێژینەوەشدا هاتووە، ئەگەر ڕاهێنانی ساکار بتوانێ وەها گۆڕانێکی مەزن بەدی بێنێ، بەرنامە دارشتنی گشتگیر لە لایەن دەوڵەت دەتوانێ زۆر بەسوودتر بێت. خەتەنەی ژنان و هاوسەرگیری منداڵان هەندێجار هاوتەریبی یەکترن. بێگومان هەموو کەس دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگی هەبێ بەڵام ڕۆڵی سەرەکی دەبێ لە لایەن دەوڵەتەکان بێ بەڵام دەبێ بە هاوکاری ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و کەڵکوەرگرتن لە توانا خۆجێییەکان جێبەجێ ببێ و دەبێ یاسادانەر، یاساگەلێکی شیاو و قەدەغەی ئەم بابەتە پەسەند بکا، دەوڵەت جێبەجێی بکا و لە لایەن پەرلەمانەوە چاودێری بکرێت.

هیوابەخشی سیاسەتڤانان، پسپۆڕان، قۆستنەوەی ئەزموونە جیهانییەکان، ڕێبەرانی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە سەر هەموو ئاستەکان بۆ وێنە ڕاگەیاندنە هاوکاریبەخشەکان لە سەر کاریگەریدانان لە سەر ئەو ڕەوتانەی وا لە ئاراستەی نەهێشتنی خەتەنەی ژنانە بابەتگەلێکی گرینگن. بە هەمان شێوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە کێشەی خەتەنەی ژنان دەبێ لە چوارچێوەی سیمینار و کارگەدا ئاراستە بکرێت.

لەو وڵاتانەی وا خەڵک بە هۆی باوەڕی ئایینییەوە ژنان خەتەنە دەکەن، پاساوی خەتەنەی ژنان ئەمەیە کە خەتەنە بەشێک لە ئایینە. جێبەجێکردنی یاسا پێویستی بە ئیرادەیەکی

ڕاشکاو لە ناوچە کوردنشینەکان و باشووری ئێرانە کە تێیاندا زانایانی ئایینی و ژنانی دەستڕۆیشتوو بە ناوی ئایین و کەلتوورەوە دەتوانن دەورێکی کاریگەریان هەبێت. لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا ڕۆڵی ڕێبەرانی ئایینی لە سۆنگەی دەست-ڕۆیشتووییەوە، کاریگەرترین ڕۆڵ بۆ نەهێشتنی خەتەنەی ژنانە. کەواتە پێویستە ئەوان بۆ خستنەڕووی ڕاگەیاندننامە یان فتوایەک (هاوشێوەی زۆر وڵاتی دیکەی وەکوو میسر) لە سەر کەمکردنەوە و کۆتاییهێنان بە خەتەنەی ژنان ڕازی بکرێن بۆ ئەوەی توانای قسەکردن بۆ کۆتاییهێنان بە خەتەنەی ژنان بە کۆمەڵگاکانی خۆیان بدەن. دەستێوەردانە سەرەتاییەکان هەلی ئەوەی بۆ ڕێبەرانی ئایینی ڕەخساندووە کە لە دژی ئەم داب و نەریتە زیانبەخشە قسە بکەن. ئەم دەستێوەردانانە دەبێ بەردەوام بن کە لە ڕێگەی لۆبیگەرییەوە پشتیوانی زانایانی ئایینی ڕابکێشرێ و ڕازی بکرێن کە خەتەنەی ژنان هیچ بنەمایەکی ئایینی نییە. ئەم داپەڕانە دەبێ ببنە کەمپەینێکی فەرمی بۆ ئەوەی هەوڵەکەیان بە شێوەی شیاو جێبەجێ ببێ و جێی دەستخۆشی بێت.



**لۆب**یگەری لەگەڵ کەسایەتییە ئایینییەکان لە کاتی کاری مەیدانی
وێنە: کامیل ئەحمەدی

ئەگەرچی لە ئێراندا کۆمەڵێ بزووتنەوەی بچووک لە دژی خەتەنەی ژنان پێشکەوتنێکی باشیان وەدەست هێناوە بەڵام لە قۆناغی سەرەتایی خۆیاندان و قەدەغەکردن و بە تاوانزانین نابێتە هۆی کۆتاییهاتنی خەتەنە و دەبێ بە تێگەیشتنی درووست و خەڵکناسی نەریت، ئایین و فەرهەنگی زاڵی ناوچە خەتەنەدارەکان و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونە جیهانییەکان، بەرنامەیەکی گشتگیر و پێکهاتەدار لە لایەن دەوڵەت و بە هاوکاری کارناسانی بەئەزموونی ئەم بوارە ئامادە بکرێ و باشتر وایە لە لایەن کەسانی خۆجێیی ئەو ناوچانە بەرنامەکە جێبەجێ بکرێت. ئەم نوێگەرێتییانە ئەگەر پەیوەندیی نێوان هەوڵەکان و دەوڵەت بە شێوەی گشتیتر و بە هاوکاری زیاتر لە سەر ئاستی پرۆژەدا بێ، کاریگەرترە. یەکدەستێتی لە هەمبەر خەتەنەی ژنان ئەگەر لۆبیگەری

لەگەڵ بێ، بەهێزترە و بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی بەردەوام و سەرکەوتنی ئەم بەرنامە کاریگەرترە.

ستراتیژیە شیاوەکان دەبێ ئاوێتەی سیاسەتە تەندروستییە گشتییەکان بێ بۆ ئەوەی خەتەنەی ژنان وەک بابەتێکی تەندروستی گشتی وەلا بنرێت. دەتوانین ستراتیژیە وشیارکەرەوەکان لە چوارچێوەی ئەرکی کاربەدەستانی ناوەندەکانی تەندروستی و دەرماندا بگونجێنین. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە کاریگەری زیانبەخشی خەتەنەی ژنان لە سەر زکوزای سروشتی و کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی بۆ ژنان و ئاسەواری ڕۆحی و دەروونی و نارەزایەتی ژن و مێرد لە پەیوەندی سێکسی.

پەروەردە بابەتی سەرەکی نەهێشتنی خەتەنەی کچانە. نەبوونی ڕاهێنانی سەرەتایی، هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ بەردەوام-بوونی کۆمەڵایەتی لە سەر تەوەری بابەتی دەروونناسییانە وەک کاردانەوەیەک بۆ خەتەنەی ژنانە کە لێهاتوویی کچان بۆ جەخت خستنە سەر پەروەردە وەدوا دەخا کە ئەمەش پێگەی ئابووریان نزمتر دەکات. نەبوونی پەروەردە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بابەتەکانی هاوسەرگیری منداڵان لە پەیوەندیدایە. بەرنامەی کەمکردنەوە و کۆتاییهێنان بە خەتەنەی ژنان پێویستی بە پاڵپشتی کردن لە پەروەردەی کچانە و هەروەها ڕاهێنانی پیاوان و کوڕانیش سەبارەت بە بابەتی خەتەنەی ژنان و پیاوان بە هەمان ئەندازە گرینگە.

ئەمە بابەتێکی زۆر ڕوونە کە بەرنامە و خوێندنەوەی

توێژینەوەیی سەبارەت بە کەمکردنەوە و نەهێشتنی خەتەنەی ژنان لە ئێران بۆ کاریگەریدانان دەبێ دان بە بوونەکەی بنرێ و مووچەیەکی بەردەوامی بۆ تەرخان بکرێت. ڕاپۆرتی بارودۆخی ئێستای ژنان لە سەر ئاستی جیهان، بەتایبەت لە ڕێکخراوی نەتەوەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بۆ دەستەبەری ئەوەی کە ڕێکخراوە نادەوڵەتی و خێرخوازییەکان لە درێژماوەدا پشتیوانی دەکرێن، پێویستە. هەروەها دەستپێکی جیهانی سەرنجێکی زۆر دەپرژێنێتە سەر کۆتاییهێنان بە بابەتە تەندروستی و هەژارییەکان لە جیهان و هەروەها نەهێشتنی کاری ڕەگەزتەوەر. سەرباری ئەمە، خەتەنەی ژنان بابەتێکی تەوەرییە کە لەگەڵ ئەم قەیرانانە و کۆتاییهێنان بە نەریتە زیانبەخشەکان لە پەیوەندیدایە و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گەشەی ئامانجەکان لە درێژەی چەندین هەزار ساڵە.

لە پاڵ ئاگادارکردن سەبارەت بە خەتەنەی ژنان و کچان گەڕانی ئازادانەی زانیاری لە لایەن دەوڵەتەکان لەمەڕ قازانج و زیانی خەتەنەی پیاوان یان کوڕانیش پێویستە بخرێتە چوارچێوەی کارەوە و دەستڕاگەیشتنی شارۆمەندان بە زانیاری پزیشکی بێلایەنانە ئاسان ببێتەوە.

خەتەنەی پیاوان یان کوڕان / شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ لایەنی گشتی و هەمەگیری هەیە بەڵام سەبارەت بە زیانە ئەگەرییەکان و یان ڕوانگەی لێکدژ و جیاواز لە هیچکام لە ڕێکارە تەندروستییەکان و پرۆتۆکۆلە دەرمانییەکانی وەزارەتی

تەندروستی و دیکەی ڕێکخراوە خاوەن بەرژەوەندییەکان جیا لە سوود و دنەدان بۆ ئەنجامدانی خەتەنە نەبێ هیچ زانیارییەکی دیکە بوونی نییە. ئەنجامدانی خەتەنە بە ڕێژەی 99 لە سەد لە ئێران وەک بازرگانییەکی پڕقازانج و ملیاردی دێتە هەژمار کە کۆمەڵگای پزیشکی و بە دوایدا وەزارەتی تەندروستی پشتیوانی لە خەتەنە دەکەن و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە کۆمەڵگا هانی خەڵک دەدەن. بە پێی گرنگی گەڕانی ئازادی زانیاری و مافە شارۆمەندییەکانی کۆمەڵگا، تاکەکان دەبێ بتوانن دەستیان بە زانیاری هەمەچەشن و بێلایەنگرانە سەبارەت بە خەتەنەی منداڵەکانیان بگا و لە ئەگەری هۆگرنەبوون بە خەتەنەی کوڕەکانیان بە خەتەنە نەکردنیان ئەم مافە بە منداڵەکانیان بدەن کە کاتێک کە گەیشتنە تەمەنی یاسایی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بڕیار بدەن. پاڵپشتی فەرمی و لە بەردەستبوونی زانیاری لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلی باو و فەرمی دەتوانێ لە درێژەی زەمەندا ڕوانگەی کۆمەڵگا بگۆڕێ و ناوناتۆرە لە کەسانی خەتەنە نەکراو و بنەماڵەکان بسڕدرێتەوە.

ڕاپۆرتی بەرۆژکراوی ئێستا شرۆڤەیەک لە نوێترین پێوەری بارودۆخی خەتەنەی ژنان لە وڵاتی ئێرانە و پێشەکییەک لەمەڕ خەتەنەی کوڕان یان پیاوانیشە. خەتەنەی ژنان، کارێکی بنەڕەتی درێژماوەیە کە بە شێوەی ئایینی، کەلتووری و ئایینزایی لە هەندێ لە گوندەکانی چوار پارێزگای ئێران باوە؛ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و هورموزگان.

داب‌ونەریت لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە ڕووی لە کەم‌بوونەوەی بنەڕەتییە – کە ڕادەی خێراییەکەیان جیاوازە – لە ماوەی چەندین ساڵدا شان‌بەشان لەگەڵ توێژینەوەی مەیدانییە. توێژینەوەی سەرەتایی گرینگی ڕاهێنانی کەم-کردنەوە و کۆتایی‌هێنان بە خەتەنەی ژنان و نەهێشتنی ئەم کارەی تاوتوێ کرد. ئەوە لە حاڵێک‌دایە کە داماڵینی ڕەگە کۆنەکانی نەریتە زیان‌بەخشەکان لە سەر سیمای کۆمەڵگای نەریت‌خوازی ڕوو لە مۆدێرنیتەی وەکوو ئێران کە هیچ هۆگرییەکی بۆ گۆڕانکاری بنیاتی و خێرا لە باوەڕە کەلتوورییەکاندا نییە ئەستەمترین کارە، ئەنجامەکانی پرۆژەی ڕاهێنانی پلان بۆ داڕێژراو بۆ ئەنجامدەرانی خۆجێیی و خۆماڵی لە وڵاتی ئێراندا ڕێژەی خەتەنەی کچانی بە شێوەی بەرچاو دابەزاندووە کە دەتوانێ ببێتە بەستێنێکی شیاو بۆ دەست-پێکردنی بزووتنەوە و بەرنامەیەکی یەکدەست و پشتیوانی‌لێکراو لە لایەن دەوڵەتەوە بە مەبەستی ڕاهێنان و دەستێوەردانی بنیاتی و زانستی وێڕای ڕەچاوکردنی هەموو لایەنە کەلتووری، نەریتی و ئایینییەکان بۆ گرووپە ئامانجەکانی ئەم چوار پارێزگایە.

لە پاڵ زانیاری‌بەخشی لەمەڕ خەتەنەی ژنان و کچان گەڕانی ئازادانەی زانیارییەکان لە لایەن دەوڵەتەکانەوە سەبارەت بە سوود و زیانی خەتەنەی پیاوان یان کوڕانیش پێویستە بچێتە چوارچێوەی کارەوە و دەستڕاگەیشتنی شارۆمەندان بە زانیاری پزیشکی بێ‌لایەنانە گونجاو ببێت.



کاری مەیدانی لە کرماشان وێنە: کامیل ئەحمەدی

## سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر لە دایک بووی شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، براوەی خەڵاتی «ناموس» لە زانکۆی **یاسای لەندەن** لە بنیاتی مافەکان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانیی ئاشتی **(PEACE)** بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە.** توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیک و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەز (جێندەر) و منداڵان بووە.
کامیل ئەحمەدی، پاش چوونی بۆ بەریتانیا خوێندنی پاشناوەندی و پێش زانکۆی لەو وڵاتەدا درێژە پێ داوە و ساڵی ١٩٩٩ کارناسیی چاپ، مافەکانی چاپ و ئابووریی ئاقاریی لە کۆلێجی گواستنەوە و گەیاندنی لەندەن وەرگرتووە. ناوبراو هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری لە ڕستەی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و قەومنگاریی وێنەیی لە زانکۆی کێنت لە کانتێربێری بەریتانیا وەرگرتووە و پاشان خولە پسپۆڕی و تایبەتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی لێکۆڵینەوە درێژە پێداوە و ئەم خولانەی لە زانکۆی ئابووری و زانکۆی بێرک بەکی لەندەن تێپەڕاندووە.

وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکیی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **سازگاری و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵانی مەهاباد** "بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازیی ڕەگەزی و خۆڕاگری - ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە کوردستانی ئێران" لە سالی ٢٠٠٦ لە مە هاباد کرا کە لە ٢٠١٩ لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندن و لە سالی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** "ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ دابونەریتی مزۆپۆتامیا"؛ Etkim press (Istanbul, Turkey 2009) لە لایەن چاپەمەنیی اتکیم بە سێ زمانی کوردی، تورکی و ئینگلیزی لە

ئیستانبول چاپ کراوە.

**-بە ناوی نەریت** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران"کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و چاپەمەنیی شیرازە لە ساڵی ٢٠١٦ و لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی ساڵی ٢٠٢١ چاپ کراوە، یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛ و چاپەمەنیی شیرازە و دیسان لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ماڵێک لە سەر ئاو** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە ۆ هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران"کە دەقە فارسییەکەی لە ساڵی ٢٠١٨ لایەن چاپەمەنیی شیرازە بڵاو بۆتەوە و چاپەمەنیی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە و لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **ماڵێک بە دەرگای ئاوەڵاوە** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران"بە ئینگلیزی و فارسی کە ساڵی ٢٠٢٠ لە چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛ هە ر وها لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکان لەبەر دەستن.

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران" بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕیی منداڵانی لە تاران

تاوتوێ کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩ ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی، کوردی و فارسیی دەقی **شاری قەدەغەکراو** "توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران" یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن ساڵی لە ٢٠١٩ چاپ کرا؛ فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف لە ٢٠٢١ دووبارە چراپ کراونەتەوە.

- و لە ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران" کە ٥ ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛ دیسان لە دانیمارک لە ٢٠٢١ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی هەنووکە لەبەر دەستە.

کتێبی **ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان" کە لە ساڵی ، هاوڕێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی دژی کاری منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی و دەنگیی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە و لەبەر دەستە.

ئەم نووسەرە سەبارەت بە خەتەنەی پیاوان / کوڕان، زیناکردن لەگەڵ مەحارم، و دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی چەندین توێژینەوەی ئامادەیە کە بەم زووانە لە دەکەوێتە بەر دەست هۆگران و خەمخۆرانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها بەڕێزیان لە گۆڤارە جیاوازە فارسی، کوردی و ئینگلیزییەکاندا چەندین وتاری بڵاو بۆتەوە. توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیاندا دەست دەکەوێت:
www.kameelahmady.com

**سەرچاوە:**


- قورئان
- ئەلبەیهنی، ئەحمەد کوڕی عەلی، (1366 کۆچی. هەتاوی) تاج المصادر، تاران: دامەزراوەی توێژینەوە و خوێندنەوەی کلتووری
- ئەلجووەینی، ئەبووالمعالی. (1428 کۆچی . مانگی). نهایة المطلب الرایة المن تحب. بەرگی شانزەهەم
- خەتیب شەربینی. (1415 کۆچی . مانگی) مغني المحتاج الی معرفه معانی الفاظ المنهاج. بەرگی چوارەم. دار الکتب العلمیه.
- ئەلخن، موستەفا، دکتۆر مستەفا ئەلبەغا، عەلی شەربجی. (1413 کۆچی مانگی) الفقه المنهجی علی مذهب الامام شافعی.
- کەریمی، فاتیمە (1389). تراژدی تن. چاپخانەی روشنگران و مەالعات زنان.
- مەندگاری، ئیلهام (1390). نفس تمامیت جسمانی زنان از منشور حقوق بشر. تێزی ماستەری. گرووپی ماف. زانکۆی شەهید بێهێشتی. تاران.
- ئەلهەیتەمی، ئەحمەد کوڕی عەلي کوڕی حەجەر، (1357 کۆچی . مانگی) تحفة المحتاج فی شرح المنهاج، بەرگی 8.
- جهان نیوز، 1388. لە ڕێگەی http://jahannews.com/vdcutt.ak9714pcra.html

سنن ابوداود، سەردان لە ڕێگەی:

- http://fa.wikipedia.ir/wiki/%D8%A8%D8%B1%DB%8C%D8%AF%D9%84 %D8%A2%D9%85 4%D8%AA%D8%AA%D9%BE%D8%A7%%B3%D

9%84%CE%BC%CE%B2%D0%BE%D
%A7%D9%86%D8%AF%D8%B1_%D8%23%D8%B
3%D9%84%D8%A7%D9%85#cite_ref=

- Adeniran, A. 1. 2008. Educational inequalities and women's disempowerment in Nigeria. Gender and * Behaviour, 6, 1559-1576.
- Ahadi, M., Khadizadeh, T. & Seyedialavi, G. 2009. P887 Female circumcision and women's attitude to it, Minab, Iran, 2002-2003. International Journal of Gynecology & Obstetrics. 107,5664.
- Ahmady, K. 2006. FGM in Iran [Online]. Available: http://kameelahmady.com/2015].
- Alawi, I. & Schwartz, S. 2015. Female Genital Mutilation a Growing Problem in Iran. Availablefromhttp://www.weeklystandard.com/blogs/f emale-Renital-mutilationgrowing Roblemom Chat S tandard.com/blog/mol genital-mutilation growing problem-iran
824155.html?page=1"824155HYPERLINK
"http://www.weeklystandard.com/blogs/femae-genital-mutilation-growing-problemiran824155.htm page .html oare=HYPERLINK "http://www weeklystandard.com blogs demae-genital-mutilation-growing.oroblem iran 824155 [Accessed April 18 2015]
- Ali, S.M. 2011. A Woman Under Threat, xlibris Corporation.
- Aliverdinia, A. & Pridemore, W. A. 2009. Women's fatalistic suicide in Iran: a partial test of Durkheim in an Islamic Republic. Violence against women.

• Al-Khulaidi, G.A., Nakamura, K. Seino, K. & Kizuki, M. 2013. Decline of supportive attitudes among husbands toward female genital mutilation and its association to those prartires in Yemen. Plos One, 8, e83140.

• Ameli, S. R. & Molaei, H. 2012. Religious affiliation and intercultural sensitivity: Interculturality between Shia & Sunni Muslims in Iran. International Journal of Interculturol Relations, 36, 31-40.

• Appiah, A. & Gates, H. L 2010. Encyclopedia of Africa, Oxford University Press.

• ARC.A.R.C.2013.Iranco Compilation[Online] Available: https www.reworld.org/pdfid/522ec5aa4pdf.

• Arora, V. 2014. MALDIVES: Cleric calls for FGM on Islamic grounds. Lapidomedia (Online) Available from: http://www.lapidomedia.com/node/3987.

• Bamberger, M. 2000. Integrating quantitative and qualitative research in development projects, World Bank Publications.

• Banchoff, T. & Wuthnow, R. 2011. Religion and the Global Politics of Human Rights, Oxford University Press.

• Boyle, E. H. & Preves, S. E. 2000. National politics as international process: the case of anti-femalegenital-cutting laws. Low and Society Review, 703-737.

• Boyle, K. 1995. Stock-taking on Human Rights: The World Conference on Human Rights, Vienna 1993. Political Studies, 43, 79 - 95.

• Brown, 1 B. 1866. On the curability of certain

forms of insanity, epilepsy, cotalepsy, and hysteria in females, Robert Hardwicke.

- Brunner, R. & Ende, W. The Twelver Shia in Modern Times: Religious Culture and Political History, Brill, 20.
- Cheng, K. K. Y. & Beig, A. B. 2012. Education ard religion in Iran: The inclusiveness of EFL (English as a Foreign Language) textbooks. International Journal of Educational Development, 32, 310-315.
- Dalton, M. 2014. Forensic Gynaecology. Cambridge University Press.
- Denniston, G. C., Hodges, F. M. & Milos, M. F. 1999. Male and Female Circumcision, Springer.
- de Souza, R. T. & Communication, P.U. 2007. NGOs and Empowerment: Creating Communicative Spaces in the Realm of HIV/AIDS in India, Purdue University.
- End FGM 2012. Campaign, End FGM European campaign run by Amnesty International.
- End FGM campaign, Iraqi Kurdistan http://www.stopigmmideast.org/
- Fatahi, K. 2007. Women's bill 'unites Iron and US (Online). Washington. Available: http://news.bbc.co.uk/2/hi/middle east/6922749.stm.
- Favall, L. & Pateman, R. 2003. Blood, Land, and Sex: Legol and Political Pluralism in Eritrea, Indiana University Press.
- Female Genital Mutilation in Iraqi Kurdistan. Human Rights Watch, 86.
- Foldes, P, Cuzin, B. & Andro, A. 2012.

Reconstructive surgery after female genital mutilation: a prospective cohort study. The Lancet, 380, 134-141.

- Forward 2012. Female Genital Mulilatin-A Campaigner's Guide for Young Peuple. Atriud. Foundation for Women's Health, Research and Development.
- Ghareeb, E. A & Dougherty, B. 2004. Historical dictionary of Iraq, Scarecrow Press.
- Guiora, A. 2013. Freedom from Religion: Rights and National Security, Oxford University Press. USA.
- Harris-Short, S. 2013. Aboriginal Child Welfare, Self-Government and the Rights of Indigenous Children: Protecting the Vulnerable Under International Law, Ashgate Publishing Limited.
- Hassanian, F. 2012. Forbidden of Female Genitel Mutilotion (FGM) in International Documents with Emphosizes on involved Countries. Master, Azad University of Tehran.
- Hernlund, Y., Shell-Duncan, D., Doddy, J., Obiona, L.A., Talle, A., Johnsdotter, S., Rogers, 3. Piot, C., Kratz, C. & Johnson, M. 2007. Transcultural Bodies: Female Genital Cutting in Global Context, Rutgers University Press.
- HRW 2010. They Took Me and Told Me Nothing.
- Isiaka, B. T. & Yusuff, S. O, 2013. Perception of Women on Female Genital Mutilations and implications for health communications in Lagos State, Nigeria. American Acodemic & Scholarly Research Journal, 5, 8.

- Jalall, R., P. 2007. Analysis of the Cultural Origirs of Violence against Women, Emphasizing on Circumcision of Women in Bender Kong, Postgraduate, Islamic Azad University Karimi, F 2010 Tragedy of the Rody, Tehran, Roshangaran and women study publishing.
- Kassamn, A. 2015.FemaleGenital Mutilation[Online]. Madrid. Available: http://www.theguardian.com/society/2015/ 13/span parents declaration-stop-female-genital-mutilation protocol-catalonia.

Keddie, N. R. 2000. Women in Iran since 1979. • Social research, 405-438.

- Kelly, 5. & Breslin, J. 2010. Women's Rights in the Middle East and North Africa: Progress Amid Resistance, Rowman & Littlefield Publishers.
- Khalife, N. & Watch, H. R. 2010. "They took me and told me nothing":female genital mutilation in Iroqi Kurdistan, Human Rights Watch.
- Krug, E. G. & Organization, W. H. 2002. World Report on Violence and Health, World Health Organization.
- League-MWL, M. W. 1999. Female Genital Mutilation [Online], Los Angeles. Available: http://www.mwlusa.org/topics/violence&harrassment /gm.html.
- Lightfoot-Klein, H. 1983. Pharaonic circumcision of females in the Sudan. Medicine and law, 2, 353.
- Lindorfer, S. 2007. Sharing the pain of the bitter hearts: Liberation psychology and gender-related

violence in Eastern Africa, LIT Verlag Münster.

- Malmström, M., Moneti, F., Donahue, C., Toure, A. & Haug, W. 2011; UNFPA-UNICEF Joint Programme on Female Genital Mutilation-Cutt ng: Accelerating Change. Annual Report .2010Nurturing Change from Within.
- Mandegari, E. 2008. Violation of women's Bodiy Integrity from Human Right Point of View. Postgraduate, Shahid Beheshti University.
- May, T. 2011. Social research: Issues, methods and process, McGraw-Hill Education (UK).
- Meho, L. 1. 1997. The Kurds and Kurdistan: A Selective and Annotated Bibliography, Greenwood Press.
- Mohajer, D., F. 2010. Female Circumcision: Elegy for o Dream [Online]. Available: http://www.oracongenglish/articles en/Female-ircumcisionsfleky-for-Dream.html [Accessed April 1 2015].
- Momoh, C. 2005. Female Genital Mutilation, Radcliffe Pub.
- Morris, R. 1996. The culture of female circumcision. Advonces in Nursing Science, 19, 43
- Mozafarian, R. 2011. A survey on social-cultural foctors related to Female Genital Mutilation: A cose study of age 15-49 in Qeshrr Island, 2011. Master, Shiraz University.
- Nnaemeka, O. 2005. Female Circumcision and the Politics of Knowledge: African Women in Imperialist Discourses, Praeger.

• Nyangweso, M. 2014. Femole Genital Cutting in industrialized Countries: Mutilation or Cultural Tradition?, ABC-CLIO.

• NYT. 2014. Fighting Female Genital Mutilation Online]. New York. Available: http://www.ytimes.com/2014/11 /opinion fighting female genital mutuation html?_r=0.

• Pandit, E. 2012. UN STUDY SHOWS FEMALE GENITAL MUTILATION/CUTTING ON THE DECLINE IN AFRICA [Online]. Available: http://feministing.com/2012/02/07/un-studyshows female genital mutilationcutting on the decline in africa/

• Pashaei, T., Majlessi, F. & Rahimi, A. 2011. Health education Promotion Health Promotion Perspectives- An International Journal, 1,408.

• Rahman, A. & Toubia, N. 2000. Female genital mutilation: A procrical guide to worldwide laws & policies, Zed Books.

• RCW, T. R. C. 5. 2014. The Achievement of the Girl Summit. Available from. https://thercs.org/news/news-and-blog/the-achievement-of-the-girl-summit/.

• Rogo, K , Subayi, T. Toubia, N & Department, WRAROH D 2007 Female Genital Cutting, Women's Health and Development: The Role of the World Bank. Africa Region Human Development Department, World Bank.

• Rouzi, A. A. 2013. Facts and controversies on female genital mutilation and Islam. European

Journal of Contraception & Reproductive Health Core, 18, 10-14.

- Salam, A. H. A. & De Waal, A. 2001. The Phoenix State: Civil Society and the Future of Sudan, Red Sea Press.
- Shapera, P. M. 2009. Iran's Religious Leaders, Rosen Pub.
- Shipley, 1. T. 2001. The origins of English words: A discursive dictionary of Indo-European routs, JHU Press.
- Shrestha, K. K., Ojha, H. R., McManus, P., Rubbo, A. & Dhote, K. K. 2014. Inclusive Urbanization: Rethinking Policy Practice and Research in the Age of Climate Change, Taylor & Francis.
- Slack A T 1988. Female rirrumrisian. Arritiral appraisal Human Rights Ourterly, 486.
- Smith, C. & Heinrich-Böll-Stiftung 2006. On The Sidelines Clapping: Gender in Southern Africa, Heinrich Böll Foundation.
- Stepan, A. & Linz, 1. 1. 2013. Democratization Theory and the Arab Spring". Journal of Democracy, 24, 15-30.
- StoproM.2014.ratwüagainst GM[Online]. Available. http://www.stophemmideast.orgfatwas-against-tem/
- StopFGM 2014b Populor Soud Sheikh Alarefe worns of the way FGM is done [Online] Iran. Available: http://www.stopfgmmideast.org/popular-saudi-sheikh-alarete-wams-of the wayfam is done!
- Tankiwala, 5. 2014. Arab Spring Women's Nightmare, self-published via lulu.com
- Taskforce. 2010. Iraq: Fatwo underlines that FGM

is considered Sunnah in most Islamic Law Schools [Online]. Iraq. Available: htt//www.taskforcefgm.deen/2010/07/irakfatwa-genitalverstuemme une erlaubt/

- Taus, D.P.A. 2014. The Ecumenicol wolence from a gender perspective, LULU Press.
- Tostan. 2015. Cross Cutting issues [Online]. Available: http://www.loctanorg/female genital-cutting.
- Toubia, N. 1995. Female Genital Mutilation: A call for global action.
- Toubia, N. F. & Sharief, E. 2003. Female genital mutilation have we made progress? International Journal of Gynecology & Obstetrics, 82, 251-261.
- Unicef 2010. Legislative reform to support the abandonment of female genital mutilation/cutting. New York: UNICEF. UNICEF 2013. Female Genital Mutilation/Cutting: A statistical overview and exploration of the dynamics of change. New York: UNICEF.
- UNICEF 2014a. Female Genital Mutilation & Cutting [Online]. Available: http://data.unicer.org/child-protection/gmc
- UNICEF. 2014b. UNICEF and Partners Release First-Ever Survey of FGM in Northern Iraq [Online] Available: http://www.unicef.ee/mena/MENA: KAP Survey Key Cindings HCWA UNICER Linal.df
- WHO 1996. Female genital mutilation; report of a WHO technical working group, Geneva, 19-17Iuly 1995.
- WHO 2008. Classification of female genital

mutilation [Online]. Available: http://www.who.int/reproductivehealth/ topic/to/overview/en/

- WHO 2011. An update on WHO's work on female genital mutilation (FGM): Progress report.
- Wikipedia 2015. Kurdistan, Wikipedia